خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا          لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف          ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر          بابان ئەنوەر

# بیرەوەریی هەواڵگری

غەسان شەربل

وەرگێڕانی: کارناس جوبرائیل

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 207 )

ناوی کتێب: بیرەوەریی هەواڵگری
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: غەسان شەربل
وەرگێڕانی: کارناس جوبرائیل
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 5000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07701955044 - 0533220180**
**سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1627 )ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# بیرەوەریی هەواڵگری

غەسان شەربل

وەرگێڕانی: کارناس جوبرائیل

2017

# پێڕست


پێشەکی.............................................................................................7

بەشی یەکەم:

گفتوگۆو لەگەڵ (جەمیل ئەلسەید)، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لوبنان...............15

بەشی دووەم: گفتوگۆو لەگەڵ (جۆنی عەبدە)....................................................165

بەشی سێیەم: گفتوگۆ لەگەڵ (غابی لەحود).......................................................205

بەشی چوارەم:

گفتوگۆ لەگەڵ عەمید (مەحمود مەتەر) فەرماندەی هێزی ئاسمانی لوبنان...........253

# پێشەکی

بە تەنها وەستانی شەڕ بەس نییە بۆ ئەوەی شەڕ خانەنشین بکرێت، بە تەنها ئیمزاکردنی پێکهاتنێکی سیاسی بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی دووبارە نەبوونەوەی شەڕ. تەنها بە لەبیرچوونەوە سزای شەڕ نادرێت، بەڵکو بە دووبارە خوێندنەوەی هۆکارەکانی و ڕووداوەکانی و بەرجەستەکردنی دیوە شاراوەکانی دەبێت. داماڵینی شەڕ لە مەترسییەکانی مەرجە بۆ تێپەڕاندنی. سەرەتای دەیەی نەوەدەکان بوو ئارەزووی کۆکردنەوەی چیرۆکەکان و گەواهییەکان بووم سەبارەت بەو شەڕانەی لوبنان لە سەرەتای ساڵی 1975 تیایدا دەژیا، کە ئاوێتەیەک بوو لە شەڕی ناوخۆو کیبڕکێ هەرێمییەکان و پەلکێشکارییە نێودەوڵەتییەکان. دەترسام چیرۆکەکانم لەدەست بچێت لەژێر کاریگەری بیدەنگی یان تیرۆرکردنەکاندا، ئەوەش لە دواییدا کاری نوسینی چیرۆکی شەڕی بە پێنوسی سەرکەوتووەکان ئاسانتر کرد، لەو کاتەشدا ڕاستییەکان لە نێوان قوربانییەکاندا دەستدەکەوتن.

بەمشێوەیە زنجیرە نوسینی "بیری دێت" بە بەشە لوبنانییەکەی لەدایکبوو. ئامانجم بوو ناوی چەند سەرکردەیەک بێنم، کە لە شەڕەکاندا بەشداربوون یان

هەوڵدانیان بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەڕەکان داوە یان لە پێگەو ئاستە فەرمی یان حزبییەکانیاندا خۆیاندا لەناویدا ژیاون. مەبەستەکە بریتی بوو لە گەیشتن بەوانەی فەرمانیانداوە بە تەقەکردن و ئەوانەی ڕێککەوتنەکانیان کردووە و ئەوانەی هەوڵیاندا کودەتا ئەنجام بدەن، بە پشتبەستنیان بە بای یارمەتیە هەرێمییەکان، کە زۆرجار سەرکەوتوو بوون لە سەپاندنی بڕیارەکانیان و گۆڕینیان بۆ سەرباز لەو شەڕانەدا، کە لەوان گەورەتر بوون. پرۆسێسی ڕازیکردنیان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەم کولتورە لە لوبنان باو نەبوو. هەندێک لە برینەکان هێشتا گەرم و گوڕن، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵەکە سەرکەوتوو بوو، داوام لەو کەسانە کرد کە ڕازیبوون دەربارەی چیرۆکەکەیان لە شەڕدا قسەمان بۆ بکەن، ئەرکی بەراوردکردنی نێوان چیرۆکەکان و تاقیکردنەوەی ڕاستی و دروستییان بۆ خوێنەر جێهێشت، بە تایبەتی کە قسەکەرەکان سەر بە تاقم و بەرە جۆراوجۆرەکانن. بە هەڵەدا نەچووم، کە قسەکەرەکان هەموو شتێک دەڵێن، بە تایبەتی ئەگەر دانپێدانانەکەیان دەکرێت لە دواییدا بۆ جووڵاندنی دادوەری بەکاربهێنرێت. من گرەوم لەسەر ئەوە کرد، کە زۆری چیرۆکەکان یارمەتیدەر دەبێت لە ڕۆشنکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەو ڕووداوانەی لوبنان تیایدا ژیاوە.

بە درێژایی چەندین ساڵ سەرۆکەکان: ئیلیاس ئەلهراوی، نەبیھ برِی، کامل ئەلئەسعەد، صائب سەلام، شەفیق ئەلوەزان و ڕەفیق حەریری لەم زنجیرەیەدا قسەیان کردووە. هەروەها میشێل عۆن، فوئاد پوتروس، وەلید جونبولات، سەمیر جەعجەع، ئێلی حبیقە، کەریم بەقرادۆنی، موحسین دەلول و جۆرج حاوی قسەیان لە بارەوە کردووە. هەروەها خاتوو نائیلە ڕینیە معەوەز دەربارەی چیرۆکی هاوسەرە سەرۆکەکەی و مەینەتییەکانی قسەی کردووە، (صولانج بشیر الجمیل) یش لەگەڵ چەند کەسانێکی تردا بە هەمانشێوە قسەیان کردووە. هیچ شتێک ڕۆژنامەنوس بێزار ناکات بە قەدەر پێداگری هەندێک لە کاراکتەرەکان لەسەر بێدەنگی و دەستپێوەگرتن بە نهێنییەکانیان، بە تایبەتی ئەگەر بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ، لە ڕوانگەی پێگەی سەربازی یان ئەمنییانەوە ڕۆڵی خۆیان لە ڕووداوەکاندا گێڕابێت، لەگەڵ هەبوونی ئاستێکی تا ڕادەیەک زۆر لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکان یان بەزاندنی سنورەکەی. لەم چوارچێوەیەدا ناوی (جۆنی عەبدە) جێی گرنگپێدانە. ئەو پیاوەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک ئیلیاس سەرکیس (1976-1982) بەڕێوەبەری باڵای هەواڵگری سوپای لوبنان بوو، پاشان جیهانی هەواڵگری بەرەو کاری دیپلۆماسی جێهێشت.

"جۆنی عەبدە" لە سەردەمی سەرکیس-دا لەگەڵ وەزیر "فوئاد پوتروس" لەناو زنجیرەیەکی بچووکدا بوون، کە دەکرێت بە "چێشتخانەی بڕیار" ناوزەد بکرێت. ئەو ساڵانە پڕاوپڕ بوون لە تێچێنە سیاسی و ئاسایشییەکان، کە لەگەڵ پەلاماری لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی 1982دا کۆتایی پێهات. لەو سەردەمەدا عەبدە ڕکابەرێکی (بشير الجميل)، فەرماندەی هێزەکانی لوبنان بوو، پاشان گۆڕا بۆ لایەنگرو هاوکاری بە مەبەستی گەیشتن بە سەرۆکایەتی کۆمار لە دوای گۆڕینەوەیەکی بەئێشی گورزەکان لە نێوانیاندا. پاشان پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێز لە نێوان جۆنی عەبدە و ڕەفیق حەریری دروستبوو، کە خواستی زیاتر کرد بۆ گفتوگۆکردن یان لێپێچینەوە لەگەڵیدا.

ئەزمون لەگەڵ جۆنی عەبدەو گرنگیدانی خوێنەران پێی لە ساڵی 1998دا هانیدام ڕووبکەمە مەدرید بۆ ڕازیکردنی عەمید (غابی لەحود)، سەرۆکی نوسینگەی دووەم لە سەردەمی سەرۆک شارل حلو (1964-1970)، بۆ دەرچوون لەو بێدەنگیە درێژخایەنەی. لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک فوئاد شەهاب (1958-1964) دا، لەحود کاراکتەرێکی دیاری نوسینگەی دووەم بوو پێشئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەو دەزگلیە لە قۆناغی داهاتوو. ئەو پیاوێکە لە ناوەوە چیرۆکی هەردوو قۆناغی

سەرۆکایەتی دەزانێت، هەروەها جەوهەری "شەهابیەت" دەزانێت. لەحود کەسێکی گیرو خۆبەدەستەوەنەدەر بوو، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵی ڕازیکردنی سەریگرت. لە کۆنتێکستی هەمان ئەو تاقەتپڕوکێنیە ڕۆژنامەنوسیەدا لەوێدا ڕایگرتم، کە عەمید مەحمود مەتەر باسی چیرۆکە جیاوازەکەی لە مێژووی هەواڵگری لوبناندا نەکرد، کە خۆی پاڵەوانەکەی بوو، ئەوەش هەوڵی دەزگای هەواڵگری سۆڤێتی بوو بۆ ڕفاندنی فڕۆکەی (میراج)ی فەڕەنسی سەر بە سوپای لوبنان. بە سوپاسەوە مەتەر ڕازیبوو دەربارەی ئەو ڕووداوە قسە بکات، کە لە داهاتوودا کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵوێستی نێوان مۆسکۆو کەمال جونبوڵات تایبەت بە چەند مافێکی دەستوری و سیاسی گرنگ. لە 14ی ئاداردا لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان ئاپۆرایەکی جەماوەری زۆرم بینی، کە وێنەی هەر چوار سەرکردە ئەمنییەکانی سەردەمی سەرۆک (ئەمیل لەحود)یان بەرزکردبۆوە، بەوە تۆمەتبارییان دەکردن کە دەستیان لە تیرۆرکردنی سەرۆک (ڕەفیق حەریری) دا هەیە. نهێنی نییە، کە لیوا ڕوکن جەمیل ئەلسەید، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی گشتی لە نێوان ئەو چوار کەسەدا دیارترینیان بوو، چونکە ئەو ئەندازیاری ئاراستە ئەمنی و سیاسییەکان و پاسەوانی ئەو دەوڵەتە بوو،

که خۆپیشاندەران بە "دەوڵەتی ئەمنیی" ناوزەدییان کرد. ناوی جەمیل ئەلسەید بووە جێی گرنگیپێدانم، چونکە ئەو پیاوە بەهێزەکەی ناو بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری بوو لە سەردەمی سەرۆک ئیلیاس ئەلهەراوی (1989-1998)، جگە لەمەش ئەندازیاری گەیشتنی عیماد ئەمیل لەحود بوو بۆ سەرۆکایەتی لوبنان بە گونجاندنێکی تەواو لەگەڵ بڕیارەکەی سەریا بە یارمەتی لەحود. ئەلسەید کەسێکە چیرۆکی دوو سەردەمی سەرۆکایەتی دەزانێت، ئەو وەکو خانەنشین کراوێک لە دەزگای ئاسایشی گشتی دەرنەدەچوو ئەگەر ئەو بومەلەرزەیە نەبوایا، کە تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری دروستی کرد. هیچ پەیوەندیەکی شەخسی منی لەگەڵ ئەلسەید نەبەستبۆوە. بە درێژایی ماوەی سەردەمی لەحود تەنها دوو جار بینیومە: یەکەم جار بۆ پیرۆزبایی و یەکترناسین و دووەم جار لە دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک بوو بۆ سوپاسکردنی دوایئەوەی چەند کەسێکی نەناسراو چەند نامەیەکی بۆمبڕێژکراوییان بۆ هەندێک هاوڕێ لە ڕۆژنامە کوێتییەکان ناردبوو، کە ناوی منیان هەڵگرتبوو، یەکێک لەو نامانە تەقیەوەو بووە هۆی بریندارکردنی کەسێک. کاتێک جەمیل ئەلسەید لەژێر فشاری شەقام و تۆمەتبارکردنەکاندا دەستی لەکارکێشایەوە، من پەیوەندیم پێوە کرد بەو هیوایەی ڕۆژنامەی (الحیاە) لە گفتوگۆکردن

لەگەڵیدا سەرکەوتوو بێت پێشئەوەی کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بانگی بکات بۆ گوێگرتن لە دانپێدانانەکانی، هەر بەو شێوەیەش بوو. لێدوانەکانی ئەلسەید بە شێوەی زنجیرە بڵاوکرایەوەو کۆمسیۆنەکە بە پەلە بانگهێشتی کرد. یەکەم پرسیار کە ئاراستەی کرا ئەمە بوو: بۆچی لەپێش ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم کۆمسیۆنە لێدوانت بۆ (الحیاه) داوە؟

بە ئەمانەتەوە دەیڵێم ئەو لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو بەشداری لە زنجیرەی (یتذکر)دا بکات، بەڵام دووبارە کردنەوەی هەوڵدان لەگەڵی بۆ ئەوەی قسە بکات سەرکەوتوو بوو لە ڕازیکردنی. لە کۆتایی مانگی دوایی وادەی بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکە، هەر چوار ئەفسەرەکە ڕاگیران، لە نێوانیشیاندا (جەمیل ئەلسەید) هەبوو.

ئەو چوار ئەفسەرەی لەم کتێبەدا گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە، پەیوەستن بە یەک دامەزراوە، بەڵام پەیوەستیشن بە چەند شێوازو قوتابخانەیەکی جیاواز. کاتێک بیرۆکەی کۆکردنەوەی گفتوگۆو لێدوانەکانم لە چوارچێوەی کتێبێکدا بۆ پێشنیار کرا، دوودڵ بوو، بە تایبەتی کە دیدارەکان لەگەڵیاندا لە ڕوانگەی گفتوگۆی ڕۆنامەنوسیی کراوە، لە کاتێکدا بیرۆکەی کردنی بە کتێب لە ئارادا نەبوو. لە کۆتاییدا هەستم کرد، کە بڵاوکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە

لەوانەیە یارمەتیدەر بێت لە تیشک خستنە سەر کۆمەڵێک وێستگەی سیاسی و ئەمنی، بە تایبەتی کە ڕۆڵی ئەو چوار ئەفسەرە سنوری نازناوو پێگەکانیانی تێپەڕاند.

**غەسان شەربل**

# گفتوگۆ لەگەڵ
# (جەمیل ئەلسەید)
# بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لوبنان

**جەمیل ئەلسەید کێیە؟**

جەمیل ئەلسەید لە 15/7/1950 لە ناوچەی (النبی ایلا)ی قەزای زوحلە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (راهبات الوردیە) تەواو کردووە، هەروەها خوێندنی تەواوکاری و دواناوەندی لە قەتابحانەی (الحکمە الاشرفیە) تەواو کردووە. لە 1/10/1968 لە خوێندنگەی جەنگی وەرگیراوە و لە 1/8/1971دا بە یەکەم دەرچووە. ماوەی (30) ساڵ لە سوپا خزمەتی کرد تا بەرواری 24/12/1998، پاشان بۆ ماوەی (7) ساڵ لە دەزگای ئاسایشی گشتی لوبنان خزمەتی کردووە تا بەرواری 5/5/2005، واتە بەرواری دەست لەکارکێشانەوەی لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکاریە سیاسییانەی لە دوای تیرۆرکردنی سەرۆک ڕەفیق حەریری سەریهەڵدا.

کاتی دابەشبوونی سوپا لە نێوان ساڵانی 1975-1976 ئەلسەیدا پەیوەندیکردنی بە سوپاکەی مولازمی یەک (ئەحمەد ئەلخەتیب) ڕەتکردەوە، کە یاداشتی دەستگیرکردنی بۆ ئەوو چەند کەسێکی تریش دەرکرد. بەهۆی ئەوەوە جەمیل ئەلسەید ڕۆیشت بۆ ناوچەی (البقاع) و پەیوەندی بە پێکهاتەی یەکەمی سوپای پێشەنگەکان کرد، ئەو سوپایەی کە پارێزگاری لە فرەیی تائیفی کرد بە سەرکردایەتی عەمیدی فڕۆکەوان (فەهیم ئەلحاج) و

بووە فەرماندەی سریەی زرێپۆشەکان لە لیوای یەکەم بە سەرکردایەتی عەمید ئیبراهیم شاهین. لە ساڵی 1983دا فەرماندەیی هەواڵگری سوپای لوبنانی لە ناوچەی بیقاع پێ سپێردرا و لە مانگی ئابی 1991 وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری لە سوپای لوبنان دەستنیشان کرا. لە دوای هەڵبژاردنی عیماد ئەمیل لەحود بە سەرۆک کۆماری لوبنان لە ساڵی 1998دا بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لوبنان دامەزرێنرا. ئەلسەیدا لە ساڵی 2000 سەرۆکایەتی لێژنەی سەربازی لوبنانی کرد لە دانوستانەکانی کشانەوەی ئیسرائیل لە باشوری لوبنان، کە نەتەوە یەکگرتوەکان سەرپەرشتی کرد، ڕۆڵـی ئەفسەری هاوپەیوەندی گێڕا لە نێوان دەوڵـەت و موقاوەمەو هێزەکانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی لە باشوری لوبنان، هەروەها بەشداریکردووە لە دانوستانەکانی ئازادکردنی دەستگیکراوو بەدیلگیراوەکان لە زیندانەکانی ئیسرائیل. ئەو ئەندامێکی نیمچە هەمیشەیی شاندە فەڕمییەکانی لوبنان بوو بۆ لوتکە عەرەبییەکان و سەردانەکانی سـەرۆک لەحود بۆ دەوڵەتانی عەرەبی و بیانییەکان. بەشداری چەندان خولی سەربازی کردووە و چەندین مێدالیاو ڕێزلێنانی پێبەخشراوە. لەگەڵ سەوسەن حەمدان هاوسەرگیری کردووەو چوار منداڵیان هەیە بە ناوەکانی: مالیک، مازن، سامر، سارە.

*** تۆ لە 14ی شوبات لە کوێ بوویت، کێ بوو هەواڵی تیرۆرکردنی حەریری پێ ڕاگەیاندیت؟**

– ڕۆژی دووشەمە بوو، خشتەی پێشوازییەکان ئاسایی بوو. چاوم بە چەند ئەفسەرێکی ئاسایشی گشتی کەوت و وەک عادەتی خۆم لە دوای کاتژمێر 10.30 چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەسایەتییەکان دەکرد، لە نێوانیشیاندا بیانییەکان چونکە بەشی زۆری ئاسایشی گشتی پەیوەستە بە بیانییەکانەوە. کاتژمێر 12.30 بوو چاوم کەوت بە مولحەقی ئاسایش لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەیروت بە ئامادەیی ئەفسەری پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان لە دەزگای ئاسایشی گشتی.

گوێمان لە دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز بوو، یەکەمجار پێمانوابوو ئەگەری هەیە ئەو دەنگە دەرئەنجامی بەزاندنی دیـواری دەنـگ بێت لـەلایـەن فڕۆکە ئیسرائیلییەکانەوە. لە دوای چەند خولەکێک لـەلایـەن هاوڕێیەکەوە، کە بە ناوچەی ئەلڤینیسیا تێپەڕیبوو تەلەفۆنم بۆ کرا، پاشان پەیوەندیکردنەکان زۆر بـوون، لەلایەن بەڕێز سـەرۆک کۆمارو وەزیری ناوخۆوە تەلەفۆن کرا. دواتر دڵنیا بووین، کە ئـەو کـەژاوەیـەی کراوەتـە ئامانج کـەژاوەی سـەرۆک حەریری بوو "خوا لێی خۆشبێت".

*** کاتێک تیرۆرکردنی حەریری ئاشکرا کرا تۆ هەستت بە چی کرد؟**

- هەستکرن بوو بە شۆک و بڕاونەکردن لە کاتی بیستنی هەواڵەکە.

*** تۆ گومانت لە کێ هەبوو؟**

- لەو جۆرە بارودۆخانەدا پرسیاری یەکەم لەسەر کەسی بکەر نییە. هەستەکە وابوو، کە ئەوە کارەساتەو خەمی بەپەلە بریتی بوو لە ڕوانین لە دەرئەنجامە پێشبینیکراوەکان. ئەمجۆرە تیرۆرکردنە دەکرێت هەڵچوون و کاردانەوە دروست بکات و گومان و دڵەڕاوکێ جێدەهێڵێت. لەبەر ئەوە سەرەتا پیاوانی ئاسایش بیر لە دەرهاویشتە ڕاستەوخۆکان دەکەنەوەو یەکەم پرسیار وێناکردنی ئەو دۆخەیە کە تاوانەکە لە دوای خۆی جێدەهێڵێت، بەڵام پرسیاری دووەم بریتیە لە بکەری پێشبینیکراو.

*** تۆ پیاوێکی سەرەکی بویت لە دەسەڵاتدا ، چیت کرد؟**

- پەیوەندی لە نێوان هەموو لێپرسراوانی دەوڵەت دروستبوو، من یەکێک بووم لەو کەسانەی لەگەڵ سەرۆک کۆمارو وەزیری ناوخۆدا قسەم کرد. بۆچوونێکی بەپەلە هەبوو بۆ ئەوەی ئەنجومەنی باڵای بەرگری کۆبوونەوەیەک لە کۆشکی بەعبدا ئەنجامبدات. کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی سەرۆک ئەمیل لەحود و عومەر کەڕامی سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی بەرگری و ناوخۆو دارایی و ئابوری و سەرکردەی دامودەزگا ئەمنییەکان ئەنجامدرا.

هەموان کەوتبوونە ژێر کاریگەری شۆکی ڕووداوەکە، چونکە ئەو تاوانە لە سەرووی پێشبینیکردنەوە بوو. بیر کرایەوە لە کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە لەسەر ئاسایش و ئابوری لوبنان. دواتر گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕیاز سەلامە سەرۆکی بانکی لوبنان کرا سەبارەت بە ڕەوشی نەختینەیی، هەروەها ئاماژە کرا بۆ ڕێکخستنی ماتەمی نیشتمانی، ئەمە جگە لە جووڵانی دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی تاوانەکە.

*** ئایا پەیوەندیتان بە سورییەکانەوە نەکرد؟**

– بە دڵنیاییەوە لایەنی سوری هەر لە یەکەم ساتەکانەوە پەیوەست بوو بە بەدواداچوونی گۆڕانکارییەکان. کاتێک ئەنجومەنی ئاسایشی ناوەندی بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ دانیشتنی خۆی کرد، سەرۆکی بەشی ئاسایشی بەیروت لە هێزە سورییەکان عەمید محەمەد خەلوف بەشداری تێدا کرد، هەروەک چۆن لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا ئامادە دەبوو.

*** زیاتر گومانەکان لەسەر کێ بوو؟**

– ئاسایش بەبێ بەڵگەو لە خۆوە کەس تۆمەتبار ناکات. ئاسایش لە دەرهاویشتەکان دەکۆڵێتەوە پاشان بەدواداچوونی بۆ دەکات. بابەتەکە شیکردنەوە یان گومان نییە. بەپێی بنەما هەموو ئەگەرەکان کراوەیە پاشان

لەسەر ڕۆشنایی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەڵگەکان هەندێک لە ئەگەرەکان لادەبرێت. تەقینەوەکە هاوکاتبوو لەگەڵ پەخشکردنی گرتەیەکی تەلەفۆنی ئینجا تەلەفیزیۆنی دەربــارەی بەرپرسیاریێتی ڕێکخراوێکی نەناسراو بە ئەنجامدانی تیرۆرکردنی حەریری.

*** ئایا ئەنجومەنی باڵای بەرگری بابەتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی تاوتوێ کرد؟**

– نەخێر وەک بیرۆکەیەک کە پێویست بکات جێبەجێ بکرێت باس نەکرا. کۆبوونەوەکان وا دەنرا کە کراوە بێت بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست لەسەر پێشهات و گۆڕانکارییەکان بدرێت. ئەنجومەنی باڵای بەرگری شوێنگرەوەی حکومەت نییە، بەڵکو تەنها ڕاسپاردە دەدات. حکومەت کۆبۆوەو ماتەمینی ڕاگەیاندو بڕیاریدا ماتەمێکی نیشتمانی فەرمی بەڕێوەبچێت، بەڵام یەکسەر لەلایەن بنەماڵەی حەریری و چەند لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنەوە ڕەتکرایەوە.

*** بۆچوونی یەکە ئەوە بوو کە دەزگاکانی ئاسایشی لوبنان کاسێتە تۆمارەکەی (ئەبو عەدەس)یان دروستکردووە؟**

– ئێمە وەک دامـودەزگا ئەمنییەکان ئەو کاسێتەمان وەکو بەڵگە وەرنەگرت. پێمانوابوو ئەو کاسێتە یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە دەکرێت بە هەند وەربگیرێت، بەڵام ناتوانرێت هەڵوێستێکی خێرای ئەرێنی یان نەرێنی لە بەرامبەر ئەو

کاسێتە وەربگیرێت. دەتوانیت بڵێیت ئەو کاسێتە لە کاتێکدا پەیدا بوو، کە پەیوەندی بە تاوانەکەوە هەبوو، لە ساتێکدا کە بوار نادات پێتوابیت لە دوای ڕوودانی تاوانەکە دروستکراوە. یەکسەر بڕوامان بە کاسێتەکە نەکردو خێراش نکۆڵی لێناکەین، پێویستە ئەو بابەتە بخرێتە لێکۆڵینەوەوە. هەر کەسێک هەڵوێستێکی لە دژی کاسێتەکە دەربڕی هەڵە بوو، هەموو ئەوانەش کە پێیانوابوو کاسێتەکە بەڵگەیە دیسانەوە هەڵە بوو. بە هەردوو ئاراستەکەدا پەلەپەلیەک ڕوویدا، بە بەهەند وەرگرتنی کاسێتەکە یان بەهەند وەرنەگرتنی.

*** وەڵامێکی ڕوونم دەوێت، ئایا ئاسایشی گشتی لە نزیک یان لە دوورەوە پەیوەندی بە کاسێتەکەی ئەبو عەدەس هەیە؟**

– ئاسایشی گشتی نە لە نزیکەوەو نە لە دوورەوە هیچ پەیوەندیەکی پێوە نییە، جگە لەوەی ئێمە وتەکانی میدیاکار غەسان بن جەدو بەڕێوەبەری نوسینگەی کەناڵی (الجزیرە)مان لە بەیروت وەرگرت، کە زانیاری پێداین لە بارەی تەواوی چیرۆکی ناو کاسێتەکەو وتەکانیمان هاوپێچ لەگەڵ کاسێتەکە ڕەوانەی لای دادوەر کرد بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوون. بەڵام سەبارەت بەو تۆمەتبارکردنە سیاسییانەی کە کرا، من لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە کاتی خۆی وەڵامم دایەوەو کە ئێمە هەر لێکۆڵینەوەیەکی

ناوخۆیی یان دەرەکی ئاشکرا ناکەین تا ئەو کاتەی دەوڵەت هەڵوێستی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ڕادەگەیەنێت، ئێمە لەژێرِ لێکۆڵینەوەین نەک لە سەرووی لێکۆڵینەوە.

*** ئایا ئەبو عەدەس لە کوێیە، چۆن ئاوا بە خێرایی بزر بوو؟**

– ئەگەر بە شێوازی ئاسایشیی ڕووت قسە بکەین، دەرئەنجامەکان لە ڕێگەی کاسێتەکەو گوێگرتن لە مامۆستا غەسان بن جدۆ (بەڕێوەبەری نوسینگەی کەناڵی جەزیرە لە بەیروت) دەستمان کەوت، هەر ئەویش کۆمەڵێک پەیوەندی پێوە کرا لەو لایەنەوە کە لەپشت کاسێتەکەوە بوو، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو کاسێتە لەپێش وادەی جێبەجێکردنی تاوانەکە دروستکراوە. کەواتە پێدەچێت ئەبو عەدەس لایەنێکی ڕاستەوخۆ یان لەوانەیە بەشێک بێت لە پرۆسەی چەواشەکاری. کێ لەم بابەتەدا حوکم دەکات؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون. جگە لەمەش ئەبو عەدەس لە دیدگای ئەمنییەوە بە کەسێکی مردوو دەدرێتە قەڵەم. تەنها بە دەرکەوتنی لەو کاسێتەدا بەو شێوەیە دەمانگەیەنێتە دوو دەرئەنجام: یان ئەوەتا بەشداری کردووە لەو کردەوەیەداو وەک خۆکوژێک تیایدا کوژراوە، وەکئەوەی لە کاسێتەکەدا خۆی ناساندووە، یان بەشێک بووە لە پرۆسەی

سەرلێشێواندن و پێشدەچێت تیایدا کوژرابێت. لە ڕووی شیکردنەوەی ئەمنییەوە دەتوانین ئەو بە کەسێکی مردوو دابنێین. لەوانەیە چیرۆکی ئەبو عەدەس چیرۆکێکی زۆر جدی بێت، لەوانەشە چیرۆکێکی زۆر زۆر سەرلێشێوێنەرانە بێت. خاڵی یەکلاکەرەوە لەم بابەتەدا لە دوای قوڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، کەواتە پشتگوێخستنی ئەو ڕووداوە بەهۆی چەند هەستیارییەک بە هەڵە دادەنرێت، هــەروەک دانـانـی بـە بەڵگەیەکی بەڵگەنەویست لەسەر ناسنامەی ئەنجامدەرەکەش بە هەڵە دادەنرێت.

*** لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە هیچ شوێنەوارێکی ئەبو عەدەس دۆزرایەوە؟**

– ئێمە ڕاپۆرتی شارەزایانی بیانیمان لەلایە. هەموو دەوڵەتان چاوییان لەسەر شوێنی ئەنجامدانی ئەو تاوانەیە. لە ڕاپۆرتێکی نارەسمیدا، کە یەکێک لە باڵیۆزخانە گەورەکان لە بەیروت ناردوویەتی دەڵێت: لەمجۆرە تەقینەوانەو بەو بڕە زۆرەی مادەی تەقینەوە شوێنەواری هیچ بەشێکی جەستە نامێنێت، کە بتوانیت بەهۆیەوە دڵنیا بیت، لە کاتێکدا شاهید نییە، ئەگەر ئەبو عەدەس لە شوێنی تاوانەکە کوژرابێت یان نەکوژرابێت. ئەو ڕاپۆرتە پشتی بەستبوو بە چەندین تەقینەوەی جۆراوجۆر، کە لە وڵاتانی تردا ڕوویاندابوو، بەڵام تیایدا نوسرابوو، کە تەقینەوەیەک بەم قەبارە گەورەیە

شتێکی دەگمەنەو بەڵگەو شوێنەوارێکی وەها جێناهێڵێت تا ڕێگە بدات بە ئەنجامدانی پشکنینی dna بۆ ئەو خۆکوژە گریمانەییە.

*** کێ پەیوەندی بە بنەماڵەی حەریری-وە کرد بۆ ئەوەی بە ڕەسمی بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن بکەن؟**

- چەند لایەنێک بۆ ئەو کارە ڕاسپێردران، کە پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ بنەماڵەی حەریری و وەزیر فوئاد سەنیورە هەبوو، کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ژمارەیەک وەزیری حکومەتەکەی سەرۆک عومەر کەڕامی هەبوو. هەروەها عیسام فارس، جێگری سەرۆکی حکومەتی لوبنان ڕۆڵی باڵای لەو بوارەدا گێڕاوە لەسەر داوای حکومەت. لە چەند کەناڵێکی تریشەوە زۆرێک پەیوەندی ئەنجامدرا، بەڵام وەڵامەکە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوە لەژێر فشاری ئەو خەم و ئازارانەی کە تووشی ئەو بنەماڵەیە بوو، ئەو دۆخەی بنەماڵەکەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵوێستێکی سیاسیدا.

*** ناحەزی و دژایەتیەک لە نێوان لایەنەکانی دەسەڵات و سەرۆک ڕەفیق حەریری هەبوو؟**

- من نامەوێت باسی کەسانیتر بکەم، چونکە عادەتەن پێگەی پیشەیی لە نیشاندانی هەڵوێستەکاندا حوکم دەکات، بەڵکو ئەو ناوچونیەکییانە حوکم دەکات، کە لێوەی دروست دەبێت. زۆرجار ئەو پێگەیە منی خستۆتە

دۆخێکەوە، کە پێدەچێت لەگەڵ ئەوەدا جیاواز بوو بێت کە سەرۆک حەریری ویستویەتی. لە سیاسەتدا هەڵکشان و داکشانی بەردەوام بوونی هەیە. ڕۆژێک هاوپەیمانێتی و ڕۆژێک ناحەزی. سەرۆک حەریری وەک ئەوانیتر بە دۆخی هاوشێوەدا تێپەڕیوە، لەگەڵ سەرۆک لەحود یان سەرۆک برِی و وەزیر جونبولات و لەگەڵ ئەوانەی تریشدا، بەڵام جیاوازیەکی گەورە لە نێوان دوژمنایەتی و ناحەزیدا هەیە. ناحەزی ڕێگەپێدراوە، بەڵام دوژمنایەتی نەخێر، تەنانەت لەوپەڕی ناکۆکی لەگەڵ سەرۆک حەریری ئێمە دیدارو کۆبوونەوەمان کردووەو ئەفسەری هاوپەیوەندی لەگەڵدا بوو بۆ گواستنەوەی وتوێژەکان. لە پەیوەندیم بە سەرۆک حەریری جیاوازیەکە ئەوەیە، کە پەیوەندی باش بوو کاتێک لە دەرەوەی دەسەڵات بوایە، بەڵام کاتێک پەیوەندیمان لەناو دەسەڵاتدا بوایا ئاڵۆز دەبوو، بە تایبەتی کاتێک کێشەکە لە نێوان ئەوو سەرۆک لەحود پەرەی بسەندبایا. لێرەوە دەمەوێت ئەوە باسبکەم، کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 تۆمەتبارییان کردم، تەنانەت لەلایەن چەند لایەنێکی نزیک لە سەرۆک لەحود گوایا باوەشم بۆ ئۆپۆزسیۆن کردۆتەوەو خواست و داواکارییەکانی حەریری جێبەجێ دەکەم و بەرگری لە جەماعەتەکەی دەکەم. دوایین پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆک

حەریری لەپێش تیرۆرکردنی دوو ڕۆژ بە لە تاوانەکە بوو، کاتێک یاریدەدەرەکەی موقەدەم (وسام الحسن) ی ڕاسپارد تا پەیوەندیم پێوە بکات بۆ پێداچوونەوەی نوێنەرایەتی گشتی تایبەت بە ئازادکردنی هەندێک لە دۆست و لایەنگرەکانی، ئەوانەی کە ڕۆنی زەیتونیان لە بەیروت دابەش کردبوو. من پەیوەندییە پێویستەکانم ئەنجامداو وەڵامەکانم ئامادە کردو چاوەڕوانی ئەنجامی باشم دەکرد لە هەمان شەودا، کارەکە بەو شێوەیە بوو لەو ڕێگەیەوە سوپاسی کردم. لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بکەم بەو ڕیتمە مرۆییە باڵایەی، کە لە کەسایەتی حەریری-دا هەبوو. من لە دوای پەیداکردنی شارەزاییم لەگەڵ زۆرێک لە سیاسییەکان ئەم شتە دەڵێم. لەگەڵ سەرۆک حەریری هەستدەکەیت کە خوێن بەناو دەمارەکانیدا هاتووچۆی دەکرد، لە کاتێکدا ڕۆنی ئۆتۆمبیل بەناو دەمارەکانی زۆرێک لە سیاسییەکانی لوبنان هاتووچۆی دەکرد.

*** ئایا لە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاسایشدا کە بەشداریت تێدا کردووە بیرۆکەی خۆدەربازکردن لە حەریری وروژێنراوە؟**

- لەگەڵئەوەی خودی ئەم پرسیارە ناکرێت، بەڵام هەرگیز بابەتێکی وەها باس نەکراوە. هیچ کۆبوونەوەیەکی لەمجۆرە بە ئاگاداری یان بە بەشداری ئێمە نەکراوە، هەرگیز شتێکی وا باسی لێوە نەکراوە.

*** لەلای دەسەڵات گرێی حەریری بوونی هەبوو، ئەگەر تیایدا بەشدار بووبێت یان ئۆپۆزسیۆن بووبێت، ئایا ئەو کۆسپ بوو لەبەردەم تەواوکردنی دەسەڵاتی بەرەکەی تردا؟**

- ناکرێت تەنها لەلایەن تیمێکی سیاسی ئەگەر بە سەرۆکایەتی (حەریری)یش بێت کۆنترۆڵی لوبنان بکرێت، تەنانەت لەلایەن تیمێکی ئەمنیشەوە ناکرێت تهنانەت ئەگەر سەرۆک (لەحود)یش پشتیوانی بێت، لوبنان پێکهاتەیەکی تایبەتی و جیاازی هەیە. هەر کەسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کۆنترۆڵی لوبنان دەکات هەڵە دەکات. من دەتوانم باسی ململانێی نێوان دیدو بۆچوونە جیاوازو ناچونیەکەکان بکەم لە کاروبارە سیاسی و ئابوری و ئیدارییەکاندا لەلایەک لە نێوان سەرۆک حەریری و کەسانی تر لە ناوەوەو دەرەوەی دەسەڵات لە لایەکیترەوە. بە دڵنیاییەوە ئێمە لێرەدا باسی سیاسەت دەکەین، هەموو لایەک هەوڵدادات تا بە هێز بوونی خۆی لە دەسەڵاتدا بەرجەستە بکات تاکو دیدگاو بۆچوونی خۆی بسەپێنێت. ئەم هەوڵدانە هەمیشە لەلایەن سەرۆک لەحود و سەرۆک حەریری بوونی هەبوو. هاوسەنگییەکان لە لوبنان هەندێک جار ئەوە دەسەپێنێت یان دەبێت لە دەسەڵات بچیتە دەرەوە یان دەبێت لە ناوەوەی دەسەڵات بە هەندێک سازان و پێکهاتن ڕازی ببیت، ئەمەش بۆ هەمووان ڕاستە. مەسەلەکە گرێ نییە، بەڵکو ئەوەیە کە

کێ دەتوانێت لە چوارچێوەی بارودۆخی باودا لە گەمەی دەسەڵاتدا بیسەلمێنێت کە بەهێزترینە. هەندێکجار سەرۆک لەحود و هەندێکجاریش سەرۆک حەریری و هەندێکجاری تریش کەسانی غەیری ئەوان بەم شێوەیە بوون. پێویستە بیری خۆمان بێنینەوە، کە لە لوبنان چەند سەرۆکێک لە دەرەوەی دەسەڵات هەبوون، سەر بە گروپ و تائیفەکان بوون، جیاواز لەو سەرۆکایەتییانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان، هەندێکجار لەوانیش بەهێزتر بوون.

*** بە گوێرەی یاسا کێ بەرپرسیارە لەو تاوانە؟**

– لە لوبنان چوار دەزگا هەن: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هەواڵگری سوپا، ئاسایشی گشتی و دەزگای ئاسایشی دەوڵەت. ئاسایشی گشتی و دەزگای ئاسایشی دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا ناکەن، کە پێی دەوترێت ئاسایشی تاوان، واتە شوێنی ئەنجامدانی تاوان و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە. لە دوای ئەنجامدانی تاوانی زەق داوایان لێدەکرێت هەوڵبدەن بەپێی لەبریکاریی زانیاری دەستەبەر بکەن. لێکۆڵینەوە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوان کاری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەزگای دادوەری تایبەتمەندە. ئەگەر هەواڵگری سوپا پەیوەندیدار بێت بە کاری لێکۆڵینەوە ئەوا دەکرێت سەرپەرشتی کردنی بە گوێرەی ئەو ئەرکە بێت کە دادوەر دیاری دەکات. بە گشتی لە لوبنان هێزەکانی

ئاسایشی ناوخۆ بەرپرسیارن، لە حاڵەتی تایبەتیشدا دەزگای هەواڵگری سوپا بەرپرسیارە.

*** لە کردەوەی تیرۆرکردنی حەریری کێ بەرپرسی شوێنی ئەنجامدانی تاوان بوو؟**

– دەزگـای دادوەری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەرپرسیار بوون، هەروەها هەواڵگری سوپا بە حوکمی بڵاوەپێکردنی سوپا بە شێوەیەکی مەیدانی و ڕۆڵی لە کاتی ڕوودانـی گـەورەدا لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەرپرسیارێتی هەبوو، پاشان ئەرکەکە لە دەستی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا قەتیس بوو بە سەرپەرشتی دەسەڵاتی دادوەری سەربازی پاشان درایە دەست لێکۆڵەری دادیی.

*** بە باشی وردبینی تەواو لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە نەکراوە، ئایا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی جدییەک یان بۆ کەمی پسپۆڕی؟**

– بە ڕاشکاوی دەیڵێم، دەستەواژەی نەبوونی جدییەت لە تاوانێکدا کە کەسێکی بە قەبارەی سـەرۆک حەریری کردۆتە ئامانج بەو شێوە دڕندانەیە، لەگەڵ هەستەکانی هیچ بەرپرسێک ناگونجێت، لەبەر ئەوە دڵنیات دەکەمەوە کە هیچ پشتگوێ خستنێکی بە ئەنقەست بوونی نییە. بەڵام دەڵێم شڵەژانێکی زۆر ڕوویدا بەهۆی گەورەیی قەبارەت تاوانەکە و زۆری ئاپۆرای خەڵک و هەڵچوون و فشارەکان لەو

ساتەواوەختەدا. جۆری تاوانەکە لەو توانایانە گەورەتر بوو، کە لەو ساتەدا دەستیان بە جووڵە کرد بۆ ئاشکراکردنی. هەموو شوێنێکی ئەنجامدانی تـاوان بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشە لە نێوان دەزگای دادوەری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. دەکرێت کەلێنێکی تێدا هەبێت، کە لە بنەڕەتدا نابێ هەبێت. بەو ئاستەی پارێزگاری لە شوێنی ئەنجامدانی تـاوان دەکرێت، ڕەگـەزە پێویستەکانیش لە بەرژەوەندی لێکۆڵینەوەدا دەپارێزرێت. لە دوای دەرکەوتنی تۆمەتەکان لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە هەبوونی کەلێن لە شوێنی تـاوانـەکـە، پرسـیـارم لـە بـەڕێـوەبـەری گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لیوا (عەلی ئەلحاج)و چەند ئەفسەرێکی دەزگـای لێکۆڵینەوە کرد، لەوانە عەمید (هیشام ئەعوەر) کە سـەر بە پۆلیسی دادوەریـــە، وەڵامـەکـە ئـەوەبـوو کە هەندێکجار ئەوان خۆیان لە نێوان دوو بژاردەدا بینی: یان ئەوەتا شوێنەکە هەڵبکۆڵن بۆ گەڕان بەدوای لاشەو بەڵگەدا، مەترسی ئـەوەش هەبوو کە پرۆسـەی هەڵکەندن ببێتە هۆی تێکدانی شوێنی تاوان، یان ئەوەتا مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا بکەن کە دیارو لەبەرچاوە و نزیکی ئەوەی ژێر گڵ نەبنەوە. لە ڕاستیدا فشارەکان زۆر زۆر بوو، پەنجەکانی تۆمەتبارکردنیش ڕوویان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بوو. مـن نامەوێت بڵێم کەمتەرخەمی نـەبـووە، بەڵکو دەڵێم

دەبوو بابەتەکە بۆ لێکۆڵینەوە جێبهێڵرێت. بە دڵنیاییەوە ئاشکرایە کە وەزیـری ناوخۆ (سلێمان فرەنجیە) چەند ڕێکارێکی گرتەبەر. هـەروەهـا پێوستبوو لەسـەر لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵوێستی خۆیان لەبەردەم ئەو دەزگای لێکۆڵینەوەدا ڕوون بکەنەوە، کە پرسیاری دەکرد ئایا هیچ نیازو مەرامێکی ئەنقەست لەپشت ئەو تاوانەوە هەبوو یان ترسێک بەهۆی ئەو تۆمەتبارکردنانەوە بوونی هەبوو، کە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی بە کەمتەرخەمی دەدرێتە قەڵەم. من پێموایە پێویستبوو لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بە شوێنی تاوانەکەوە وەڵامی ئەو پرسیارانهەیان بدایاتەوە، کە پەیوەستە بە دروستبوونی گاپ و کەلێنەکانەوە. من لەو بڕوایەدام کە کەلێنێک دروستببوو، بەڵام ئایا ئەوە بەهۆی بوونی نیەتی تاوانکارییەوە بـووە یان بەهۆی قەبارەی تۆمەتەکان یان کەمتەرخەمی؟ من وەڵامەکە بۆ دەزگای دادوەری جێدەهێڵم.

*** ئـەو کاتـەی بڕیاری دابڕینی شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکەت داوە، لە سنوری قەڵەمڕەوی کێدا بوو؟**

– ئەوە لە سنوری قەڵەمڕەوی دادوەری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا بوو، بەڵام پشتێنەی دەرەکی لە سنوری قەڵەمڕەوی سوپادا بوو.

*** ئەی چیرۆکی پڕکردنەوەی شوێنی تاوانەکە چیە؟**

- بەیانی ڕۆژی دوای تاوانەکە لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە کە ئۆتومبیلەکانی کەژاوەی شەهید ڕەفیق حەریری بە شەو لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی تر، تۆمەتەکانیش ئاراستەی هەموو دەزگاکان دەکرا، چونکە لەوانەیە خەڵک نەزانێت کێ بەرپرسە لە شوێنی تاوان. ئاسایشی گشتی لە دەرەوەی شوێنی تاوان بەرپرسیارە یان بوونی کردەیی هەبووە، بەڵام هیچ کەسێک لە ئاسایشی گشتی ڕانەسپێردرا بۆ ڕۆیشتن بەرەو شوێنی تاوانەکە. کێشەکە ئەوەیە کە تۆمەتەکان ئاراستەی بە گشتی دامودەزگاکان کراوە. ئۆتومبیلەکان گوازرانەوە بۆ سەربازگەی (الحلو)، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش وتیان وێنەیان گرتووە. پەیوەندیم کرد بە لیوا عەلی ئەلحاج و پرسیارم لێکرد سەبارەت بەو هەواڵانەی ڕۆژنامەکان بڵاوییان کردۆتەوە، وەڵامی دامەوە کە فەرمانی پێکراوە ڕێگەکە بکاتەوەو بەپێی ئەو فەرمانانە چەند ڕێوشوێنێک دەگیرێتەبەر. من ئامۆژگاریم کرد بەوەی کە لەسەر ئەوە بەردەوام نەبێت و وتم بابەتەکە پەیوەندی بە ڕووداوی ئۆتومبیل یان وەرگەڕانی لۆریەکەوە نییە، بەڵکو ئەمە تاوانێکی گەورەیەو لەم بابەتەدا هەڵەیەک مەکەن. هەرکێیەک بێت ئەو لایەنەی فەرمانی پێ کردوویت، بەڵام جێبەجێی مەکە، من یەکسەر پەیوەندی بە وەزیری

ناوخۆوە دەکەم بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشم، چونکە ئەمە تاوانێکە دەبێتە جێی گرنگیپێدانی جیهان و پێویستە ئاگامان لە پاراستنی شوێنی تاوانەکە بێت. بە دڵنیاییەوە من لێرە ئامۆژگاریەکم ئاراستە کردووە، لە کاتێکدا هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر بەڕێوەبەری گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا نییە. لە دڵی خۆمدا وتم لەوانەیە تەنها ئامۆژگاری بەس نییە، بۆیە پەیوەندیم بە وەزیر فەرەنجیە کردو هیوام خواست فەرمانێک دەربکات. من لێرەدا دەمەوێت بڵێم وەزیری ناوخۆ یەکێک بوو لەو کەسانەی بەو ڕووداوە زۆر نیگەران و خەمبار بوو. وەزیر هەڵوێستێکی خێرای دەربڕی، هەڵوێست وەرگرتنەکەشی گرنگ بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی شوێنی تاوانەکە، پاشان پێم ووترا، کە ئەو بۆ ڕێگرتن لە یاریکردن بە ڕووداوەکە تەدەخولی کردووە، تەنانەت پێشئەوەی لەو بارەیەوە خزمەتی بکەم.

*** کێ مافی دەرکردنی فەرمانەکانی بۆ لیوا عەلی ئەلحاج هەیە؟**

- ئەوەندەی پەیوەندی هەیە بە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای دادوەریی تایبەتمەند. لەو ماوەیەدا دادوەری لێکۆڵینەوەی سەربازی هەبوو، پاش ماوەیەک لێکۆڵینەوەکە گوازرایەوە بۆ لای لێکۆڵەرەوەی دادی، نازانم ئایا هیچکام لە دادوەرەکان ئاگای لە

وردەکارییەکان بێت. شارەزایی پێشینەی من لە هەواڵگریدا پاڵی پێوەنام تا بەئاگا بم لە هەر شتێکی پەیوەست بە شوێنی ئەنجامدانی تاوان.

*** دەنگۆیەک بڵاوبۆوە کە لیوا عەلی ئەلحاج لەلایەن ئەفسەرێکی باڵای کۆشکی کۆماری فەرمانی پێکراوە؟**

- لیوا عەلی ئەلحاج خۆی باشتر دەتوانێت ئەم بابەتە بسەلمێنێت یان ڕەتی بکاتەوە. ئەو بەرژەوەندیەکی هەیە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە. پێویستە هەموو لێپرسراوێک ڕوونی بکاتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری یان لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئەوەی کرا بۆچی کرا، ئەوەی نەشکرا بۆچی نەکرا؟ من هیچ پەیوەندیەکم لە کۆشکی کۆماری و هیچ شوێنێکی ترەوە پێوە نەکرا، بەڵکو هەستام بە دەستپێشخەرییەک و پێموایە پەیوەندی کردنم بە وەزیری ناوخۆوە بووە هۆی ئەوەی هەڵەیەکی گەورە لە شوێنی تاوانەکە ڕوونەدات لەژێر ناونیشانی "پێویستی کردنەوەی ڕێگە" وەکئەوەی بووە ڕووداوێکی هاتووچۆ بێت. ئایا نیازپاکی هەبوو یان نیازەکان خراپ بوون؟ پێویستە ئەوانەی پەیوەندیدارن بابەتەکە ڕوون بکەنەوە. من لە ڕووی تەکنیکیەوە تەدەخولم کرد لەبەر هەستکردنم بەوەی کە ڕوودەدات ئەگەر یاریکرنێکی نابەرپرسیارانە لە شوێنی تاوانەکەدا بکرێت. پێموایە من خزمەتی لیوا (عەلی

ئەلحاج)و زۆرێکی ترم کرد کاتێک ئەو بەیانیە هەواڵی گوێزانەوەی ئۆتومبیلەکانم بە شەو خوێندەوە.

*** ئایا هەڵوێستی سەرکردەی دامودەزگا ئەمنییەکان پێکەوە گرێدراو بوو، ئایا لەو کاتەدا حەزت دەکرد دەستلەکار بکێشیتەوە؟**

- ماوەی 37 ساڵ لەناو سوپاو ئاسایشی گشتیدا لە بواری ئاسایشی سەربازیدا کارمکردووە تا گەیشتومەتە ئاسایشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە ئەوە لە دەسەڵاتی ئاسایشی گشتیە، واتە ماوەی 27 ساڵ. لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئاسایشدا کارمکردووە و لێپرسراوێتییەکانم بەپێی پلەکەم بووە. دەستکەوت بەدەست دەهێنیت و تووشی گرێ و گۆڵ دەبیت، تاکو بە کردەیی کەمتەرخەم نەبیت هەستکردن بە گوناە لە ناختدا دروست نابێت. کاتێک ڕووداوێکی ئەمنی ڕوودەدات هەستکردن بە پێکان دروستدەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بێتو ڕووداوە ئەمنیەکە گەورە بێت، بۆیە یەکەمین هەست لەلای کەسێکی وەک من ئەوەیە کە دەپێکرێم. هاوتەرا لەگەڵ کەسی بەئامانجکراو، ئاسایشیش دەبێتە ئامانج. من هەستمکرد پێکراوم. لە ڕووداوێکی بەم قەبارەیە تۆ وەک لێپرسراوێکی ئاسایش هەست دەکەیت تۆ پێکراویت ئەگەر کەسی بەئامانجکراو سەرۆک حەریری بێت یان هەر کەسێکی تر بێت. جیاوازی

لە نێوان هەستکردن بە تاوان و هەستکردن بە پێکان و کەمتەرخەمیدا هەیە. هەستکردن بە پێکان بە پلەی یەکەم مۆراڵییە. هەستکردن بە تاوان لە ئەنجامی تێوەگلان یان دەست تێکەڵاوکردن یان بێموبالاتیەوە دروست دەبێت ئەمەش سوپاس بۆ خوا بوونی نییە، بەڵام هەستکردن بە کەمتەرخەمی پەیوەندی بە سنوری دەسەڵاتەوە هەیە.

*** ئایا ئاسایشی مەیدانی لە سنوری دەسەڵاتی تۆ یان کەسانی تردا بوو؟**

- بە ڕێژەی 99%ی دەسەڵاتەکانی ئەندامانی دەزگای ئاسایشی گشتی لە کۆکردنەوەی زانیاریە سیاسی، ئابوری،کۆمەڵایەتی، سەندیکایی، بنەماڵەیی و حزبییەکان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت چڕکراوەتەوە. لە دوای سەربەخۆیی لوبنان لە ساڵی 1943وە تاکو ئەمڕۆ، ئاسایشی گشتی هەموو وردەکارییەکانی تاوانەکان نادات بەدەستەوە لەپێش و لەپاش ڕوودانی، بەڵام وەکو دەزگایەکی ئاسایش ئەگەر زانیاری پەیوەست بە تاوانێکی لەبەدەست بێت، ناڵێت ئەمە کاری من نییە، بەڵکو ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری یان دەزگای پەیوەندیدار یان هەردووکیانی دەکات. کەواتە کەمتەرخەمی یان تێوەگلان کاتێک ڕوودەدات، کە زانیاری پەیوەست بە تاوانێکمان دەستبکەوێت و چارەسەری نەکەین، بەڵام ئەمە ڕووینەدا. کەواتە ئێمە هەستکردنمان بە پێکانێکی

مۆراڵیی کردووه وەکو دەزگایەکی ئاسایشیی پەیوەندیدار بە سەقامگیری و ئارامی وڵات. لەوانەیە هەندێکجار مافی خەڵک بێت جیاوازی بکات لە نێوان ئەوانەی شارەزان و ئەوانەی نەشارەزان. لە تاوانێکی بەو قەبارەیەدا خەڵک دامودەزگاکان دەکاتە ناو یەک سەبەتەوەو دەستکەوتەکانی ڕابردوو بابەتی جیاوازییان لە نێوان دەسەڵاتەکاندا لەبیر دەچێت.

*** یەکسەر لە دوای ڕوودانی تاوانەکە پەرلەمانتار وەلید جونبوڵات دەزگای ئاسایشی هاوبەشی سوریا – لوبنانی بە ئەنجامدانی تەقینەوەکە تاوانبار کرد، تۆ چی دەڵێیت؟**

– لەبەر ئەوەی تاوانبارکردنەکە یەکسەر بەدوای ڕوودانی تاوانەکە بوو، ئەمە مانایوایە کە بابەتێکی سیاتسیە. تاوانبارکردنی سیاسییانە شتێکەو دڵنیابوونەوە لە ناسنامەی ئەنجامدەرانی تاوان شتێکی ترە. ئەمە بۆ خۆی تۆمەتبارکردنێکی سیاسیەو لە ڕوانگەی سروشتی ئەو کەس و دەزگایانەوە دێت، کە ئاسایشی لوبنانیان لەدەستە، بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ناکۆکی و ململانێ سیاسییانەوە، کە لەپێش ڕوودانی تاوانەکە بوونیان هەبووە.

*** فۆکس لەسەر هەموو دەزگاکان هەبوو، کە تۆش یەکێکی لەو دەزگایانە بەهۆی هەبوونی هەستکردنێک لە وڵاتدا، کە تۆ مایسترۆی سەرکردەی دەزگا ئەمنییەکان بوویت؟**

- ڕێگەم پێبدە تا شتێکت پێ بڵێم: تۆمەتبارکردنی کەسێک یان دەزگایەک بە ئەنجامدانی تاوانێک جا جۆری تاوانەکە هەرچییەک، بابەتێکی هەروا ئاسان و گاڵتە نییە. هەموو کەسێک کە ئەوانیتر تۆمەتبار بکات تاوانبارە. ئەوەی لەسەر تاوانکاری ڕاهاتووە تۆمەتبارکردنی خەڵک بەلایەوە ئاسانە. من لە ڕووی شارەزایی و بە حوکمی کارکردنی پێشووم لەناو سوپادا کۆنترم و لەناو سەرکردەی دەزگاکانی ئاسایشدا پلەکەم لە هەموویان بالآترە. من چەند دەستپێشخەرییەکی بەرگریکردنی ئاسایشیم گرتەبەر لە کاتێکدا ستەمم لێدەکراو تۆمەتی سیاسی خرایە پاڵم. ئەم هەڵوێستە بۆ خۆی تیشکی خستۆتە سەرم. هەموو ئەوەی تاکو ئەم ساتەوەختە ڕوویانداوە لەناو بازنەی تۆمەتبارکردنی سیاسیدا دەسوڕێتەوە. هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە هەبوونی کێشەو هەڵە لە شوێنی تاوان دەچێتە خانەی تۆمەتی تەکنیکییەوە، بۆیە لەسەر دەزگای دادوەری تایبەتمەندو لێژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی پێویستە سروشتی ڕووداوەکەو کەسانی بەرپرسیار لە ڕووداوەکە دەستنیشان بکەن.

*** ئایا شتێکی گرنگت هەیە تا بە لێژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بڵێیت؟**

- هەر شتێک لەلای من هەیە بە فەرمانی ئەوان دەبێت،

ئیتر لە سایەی لێپێچینەوە لەگەڵ ئەانیتردا قسەی من گرنگ بێت یان نا. قسەی من ڕاستییەکان نیشاندەدات، لەوانەیە هەندێک لە وتەکانم سەرنجی لێژنەی لێکۆڵینەوە ڕابکێشێت، لەوانەشە چەند شتێک بڵێم سەرنجی ڕانەکێشێت.

*** کاتێک پەیوەندیت بە وەزیر فرەنجیە کرد، ئایا ئەو ئاگاداری بابەتی گوێزانەوەی ئۆتومبێلەکان بوو لە شوێنی تاوانەکە بۆ شوێنێکی تر؟**

– من پرسیارم لێنەکردووە لەو بارەیەوە، بەڵکو یەکسەر چوومە ناو بابەتە سەرەکیەکە. من هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر (عەلی ئەلحاج)دا نییە. وەزیـری ناوخۆ مەرجەعە، بۆیە پەیوەندیم پێوە کرد، پێشدەچێت لەپێش پەیوەندییەکەی من لەگەڵی فەرمانی دەرکردبێت بۆ ڕێگرتن لەو بابەتە.

*** ئایا لەو دڵنیایت، کە فەرمانکردن بە لیوا عەلی ئەلحاج لەلایەن وەزیر (فرەنجیە)وە نەبووە؟**

– بەڵێ پێداگری دەکەم و دڵنیات دەکەمەوە کە وەزیری ناوخۆ پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی خۆی کردووە بۆ ڕێگرتن لە بەرکەوتنی هەر زیانێک بە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە.

*** کەواتە فەرمانەکە لە لایەنێکەوە بوو، کە بە گوێرەی یاسا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر (عەلی ئەلحاج) نەبووە؟**

– من ناتوانم لەجیاتی ئەو قسە بکەم، چونکە لەوانەیە ئەوە بسەلمێنێت یان نکۆڵی لێبکات.

*** عەلی ئەلحاج چی پێ ووتی؟**

– من لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا نەکردووە، بەڵکو ئامۆژگاریم کرد، پێشموایە لیوا ئەلحاج دەتوانێت لە دواییدا ڕوونی بکاتەوە، کە ئەو فەرمانەی لە کوێوە پێکراوە.

*** لە کاتی ڕوودانی تاوانەکاندا کێ زیاتر فەرمانەکان دەردەکات؟**

– لێم گەڕێ با شتێکت بۆ ڕوونبکەمەوە. شوێنی تاوان بەپێی یاسای لوبنان لەژێر دەسەڵاتی دەزگای دادوەریدایە، کە چەند ئەفسەرێک دەنێرێتە شوێنی ڕووداو بۆ لێکۆڵینەوە، کە لەژێر فەرمان و سەرپەرشتی خۆیدا کاردەکەن، بەو شێوەیەش فەرمانەکان لەلایەن دەزگای دادوەریەوە دەردەچێت و بەرپرسیار دەبێت لە شوێنی ڕووداوەکە و چەند بابەتێکی تریش، کە تەنها لە دەستی ئەو دوو لایەنەدا قەتیس دەبێت. لیوا (عەلی ئەاحاج) بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی ناوخۆ نییە، کە فەرمانەکانی پەیوەست بە شوێنی تاوان یان بۆ گواستنەوەی ئوتومبێلەکان یان سەبارەت بە چەند بابەتێکی تری لێکۆڵینەوە دەردەکات. لەو بڕوایەدام لیوا ئەلحاج لەم بابەتانەدا هەڵە ناکات.

*** ئایا تۆ نیگەرانیت لە کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی؟**

– هەستم بە بێزاری دەکرد بەهۆی دواکەوتنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، بەڵام ئێستا دەستی بە کارەکانی کردووە. من هیوام دەخواست پێش مانگێک دەستی بە کارەکانی بکردایا. ئەم دواکەوتنە وا دەکات کەسانێکی زۆر لە کایەی سیاسی و ئاسایشدا لە ژیانی پیشەیی و ئاسایی خۆیان دەستوالا نەبن. ئەو تۆمەتە سیاسییانەی، کە ئاراستەی چەند کەسێک کرا، کە منیش یەکێکم لەوانە، قەبارەکەی گەورەیە تا ئەو ئاستەی کە کەسێکی وەکو من ئاواتەخوازە لێکۆڵینەوەکە لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکان دوێنێ ئەنجام بدرایا نەک سبەینێ. ئێمە لەو بڕوایەداین تۆمەتەکان سیاسەت و تاوانی تێکەڵاو کردووە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. ناوو ناوبانگ و مۆراڵ و بنەماڵەو خێزان و ڕابردووی پیشەیی بوونی هەیە. هیچ کەسێک ڕازی نابێت باسی هەموو ئەم شتانەی بکرێت، چونکە چەند لایەنێکی دیاریکراو هەن تۆمەتەکانیان ئاراستە کردووە.

*** تۆ چاوت بە سەرۆکی لیژنەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان کەوتووە، کە لە دوای تیرۆرکردنی حەریری پێکهێنرا، لە نێوان تۆو ئەفسەری ئێرلەندی (پیتەر فیتز جیراڵد) چی باسکراوە؟**

– فیتز جیراڵد چاوپێکەوتنی لەگەڵ زۆرێک لە لێپرسراوان و کەسانی ئۆپۆزسیۆندا کردووە، منیش یەکێکم

لەوانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵیاندا کردووە. گومان لەوەدا نییە کە بەرئەنجامی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا سەبارەت بە کارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بووە، کە پێدەچێت لەو بوارانەدا قووڵ بێتەوە، کە پێیوایە بەکەڵکە بۆ دەرکەوتنی دیوە شاراوەکانی تاوانەکە. فیتز جیراڵد لەگەڵ تیمەکەیدا سەردانیان کردم. سەرەتا دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی ئەرکی خۆی وەکئەوەی بڵێت من پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هاتووم و گرنگی دەدەم بە هۆکارەکانی تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری و دەرئەنجامەکانی. دواتر دەستیکرد بە چەند پرسیارێک، یەکەم پرسیاریشی ئەمە بوو: کێ حەریری کوشت؟ پاشان چەند پرسیارێکی تری کردو وتی ئایا ئێوە وەکو دەزگایەکی ئاسایش لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە هیچ زانیاریتان وەرگرت و ناردتتان بۆ دەسەلاتی دادوەری، ئەمە سەرەڕای گفتوگۆکردنی دەربارەی بارودۆخی سیاسی پەیوەست بە بڕیاری ژمارە 1559.

*** تۆ سەبارەت بە بڕیاری 1559 چیت پێووت؟**

- پێمووت دەوڵەتی لوبنان چەند ڕەشنوسێکی دەربارەی پڕۆژە بڕیارێک پێگەیشتووە لە ئەنجامی تاوتوێکردنی لە ئەنجومەنی ئاسایش و ئەوە ڕوون بوو، کە بەشێکی باسی سەروەری لوبنان دەکات، لە کاتێکدا بەشێکی تری

باسی کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە خاکی لوبنان دەکات، سەرەڕای داماڵینی چەکی میلیشیاکان و پرسی موقاوەمەت و خێوەتگای پەنابەران و سەپاندنی دەسەڵات دەوڵەت بەسەر خاکەکەی، بە تایبەتی لە باشوری لوبنان، واتە بڵاوەپێکردنی سوپا لە باشوردا. پێمووت لە سەرەتای کێشەکەوە لەلای ئێمە ڕوونە، کە ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی گۆڕینی تەواوی ئەو بارودۆخەی کە باڵی بەسەر لوبناندا کێشاوە، چونکە هەموو خوێندنەوەو ئاسایشی ئێمە لە دوای ڕێککەوتننامەی (تائیف)وە لەسەر چەند بنەمایەکی ستراتیژی بونیادنراوە لە نێوانیشیاندا پەیوەندی لوبنان لەگەڵ سوریاو پشتیوانیکردنی موقاوەمەت لە چوارچێوەی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر ململانێی عەرەب – ئیسرائیل. هەروەها بۆم ڕوونکردەوە، کە بە گوێرەی بۆچوونەکانی ئێمە لە کاتی خۆیدا، بڕیاری 1559 ئەو ستراتیژە ناهێڵێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەموو بڕگەیەکی لە کاتی جێبەجێکردنیدا لەسەر زەوی کاردانەوەی خۆی دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە ترسمان هەیە لەوەی کە ئەم بڕیارە کەشێکی نوێ و جیاواز بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە لوبنان دهروست بکات جیاواز بێت لە قۆناغی پێشوو، ئەمەش دەبێتە هۆی لێدان لە کەشی ئاسایش و سەقامگیری لە لوبنان. بە دڵنیاییەوە بەم دواییانە لوبنان شانازی دەکرد بە قەبارەت سەقامگیری و ئاسایش و

ئارامی، سەرەڕای ئەو ئاڵۆزی و تێکچوونەی ناوچەکەی گرتۆتەوە. لوبنان پەناگەیەکی ئارام بوو تا ئەو ئاستەی، ئەو جووڵە گەشتیاریەیساڵی ڕابردوو بەخۆیەوە بینی شتێکی تایبەت و موژدەی ئایندەیەکی باشە. بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانین بڵێین کاتێک کۆڵەکەکانی ئەم ستراتیژە دەجوڵێنیت، لەگەڵیدا هەموو بنەماکانی ئەو سەقامگیری و ئاسایشە دەجوڵێنین کە هەیە. لێرەدا بە فیتز جیراڵدم وت: من دەستپێشخەریەکم هەبوو بە ڕەزامەندی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی کە ئاسایشی گشتی پەیوەندی لە باڵیۆزخانەکانەوە هەیە، بۆیە کۆبوونەوەمان لەگەڵ برێکارانی ئاسایش لە باڵیۆزخانەکان و لەگەڵ باڵیۆزەکاندا کرد، بە تایبەتی باڵیۆزانی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی، کاردانەوە پێشبینیکراوەکانی بڕیاری ژماری (1559)مان لەسەر ئاسایش و سەقامگیری لوبنان بۆ ڕوونکردنەوە، وەزارەتی دەرەوەش لە گۆشەیەکی ترەوە بابەتەکەی ڕوونکردەوە. لە ڕاستیدا من پەیپەرێکی دوو لاپەڕەییم دایە دەست باڵیۆزەکان، کە تیایدا دەرهاویشتە نەرێنییە پێشبینیکراوەکانی بڕیاری 1559م بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری لوبنان بۆ ڕوونکردەوەو کۆپیەکیم دایە فیتز جیراڵد. لەو پەیپەرەدا نوسیبووم ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی دەستبردن بۆ ئاسایش و سەقامگیری لوبنان و وڵاتەکەتان

پێویستی بە زیادکردنی ناوی وڵاتێکی تر نییە لەناو لیستی وڵاتە نائارام و ئاڵۆزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

وەکو دەزگایەکی ئاسایش، خوێندنەوەم بۆ ڕووداوە سیاسییەکان و دەرئەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکانی تیشکی سوری هەڵکرد سەبارەت بە دەرهاویشتەو لێکەوتە پێشبینیکراوەکانی ئەو بڕیارە. لە ڕوانگەی ئەم بابەتەوە، کە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی داهاتوو لەگەڵ تیرۆرکردنی سەرۆکی شەهید ڕەفیق حەریری سەلماندوویەتی، دەرکەوت کە بڕیارەی 1559 بەلای وڵاتەکەمانەوە شتێکی نوێیە، بە تایبەتی بۆ لایەنی ئاسایشەکەی، ئەوەی کە پێیدەوترێت (overload)، واتە بارێکی زیادە، بەو واتایەی کە دەزگاکانی ئاسایش، کە بە بۆ ماوەی 15 ساڵە لەسەر یەک باری دیاریکراو بەرمەجە کراون، بۆ نموونە ئەگەر بارەکەی یەک تۆن بووبێت، بەڵام بڕیارەکە 10 تۆنی تری بۆ زیادکرد. لە چوارچێوەی ئەو هەموو تۆنانەدا بە قەبارەی ئەوەی بڕیاری ژمارە 1559 دروستی کردووە، ئیسرائیل بەرژەوەندی تایبەتی هەیە لە جێبەجێکردنیدا بە زووترین کات لە پێناو داماڵینی چەکی موقاوەمەت و بێبەریکردنی خێوەتگەکان لە چەک و بڵاوەپێکردنی سوپا لە باشور، بەو ئاستەش زیانی بە پلانەکانمان و بنەما ستراتیژەکانمان گەیاندووە، کە لە

بـواری ئاسایش و سەقامگیریدا پشتمان پێ بەستوون، ئەمەش ئەو لێکدانەوە سیاسی و ئاسایشییەیە، کە ئێمە پێشکەشمان کردووە.

کاتێک دەوترێت ئێمە درکمان بە هیچ نەکردووە، ئەمە ڕاست نییە. لەپێش تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری و پێش هـەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی وەزیـر (مـەروان حـەمـادە)، لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ باڵیۆزخانەکان و لەگەڵ دامودەزگاکان لەناو وڵاتدا ئێمە تیشکی سورمان هەڵکرد، وتمان شتێکی گەورە بە ڕێگەوەیە بۆمان. بڕیاری ژمارە 1559 بۆ لوبنان و ناوچەکەش شتێکی گـەورە بوو. پێمان ووتن بەزەییتان بە خۆتان و ئێمەش بێتەوەو دووربکەونەوە لە زیادکردنی ناوی لوبنان لەناو لیستی وڵاتە شێواوەکاندا. ئەم واقیعەم بۆ فیتز جیراڵد باسکرد. مەخابن کاتێک ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردەوە ئەمەی بە هەند وەرنـەگرت تەنها ئـەو بەشانە نەبێت، کە دەنگۆی سیاسی و تۆمەتەکانی دەگرتەخۆ. ئەو دەربارەی شوێنی تاوانەکە قسەی کردووە بێئەوەی باس بکات کێ لێی بەرپرسیارە یان کەمتەرخەمە. فیتز جیراڵد وتی: هەندێک لە ئەندامانی سەر بە دەزگایکانی ئاسایش چەند پارچەیەکیان لە ئۆتومبێلێکی میتسۆبیشی لەناو چاڵەکە داناوە. ئەم ڕستەیە بۆ خۆی تاوانێکە لە بەرامبەر دامودەزگا ئەمنییەکانی لوبنان، چونکە پێویستبوو لـەسـەری کەسەکان و ئـەو لایەنەش

دەستنیشان بکات، کە بەرپرسیارێتییان دەگرنە ئەستۆ، ئەگەر باجەکەی سەربڕینیش بێت. بە (فیتز جیرالّد)م ووت با هەمووان لەناو بازنەی تۆمەتبارکردن دابنرێن و لێکۆڵینەوە هەموو پێشبینییەکان لەبەرچاو بگرێت لەجیاتی وابەستەبوون بەو تۆمەتانەی ئاراستەی یەک لایەن کراوە. پێمووت با هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی بهێڵینەوە، با ئەگەری ئەبو عەدەس و ڕەوتە ئوسوڵییەکان بە کراوەیی بمێنێت و ئەگەری تێوەگلانی دەسەڵاتی لوبنان و سوریا، ئەگەری تێوەگلانی ئیسرائیل با کراوە بێت، بەڵام با لێکۆڵینەوەکان جدی بێت نەک تەنها پشت بە بەشێک لە تۆمەتەکان ببنەسترێت و ئەویتریش هیچ. من ئەمڕۆ دەڵێم، ئێمە هەوڵنادەین بۆ بێتاوانکردنی هیچ کەسێک، بەڵکو داوا دەکەین ئەم بابەتە بە گوێرەی ڕێکارە پێویستەکان چارەسەر بکرێت و حیسابی ئەوە بکرێت کێ قازانج دەکات و کێ بە کردەیی زیانی بەردەکەوێت لە تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری.

بڕیاری ژمارە 1559 سودمەندان و زیانلێکەوتوانی بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها تیرۆرکردنی سەرۆک حەریریش سودمەندان و زیانلێکەوتوانی بەدوای خۆیدا هێنا با باسیان لێوە بکەین: زۆر بە کورتی و بەبێ هەڵاوێردکردن دەیڵێم، هەموو زیانەکە لە یەک شوێن ڕوویدا، واتە زیانی بە دەسەڵاتی لوبنان و سوریا گەیاند.

*** دەتەوێت بگەیتە چ دەرئەنجامێک؟**

- من نامەوێت هیچ دەرئەنجامێک بەدی بێنم. دەڵێم ئەنجامدەری تاوانەکە یان گوێدرێژە یان ئەنیشتانینە. با لیژنەی لێکۆڵینەوە بێت لە هەموو ئەگەرەکان بکۆڵێتەوە: ڕەوتە ئوسوڵییەکان، دەمودەزگاکان و دەسەڵاتی لوبنان، سوریا، ئیسرائیل و هەتاد...

*** بۆ نموونە دەکرێت ئەنیشتاین گوێدرێژێکی بۆ ئەنجامدانی بەکاربهێنێت؟**

- ئەمە هەمووی لە شیکردنەوەدایە نەک لە لێکۆڵینەوەدا. لە شیکردنەوەدا لەوانەیە بکرێیتە ئامانج یان هەڵە بکەیت، بەڵام لە لێکۆڵینەوەدا پەنجەکانت دەخەیتە سەر برینەکە یان نایخەیتە سەری، شیکاریش لە لێکۆڵینەوەدا قەدەغەیە. سەرۆک حەریری کەسێکی ئاسایی نەبوو، بۆیە هێرشکردنە سەری بە پێوەرەکانی گۆڕەپانی لوبنان ناپێورێت. ئایا ئەو کەسەی دەیەوێت توخنی ڕەفیق حەریری بکەوێت نازانێت کە کاردانەوەکە لەلایەن فەڕەنساو سعودیەوە سنوری تووڕەیی بەرەو شێتی تێدەپەڕێنێت، ئەو دوو وڵاتەی کە لە ماوەی ڕابردوودا لە ڕووی سۆزدارییەوە لە سوریا نزیکتر بوون. ئایا بیر ناکاتەوە لە هاوسەنگی هەڵوویستی فەڕەنساو هاوسۆزی لەگەڵ هەڵوێستی سعویە؟ سەرەڕای ئەو هەموو پاساوە دەڵێم با تۆمەتبارکردن لە هەموو

ئاراستەو لایەکانەوە بێت، بەڵام با هەبوونی تۆمەتباری دیکەش بە هەند وەربگیرێت و لیژنەکە کەسی ئەنجامدەر دەستنیشان بکات. من وەک پیاوی ئاسایش قسە دەکەم و دەڵێم با هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگیرێت و هەمووان لە بازنەی تۆمەتبارکردندا دابنرێن. تۆمەتە سیاسییەکان بەبێ هەبوونی بەڵگە بە پەردەپۆشکردنی تاوانباری سەرەکی دادەنرێت ئەگەر تاوانبارێکی سەرەکی تر بوونی هەبێت.

*** تۆیان تۆمەتبار کرد بە جووڵاندنی فەرید عەبود باڵیۆزی لوبنان لە واشینتۆن بە مەبەستی پەکخستنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی، وتراویشە تۆ بە پێچەوانەی یاساوە چەند ڕاپۆرتێکت لەو باڵیۆزە وەرگرتووە؟**

– محەمەد حەمود، وەزیری دەرەوە کەسێکە درۆ ناکات و هیچ بەرژەوەندیەکی نییە. وەزیر حەمود سەبارەت بەم بابەتە قسەی خۆی هەبوو بە ئاشکرا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا نکۆڵی لێکرد. ئەو ئاگادارە کە باڵیۆزی لوبنان لە واشنتۆن و باڵیۆزی لوبنان لە نەتەوە یەکگرتوەکان هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە کەسێکەوە نییە کە ناوی (جەمیل ئەلسەید)ە.

*** ئەی مەسەلەی ڕاپۆرتەکان چی؟**

– وەزیر حەمود وەک ئەوانیتر باش دەزانێت، کە من هەرگیز هیچ ڕاپۆرتێک لە هیچ باڵیۆزخانەیەک وەرناگرم. کاتێک پێویست بە وەرگرتنی ڕای ئاسایشی گشتی بکات یان لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە یان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی کۆمارەوە ڕاپۆرتمان پێدەگات. هیچ جارێک ڕوویندەداوە، کە ئێمە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتێکمان لە باڵیۆزخانەیەک وەرگرتبێت. ئەمجۆرە پەیوەندییانە لە نێوان ئاسایشی گشتی و باڵیۆزخانەکاندا بوونی نییە.

*** ئایا لەم بابەتەدا خۆی بێبەری دەکەیت؟**

– بە دڵنیاییەوە بەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە خۆم بێبەری دەکەم. کاتێک داوامان لێدەکرێت تا ڕای خۆمان بدەین لەسەر ڕاپۆرتێک کە وەزارەتی دەرەوە یان سەرۆکایەتی کۆماری وەریانگرتووە ئێمە ڕاو سەرنجی خۆمان دەدەین و دەیگێڕینەوە بۆ ئەو لایەنەی کە بۆمانی ناردووە، واتە وەزارەتی دەرەوە یان سەرۆکایەتی کۆمار. هەندێکجار داوای وەرگرتنی ڕای وەزارەتی داد یان وەزارەتی ناوخۆش دەکرێت. ئەمڕۆ کەسانی تر سەرکردایەتی ئاسایشی گشتی دەکەن، با ئەوان ئەم بابەتە ئاشکرا بکەن ئەگەر بوونی هەیە، یاخود ئەگەر گۆڕینەوەی فاکس یان ئیمەیڵ لە نێوان ئاسایشی گشتی و باڵیۆزخانەکانی لوبنان لە دەرەوە هەیە با ئاشکرا بێت.

*** کەوتە تۆ هیچ پەیوەندیت بە فەرید عەبود نەبووە؟**

- ئەو کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ لوبنان وەک هاوڕێیەک سەردانم دەکات و هیچ پەیوەندییەکی تر پێکمانەوە نابەسایێتەوە کاتێک ئەو لە واشنتۆن یان لە نیویۆرک دەبێت، ئەو پلەبەندی خۆی هەیەو ڕێزی لێدەگرێت سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی بە سەرۆک لەحود و وەزارەتی دەرەوە و لە چوارچێوەی ئەو بنەمایانەدا کاردەکات.

*** کەی ئاگادارکران کە چەند دەوڵەتێکی گەورە ئامادەکاری دەکەن بۆ دەرچواندنی بڕیارێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆخی لوبنان؟**

- سەرەتای هاوین چەند دەنگۆیەک بڵاوبۆوە. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە گلەییەوە قسەیان دەکرد، چەند کەش و بارودۆخێکی دیاریکراو سەریهەڵدا لە دوای هەڵنانی چەند هەنگاوێک لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە. دواتر جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ڕۆژنامەی (ڤیگارۆ) بابەتی باسکردنی ئەو دۆسیەیەی لەگەڵ جاک شیراک سەرۆکی فەڕەنسا لە مانگی حوزەیران ئاشکرا کرد، ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەو بابەتە دەکردو هەندێکجار وەزارەتی دەرەوەو سەرۆکایەتی کۆمار ڕاپۆرتەکانیان لە باڵیۆزەکانی لوبنان لە دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان وەردەگرت، ئێمەش ئاگاداری هێڵە گشتییەکانی ئەو ئاراستەیە بووین،

واتە پێداگریکردن لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان و بڵاوەپێکردنی سوپای لوبنان لە باشور.

*** لە دوای دەرچوونی بڕیارەکە سەرۆک حەریری بەوە تۆمەتبار کرا، کە کاریکردووە بۆ دەرچواندنی یان کارئاسانی بۆ کردووە، هەندێک پێیانوایە ئەو تۆمەتانە بوون کە کاری تیرۆرکردنیان ئاسانتر کردووە؟**

- مەبەستی ئەم قسانە ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی، کە نەیارانی دژ بە بڕیاری 1559 "حەریری"یان کوشتووە.

*** من ئەوەم دیاری نەکردووە، بەڵام ئەم قسانە بە ئاشکرا وتراوە؟**

- لوبنان گۆڕەپانێکی کراوەیە بۆ گۆڕینەوەی تۆمەتەکان لە نێوان دەسەڵات و نەیارەکانی، بەڵکو لەناو هەر تاقم و گروپێکیشدا. تۆمەتبارکردنی بێسنور، کە بە تەنها دەربارەی بڕیاری 1559 نییە. لە چەند وێستگەیەکی ڕابردوودا لوبنان چەند مشتومڕێکی سیاسی توندی بەخۆیەوە بینیوە، کە پەیوەندی بە موقاوەمەت و ئیسرائیل و چەند پرسێکی ترەوە هەیە. ئەگەر بیرەوەرییەکان بگەڕێنیتەوە بۆ سەرەتای مێژووی دەسەڵات بەڕێوەبردن لە دوای ڕێکەوتنی تائیف، ئەوا شتی سەیرو سەمەرە دەبینی. ئەگەر هەموو تۆمەتبارکردنێک پاساو بێت بۆ کاری تیرۆرکردن، ئەوا پێویست بوو هیچ کەسێک لە چینی سیاسی بە زیندوێتی

نەمایا. بە دڵنیاییەوە مشتومڕ دەربارەی بڕیاری 1559 زۆر توندترە، چونکە هاوکات بوو لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک لەحود. بە داخەوە ئەوەی پێشبینیمان کرد ڕاست دەرچوو، ئەوەیە کە بڕیاری 1559 دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کەشێکی نائارام و یارمەتیدەر بۆ تێکدانی باری ئاسایشی لوبنان.

*** لە دوای دەرچوونی بڕیارەکە ئایا ئێوە قسەتان لەگەڵ لایەنێکی بیانیدا کرد سەبارەت بە گرنگیدان بە پاراستنی حەریری؟**

– ئەمە ڕووینەدا، بە گشتی بیانییەکان بۆلاوان نایەن تاکو سەرنجمان بۆ بوونی هەڕەشەکان لەسەر ژیانی لێپرسراوانی ئێمە ڕابکێشن. هەندێکجار هەبوونی چەند هەڕەشەیەک دەوروژێنن کە پەیوەندیدارە بە باڵیۆزخانەکان و هاوڵاتیانی خۆیانەوە.

*** ئایا مەترسی لەسەر ژیانی حەریری بوونی نەبوو؟**

– مەترسی لە هەموو وڵاتەکەمان هەبوو، تا ئێستاش هەر بوونی هەیە، بارودۆخی وڵات بارگاوی بوو بە هەردوو بابەتی بڕیاری 1559 و درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی. جگە لەوەش پێشتر ئاڵۆزییەک هەبوو دەربارەی چەند بابەتێکی دیکە. بە دڵنیاییەوە لە کاتی دۆخێکی ئاڵۆزدا وریایی و ئاگایی لەلای هەموان

زیاتر دەبێت و هەر لێپرسراوێک بەپێی پێگەکەی خۆی دەستدەکات بە گرتنەبەری ڕێکارو ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی، هەندێکیان دەستەی پارێزگاری فەرمیان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ دانراوە، هەندێکی تریشیان پشت دەبەستن بە دەزگای پاراستنی تایبەت بە خۆیان، هەندێکی تری سێیەم لەو لێپرسراوانە پشت بە تێکەڵەیەک لە ئاسایشی فەرمی و ئاسایشی تایبەت دەبەستن، واتە هەر لێپرسراوێک شێوازی خۆی هەیە لە پاراستنی ژیانی. سەرۆک حەریری وەک زۆربەی لێپرسراوان دەزگای ئاسایش و پاراستنی تایبەتی خۆی هەبوو، کە سەرپەرشتی جموجووڵەکانیان دەکرد لە دەرەوەی بازنەی دەزگاکانی ئاسایشی فەرمی، کە لەگەڵیدا ڕانەسپێردرابوو بەوەی پێی دەوترێت (پارێزگاریکردنی شانبەشان).

*** کەواتە دەزگای ئاسایشی تایبەت بە حەریری بەرپرسیار بووە لە پارێزگاریکردنی شانبەشان دوور لە دەزگا فەرمییەکان؟**

- بەڵێ ئەو دەزگایەکی تایبەتی تەواو سەربەخۆی لە دەوڵەت هەبوو، بە جۆرێک کە دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت ئاگایان لە کاتەکانی هاتن و دەرچوون و جموجووڵەکانی نەبوو.

*** بەڵام ئەو هێزێکی لەناو دەزگای ئاسایشی ناوخۆ هەبوو؟**

- ئاساییە ئەو هێزێکی لەناو ئاسایشی ناوخۆدا هەبێت، ئەگەر سەرۆک حکومەت بووە یان کاتێک سەرۆکی پێشووتری حکومەت بوو، لە کاتێکدا ژمارەی هێزەکە بە گوێرەی هەر حاڵەتێک زیادو کەمی دەکرد. بە گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ کاری پاسەوانی جێگیرو کردنەوەی ڕێگەوبانەکان بەکاردەهێنرێن، بەڵام سەبارەت بە پاسەوانی شانبەشان، هەموو دەزگاکان کەسانی ڕاهێنراوو مەشقپێکراوییان هەیە، هەروەها زۆربەی هێزە ئەمنییە تایبەتەکان بە گشتی لەسەر پارێزگاریی شانبەشان ڕاهێنراون.

*** دەستەی پارێزگاریی شانبەشانی حەریری لوبنانیە یان بیانییە؟**

- ئێمە لێپرسراوێکی لوبنانی-مان نەبینی دەستەی پارێزگاریی شانبەشانی هەبێت، بەڵام پێدەچێت ڕاهێنەرەکان بیانی بن وەک لە هەندێک لەو دەزگا فەرمییانەدا هەیە، کە ئەندامەکانی ڕەوانەی دەرەوە دەکات، هەندێک جاریش ڕاهێنەرە بیانییەکان خۆیان دێن بۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانی لە لوبنان. پێموایە دەستەی پارێزگاریی شانبەشان لەلای سەرۆک حەریری جیاواز نییە لەوەی لەلای هەمووان کاری پێدەکرێت.

*** ئایا دەزگا ئەمنییەکان زانیارییان هەبوو دەربارەی هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیر مەروان حەمادە؟**

– ئەو هەوڵە لە ناوجەرگەی حکومەتی سەرۆک حەریری ڕوویـدا. ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک تۆمەتی سیاسی لە دژی لایەنێکی دیاریکراو دەستپێکرد. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوخۆو ئەرکی لێکۆڵینەوەی لەو هەوڵدانە گرتە ئەستۆ، پاشان بە بڕیارێکی دادوەری دۆسیەی لێکۆڵینەوە گوازرایەوە بۆ هەوڵگری سوپا. ئاسایشی گشتی و ئاسایشی دەوڵەت نۆبەکارییەکی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانیان پێگەیشت بەو واتایەی کە ئەگەر زانیارییان سەبارەت بە ڕووداوەکە وەرگرت دەیدەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئێمە هیچ نۆبەکارییەکی لێکۆڵینەوەمان وەرنەگرت، بەم پێیەش هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە هەوڵی تیرۆرکردنەکە لە نێوان دەزگای ئاسایشی ناوخۆو هەواڵگری سوپاو دەسەڵاتی دادوەریدا مایەوە. بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵی تیرۆرکردنە ئاماژەیەکی مەترسیدار بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و لە کەشێکدا بوو، کە بارگاوی بوو بەو لۆدە زۆرەی کە بڕیاری 1559 لەسەر بارودۆخی لوبنان دروستی کردووە.

*** چیرۆکی ئەو کاسێتە چیە کە پەیوەندیدارە بە هەوڵی تیرۆرکردنی مەروان حەمادەة کە دەوترێت دەزگای هەواڵگری سوپا دەستی بەسەردا گرتووە و بردوویەتی؟**

- وشەی "دەستبەسەرداگرتن" دەستەواژەیەکی گەورەیە. ئەم خاڵە لەلایەن هەردوو وەزیر وەلید جونبولات و مەروان حەمادە و چەند لایەنێکی تری ئۆپۆزسیۆنەوە وروژێنراو کاردانەوەی لە بەرامبەردا لێکەوتەوە. جارێکی تر دەیڵێمەوە کە متمانە لە نێوان تۆمەتبارو تۆمەتبارکراودا بوونی نییەو هەموو شتێک قابیلی قەبەکردنە. من وەک هەر کەسێکی تر گوێم لەو تۆمەتبارکردن و کاردانەوەانە بووە، لەو بڕوایەدام کە دەسەڵاتی دادوەری وەڵامێکی ڕوونی دەربارەی بوونی ئەو کاسێتە نەبوو. قوڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوە دەکرێت مشتومڕ یەکلایی بکاتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی دەیزانم دەتوانم بڵێم، کە کارێکی زۆر قورس و زۆر مەترسیدارە هەر هێزو لایەنێک یاری بە چیرۆکی ئەو کاسێتەوە کردبێت.

*** ئایا فیتر جیراڵد سەبارەت بەو بابەتە پرسیاری لێکردویت؟**

- بە شێوەیەکی لاوەکی و لە ڕوانگەی ڕوونکردنەوە پرسیاری کرد دەربارەی ڕووداوەکە نەک دەربارەی بابەتی کاسێتەکە، چونکە ئەو دەزانێت ئێمە لنین لایەنە پەیوەندیدارەکان بە لێکۆڵینەوە.

*** تۆ شارەزاییەکی دوورو درێژت لە بواری ئاسایش هەیە، ئایا پێتوایە لەناو خودی خۆتدا، کە سەرۆک حەریری بەهۆی کارێکی خۆکوژییەوە شەهید بووە؟**

– له كاری ئاسایشدا من بەم شێوەیە لێكدانەوە ناكەم، بەڵكو وەک تەكنیكی لێكۆڵینەوە ئەگەرەكان دادەنێم بۆ ئەوەی بگەمە بەرئەنجامەكان. من قسە لەسەر ئەگەرەكان ناكەم، بەڵكو لە بارەی دەرئەنجامەكانەوە قسە دەكەم. لە جیهانی ئاسایشدا كات بەسەربردن بە ئەگەرەكانەوە قەدەغەیە. پێویستە شاهیدو بەڵگەو ڕاستییەكان بدەینە دەستەوە. ئەو شتانەی لە ڕووی شیكردنەوەو لێكدانەوە پێكەوە پەیوەستن و بە بەڵگەو شاهید پاڵپشت نین، بەهاكەیان سفرە. كاركردن لە بواری ئاسایشدا دەچێتە لای دادوەرو كاركردنی دادوەریش دەچێتە خزمەتی دادگا. ئەركی سەر ئەستۆی لێكۆڵینەوەی سەرەتایی بەرفراوانە، ئەوەش قەبارەی ئەگەرەكان و گومانەكان فراوانتر دەكات. ئەو كەلێنانەی لە قۆناغی لێكۆڵینەوەی سەرەتاییدا دەردەكەوێت لە دژی تۆمەتبار دەشكێتەوەو ئەگەر لە دادگا بمێنێت ئەوا خزمەت بە بەرژەوەندی دادگا دەكات. تۆمەتبار لە گومانەكان لەسەر دادگا وەردەگرێت و لە بوونی گومان لەسەر لێكۆڵینەوە زیانی بەردەكەوێت. تۆ كەسانێكی گومانلێكراو ڕاپێچی دادگا دەكەیت نەک تۆمەتبار، كەواتە كێ چۆنێتی تەقینەوەكەی ڕووداوی تیرۆركردنی سەرۆک حەریری یەكییی دەكاتەوە؟ وەڵامەكە ئەمەیە: شارەزایان لەگەڵ لێكۆڵینەوەو هیچ كەسێكی تر نا، تەنانەت ئەوانەش كە شارەزاییان لە بواری ئاسایشدا هەیە.

*** وا تێدەگەم کە تۆ ناتەوێت وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە؟**

– تۆ وەڵامێکی بەرپرسیارانەت دەوێت یان شیکردنەوەیەکی میدیایی؟ گریمانەی خۆکوژیی یان بەدەر لە حۆکوژیی پێویستە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت. بۆ نموونە فیلم و لێکدانەوەی فیلم و لێکدانەوەی شوێنی ئەنجامدانی تاوان و سروشتی تەقینەوە و پارچە پارچەبوون هەیە، هەموو ئەمانە کاری ئەو پسپۆڕانەیە، کە لەوانەیە هەندێکجار دەرئەنجامەکانیان لە یەکتر جیاوازە. تەنانەت شارەزایانی تەقینەوە لەناو سوپاو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ناکۆک بوون لە بارەت دەستنیشانکردنی تەقینەوەکە، کەواتە چۆن تۆ وەڵامێکت بەو ئاسانیە لە من دەوێت؟

*** ئایا مادەی تەقینەوەکە لەژێر زەوی یان لەسەر زەوی دانرابوو؟**

– فیتز جیراڵد چەند شارەزایەکی لە سویسراو وڵاتانی ترەوە هێنا، وتی نزیکترین ئەگەر ئەوەیە کە تەقینەوەکە لەسەر زەوی دانراو، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی لێبڕاوانە باس نەکردو وایکردووە گومانی لەلای هەمووان هەبێت. جیاوازییەکە ئەوەیە کە هیچ کەسێک فیتز جیراڵدی بە ڕێ لێهەڵەکەر تۆمەتبار نەکرد کاتێک ئاماژەی بە تەقینەوەی ڕووکەش کرد، بەڵام ئەگەر شارەزایەکی لوبنانی ئەمەی

بکردایا ئیمڕۆ تۆمەتبارو دەستگیر دەکراو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرا. دواجار سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی دادوەر (ملیس) ڕایگەیاند، کە تەقینەوەکە لەناو ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراوی دانراو لەسەر زەوی لە شوێنی دیاریکراوی تەقینەوەکە ڕوویدا، بەو شێوەیەش کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە پێشتر هەبوو. لە لوبنان گوێم لە هیچ کەسێک نەبووە لەوانەی لەپێشدا باسی تیۆری دانانی تەقینەوە لەژێر زەوییان دەکرد، یان ئەوانەی پێشتر دازگاکانی ئاسایشیان بە سەرلێشێواندن تۆمەتبار دەکرد پێداگری بکەن، چونکە لە کاتی خۆیدا گریمانەی ئەنجامدانی تەقینەوەی ڕووکەش بڵاوبۆوە، گوێمان لە کەسێک نەبوو بوێرێت کۆمێنتی لەسەر دەرئەنجامی کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی هەبێت یان داوای لێبوردنی کردبێت لەسەر ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوانەی، کە لە کاتی خۆیدا هۆنرانەوە.

*** جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر باسی خۆکوژەکە؟**

– من دەڵێم پێویستە هەموو گریمانەکان بە کراوەیی بهێڵینەوە تاکو کەیسەکە لەلایەن لێکۆڵینەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

*** کەی بوو دواجار چاوت بە سەرۆک حەریری کەوت؟**

– مێژوویەکی دیاریکراوم بۆ دوایین دیداری نێوانمان لەبیر نایەت، بەڵام پێموایە لە ماوەی پێش دەرچوونی بوو لە دەسەڵات. هەروەها لە دوای ئەو دوایین دیدارەشمان بە تەلەفۆن لە پەیوەندیدا بووین. لە کاتە ناخۆشەکاندا هیچ هەفتەیەک نەبوو بێئەوەی لە ڕێگەی موقەدەم ویسام ئەلحەسەن "کە یەکێک لە کەسە زۆر نزیکەکانی و جێی متمانەو خۆشەویستی ئەو بوو" پەیوەندی پێوە نەکەم. هەموو وردەکارییەکانی گفتوگۆکانی پەرلەمان کە پێش پۆزش هێنانەوەی سەرۆک حەریری کەوت بە ڕازی نەبوونی لەسەر ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، ببووە بابەتی نیمچە ڕۆژانەیان لەگەڵ ویسام ئەلحەسەن، کە زۆربەی جار لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، تەلەفۆنەکەی دەدایە دەستی بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا قسە بکات. من وەڵامم دایەوە کە ئەو دەرچەیەی گرتویەتیەبەر هیچ کەسێک دڵگران ناکات، هەرچەندە سەرۆک حەریری پەرۆش بوو بۆ گەیاندنی پەیامێک بەوەی کە دەرچوونی لە دەسەڵات بۆ ڕکابەری سوریا نییە، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ نەگەیشتن لێتێگەیشتن لەگەڵ سەرۆک کۆمار. لەو کاتەدا دەیزانی، کە بەبێ نێوەندگیری سوریا ئەو لێکگەیشتنە ڕوونادات، لە کاتێکدا بڕیاری سوریا بە دەستێوەرنەدان لە دوای دروستبوونی هەڵاو تۆمەتبارکردنی سوریا لە

ناوەوەو دەرەوە هەبوو بەوەی کە بەسەر پێکهاتەکەدا زاڵبووە و دەستوەردەدات لە پێکهێنانی، بۆیە سوریا بڕیاریدا نێوەندگیری نەکات.

*** چۆن باسی پەیوەندیت بە سەرۆک حەریری دەکەیت؟**

– هەستی ئەو بەرامبەر بە من دووسەرە بوو. بەو ئاستەی حەزی دەکرد لەگەڵم دابنیشێت، هەندێک جاریش حەزی بە چارەم نەدەکرد. پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆک حەریری باشتر بوو کاتێک لە سوپاوە گوازرامەوە بۆ ئاسایشی گشتی. کاتێک لەناو سوپا بووم (3) جار چاوم پێکەوت، دوایئەوەی گوازرامەوە بۆ ئاسایشی گشتی قەبارەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی نێوانمان چڕتر بوو، زۆرێک لەو دیدارانە ساڵانە بوو، ئیتر لێرەوە پەیوەندییەکانمان زیاتر کرانەوەی بەخۆیەوە بینی سەرەڕای ئەو ناچوونیەکی و جیاوازییانەی، کە لە نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتدا سەبارەت بە پرس و کەیسە جۆراوجۆرەکان هەبوو.

سەرۆکی کۆچکردوو پێیوابوو من دەتوانم لە کاتی ئاڵۆزبوونی کێشەکاندا دەرچەکان بدۆزمەوە، زۆر جاریش هەبوو بۆ ئەو مەبەستەو لە کاتی هەبوونی دۆسیە ئاڵۆزەکانی وەک دامەزراندنە ئیدارییەکان یان بابەتی پەیوەست بە کارنامەی ئەنجومەنی وەزیران بانگی دەکردم. هەندێکجار ڕاوێژکارەکەی دادوەر (سوهێل بوجی)

و زۆرێک لە کەسە نزیکەکانی ئەو پەیوەندییەیان پێخۆش بوو هانی گەشەکردنیان دەدا لەوانەش ویسام ئەلحەسەن و هەردوو ڕۆژنامەنوس محەمەد شەقیرو فەیسەڵ سەلمان، هەندێکجاریش پێم سەیر بوو کە لە دەربڕینەکانیدا تەحەفوزی نەدەکردو دەچووە ناو تایبەتمەندێتی بیرکردنەوەکانیەوە و دەیوت: "بە سەرۆک لەحود بڵێ کە غالی دوو جار ڕایسپاردووم، جاری یەکەم کاتێک لە ترسی هاتنی بۆ سەرۆکایەتی لێی هەڵاتم و کەوتمە ئامێزی ماوەی درێژکراوەی سەرۆک هەراوی، جاری دووەمیش ئەو کاتە بوو کە لێی هەڵاتم لە دوای هاتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە ساڵی 1998 بەڵام کەوتمە ئامێزی سەرۆک بڕی" پاشان زەردەخەنەیەکی کرد.

*** ئایا لە نێوانتاندا ڕقلێبوونەوەی هاوبەرامبەر هەبوو؟**

- ڕقلێبوونەوە کاتێک دروست دەبێت، کە ڕێگە بە شتە بێزارکەرەکان بدەیت لە ناختدا کەڵەکە ببێت. من بە شەخسی کاتێک لە شتێک بێزار بم یەکسەر دەریدەبڕم. کەسی ڕکابەرم یان هاوڕێم یەکسەر دەزانێت کە من لەو بابەتەدا لەگەڵیدام یان لە دژیم. من هیچ کەڵەکەبوونێکم نییە، بەو هۆیەشەوە هیچ ڕقێکم لە کەس نییە. من لەو جۆرە کەسانە نیم، کە لە کاتی بێدەسەڵاتیدا بپاڕێمەوەو لە کاتی بەهێزیدا تۆڵە بکەمەوە. دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەت، لەبەر

ئەوەی من ڕق لە ناخمدا کۆناکەمەوە، بۆیە هیچ جۆرە ڕق و کینەیەکی شەخسیم بەرامبەر سەرۆک حەریری نەبوو، بە دڵنیاییەوە لە زۆرێک وێستگەی سیاسیداو لەو بابەتانەدا کە باوەڕم پێیان نەبوو کەسێکی هەروا ئاسان نەبووم، ئەو لە زۆرێک لەو وێستگانەدا دەیویست هەڵمبخلیسکێنێ یان زیانم بەربکەوێت. هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نەبوو، بەڵکو ناکۆکی لە نێوانماندا بەهۆی چەند پرس و بابەتێکی سیاسی و ئیدارییەوە دروست دەبوو، بە تایبەتی ئەو پرسانەی کە تێیاندا حەریری لەگەڵ سەرۆک لەحود کۆک نەبوو، بەوەش تۆمەتباری دەکردم کە من هەمیشە پشتگیری لە سەرۆک دەکەم. جارێک لە جاران هەستم نەکرد سەرۆک حەریری بە شێوەیەکی شەخسی ڕقی لێم دەبێتەوە، ئەوانەش کەوا دەڵێن موزایەدە دەکەن. سەرۆک حەریری کەسێکی هێندە بەهێز بوو تا ئەو ئاستەی کەس ڕقی لێی نەبێت، بەڵام لە کاتی پێویستدا هەڵوێستی نێگەتیڤانەی هەبوو.

ئێستاو لە دوای شەهیدبوونی حەریری، هەمان ئەو تاقمە لە نزیکی شێخ سەعد حەریری هەمان ڕۆڵ دەبینن. ئەو بازنەیە دەیانەوێت سەعد حەریری ببێتە کەسێکی ڕقاوی و تۆڵەسێن لە بەرامبەر هەموو لە بەرامبەر باوکیدا وەستاونەتەوە یان بێزارییان کردووە. من بە شێخ سەعد دەڵێم: هەر کەسێک باوکتی بێزار کردووە ئەوە دوژمنت

نییە. ئەوە سیاسەت بوو، سەرۆک حەریریش وەک هەموو سیاسیەکی تر هەندێکجار بێزار دەکراو هەندێک جاریش بێزارکەر بوو. هیوادارم شێخ سەعد لە ئاستی ئەم بابەتەدا وشیار بێت.

*** ئایا ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەریەک کەوتوون؟**

– مەبەستت بۆ نموونە بەریەککەوتنە بە قسە؟ نەخێر هەرگیز، چونکە ئەمە نەنگیە. لە بنەڕەتدا من لەو جۆرە کەسانە نیم کە قسەکانی فڕێ دەدات، پاشان ئەو سەرۆک وەزیران بوو منیش بەڕێوەبەری گشتی. هەروەک ووتم سەبارەت بە چەند بابەتێکی جیاواز ناکۆکی دروست دەبێت، بەڵام هەموو ئەمانە بە بانگهێشت کردنم بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیدا کۆتایی پێدەهات. ئەو جارێک لە جاران دەنگی بەڕوومدا بەرز نەکردۆتەوە، هەرگیز لە بەرامبەری لە سنوری ڕێزو ئەدەب دەرنەچووم.

*** ئایا تۆ یەکێکی لە ئەندازیارانی پرۆژەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک لەحود؟**

– من لەناو سوپا سەرۆک (لەحود)م ناسی، بینیم کە نیەتی پاکە بەرامبەر بابەتی سەپاندنی یاساو بونیادنانی دامودەزگاکان. ئەو لەناو دامەزراوەی سەربازیدا خاوەن بڕیار بوو، لە کاتێکدا ئەو لە ئەرکانی سوپاوە ڕاوێژی پێدەکرا کە ئێمە وەک هەواڵگری ناوەندێکی بنەڕەتی بڕیارەکانی

بووین. عیماد لەحود وەک بڕیاردەری یەکەمی ناو سوپا لە بونیادنانی ئەو دامەزراوەیەدا سەرکەوتوو بوو، ئەمەش وایکرد شایستە بێت بۆ وەگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی. خەڵکی پێیانوابوو لەحود فریادەڕەسی دەربازبوونی لوبنانە لەو بارودۆخە سیاسی و ئابورییە خراپەی، کە لە ساڵی 1990 تا 1998 وڵاتی گرتەوە. من یەکێک بووم لەو کەسانەی زۆر پێخۆشحاڵ بووم بە بوونی لەحود بە سەرۆک کۆمار، بەهۆی بڕوابوونم بە ئامانج و نیازەکانی لە ڕووی بونیادنانی دەوڵەتەوە. لوبنان وڵاتێکە لە هیچ شتێکی کەم نییە، بەڵکو خەزێنەیەکی هەیە ناوی سروشتە، گەنجینەیەکی تریشی هەیە ئەویش گەلی لوبنان و زانست و کولتورو باڵایی و کرانەوەکەیەتی. ئەوەی هەمیشە لوبنان نیەتی هەبوونی دەوڵەتە، دەوڵەتێک بە هەموو مانای وشە، سیستمێکی سیاسی نەک سیستمی سیاسییەکان. کاتێک ئەمیل لەحود پۆسی سەرۆکایەتی وەرگرت، وەکو ئەوانەی پێشخۆی بینی کە دەستوری لوبنان لانیکەم وایکردووە دەوڵەت سێ سەرۆکی هەبێت. لەناو سوپا یەک سەرۆک بوونی هەیەو بڕیار دەدات و فەرمانەکان دەردەکات و گوێڕایەڵی دەکرێت، بەڵام لە دەوڵەتدا چەندین سەرۆک بوونی هەیە. هەرچەندێک نیازەکان پاک بێت، بەڵام لە سایەی ئەم دەستورەدا، نە سەرۆک لەحود نە ئەوانیتر دەتوانن بانگەشە

بکەن کە دەتوانن بەبێ واژۆکردنی کەسانیتر بڕیارێک دەربکەن. ئایا بۆچی دەستور یەک سەرگەورە بۆ دەوڵەت دیاری ناکات؟ دەگەڕێمەوەو دەڵێم سیستمەکە تائیفی و دابەشکردنی دەسەڵات تائیفیە. بوونی یەک سەرۆک مانای ئەوەیە ئەو سەر بە یەک پێکهاتەو تائیفەیە، ئایا کێ قبوڵ دەکات سەر بەم تائیفەیە یان ئەوەیتر بێت؟

لەو دۆخەدا گرفتێک سەریهەڵدا، کە ڕێگەی نەدا سەرۆک لەحود وتاری سوێندخواردن ئەنجامبدات ئەوەش بەهۆی دەقەکانەوە بوو، ئەگەر ئەو هەڵانەی لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە ڕوویانداوە بخرێتە سەر ئەم گرت و کەموکورتیە، بە تایبەتی لە بواری پراکتیزەکردنی ناکۆک لەگەڵ روحی وتاری سوێندخواردن لەلایەن هەندێک بەرپرسەوە، پاشان ئەگەر بێتو ئەمە زیاد بکرێت بۆ ئەو ناوچوونیەکی و ڕێگرییانەی لە نێوان خودی دەسەڵاتدارانەوە هەیە، کە هەر یەکێکیان دەتوانێت بڕیاری ئەویتر پەکبخات بەهۆی کاریگەری هاوبەشی تائیفیەوە، لەو کاتەدا سەرۆک لەحود زانی بۆچی گوتاری سوێندخواردنی پێشکەش نەکردو بۆچی ئەو شکستە ڕوویدا. نیازەکانی سەرۆک لەحود بۆ دروستکردنی دەوڵەتی یاساو دامەزراوەکان نەگەڕا، تەنانەت ئەگەرچی نەیتوانی دروستی بکات تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەم واقیعە ڕێگە لەوە ناگرێت، کە سەردەمی

سەرۆک لەحود دەستکەوتی خۆی هەبوو لە پرسەکانی وەک ئازادکردنی باشورو پارێزگاریکریدن لە موقاوەمەت، کە چەند دۆسیەیەک بوون سەرپەرشتیکردنیان تەنها لە دەستی سەرۆک لەحود بوو، بەو مانایەی کە بڕیارەکانی سەبارەت بەو دۆسییانە بەسەر بەرپرسانی تردا زاڵبوو.

کاتێک بابەتی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی خرایەڕوو، هیچ هەڵمەتێک لە ئارادا نەبوو. درێژکردنەوەی ماوەکە بۆ سەرۆک لەحود حاڵەتێک بوو. ئەو بارودۆخەی کە پشتیوانی لە پرسی درێژکردنەوە دەکرد لەگەڵ بەرەی دیدگای نەیاری دژ بە درێژکردنەوە تاکو ساتی کۆتایی لەیەکتری نزیک بوون. بەم پێیە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی پێویستی بە بڵاوەپێکردنی سوپا یان هەڵمەت نەبوو، بە تایبەتی ئەو شکستانەی ناوخۆ، کە ئۆپۆزسیۆن فۆکسی لەسەر دانابوو ڕێگەیان بە ئەنجامدانی هەڵمەتی لەو جۆرە لایەنگری درێژکردنەوە نەدەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو هەڵمەتەکە فۆکسی لە دژی درێژکردنەوەکە دانابوو.

*** ئایا لە ساڵی 2004دا بڕیارێک بۆ درێژکردنەوە هەبوو لەلایەن سەرۆک بەشار ئەسەد؟**

– هەندێک لەو کەسانەی ڕۆڵییان لە درێژکردنەوەدا هەبوو ئەوانە بوون کە لە دژی بوون. سەرۆک بەشار ئەسەد لە چەند بۆنەیەکدا لە کاتی سەردانیکردنی کوێت و لە چاوپێکەوتنی

لەگەڵ (الحیاه)دا دووپاتی کردەوە، کە هەموو پاڵێوراوەکان دۆستی سوریان و لە لوبنان هەموو بژاردەکان کراوەیە. بەڵام ئایا کێ بوو ئاوها بەرتەسکی کردەوە؟ دروشمی هەڵمەتی بەرەی ئۆپۆزسیۆن ئەمە بوو: هەموو شتێک جگە لە لەحود. ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن پرسی درێژکردنەوەیان لە نێوان (الکباش) لەگەڵ لەحود، (الکباش) لەگەڵ سوریا بزر کرد. سوریا پێیوتن کە هەموو بژاردەکان کراوەیە، بەڵام ناونیشانی دژە مانۆڕەکە تەنها بریتیبوو لە تێکشکاندنی سەرۆک لەحود. سوریا وەفایەکی هەیە، کە بۆتە ناونیشانێک بۆ بنەماڵی ئەسەد، بۆیە وەفاکەی بۆ سەرۆک لەحود پەیوەستە بە ناونیشان و دروشمە نیشتمانیە گشتییەکانەوە، بەڵام پرسە ناوخۆییەکانی دەوڵەت بە دروشمێکی لوبنانی دەدرێتە قەڵەم، کە هەموو خەڵک هەڵەی خۆیان تێدا کردووە. درێژکردنەوە دەرئەنجامی بڕیاری ڕەهای سوریا نییە، بەو ئاستەی کە بەرهەمی هەوڵەکانی بەرەی دژ بە سوریایە، کە ڕووی (الکباش)ی کردە سوریا. سەرۆک ئەسەد لە هەموو لێدوانەکانیدا لەپێش درێژکردنەوە هەوڵیدەدا پەیامێک بە هەمووان بگەیەنێت بەوەی سوریا بە یەک ئاست لە هەمووان دوورە، بەڵام ئایا کێ وتویەتی ئەمجۆرە پەیامە هەندێکجار سەرۆک (لەحود)ی بێزار نەکردووە؟ کێ وتویەتی ئەمجۆرە پەیامە نەیارەکانی سەرۆک (لەحود)

ی کەیفخۆش نـەکـردووە. مـن دەڵـێـم هەڵمەتی دژ بە درێژکردنەوە بە شێوەیەک بەڕێوە براوە، کە ڕۆڵی هەبوو لە بەرجەستەکردنی کەشێکی گونجاو بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، بە جۆرێک ئەو تەنها دوو بژاردەی لەبەردەمی سوریا هێشتەوە: یان دەستبەرداربوون لە هاوپەیمانێکی سەرەکی یان پشتیوانیکردنی، بە تایبەتی کە سوریا وەک ئەوانیتر دەیزانی کە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لە ئامادەکاریدا بوون بۆ ئەوەی فشاری لەسەر دابنێن و بڕیاری ژمـارە (1559) لە پشت پـەردەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2004 ئامادەکرابوو، بەپێی ئەو زانیارییانەی سەرۆک بوش لە کاتی سەردانی ب ئەوروپا بۆ ڕۆژنامەی (لۆفیگارۆ)ی فەڕەنسی ئاشکرا کرد.

*** پێتوایە ئـەو شـێـوازەی کە سـەرۆ حەریری شەڕی درێژکردنەوەی پێ بەڕێوەبرد سەرکەوتوو بوو؟**

– سەرۆک حەریری بە تەنها شەڕەکەی بەڕێوە نەبردو هەر خۆی "مایسترۆ"ی شەڕەکە نەبوو، بەڵکو هەڵمەتی دژ بە درێژکردنەوە چەندین هاوپەیمان و نەیاری سوریای گرتبوەخۆ، هەروەها چەند نەیارێکی کلاسیکی سەرۆک لەحودی تیادا بوو، سەرەڕای چەند هاوڕێیەکی دێرینی، لە نێوانیاندا کەسانێک هەبوون، کە بۆ گەیشتنی بە سەرۆکایەتی پشتیوانیان کرد. سەرۆک حەریری نەیاری سەرۆکایەتی

لەحود بوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو بە شێوەیەکی ڕیشەیی دوو قوتابخانەی جیاواز هەبوو. هەروەها وەزیر (وەلید جونبولات)یش هەر بە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لە دژی بوو. لە دوای تێپەڕینی 6 ساڵ هەڵوێستەکان هاوکات لەگەڵ گۆڕانی پێگەو دەستکەوت و بەرژەوەندییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. ناتوانین بڵێین کە سەرۆک حەریری بە تەنها خۆی ڕابەرایەتی بەرەی دژ بە درێژکردنەوەی کردووە. هەروەها ئۆپۆزسیۆنی مەسیحی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی ڕەتکردەوە.

*** ئایا تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەرۆک حەریری و دیمەشق نیگەرانی کردیت؟**

- پەیوەندی سەرۆک حەریری بە دیمەشق وەک پەیوەندی هەر لێپرسراوێکی تری لوبنانی وابوو، قابیلی هەڵکشان و داکشان بوو بەپێی گۆڕانکارییەکان و پێشهات و دۆسییەکان. لە سیاسەتدا، ڕۆژانە دیدو بۆچوونەکان بەیەکدەکەون. ئەگەر بمانەوێت ڕۆژانی بێگەردی و خۆشەویستی نێوان سەرۆک حەریری و دیمەشق و ڕۆژانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان حیساب بکەین لە دوای بەشداریکردنی لە دەسەڵات لە ساڵی 1992، دەبینین کە پەیوەندییەکان زیاتر باش و دۆستانە بووە. سوریا چەندینجار لە چەند دۆسیەیەکی ناوخۆیی و کێشەی

وەزارەتـەکـان و دامەزراندنەکاندا پشتیوانی لە سەرۆک حەریری کردووە، چونکە پێیوابووە ئەوە مافی لەحود نییە. تەنانەت لە ترۆپکی تێکچوونی پەیوەندییەکاندا، حەریری لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ ناوەندو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سوریا، بەڵام ئەگەر بڕیاری دابڕاندنی کۆتایی لە هەمبەر حەریری هەبوایا بەو شێوەیە لەگەڵیدا کراوە نەدەبوو.

بەم پێیەش تەنانەت کاتێک پەیوەندی نێوان حەریری و دیمەشق وشـک و ئاڵۆز، بـەڵام هیچ دابڕانێک بوونی نەبوو. بۆ نموونە لە پەیوەندی نێوان ئەبو جەمال "جێگری عەبدولحەلیم خەدام" و سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای سوریا "عیماد حیکمەت ئەلشەهابی". کاتێک دەوترێت ناکۆکیەک لە نێوان سەرۆک حەریری و لایەنێک لە دیمەشق هەبوو، ئەم دەرگـایـەی نێوان (خـەدام و ئەلشەهابی) بە کراوەیی دەهێڵرایەوە، چونکە دابڕان هیچ ئامانجێک نەبوو. چەند بابەتێک دەوروژێـنـران، کە دەبوونە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوانیان، ئەم کێشانەش لەگەڵ هەمووواندا بەبێ جیاوازی ڕوویداوە. وەکچۆن ڕۆژانە ناکۆکی و کێشە لە نێوان خـودی لوبنانییەکاندا ڕوودەدات، هەمان شت لە نێوان لوبنانییەکان و سورییەکان ڕوودەدات بەهۆی تێکەڵبوونی چەندین دۆسیەو ڕووداوەوە.

*** ڕات چیە سەبارەت بەوەی فیتز جیراڵد لە ڕاپۆرتەکەیدا وتویەتی دەربارەی دیداری نێوان سەرۆک حەریری و سەرۆک ئەسەد؟**

- ئەم قسەیە لە باس و خواسەکانی لوبنانییەکاندا بە ئاشکرا دەرکەوتووە لە دوای تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری. بە شەخسی نە سەرۆک حەریری و لەپێش شەهیدبوونی، نە موقەدەم ویسام ئەلحەسەن منیان ئاگادار نەکردووە، کە گفتوگۆیەکی وەها توند لە نێوان ئەواندا ڕوویدابێت. لەو ماوەیەدا، سەرۆک حەریری (ویسام ئەلحەسەن)ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی دەربارەی هەموو گرفت و کۆسپەکانی کە لەگەڵ (عەنجەر) و لەگەڵ سەرۆک لەحود و هەر کەسێکی تردا بۆی دروست بووە. ئەوەی ڕاستەوخۆ لە سەرۆک حەریری و ویسام ئەلحەسەن فێری بووم، ئەوەیە کە لەوپەڕی کاتە ناخۆشەکاندا بە پەرۆش بووە بۆ هێشتنەوەی پردی پەیوەندییەکان بە کراوەیی لەگەڵ سوریا. تەنانەت لە لوتکەی خراپی و وشکی پەیوەندییەکاندا، سەرۆک حەریری هەرگیز دەستپێشخەری بۆ دابڕاندن نەکردووە، بەڵکو هەوڵیدەدا دەرگایەک بکاتەوە لە پێناو باشترکردنی پەیوەندییەکان، بە بەرامبەریشدا هەمیشە دەرگاکانی سوریا لەبەردەم حەریری-دا کراوە بوو. من لە ڕاپۆرتەکەی فیتز جیراڵد درۆو دەلەسەی زۆرم خوێندەوە.

*** ئەی سەبارەت بە چیرۆکی بەرکەوتنی لەگەڵ ڕۆستەم غەزالی چی دەڵێیت؟**

- ئەم چیرۆکەش لە دوای تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری بڵاوبۆوە و بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هیچ لایەنێکەوە پشتڕاست نەکرایەوە. غەزالی لە کۆشکی قریتم بە ئامادەبوونی مامۆستا شارل ئەیوب، سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الدیار) لەگەڵ حەریری نانی نیوەڕۆیان خوارد.

*** ئەم دیدارە لەپێش درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بوو یان لە دوای؟**

- لە دوای درێژکردنەوە بە دڵنیاییەوە، چەند شایەتحاڵێک هەبوون، پەیوەندییەکانی نێوان حەریری و سوریا هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە دڵنیایی بەردەوامی پەیوەندی سەرۆک حەریری لەگەڵ دیمەشق و عەنجەر بەردەوام بوو، ئەم بەردەوامیەش ئاشکراو ڕاگەیەنراو بوو، میدیاش لە چەند بۆنەیەکدا باسی کردووە.

*** ئایا هەوڵت داوە پەیوەندییەکانی سەرۆک وەزیرانی کۆچکردوو لەگەڵ سوریا باشتر بکەیت، یان وەک تۆمەتبار دەکرێیت ڕۆڵت لە ئاڵۆزکردنیدا هەبووە؟**

- قەبارەی پەیوەندی لە نێوان سەرۆک حەریری و جومگەکانی سوریا گەورەیەو بەو ئاسانیە لێڵ و ئاڵۆز نابێت. بەڵام چەند دۆسیەیەک هەبوو پەیوەندییان بە

دامەزراندنەکان و هەندێکیشیان پەیوەندییان لە بارودۆخی ناوخۆوە هەبوو، بۆیە چەند ناکۆکی و جیاوازییەکی تی<ا بوو، کە بووە هۆی دروستبوونی هەستیاری. بەڵام ئەو بابەت و کاروبارانەی کە بۆی هەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا فاکتەری ستراتیژییە، کە لە بنەڕەتدا بوونی نەبوو. سوریا ئاگاداری ڕووداوەکانە و دەزانێت کە بە شێوەیەکی گشتی لوبنانییەکان، بەڵکو هەندێکیان حەزییان لە شێواندنی لاپەڕەکانی هەندێکی تره، نەک بە تەنها لبەرچاوی دیمەشق، بەڵکو تەنانەت لەلای باڵیۆزخانە بیانییەکانیش لوبنانییەکان بە هەموو ئینتیما جیاوازەکانیانەوە ئەم مەبەستەیان تێدایە. بەڵام ئایا ئەمە دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزکردنی پەیوەندی دەوڵەتان لەگەڵ کەسەکاندا؟ لەوانەیە سەرۆک حەریری لە بابەتێکی دیاریکراودا بێزارت بکات یان لەوانەیە لێت ڕازی نەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییەکان بەهۆی ئەم خاڵەوە لێڵ و ئاڵۆز دەبێت. سەرۆک حەریری وەک نەبیھ بڕی و ئەلهراوی، هەروەها سەرۆک لەحودو ئەوانیتریش، کاتێک کە ناکۆکیە ناوخۆییەکان سەبارەت بە هەندێک بابەت و دۆسییەکان ئاڵۆز دەبوو، هەر یەکێکیان پەنایان بۆ سورییەکان دەبرد و هەوڵیاندەدا دیدو بۆچوونەکانیان زاڵ بکەن بۆ ئەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیدا بشکێتەوە.

ئەمە شتێکی ئاسایی بوو نەک بۆ شێواندن. ئەوەی سەید حەسەن نەسروڵڵا باسی لیوە کرد، کە ڕاستگۆییەکی تەواوی تیایە دەربارەی هەڵوێستەکانی حەریری لە هەمبەر پرسە گەورەکانی وەک پاراستنی موقاوەمەت و ئەوەی لەسەر زاری سەرۆکی کۆچکردوو وەریگرتووە لە میانی دانیشتنەکانیان، بووەتە هۆی دروستبوونی بڕوایەک، کە هەر شێواندنێک لە دژی سەرۆک حەریری لە سوریادا کاریگەری نابێت. ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی نێوان حەریری و نەسروڵڵا لە دووری چاوی ڕاگەیاندن بوو، بەڵام ئەوانەی پێوەی پەیوەست بوون ئاگاداری بوون.

*** ئایا بەو شێوەیە مامەڵەتان لەگەڵ حەریری دەکرد، کە یەکێکە لە پاڵنەران بۆ دەرکردنی بڕیاری ژمارە 1559؟**

– هەڵوێستە سیاسیە ڕاگەیەنراوەکان لە کاتی خۆیدا چەند هەڵوێستێکی تۆمەتبارکردنیان لەلایەن سیاسییەکانەوە لە دژی سەرۆک حەریری و خەڵکانی تریش گرتەخۆ، هەروەک لە هەندێک هەڵوێستی تردا بەرگریشیان لێدەکرد. من دەڵێم کەشی سیاسی هاوتەرا لەگەڵ بڕیاری 1559 ڕێگەپێدەر بوو بۆ ئەو تۆمەتبارکردنە هاوبەرامبەرانە لەلایەن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بەبێ هیچ جیاوازییەک. لە ئۆپۆزسیۆندا، کەسانێک هەبوون پشتیوانی بڕیاری 1559یان دەکرد، لە کاتێکدا دەسەڵات دژایەتی خۆی بۆ ئەو بڕیارە نیشاندەدا. بەڵام

سەرۆک حەریری بە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دوورنەکەوتنەوەی بەشێکی ئۆپۆزسیۆن لە بڕیاری 1559 مامەڵەی لەگەڵ کێشەکەدا کرد، ئەمەش لە یەکێک لە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەلبریستۆل ڕوویدا کاتێک نوێنەری سەرۆک حەریری کشایەوە، ئەوەش لە کاتی خۆیدا ئەوەی دەرخست، کە ئەو هەڵەشە نەبوو لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە 1559. شتێکی ئاساییە ئەگەر کەسێک وەک سەرۆک حەریری هەندێک لە ناوەرۆکی بڕیاری 1559ی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و ڕێزگرتن لە دەستور بەلاوە باشبێت، بەڵام ئەو دەیزانی چۆنچۆنی جیاوازی لە نێوان پێکهاتەی ناوخۆیی بڕیارەکەو نێوان ئەوەی پەیوەستە بە ئۆپۆزسیۆنەوە دەکات، کە ئەمەش سەید حەسەن نەسروڵڵای لەو بارەیەوە دڵنیا کردەوە. سەرۆک حەریری تواناو پەیوەندی نێودەوڵەتی هەبوو بۆ ئەوەی لە قەبارەی دەرهاویشتەکانی بڕیاری 1559 کەمبکاتەوە، بە تایبەتی لە هەردوو ڕووکاری هەرێمی و دەرەکی، بەڵام نەیدەویست بڕیاری 1559 ببێتە پرۆژەی فیتنەو دووبەرەکی یان هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە لوبنان.

*** ئایا بە تیرۆرکردنی حەریری پاریزبەندی نەما؟**

- من ئەوە ناڵێم تاوەکو بە ماستاوچی دانەنرێم. بڕیاری 1559 دوو سەربانی هەیە. بەو ئاستەی کە

سەربانی ناوخۆیی پەیوەندیدار بە ڕێزگرتن لە دەستورو ڕەتکردنەوەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بەلای سەرۆک حەریری جێی ڕاەزامەندی بوو، بەو ئاستەش سەربانی دەرەکی بڕیارەکە جێی مەترسی بوو، واتە ئەوەی پەیوەندیدارە بە ململانێی عەرەب – ئیسرائیل و موقاوەمەت، تاکو پلەیەک کە سەرۆک حەریری پەیوەندی لەگەڵ سوریاو سەرکردەی موقاوەمەت هەبوو بۆ دڵنیاکردنەوەیان لە پارێزگاریکردنی ئەم بنەمایانەو نیشاندانی ڕۆڵی لە ڕێگرتن لە دەستکاری کردنیان. هەروەها دەشڵێم بڕیاری 1559 چەندین بەندی تیایە، کە لەگەڵ زۆرێک لە هێزو لایەنە لوبنانییەکان دەگونجێت، لە کاتێکدا سەرۆک حەریری و وەزیر وەلید جونبولات لایەنگری جیاکردنەوەی نێوان سەربانی ناوخۆیی و سەربانی دەرەکی بڕیاری 1559 بوون، بەڵام کەسانی تری ئۆپۆزسیۆن لەو بابەتەدا، کە هێشتا بووەتە سەرچاوەی جیاکاری لە نێوان خودی بەرەی ئۆپۆزسیۆندا، دوورتر ڕۆیشتن.

*** دەوترێت دیمەشق بڕیاری درێژکردنەوەی داوە بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

– ئەمە بۆ ئاسانکردنە، چونکە ناکرێت بڕیارێکی سەرۆکایەتی لەسەر بابەتێکی ئاڵۆزی وەکو درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێک بدرێت،

تەنانەت 200 ڕاپۆرتیش ناتوانێت درێژکردنەوە یەکلایی بکاتەوە، بەڵکو بڕیارێک بەو قەبارەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی یەکلا دەکرێتەوە. لە بابەتە هەستیارەکاندا هەمیشە کێرڤێکی باڵا هەیە، کە بڕیاری ڕاست و بڕیاری هەڵە لە یەکتر جیادەکاتەوە. واتە لە بابەتێکی هەستیاری وەک بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، بە تەنها ڕاپۆرتێک بەس نییە بۆ لەدایکبوونی بڕیارێک.

*** سیناریۆیەک هەیە دەڵێت حەریری سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ کودەتا بەسەر سوریا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، کۆبوونەوەیەکیش لە کۆشکی بەعبدا کرا تێیدا دەرکەوت کە ئۆپۆزسیۆن تیایدا سەردەکەوێت؟**

– کێ بوو پاڵێوراوی سەرۆک حەریری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی؟ نزیکترین پاڵێوراوەکان بەلای ئەوەوە (جان عوبێد) وەزیری دەرەوە بوو، ئەوەش شتێکی نهێنی نەبوو. بەڵام ئایا جان عەبێد بەلای سوریاوە کێیە؟

*** هاوپەیمانە؟**

– تەنها بە وتنی ئـەوەی، کە پاڵێوراوی حەریری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی درێژکردنەوە (جان عوبێد)ە، مانای وایە کە سەرۆکی کۆچکردوو ئاستێکی بۆ دژایەتی نەکردنی سوریا دانـابـوو، ئەگینا حەریری (عوبێد)ی دەستنیشان

نەدەکرد، بەڵکو کەسێکی دەستنیشان دەکرد دوژمنی سوریا بێت یان دژایەتی بکات. بابەتی ئەو کۆبوونەوەیەی کە ئاماژەت بۆ کرد، ئەوە پەیوەست بوو بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەک بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، چونکە جیاوازی لە دیدو بۆچوونەکاندا هەبوو سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن لەناو تیمی دەسەڵات بە نوێنەرایەتی سەرۆک بری و سەرۆک لەحود و سەرۆک عومەر کەرامی و وەزیری ناوخۆ سلێمان فرەنجیە. سەرۆک بری لەگەڵ کارکردن بە سیستمی پارێزگا یان پارێزگا لەگەڵ رێژەبەندی یاسادا بوو، بەڵام سەرۆک لەحودو وەزیر فرەنجیە لەگەڵ سیستمی قەزادا بوون، هەڵوێستی سەرۆک (عومەر کەرامی)ش لە نێوان دیدو بۆچوونی سەرۆک بری و (لەحود)دا بوو.

بوونی ئەم ناکۆکی و جیاوازییانە لەناو خودی دەسەڵاتداراندا، لە دوای پیاچوونەوە بە یاسادا، سەرەرای پێویستبوون بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە هەمبەر ئۆپۆزسیۆن، ئەو کۆبوونەوەیەی لێکەوتەوە. لە ماوەی کۆبوونەوەکەدا، هەریەک لەو سەرۆکانە دیدو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن خستەروو: بۆچی سەرۆک بری پشتیوانی سیستمی پارێزگا دەکات؟ بۆچی سەرۆک لەحود و وەزیر فرەنجیە

پشتیوانی سیستمی قەزایان کرد؟ داواش لە من کرا ڕای خۆم بڵێم. وتم: "کۆنووسی کۆبوونەوەیەک هەیەو پێویستە لە لێکدانەوەکانماندا پشت بە داتاو ژمارەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 نەبەستین، بەڵکو بارودۆخی ئێستای وڵات بکەینە بنەما، ئەگەر بمانەوێت وەک داوەرو بەرپرس قسە بکەین، بەڵام ئەگەر کاری جدە نەکرێت بۆ ڕێکخستن و یەکڕیزی پشتیوانان ئێمە هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنین ئەگەر بە گوێرەی سیستمی پارێزگا یان قەزا ئەنجام بدرێت، لە کاتێکدا لایەنی ئۆپۆزسیۆن ڕیزەکانی خۆی ڕێکدەخات. ئەگەر وەک تیمێکی پارچە پارچەبوو بچیتە هەڵبژاردنەوە دۆڕان لە ڕێگەیە، بەڵام ئەگەر ڕیزەکان یەکبخرێت ئەوا بارودۆخێکی باشتر بۆ سەرکەوتن هەیە. بابەتەکە پەیوەندی بە یاساوە نییە، بەڵکو بردنەوە یان دۆڕانی پشتیوانان لە هەموو فۆرمێکدا بەندە بە باش بەڕێوەچوونی ئاستی هاوپەیمانێتییەکان یان خراپ بەڕێوەچوونی.

*** ئایا پێتوایە دەستنیشانکردنی قەزا وەکو بازنەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

– پێشتریش وتومە، من لە کۆبوونەوەکەدا ڕەتمکردەوە بڵێم بازنەی بچوک چاکترە یان بازنەی گەورە، بەڵکو وتم ئێمە لەوانەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بدۆڕێین یان

سەربکەوین، دۆخی هەریەکەشیانم شیکردەوە. ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە لەوپەڕی نهێنیدا نەبوو، بەڵکو گفتوگۆمان دەکردو بوونی من لەو کۆبوونەوەیەدا ئاسایی بوو. پاشان، لە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆبوونەوەکەدا، ڕۆژنامەی (الدیار) هەواڵێکی لەسەر بڵاوکردەوە لە دوای دانیشتنی نێوان سەرنوسەرەکەی (شارل ئەیوب) و سەرۆک بڕی. پەیوەندیم بە شارل ئەیوب کرد، کە کەسێکی ڕۆژنامەنوسەو هەواڵەکەی بەلاوە گرنگە، بۆیە پێمووت کە بەشێکی ڕاستە (ئەویش ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە)، بەڵام بەشەکەی تری فۆکسی خستۆتە سەر قسەکەی من "چۆن شکست بە حەریری بێنین"، ئەمە هەڵە نییە بەڵکو درۆیە. سەرۆک حەریری بابەتی کۆبوونەوەکە نەبوو، بەڵکو بۆ تاوتوێکردنی هەر یاسایەکی باشتری هەڵبژاردن بوو لە بارودۆخێکی باشتردا بۆ بەرژەوەندی پشتیوانان لە دژی ئۆپۆزسیۆن. لە کۆتایی کۆبوونەوەکە، تای تەرازووی سەرۆک لەحود و فرەنجیە زاڵتر بوو، لە کاتێکدا سەرۆک بڕی لەگەڵ هەندێک تەحەفوزدا بە سیستمی قەزا ڕازیبوو، سەرۆک (کەڕامی)یش لەگەڵ هەڵوێستی سەرۆک کۆماردا دەگونجا. بۆ ڕۆژی دوایی گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکاندا دروستبوو، بەڵام حکومەت لەسەر پرۆژەی سیستمی قەزا بەردەوام بوو.

بەڵام قسەکردن لە بارەی سەرۆک حەریری لە دواییدا بوو لە کاتی تاوتوێکردنی پرۆژەی دابەشکردنی بەیروت بۆ (3) بازنەی هەڵبژاردن، چونکە پێمانوابوو ئامانجی ئەوە بۆ قەتیسکردنی سەرۆک حەریری بوو لە ڕێگەی دانانی ناوچەی (الاشرفیه) وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ لە (المزرعه)و زیادکردنی شیعەکان ناوچەی (الباشوره) و گەڕەکی (البلاط) بۆ سەر ئەرمەنەکان و (المصیطبة)، ئەمەش دەرفەتێکی گەورەتری بە بەڕێز تەمان سەلام و "تاشناقەکان" و "بزووتنەوەی ئەمەل" و "حزبوڵڵا" بەخشی، لە کاتێکدا ناوچەی (المزرعه) بە زۆرینەی سوننەوە خرایە سەر بەیروت.

یاسای گشتی ساڵی 1960 ناوچەیەکی مەسیحی نشینی لە بەیروت وەرگرتووە، کە لە ڕووی جوگرافیەوە بەستراو نییە بە یەکێک لە بازنەکانی بەیروت، بەڵکو ئەو یاسایە کردوویەتیە بەشێک لە بەیروت، بەڵام پرۆژە یاسای ساڵی 2005 ڕێگەی نەداوە ئەو بەشانەی لە ڕووی جوگرافیەوە پێکەوە نەلکێنراون بخرێتە ناو یەک بازنەوە. لەو کاتەدا ڕۆژنامەکان نوسییان، کە دابەشکردنی بەیروت بەو شێوازە ئامانجی لێی سنوردارکردنی "حەریری" بوو. کاتێک سەرۆک حەریری لە ساڵی 2000 سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پەرلەمانتار نەجاح واکیم هێرشی کردە سەرم بێئەوەی

ناوم بهێنێت وتی: "کەسێکی لێپرسراو لە ئاسایش، لەوانەی باسی یاسای هەڵبژاردنی کردووە بڕی 13 ملیۆن دۆلاری لە سەرۆکی کۆچکردوو وەرگرتووە".

*** چیرۆکی ئەو بڕە پارەیە چییە؟**

– بە بۆنەی دانانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2000وە ڕاسپێردرام بە هەوڵدان بۆ دان بەخۆداگرتنی زۆربەی لێپرسراوەکان. نارەزایەتیەکی مەسیحی هەبوو لەسەر (البوسطات)، کە لە یاسای ساڵی 1996دا ئاماژەی پێکراوە لەسەر بنەمای پارێزگا. بەڵام لە دوای هاتنی سەرۆک لەحود ویستمان زیاتر نزیک ببینەوە لەو ڕاستگۆییەی، کە ناکرێت بە شێوەیەکی تەواوەتی لەناو وڵاتێکی فرە تائیفی وەک لوبنان بەدی بێت، کە لە دابەشبوونێکی جوگرافی نابەرامبەردا هەڵکەوتووە. وەک چارەسەرێکی ناوەند لە نێوان یاسای پارێزگاو یاسای قەزا، گەیشتینە یاسایەک کە (14) بازنەی هەڵبژاردنی پەسەند کردووە. دوو بازنە لە باکورو باشورو سێ بازنە لە بیقاع و چوار بازنە لە چیای لوبنان و سێ بازنەش لە بەیروت. پێمانوابوو یاساکە زۆرێک لە خەڵکی بێزار ناکات، بەڵکو بە ڕێگەچارەیەکی ناوەند دادەنرێت. لە دوای وتوێژێکی زۆر لەگەڵ سەرۆک حەریری، بە دوودڵیەوە ڕەزامەندی لەسەر ئەم یاسایە دەربڕی، چونکە پێیوابوو ئەوەی ئەم یاسایە لێی دەبات

زیاترە لەوەی پێی دەبەخشێت. دەستمانکرد بە گفتوگۆکردن لەسەر قۆناغی هاوپەیمانێتییەکان. دەستێوەردانی ڕێپێدراوی دەوڵەت لە هەڵبژاردنەکاندا، پەیوەستە بە دانانی یاساکەی و کارکردن لە نێوان هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوە ڕیزەکانیان یەکبخەن، بەڵام کاتێک کار دەگاتە سەر سندوقی دەنگدان دەستێوەردانی دەوڵەت دەبێتە ساختەکاری. لەو ماوەیەدا کارەکە قەتیسکرابوو لەسەر دانانی یاساو دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان. سەرۆک حەریری پەیوەندی پێوە کردم و داوای کردم بۆ کۆبوونەوەو پێیووتم: "سەبارەت بە دابەشبوونی پارێزگای بەیروت چی هەیە؟ لەوە تێگەیشتووم کە دابەشکردنی بەیروت بە شێوەیەک کراوە کە من تەنها لە بازنەی ئەشرەفیەو مەزرەعە سەرکەوتوو بم، بازنەی (المصیطبة)تان بۆ تەمام سەلام و (رأس بیروت) تان بۆ سەرۆک سەلیم ئەلحص داناوە". هەروەها وتیشیک "ئەم پێشنیارەتان دەخەمە بەردەست: بازنەی مەزرەعەو ئەشرەفیە بۆ من، لە بازنەی ( المصیطبة)ش لەگەڵم هاوپەیمان بن، بەڵام لە بازنەی (رأس بیروت) نامەوێت لەگەڵ سەرۆک ئەلحص هاوپەیمان بم، بەڵام شەڕی شکاندنی ئێسقانەکان دەکەم".

*** بۆچی پەیوەندیت لەگەڵ وەزیر وەلید جونبوڵات دۆستانەو باش نەبوو؟**

- پەیوەندیم لەگەڵ وەزیر جونبولات هەمیشە باشبووە و لە هیچ قۆناغێکدا خراپ و ئاڵۆز نەبوو. ئەو لە هەندێک بارودۆخی قورسدا پاڵپشتی کردووم و لەگەڵم وەستاوە منیش هەمان کارم بەرامبەری کردووە. چەندین جار من بە بارودۆخی زۆر قورسدا تێپەڕیوم، دەزانم کە وەزیر جونبولات تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هاوپەیمانەکانیشی تووشی کێشەو گرفت بووبێت پشتیوانی منی کردووە. هەندێکجار وەزیر جونبولات ڕووبەڕوی دابڕانێکی دیاریکراو یان گەورە دەبۆوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، من هەرگیز هێڵی پەیوەندیم لەگەڵی نەپچڕاندووە، بەڵکو لە پەیوەندیدا بووین. دانیشتن لەگەڵیدا زۆر بەسودو بەچێژە و هەندێکجار زۆر لێوەی نزیک بووم. دەزانم کە ئەو زۆر ڕێزی لێگرتووم، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوانماندا تەنانەت لە دوای هەوڵی تیرۆرکردنی مەروان حەمادە و تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری بەردەوام بوو، بەڵام کاتێک ڕەوشەکە ئاڵۆز بوو من کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم کرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دامودەزگاکان کرا، وەزیر جونبولات کە بە جۆرێک بێلایەنی دەسەلماندم، پێیوابوو من خۆم خستۆتە بەردەم لولەی تۆپەکەو بوومەتە داکۆکیکاری دامودەزگاکان و پێویستە دەرئەنجامەکانی بگرمە ئەستۆم. ئەو لۆمەی دەکردم چونکە وەکو نوێنەری دامودەزگا

ئەمنییەکان ڕەفتارم کردووە، سەرەڕای هەوڵدانی بۆ بێلایەنکردنم لە هەموو ناوەندەکاندا. هەرگیز دژایەتی و ناحەزی لە نێوانماندا نەبوو، بەرەی ئۆپۆزسیۆن گلەییان لێکرد کاتێک زانییان کە دواجار قسەی لەگەڵم کردووە. ڕۆژنامەنوس ئیبراهیم ئەلئەمین ئەمەی لە ڕۆژنامەی (السفیر)دا نوسیوە. لەلای ئەندامانی (قورنە شەهوان) قیامە هەستابوو کاتێک پرسیارییان لە جونبوڵات کردبوو دەربارەی ئامانجی پەیوەندی کردنی بە منەوە، ئەوەش ببووە دروستکردنی شەرمەزاری بۆی، ئیتر لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی نێوانمان وەستان، بەڵام هێشتا ڕێزو خۆشەویستی لە نێوانماندا هەیە.

*** وەک لێپرسراوێکی پێشووی ئاسایش باری ئاسایشی لوبنان چۆن دەبینی لە سایەی ئەو شەپۆلی تیرۆرکردن و تەقینەوانەی بەمدواییانە ڕوویاندا؟**

– ئاسایش دۆخە پێشئەوەی ئامراز بێت. عادەتەن ئامرازی ئاسایشی لە سەرچاوەی مرۆیی و ئامرازە تەکنیکییەکان پێکدێت. کەش و دۆخی باش لە وڵاتێکی دیاریکراو ئامرازێکی ئاسایشیی ئاسایی بەسە بۆ ئەوەی دۆخێکی ئاسایشی کاریگەر بەرهەم بهێنێت. دۆخی خراپ لە وڵاتێکدا پێویستی بە هەبوونی ئامرازێکی ئایشیی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانێت ئاسایشێکی

پەسەندکراو بەرهەم بێنێت. دۆخ و هەلومەرج چیە؟ .
دۆخ و هەلومەرج بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لە هەر وڵاتێکدا هەیە. کاتێک ئەم فاکتەرانە سەقامگیرو تەندروست بن تێچوونی ئاسایش و ئامرازەکانی کەمترو بەرهەمی زیاتر دەبێت، کاتێکیش ئەو فاکتەرانە ئاڵۆزو ناجێگیر دەبێت ئەوا تێچوونی دابینکردنی ئاسایش گەورەترو ئاستی بەرهەمی کەمتر دەبێت. ئاسایش بە تەنها سەقامگیری بەدی ناهێنێت.

لە لوبنان، فاکتەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە ناجێگیرو ناسەقامگیرەکان، زۆربەی کات پەرش و بڵاوو تواناو بەڕێوەبردنی خراپ دەبێت، ئایا دەتەوێت لە سایەی بارودۆخێکی ئاوهادا چ ئاسایشێکی کاریگەر هەبێت؟ سەرەڕای ئەمەش بڕیاری 1559 هەیە، کە لوبنانی خستە ناو قۆناغی گواستنەوە لە نێوان ستراتیژی پێشوو ستراتیژێکی داهاتوو. کاتێک فاکتەری دەرەکیش فشار دەخاتە سەر فاکتەرەکانی ناسەقامگیری ناوخۆیی، ئەو کاتە بەدیهاتنی ئاسایش قورستر دەبێت. لە سایەی نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئابوری بە تەنها لایەنی ئاسایش ئیفلیج نابێت، بەڵکو دۆخەکە دەگۆڕێت بۆ بەرجەستەکردنی سیمایەکی ناشیرینی دەوڵەت، چونکە خەڵکی جگە لەو سیمایە هیچی تری لێ چاوەڕوان ناکەن، لە کاتێکدا خەڵک داوا دەکەن

دەوڵەت کاری باش بکات و وێنای سیاسی و ئابوری چاک بکات. بە واتایەکی تر، نمایشکاری جلوبەرگ کلۆدیا شیفەر، کە یەکێکە لە جوانترین ژنەکانی سەر زەوی لە ئێستادا، بەڵام کاتێک کلۆدیا شیفەر بەبێ گۆشت و جلوبەرگ دەبینی، ئایا چی لێ دەمێنێتەوە؟ تەنها پەیکەری ئێسقان، ئەو کات چۆن دەیبینیت؟، ئەوپەڕی ناشیرینی و نابوتی، لەگەڵئەوەی کە ئەوە پەیکەری ئێسقانی کلۆدیا شیفەرە !!

با بگەڕێینەوە بۆ دەوڵەت، کە جلوبەرگەکەی سیاسەتەو گۆشتەکەی ئابورییەو ئێسقانەکانی ئاسایشە، بەڵام بە گشتی جلوبەرگ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، گۆشتیش گەشە دەکات یان لاواز دەبێت، لە کاتێکا پەیکەری ئێسقان جێگیرو نەگۆڕە. لە لوبنان دەوڵەتێک بوونی هەیە بەبێ بەرگ و گۆشت، واتا بەبێ سیاسەت و ئابوری، ئێستا چی لێ ماوەتەوە؟ تەنها پەیکەری ئێسقانی ماوەتەوە، واتە ئاسایش مانای ناشیرین بوون دەگەیەنێت. دەوڵەتی لوبنان پێویستی بەوەیە بەرگێکی گونجاوو گۆشتی تەواوی بەبەردا بکرێتەوە، لە سایەی نەبوونی ئەمەدا لایەنی ئاسایش کەموکورت و ناشیرین دەبێت تا کاتێکی نادیار. لە پێناو وەستاندنی زنجیرەی ئەو هەرەسهێنانە ئەمنیەی ئێستادا، پێویستە پەلە بکرێت لە دوو چارەسەری پێکەوەیی. یەکەم: بونیادنانەوەو خستنەوەگەڕی ڕەوڕەوەی دەوڵەت

به خێراترین کات لە ڕێگەی دامودەزگا سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکانەوە، چونکە ئەو لێک دوورکەوتنەوە و دابڕانەی ئێستا هەیە، خۆی لەخۆیدا بانگهێشتکردنێکی بێبەرامبەرە بۆ هەر هێزو لایەنێک لە پێناو دۆزینەوەی کێشەو گرێی ئاسایش لە لوبنان، بێئەوەی لەبیرمان بچێت کە لوبنان دەریای ناوچەیەکی گڕگرتووە لە فەلەستینەوە تاکو عێراق، بۆیە ئەو خۆشیەی زۆربـەی لێپرسراوانی لوبنان لە شەڕە بچوکەکانیانی وەردەگرن شیاو نییە، لە کاتێکدا ئاگر بە تەنها باخچەکەی نەسوتاندووە، بەڵکو هاتۆتە ناوماڵەوە. بەبێ دووبارە بونیادنانەوە و چاکسازیکردن و خێرا ڕێکخستنی دامەدەزگاکانی دەوڵـەت، هەوڵدان بۆ دانانی سنورێک بۆ ئەو شکستهێنانەی لە بواری ئاسایشدا دروستبووە بێهودەیە، نەک تەنها لەو بوارەدا، بەڵکو هەموو بوارەکانی تری دەوڵەتی گرتۆتەوە. چارەسەری دووەم بریتییە لە جیاکردنەوەی تاوان لە سیاسەت و جێهێشتنی ئەرکی گرنگیپێدان بـەو بـوارە بۆ کەسانی تایبەتمەندو شارەزاو خاوەن تواناو لێهاتوویی، لە پاڵ دەستەبەرکردنی دۆخێکی بابەتییانەو بێلایەنانەی دەزگاکانی دادوەری و ئاسایش بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی تەکنیکی خۆیان لە بواری لێکۆڵینەوەکاندا بگێڕن بێئەوەی هیچ ئیعتیبارێکی سیاسی هەژموون و فشاری لەسەرییان هەبێت وەکئەوەی لە ئێستادا

هەیە، کە متمانە بەخۆبوونی لەلای دەزگاکانی ئاسایش و دادوەری نەهێشتووە، لە بنەڕەتیشدا ئاسایش بریتییە لە متمانەو مۆراڵ. ئەوەی ئەمڕۆ لە لوبنان دەگوزەرێت پەرچەکرداری داڕوخاندن و نابوتکردنی دامودەزگاکانی ئاسایشە، یەکەمین قوربانی ئەم پرۆسەیەش سەقامگیری وڵاتە. پراکتیزەکردنی ئاسایش هاوشێوەی ڕوبەڕوبوونەوە، واتا تووشی مەترسی دەبیتەوە لە کاتی ڕوبەڕوبوونەوەی تاوان، ڕوبەڕوی ڕەخنەو گازەندەیی دەبیتەوە کاتێک کەمتەرخەمی دەنوێنیت لە ئاشکراکردنی تاوانکاری. ئەمڕۆ، قەبارەی تۆمەتبارکردنی سیاسی لە دژی ئاسایش پاڵ بە سەرکردەکانی ئەو دامودەزگایانەوە ئاسایشییانەوە دەنێت بچنە سەنگەری بەرگریکردن لە خۆیان، بۆیە خۆیان دەپارێزن لە ڕوبەڕوبوونەوە و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان بەو شێوەیەش باجەکە دەکەوێتە سەرشانی هاوڵاتی. ئاسایشی نائامادە بۆ ئەوەی خۆی تووش بکات، خەڵک تووش دەکات لە کاتێکدا پێویستە پارێزگارییان لێبکات. ئاسایشی ناچارکراو بە خۆپاراستنی لە گلەیی و گازەندەیی، ئاسایشی ئاشکرا لە پاراستنی سیاسی، دەبێتە ئاسایشێکی نائامادە بۆ قوربانیدان و سەرکێشی کردن. بە کورتی، ئاسایشی خۆپارێز ناتوانێت پارێزگاری لە خەڵک بکات، ئاسایشی پارێزراویش لەلایەن سەرکردەیەک یان

بەهۆی وەلائێکی تایبەتیەوە ناتوانێت خەڵک بپارێزێت، هەروەها ئەو ئاسایشەی ڕۆژانە لەلایەن سیاسییەکانەوە تێر جنێو دەکرێت پارێزگاری لە خەڵک ناکات، ئاسایشی دوێنێ خوراوو ئەمڕۆ بێزراو پارێزگاری لە خەڵکی ناکات. هەموو ئەمانە جۆرێک لە فۆلکلۆر دروستدەکات و هیچ کەسێک ناپارێزێت.

مەخابن، ئەمڕۆ لوبنان لەم دۆخەی ئاسایشدا دەژی، کە پێویستە لە دوو ئاراستەوە چارەسەری خێرای بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەکو پێشتر باسمکرد، ئاسایش چارەسەر درزێک یان کەلێنێک لە ماڵێکدا دەکات، نەک چارەسەرکردنی ماڵێک کە هەموو درزو کەلێک بێت.

*** ئایا ڕاستە ئەوەی دەوترێت پڕۆژەی سەرۆک لەحودو کارەکانی بوونە هۆکاری پەکخستنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی تائیف و سەپاندنی فۆڕمێک لە دەرەوەی ڕێککەوتنی تائیف سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی سەرۆکایەتی و ڕۆڵ و ئەرکەکانی دامودەزگا ئەمنییەکان؟**

– تائیف لەپێش بوونی سەرۆک لەحود بوو لە سەرکردایەتی سوپا، بەڵکو لەپێش هاتنی بوو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. لە بارەیەوە شتی زۆر دەگێڕنەوە، بەڵام زۆرێک کەس هەن ناوەرۆکی ڕێککەوتنی تائیف نازانن. تائیف لە بنەڕەتدا بریتییە لە پێکهاتنێک کە بە چاودێریەکی عەرەبی – ئەمەریکی –

نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو، ئامانجی بریتی بوو لە وەستاندنی شەڕو دانوستانەکان لەو بارەیەوە لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە لەپێش شەڕی یەکەمی کەنداو لە ساڵی 1989دا ئەنجامدرا. ئەم ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتننامەی تائیف ناسرا، کە بووە دەروازەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆی لوبنان، لە ڕێگەی ئەم ڕێکەوتنەشەوە بوو خەڵاتی ڕازیکردن بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکاندا دابەشکرا، بەم شێوەیە لە ڕێگەی ڕێکەوتنی تائیف-وە هاوبەشیکی سیێقۆڵی لە نێوان ئەمیرەکانی شەڕدا دروستبوو، واتا میلیشیاکان لەگەڵ ئەمیرەکانی سیاسەتی کلاسیکی و ئەمیرەکانی پارەو دارایی. کەواتە خوێندنەوەکە بۆ پرۆسەی یەکەمی ڕێککەوتنی تائیف لە قۆناغی یەکەم بریتییە لە زەماوەند لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا: ئەمیرەکانی میلیشیاکان، ئەمیرەکانی ڕەوتی کلاسیکی سیاسی و ئەمیرەکانی پارەو دارایی. ڕێککەوتنی تائیف بەسبوو بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی شەڕ، بەڵام بەس نەبوو بۆ دروستکردنی ئاشتی لە لوبنان. تاکو ئەم ساتەوەختەش ڕێککەوتننامەی تائیف بەس نییە بۆ بونیادنان و دروستکردنی ئاشتی لوبنانی، چونکە ئەوە ڕێککەوتنێک نییە بۆ بونیادنانی دەوڵەت، بەو ئەندازەیەی کە ڕێککەوتنە لە نێوان ئەمیرەکاندا بۆ بەشکردنی دەوڵەت.

لە ماوەی شەڕدا ئەمیری میلیشیاکان بە زەبری هێزو توندوتیژی شەقام و خەڵکیان دابەشکردبوو، پاشان

کەسانێک هاتن و پێیان ڕاگەیاندن، کە لە جیاتی دابەشکردنی شەقام و خەڵک لە ڕێگەی توندوتیژیەوە لەسەر جادەو ئەو قوربانییانەی لێی دەکەوێتەوە، وەرن خۆتان دابنیشن و دەوڵەت بەڕێوە ببەن و لە نێوان خۆتاندا دابەشی بکەن. لە ڕووی پراکتیکیەوە هەر یەکێک لەوانە لەسەر قۆناغی شەڕ پاداشتکرا. وەک باوە، ئەوەی کێشە دروستدەکات و توندوتیژی دەکات لەسەر زەوی سزا دەدرێت، بەڵام ڕێککەوتنی تائیف لەژێر دروشمی "ئەوەی بوو بوو" پاداشتی هەموو ئەوانەی کرد، کە بەشدارییان لە شەڕەکاندا کرد.

*** جگە لە سەمیر جەعجەع؟**

- نەخێر، جیاوازی نێوان ئـەوان و دکتۆر جەعجەع ئەوەیە، کە ئەوان چەکەکانیان تەسلیم کردو لە سەرەتاوە میلیشیاکانیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام دکتۆر جەعجەع کێشەی لە نوێنەرایەتی مەسیحییەکاندا هەبوو لە یەکەم حکومەتی دوای ڕێککەوتنی تائیف. پشکێک خرایە بەردەستی جەعجەع، بەڵام خۆی بە مەغدور دەزانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئێلی جبێقەو کەسانی تردا یەکسان کراوە، لە کاتێکدا جەعجەع خۆی بە شایستەی پشکێکی یەکسان لەگەڵ پشکی نەبیھ برِی و جونبوڵات دەزانی، لەبەر ئەوە ئەو پشکەی کە بۆی دانرابوو ڕەتیکردەوەو لە بەرامبەردا سور بوو لەسەر هێشتنەوەی میلیشیاو چەک لە دەستی هێزەکەیدا، ئەمەیە جیاوازییەکە.

کەواتە وەک ووتم، تائیف بەش بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، بەڵام پرۆژەیەک نەبوو بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت بە واتای چەمکی دەوڵەت، بەڵکو هەنگاوێک بوو بۆ گواستنەوەی دابەشبوونی شەقام بەرەو دابەشبوونی دەوڵەت. ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی تائیف هەڵێنجراوە ئەوەیە، کە پرۆژەی بونیادنانی دەوڵەتی لە دوای وەستانی شەڕ بە هەند وەرنەگرتووە. سەرۆک لەحود لە هیچ کاتێکدا ئیدیعای ئەوەی نەکردووە، کە ناکۆکی هەبووبێت لەگەڵ ڕێککەوتننامەی تائیف. عیماد عۆن کێشەی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی تائیف هەبوو، بەڵام باجی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی دا، کە لەگەڵ تائیف هەیبوو، چونکە ئەو تەنها کەس بوو، کە لە بەرامبەر ئەو پێکهاتن و ڕێککەوتنەدا وەستایەوە تا ئەو کاتەی لە بەرواری 13/10/1990 لە ڕووی سەربازییەوە دوورخرایەوە. ئەمە وایکرد عیماد لەحود کەڵک لە ناوبانگی خۆی وەربگرێت، کە بەهۆیەوە بووە پاڵێوراوی بەهێزی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، چونکە لە سایەی ڕێککەوتننامەی تائیف، کە هەمووی سیاسەتی دابەشکردن بوو، لەحود وەک فەرماندەی سوپا بە هاوکاری فەرماندەکانی و بە چاودێری ڕاستەوخۆی سوریا بۆ پلانی یەکخستنی سوپا، توانی بیکاتە دامەزراوەیەکی کاراو دوور لە دابەشکاری و دەزگایەک

بۆ هەموو خەڵک، ئەمەش سوپای گۆڕی بۆ نموونەیەکی شایستە بۆ هەموو دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵـەت، کە پێویستە بەو شێوەیە بن. سەرکەوتنی سوپا هاوبەرامبەر بوو لەگەڵ خراپبوون و تێکچوونی بارودۆخی ئابوری و سیاسی، بۆیە هەستیارییەکی هاوبەش لەلای زۆربەی ئەندامەکانی سێ لایەنە هاوبەشەکەی تائیف دروستبوو، بە جۆرێک کە ناکۆکی و دابڕان و تۆمەتبارکردن گەیشتە ئاستێک، کە پێمانوابوو ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئەنجامدانی جۆرێک لە کودەتا بەسەر دەسەڵاتدا. ئەمە ڕاست نییە، ئێمە دەزانین کە کودەتا لە لوبنان شتێکی ڕاست نییە، چونکە تۆ پێویستت بەوەیە هەموو تائیفەکان بهێنیت و سەرەتا لە ناوییاندا کودەتایەک بکەیت. کاتێک توانیت هەموو لایەنەکان بێنیتە سەرڕا ئەوەی ئەنجامی دەدەیت نابێتە کودەتا، بەڵکو ناوی دەبێتە ڕێککەوتنێکی نوێ.

*** چینی سیاسیی لە دوای ڕێککەوتنی تائیف چۆن لەگەڵ سوریاو ڕۆڵی لە لوبنان مامەڵەی کرد؟**

– هەروەک ووتم، تائیف بریتییە لە هاوبەشی لە نێوان ئەمیرەکانی تەقلیدی سیاسی و ئەمیرەکانی شەڕو پارە. بەشێکی زۆرییان بەپێی ئەو بنەمایە کارییان کرد، کە قسەو هەڵوێستیان بفرۆشن و لە بەرامبەردا پارێزبەندی و لەناو وەزارەتەکان و دامودەزگاکاندا پۆست و پلەکان وەربگرن و دەنگی

ناو سندوقەکان بچننەوە. ئەمە بوو لۆژیکی ئەمیرەکانی شەڕو پارە. من نامەوێت ستەم لە هەمووان بکەم، بەڵام دەڵێم ئەمە ڕێبازێکی پەیڕەوکراو بوو لەلایەن زۆرینەوە. لەپێش ئەوانیشدا بناغەیەکی گـەورەی کـارکـردن بەو شێوازە دروستبوو، بەڵام چەند هەڵاوێردکردنێکی دیار بوونی هەیە، بۆ نموونە ناوی سەرۆک سەلیم ئەلحوص و سەرۆک عیسام فارس و هەندێکی تریش دەهێنم، ئەوان سەر بەو قوتابخانەیە نەبوون کە کـاری دەکـرد لەسەر گۆڕینەوەی نێوان هەڵوێستە سیاسییەکان و چنینەوەی بەرژەوەندییەکان و پشکەکان لە بەرامبەردا. ئەم بابەتە بووە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزییەکی ناوخۆیی لە نێوان ئەو لایەنانەی کە حەزییان لەم شێوازە بوو لەگەڵ ئەو لایەنانەدا، کە حەرییان پێی نەبوو. ئەمڕۆ لە دوای کشانەوەی سوریا لە لوبنان، دەوترێت کە سیاسەتی سوریا فێری ئەو شێوازەی دەکردن، منیش گەواهی دەدەم، کە ئەمە ڕاست نییە. هەندێک لە لوبنانییەکان بوونەتە بناغەی ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن و لەگەڵ خۆیاندا لێپرسراوانی سوریایان تێوەگلاندووە. سوریا هیچ قوتابخانەیەکی بۆ گەندەڵی و بەگەندەڵ کردن لەناو لوبنان نەکردۆتەوە. قوتابخانەی گەندەڵی و بەگەندەڵ کردن لە لوبنان لە ئەنجامی بوونی سیستمی تائیفیەوە سەریهەڵداوە. کاتێک باسی بوونی

سیستمی پاراستنی تائیفیەتی سیاسی دەکەیت، تەنانەت بەبێ بوونی سوریاو ئەمەریکاو فەڕەنسا، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چینێکی گەندەڵ دروستدەبێت، کە لە یاساو لە خەڵکیش بەهێزترە. سەرۆک لەحود لە گەڕانەوەی بۆ هەڵوێستی بەرامبەر ڕێککەوتننامەی تائیف، خۆ لە بنەڕەتدا وەکو کەسێکی سەربازی بنەمای گۆڕینەوەی ڕەتکردەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی لێکتێنەگەیشتنی لەگەڵ سیاسییەکان لە لوبنان ئەوەیە، کە شت بە شت گۆڕینەوە ناناسێت و ناشیەوێت. بیرکردنەوەی ئەو ڕێگەت پێنادات بڵێت و پێی بڵێیت تۆو دەنگەکەت لە ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵیدان و لە بەرامبەردا فلان وەزارەت یان فلان سندوق و ئیدارەم بدەرێ. بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت، کە لە دەورەبەری سەرۆک کەسانێک هەبوون بەپێی گۆڕینەوە مامەڵەیان دەکرد، ئەوانە کاری گۆڕینەوەیان دەکرد تا ئەو ئاستەی زۆر بەم بابەتە بێزار بوو، بەڵکو لە ناوەندەکانی ڕای گشتی کێشەو سەرئێشەیان بۆ دروستکرد، چونکە ئەمجۆرە لە گۆڕینەوەکاری بە شێوەیەکی بەرچاو پێچەوانەی کەسایەتی و هیواو ئامانجەکانی و وتاری سوێندخواردنەکەی بوو، کە پێشکەشی کرد.

*** کەسانێک هەن دەڵێن تۆ وتاری سوێندخواردنەکەیت بۆ نوسیوە؟**

- هیچ سەرۆکێک لە جیهاندا نییە بۆ خۆی وتاری سوێندخواردنی بنوسێت. سەرۆک لەحود وەک هەموو سەرۆکەکانی تری جیهان چەند بناغەیەکی لە فکرو بیرکردنەوەیدا هەیە، من لە ماوەی خزمەتی سوپادا نزیکەی (9) ساڵ لەگەڵی ژیاوم، لەو ماوەیەدا دەمزانی چۆن بیر دەکاتەوەو تێڕوانینی بۆ زۆرێک لە مەسەلەکان چیە. هەموو سەرۆکەکان بۆیان دەنوسرێت، هیچ سەرۆک کۆمارێک نییە دابنیشێت و وتاری سوێندخواردن بۆ خۆی بنوسێت، بەڵکو دەقێک دەخوێنێتەوەو هەندێک گۆڕانکاری دیاریکراوی تێدا دەکات و داوای لابردنی بیرۆکەیەک یان زیادکردنی فلانە بڕگە دەکات، ئەمە شتێکی ئاساییەو تۆمەت نییە.

*** تاکو کەی سەرۆک حەریری پارەی بۆ سوپای لوبنان دەنارد؟**

- ئەوە لەو ڕۆژانەدا نەبوو، کە سەرۆک لەحود فەرماندەی سوپای لوبنان بوو. ئەمە شتێکی ئاشکرایە. لەپێش دەیەی نەوەدەکاندا لە کاتی دەسەڵاتی سەرۆک ئەمین ئەلجومەییل، دۆلار بە شێوەیەکی نائاسایی لە بەرامبەر لیرەدا بەرزدەبۆوە تا ئەو ئاستەی کە مووچەی ئەفسەرێک یەکسان بوو بە (50) دۆلار، بەڵکو گەیشتە نێوان (30 تا 20) دۆلار. پێموایە لەو ماوەیەدا چەند یارمەتیەکی

دیاریکراو هات بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر شانی سوپا کەمبێتەوە، بەڵام لە سەردەمی سەرۆک لەحود ئەو بابەتە تا ئاستێکی گونجاو جێگیر ببوو.

*** ئایا تۆ لەگەڵ تیمی گۆڕینەوەکاری بوویت لە دەوری سەرۆک لەحود؟**

– من لەگەڵ سەرۆک لەحود یارمەتیدەر بوو بۆ لۆژیکێکی تری گۆرینەوە، کە لەناو سوپادا کارمان لەسەر کردو سەرکەوتوو بوو. پێت بڵێم ئەم گۆرێنەوەکارییە چی بوو. ئێمە بڕوامان بە پەیوەندی نێوان لوبنان – سوریا هەبوو، باوەڕمان بە موقاوەمەت و کاروباری ستراتیژی هەبوو، ئەمە بوو ئەو پێوەرە بنەڕەتیەی، کە سوریا لە لوبنان پەیڕەوی دەکرد، ئەمە بوو پێوەرو شێوازەکەی لە لوبنان، گۆڕینەوەکارییە بچوکەکان بۆ سوریا وەک دەسەڵات پێوەر نەبوو. با بۆتی ڕوونبکەمەوە: پێوەری سوریا لە لوبنان پێوەرێکی ستراتیژییە. پێوەری هەندێک لە لوبنانییەکان و سورییەکان لە چەند قۆناغ و ماوەیەکدا پێوەرێکی جیاواز بوو لەم پێوەرەی تایبەت بە کاروباره ناوخۆییەکان.

ئەوەی لەناو سوپا ڕوویدا پابەندبوونێکی ڕوون بوو بە ستراتیژییەتی پەیوەندی لەگەڵ سوریا لەگەڵ پارێزگاریکردن لە موقاوەمەت، لە بەرامبەریشدا هەڵوێستی سوریا پشتیوانیکار بوو بۆ سوپاو بەشداریش بوو

لە بوونیادنانی و پارێزگاریکردن لە یەکڕیزییەکەی و پاراستنی لە دەستێوەردانی سیاسی، ئەگەر پارێزگاریکردنی سوریا نەبوایا سوپا یەک نەدەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک لە لیوا تائیفییەکان لە میراتی شەڕی ناوخۆ دەستیان بەسەردا دەگرت. کەواتە لەناو سوپادا گۆڕینەوەکاری لە نێوان ستراتیژیەت و بەرژەوەندییە کەسییەکاندا نەبوو، بەڵکو لە نێوان ستراتیژییەت و بونیادنانی سوپادا بوو. گۆڕینەوەکاری بەبێ دانوستان لە نێوان دوو لایەندا، بەڵکو پابەندێتی و بڕوابوونی لایەنێک کە سەرکردایەتی سوپایە، لە پاڵ ڕێزگرتن و پشتیوانی لایەنێکی تردا، کە سوریایە. لە دواییدا هەمان شت لەناو ئاسایشی گشتیدا پەیڕەو کرا، ئەنجامەکەی ئەوەبوو توانیمان دامەزراوەیەکی سەرکەوتوو پاک و بێگەرد بۆ هەموو خەڵک دروست بکەین، کە تیایدا بوار بۆ پشکی سیاسی و تائیفی نەبوو، ئەم کارە کینەیەکی زۆری ئەو چینە ناسراوەی لە دژمان دروستکرد، ئێستاش لە دوای کشانەوەی سوریا لە لوبنان، توانای تۆڵەسەندنەوە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دامەزراوەکەیان هەیە.

*** بە شێوەیەکی کردەیی تۆ هاوپەیمانەکانی سوریا تۆمەتبار دەکەیت بەوەی کە ئەوان...؟**

– مەبەستم هەندێک لە هاوپەیمانەکانی سوریاو هەندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنە، ئەمەشم بە شێوەیەکی ئاشکرا لە

کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەم باسکردووە. ڕاشکاوانە ووتم یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەستکردن بە تورەیی لە سوریا لەلای لوبنانییەکان، کە لەو خۆپیشاندانانەی دواییدا بەرجەستە بوو، بریتی بوو لە کردەوەکانی زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی سوریا لە لوبنان، نەک کارکردنی ڕاستەوخۆی سوریا لە لوبنان. ئەوانە بۆ خۆیان ویژدان و ئەستۆی خۆیان دەگۆڕییەوە، سبەینێش سواری شەپۆلی ئەمەریکاو فەڕەنساو وڵاتانی دیکە دەبن و هەمان کردەوە ئەنجام دەدەن و ناشگۆڕێن، چونکە خودی سیستمی تائیفی ئەم جۆرە لادانە بەرجەستە دەکات.

*** ئایا ڕۆڵی لیوا غازی کەنعان لەمەدا چی بوو؟**

– سەبارەت بە لیوا غازی کەنعان، دەڵێم ئەو لە زۆر بواردا یارمەتیدەر بووە، بەڵام کەوتنە ژێر قورسایی چینی سیاسی لەسەری سەپاند، کە لە وڵاتدا هاوسەنگی دروستبکات. ڕۆڵی کەنعان بریتی بوو لە دروستکردنی هاوسەنگییەکان، سەرەڕای ئەوەش، ڕۆڵەکانی ئەو پیاوە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەبوو. وەک هەر مرۆڤێک، کاتێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە ئەرکێک هەڵدەستیت ناتوانیت پێشبینی ئەوە بکەیت، کە هەمیشە ئەوەی ئەنجامی دەدەیت کاری ئەرێنیە. هەموو مرۆڤێک لە کارە ئەرێنی و نەرێنییەکانیدا سروشتێکی شەخسی هەیە. بە کورتی، غازی

کەنعان مامەڵەی لەگەڵ چینێکی سیاسیدا دەکرد، کە لەگەڵی بەردەوامبوو تاوەکو ئەویش لەگەڵیدا بەردەوام بێت و بە پێچەوانەشەوە. بیەمشێوەیە سیاسییە لوبنانییەکان وەک هەمیشە کارییان کرد، کاتێک مامەڵەیان کردووە لەگەڵ هەر پێگەو دەسەڵاتێکی عەرەبی یان بیانیدا لە لوبنان.

*** ئایا تۆ لەگەڵ کەنعان لەلایەن سوریاوە هاندراویت؟**

- شتێکی ئاساییە کە لە سایەی ناکۆکیە سیاسییەکان و کێشەکانی تردا لێرەو لەوێ ببیتە جێی سکاڵاو ڕەخنە. من یەکێک بووم لەوانەی ناوە ناوە ڕوبەڕوی سکاڵاو ڕەخنە دەبوومەوە، پێشتریش باسی ئەم بابەتەم کردووەو باسی ئەو ناکۆکیەشم کرد، کە بەهۆی ئەمەوە ڕوویدا.

*** ئایا پەیوەندیت لەگەڵ ڕۆستەم غەزالی جیاواز بوو؟ جیاوازی لە نێوان هەڵسوکەوتی غەزالی و غازی کەنعان هەیە؟**

- کاتێک عەمید ڕۆستەم غەزالی بەرپرسیارێتی لە لوبنان وەرگرت، هیچ کاتێک نەیوتووە کە پارێزبەندی و پاسەوانی بۆ چینی سیاسی دەوێت بەپێی ئەو قەبارەیەی کە باو بوو، بەم پێیەش هەموو چینی سیاسی داڕوخا. پرسیارەکە ئەمە بوو: زامنی نوێی ئەوان کێیە؟ بەڵکو کێ نوێنەری نوێی سوریایە لە لوبنان؟ لوبنانییەکان شای ئاڵووێرە کەسییەکانن. غازی کەنعان گۆڕاو فلانە کەس

لەجێی دانرا، هاوکێشەکە بەمجۆری لێدێت: لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەدا کێ دەیباتەوەو کێ دەیدۆڕێنێت. ئەمە بوو پرسیاری سیاسییەکان لەو ماوەیەدا. عەمید ڕۆستەم غەزالی پاڵی دایە لای سەرۆک لەحود وەک سەرۆکی وڵات و هیچ ڕۆڵێکی بۆ هاوسەنگی تەقلیدی و پارێزگاریکردن نەبینی، بەهۆی ئـەوەوە زۆرێـک لە سیاسییەکان بوونە ناحەزی و وەکو تەرەفگیرێک تەماشا دەکرا، بەو شێوەیە مایەوە تاکو کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی لە لوبنان.

*** بۆ نموونە، پەیوەندی نێوان ڕۆستەم غەزالی و سەرۆک حەریری هەر لە سەرەتاوە باش نەبوو؟**

– نەخێر، پەیوەندییەکانیان خراپ نەبوو، بەڵکو سەرۆک حەریری لەوانە بوو کە پێخۆشحاڵ بوو بە هاتنی. بەڵام هەروەک ووتم: لەگەڵ هاتنی عەمید ڕۆستەم غەزالی ئەو چینە سیاسییەی، کە ماوەی (20) ساڵ لەسەر گۆڕینەوەکاری دەژیـا پێی ئـاسـودە نـەبـوون. دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ڕێوڕەسمی خواحافیزی کردن لە لیوا غازی کەنعان، ئەو ئاهەنگە گەورەیەی کە لە ئۆفیسی سـەرۆک حەریری لە قرێتم بۆی کراو عەمید ڕۆستەم غەوالی لەگەڵ خۆیدا هێناو ئاماژەی بۆ کردو وتی ئەمە شوێنگرەوەی منەو وەک "من" دەبێت. هەروەکو وتم ئەم گۆڕانە لەگەڵ چینی سیاسیدا نەدەگونجا، بۆیە تووڕەیی خۆیان بەسەردا تەقاندەوە.

هەمان ئەو چینە سیاسییە هاوسۆزییان بۆ هەندێک لەو کەسانە هەبوو، کە پێشتر نوێنەرایەتی سوریایان لە لوبنان کردبوو یان بە ناوی سوریاوە مامەڵەیان لەگەڵ کارەباری لوبنان دەکرد. وەک هەمیشە نوێنەری هەر وڵاتێک لەپێش وڵاتەکەیدا دەسووتێت، چونکە ئەو هێڵی یەکەمی بەرگریکردنە لێی، تەواو وەک ئەوە وایە کە پیاوی ئاسایش پارێز لە پێش هاوڵاتیدا بپێکرێت، بۆیە ئاسایش پارێزەکە بۆی دەرناچێت و هاوڵاتیەکەش دەکەوێت. بەڵام ئەگەر بێتو نوێنەری هەر وڵاتێک بە سەلامەتی بۆی دەربچێت و وڵاتەکەی بسووتێت، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو زیاتر کاری بۆ خۆی کردووە نەک بۆ وڵاتەکەی.

*** پێش کەمێک ناوی (سلیم الحص) و (عصام فارس)تان برد وەک نموونە بۆ ئەو لێپرسراوانەی، کە تێوەنەگلاون لە گۆڕینەوەکاری، ئایا ئەوان لەم پەیوەندییانە سودمەند نەبوون؟**

- ئەعوزو بیللا، ئەوان و هەندێک کەسی تریش، کە ناوییان ناهێنم لە هیچ کاتێکدا هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان نەبوو بە سودوەرگرتن لە هیچ شتێک. ئەوان سەر بە قوتابخانەیەکی تەواو جیاواز بوون لەو گەمەیەی کە هەبوو، تەنانەت ئەگەرچی لە دەسەڵاتیشدا هاوبەشی یەکتر بوون.

*** ئایا ئەوان داوای هیچ شتێکیان نەکرد لە بەرامبەر هەڵوێستە سیاسییەکانیان؟**

- ئایا ئاسانترین دامەزراندنی ئیداری لەناو دەوڵەت هەیە؟ ئەوان هیچ کەسێکیان بۆ دانەمەزرێنرا، بەڵکو نیگەران دەبوون لەوەی ئەگەر لە سایەی بوونی ئەواندا دامەزراندنەکان بکرایاو دواتر بەپێی لۆژیکی پشککاری ئەوانیتر دابەشیان بکرادایا. بۆ نموونە دەوڵەتەکەی سەرۆک عصام فارس، کە ڕابەری عوکارو باکوری لوبنان بوو، زیاتر لە ئێمەو ئەوانەش کە تاکو ئێستا خزمەتی دەوڵەت دەکەن، خزمەتی کردووە. عصام فارس جگە لەمە چیتری کردووە؟ شاندە جەماوەرییەکانی دەهاتن بۆلای داوای شتێکیان لە دەوڵەت دەکرد. خەڵک لە لوبنان داوا لە پەرلەمانتار یان سەرۆک دەکەن خزمەتیان بکەن، بەڵام ئەو نەیدەتوانی پشکێک لە دەوڵەت وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکەی، نە وەک پرۆژەو نەک وەک دامەزراندن، دواجار لە ڕێگەی دارایی شەخسی خۆیەوە باربووی دەکردن.

*** زیاتر لە جارێک باست کرد، کە تۆ لە پێکهاتەکەدا بەهێزترینیت؟**

- بە ڕاشکاوی من نامەوێت خۆم هەڵکێشم. کاتێک دەربارەی کەسێک دەڵێیت بەهێزترین، بەوە خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام من زویر نابم ئەگەر پێم بووترێن بەهێزم. کاتێک دەڵێیت من لە هەمووان بەهێزترم، مانایویە لە نێوان من و کەسانێکی گەورەو گرنگ لە لوبنان جیاوازییەک

هەیەو نەیانتوانی بەسەرمدا زاڵبن، بەڵام زۆرینەیان لە من بەهێزترن. ئایا من لە سەرۆک حەریری و سەرۆک نەبیه‌ بڕی بەهێزترم؟ نەخێر، من لەوان بەهێزتر نیم، بەڵکو لە زۆرێکی تریش بەهێزتر نیم، جگە لەوە کە لەپێشدا ووتم ئامادە بووم تا کۆتایی بڕۆم و ئەگەر پێویست بێت زەرەریش بکەم، بەڵام زۆرێک هەن حەز بە دۆڕان ناکەن و تەنها بەرەنگاریی دەکەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناچوونیەکەییەکان هەمیشە یارمەتیدەرم بوون بۆ بەردەوامبوون. لە ماوەی کارکردنم لەناو سوپادا، هەردوو سەرۆک هەراوی و حەریری دەیانەویست لە دەزگای هەواڵگری دوورم بخەنەوە، بەڵام عیماد لەحود پشتیوانی لێکردم و وتی: ئەمە ئەفسەرێکە لە سوپا فەرمانەکانی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکات. لە دوای گواستنەوەم بۆ ئاسایشی گشتی و لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 چەند هەوڵێک درا بۆ دوورخستنەوەم، بەڵام سەرۆک حەریری و وەزیر جونبوڵات و غاز کەنعان پشتیوانیان لێکردم، ڕۆژێکیش بوو لیوا غازی کەنعان کاریگەری لەسەر هەرسێ سەرۆک لەحود، بڕی و حەریری دروستکردبوو بۆ دوورخستنەوەم، بەڵام سەرۆک لەحودو سەید حەسەن نەسروڵڵاو وەزیر وەلید جونبوڵات پشتیوانیان لێکردم. بەمشێوەیە زۆرجار بابەتەکە پەیوەندی بە بەهێزی منەوە

نەبوو، بەو ئاستەی پەیوەندی بە ناکۆکی و کێشەکانی وڵاتەکەمانەوە هەبوو، کە کاریگەری بەردەوامی هەبوو لەسەر مانەوەی ئەم و لابردنی ئەوەیتر.

*** ئایا سەرۆک حەریری داوای لە دیمەشق کردبوو تۆ بگۆڕن بە کەسێکی تر؟**

- سەرۆک حەریری لە چەند وێستگەیەکدا حەزی دەکرد من دووربخرێمەوە، بە تایبەتی کاتێک دۆسییەکانی تایبەت بە چەند بابەتێکی سیاسی و ئیداری ئاڵۆزو گەرم دەبوون، کە پەیوەندییان بە ناکۆکی و ململانێکانی نێوان سەرۆکەکان یان بە پەیوەندی کێشەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیران هەبوو. لە دوای هەموو وێستگەیەکی کێشەئامێز دیدارێک لەگەڵ سەرۆک حەریری دروست دەبوو، تەنها دوو وشە بەس بوو بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە لە چاوەڕوانی ڕوودانی جیاوازیی لە چەند مەسەلەیەکی تری ئایندەیی. بە گشتی ئەمە بوو ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان خودی سەرۆکەکان و لایەنە جیاوازەکانی ناو گەمەی سیاسی لوبنان. ئاساییە کە هەر هێزو لایەنێک هەوڵیدا بۆ ئەوەی دیدو تێڕوانینەکانی خۆی زاڵ بکات، ئاساییە کە هەر لایەنێک هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی لایەنەکەی تر بدات. هەمیشە ئەم یارییە ڕۆژانەیە لە سیاسەتدا بوونی هەیە، زۆرجاریش من یاریزان بووم زیاتر لەوەی تەماشاکەر بم.

*** ئایا پەیوەندیت هەبوو بە ڕووداوی گەمارۆدانی سوپا لە بارەگای وەزارەتـی دارایی لە ماوەی دەسەڵاتی فوئاد سەنیورە؟**

- لە ساڵی 1992 یان ساڵی 1993 بوو سەرۆک حەریری تازە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتبوو. کێشەکە لەگەڵ جەمیل ئەلسەید نەبوو، بەڵکو کێشەکە لەگەڵ سوپادا بوو، چونکە لەو سەردەمەدا وەزیر سەنیورە چەند مامەڵەیەکی ئیداری و دارایی سوپای ڕاگرتبوو، کاتێک عەمید موسا زەهران، کە ئەفسەرێکی کارگێڕی بوو بە ناوی سوپاوە چوو بۆ ئەوەی پێداچوونەوە لە مامەڵەکاندا بکات، بە فەرماندەیی سوپا ڕاگەیەنرا، کە زەهران لەناو ئۆفیسی سکرتێری وەزیر ڕووبەڕوی سوکایەتی پێکردن کراوەتەوە، ئەوەبوو فەرماندەیی سوپا ئەفسەرێکی لەگەڵ گروپێکی سەربازیدا نارد بۆ هێنانی سکرتێری وەزر (ئافرەت بوو)، چونکە بە بەشداریکردنی ئەو سوکایەتی پێکردنە درایە قەڵەم، ئیتر لەم خاڵەدا کێشەکە گەورە بوو، هەردوو سەرۆک هەراوی و حەریری داوای دوورخستنەوەی منیان کرد، بەڵام وەڵامەکە ئەوەبوو کە فەرماندەیی سوپا فەرمان دەدات کەسێک لەناو سوپا دوور بخرێتەوە.

*** ئایا بۆ گەیشتنی سەرۆک لەحود بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ڕاپرسیتان ئەنجام نەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ڕاپرسی کرا، بەڵام من ئاماژە بۆ خاڵێک دەکەم: بۆچی عیماد لەحود ئامادە بوو تا ببێتە پاڵێوراوێکی جدی سەرۆکایەتی و تاکە ڕکابەر لە بەرامبەر سەرۆک هـەراوی؟ ئەوە بەهۆی ئەو دەستکەوت و پێشکەوتنەوە بوو، کە لە سوپادا بەدەستی هێنا. ئەم دەستکەوتە ئەوی هێنایە ناو بازنەی گەشاوە. تۆ پێم دەڵێیت چەند ڕتوشێکی دیاریکراو هەبوون، هەندێک لە سیاسییەکان و میدیاکاران بە گـەرم و گـوڕی پێشوازییان لێدەکرد. ئەمە ئاساییە، ئەگەر پرۆژەیەکی سەرکەوتوو هەبێت خۆت ڕابەرایەتی بکەیت، ئایا تۆ ڕوو لە کەسانی تر دەنێیت یان ئەوان دێن بۆلات؟ کاتی خۆی زۆرێک هاتن و کەشێک لە بەرژەوەندی (لەحود) دروستبوو. کۆمەڵێک لە لایەنە ناکۆکەکان هاتن و ڕەخنەیان لەو پێکهاتەیە دەگرت کە هەبوو، دەیانڕوانیە ئەوانەی چانسێکی باشترییان هەبوو، کە "لە نێوان پاڵێوراوە پێشبینیکراوەکان"دا باڵاترو دیارتر بوون، ئەوەش لە ئەنجامدا جـۆرە هەڵمەتێکی لێکـەوتـەوە، کـە کەسانی خۆبەخشی گرتەخۆ، بۆیە بابەتەکە پێویستی بە فەرمان و هاندان نەبوو.

*** لە ساڵی 1995دا ئایا سەرۆک حەریری سوریای ڕازی نەکرد بۆ نوێکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هـەراوی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ ڕێگرتن لە بەئەنجام گەیشتنی پرۆژەکەتان؟**

- سەرۆک حەریری دیارترین کەس بوو، کە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ مانەوەی سەرۆک هەراوی لە دەسەڵاتدا، ئەمە ڕاستە. ئەوو تیمێکی گەورە لەو سیاسییانە لە دژی دەستبەکاربوونی سەرۆکێک بوو کە لە سوپاوە بێت، پێیان خۆش نەبوو سوپا لە دەسەڵاتدا بێت.

*** وەزیر وەلید جونبوڵات یەکێک بوو لەوانە؟**

- وەزیر جونبوڵات بە درێژایی تەمەنی حەزی بە جلوبەرگی سەربازی نەکردووە. ئەو لە مێژووی خۆیدا هەستیارییەکی زۆری لە بەرامبەر هەموو شتێکی سەربازیدا هەبوو.

*** لەو قۆناغەدا هەڵوێستی سەرۆک بڕی چی بوو؟**

- لە ساڵی 1995 سەرۆک بڕی لە ئاراستەی سەرۆک لەحود نزیک بوو.

*** کەوتە کێ بوو لە ساڵی 1995دا پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆک هەراوی یەکلایی کردەوە؟ عیماد حیکمەت ئەلشەهابی و عەبدولحەلیم خەدام بوون؟**

- لەو بڕوایەدام کە ئەو قۆناغە لە نێوان ساڵانی 1994-1995 دانوستانی ئاشتی و چەندین کۆبوونەوەی لە واشنتۆن بەخۆیەوە بینی، بیرم دێت شاندێکی سەرکردایەتی سوپای لوبنان بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا کردو ئێمەش لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگرییەوە نێردراین. باڵیۆز سوهێل

شەمماس سەرۆکایەتی شاندی لوبنانی دەکرد. پێموایە شاندێکی سوریاش بە سەرۆکایەتی حیکمەت ئەلشەهابی بەشداری لە دانوستانەکاندا کرد. هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەو بارودۆخە کەشێکی بەرهەمهێنا، کە ئێمە لە قۆناغی دانوستانداین و باشتر وایە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک هەراوی درێژ بکرێتەوە. پاساوەکە هەرێمیی بوو زیاتر لەوەی پاساوێکی نێوخۆیی بێت.

*** بەڵام دەکرێت بووترێت کە سەرۆک حەریری لە ساڵی 1995دا (عیماد لەحود)ی لە سەرۆکایەتی بێبەری کرد؟**

- ناتوانین ئەوە بڵێین کە لە ساڵی 1995 ئەوی لە پۆستی سەرۆکایەتی بێبەری کردووە. سەرۆک حەریری حەزی دەکرد سەرۆک ئەلهراوی بمێنێتەوە، پاشان بارودۆخی دانوستانە هەرێمییەکان دەستی پێکرد تاوەکو خزمەتی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بکات وەک قۆناغێکی ئینتیقالی.

*** لە ساڵی 1998دا بارودۆخەکە گۆڕا؟**

- هیچ کەش و دۆخێکی هەرێمی یان نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی نەبوو ڕێگە لە گەیشتنی لەحود بۆ سەرۆکایەتی لوبنان بگرێت.

*** ئایا سەرۆک حەریری لە ساڵی 1998دا هەوڵیدا تا نەهێڵێت لەحود بگاتە پۆستی سەرۆکایەتی؟**

– هەوڵدانێکی تازە هەبوو بۆ درێژکردنەوە ماوەی سەرۆک ئەلهراوی.

*** پاڵێوراوی بەدیل کێ بوو، جان عوبێد بوو؟**

– بژاردەی یەکەم بریتیبوو لە مانەوەی سەرۆک ئەلهراوی، پاڵێوراوی دووەمیش وەزیر جان عەبێد و هەندێکی تر بوون، گفتوگۆش لەسەر چەندین ناوی تریش کرا، بەڵام دیارترین پاڵێوراو جگە لە سەرۆک ئەلهراوی و عیماد لەحود هەمیشە جان عوبێد بوو وەک تاکە پاڵێوراو، کە لە دوای ئەوانەوە زۆرترین چانسی هەبوو.

*** ئایا بەشار ئەسەد لە ساڵی 1998دا کێشەکەی لە بەرژەوەندی عیماد لەحود یەکلایی کردەوە؟**

– بەشار ئەسەد لەو سەردەمەدا سەرۆک نەبوو، بەڵکو باوکی خوا لێی خۆشبێت سەرۆک بوو. لە ساڵی 1998دا کەس لە توانایدا نەبوو بەرگری لە درێژکردنەوە بکات، چونکە قەبارەی کێشەو گرفتی ناوخۆ گەورە بوو تا ئەو ئەندازەیەی کە سەرۆک حافز ئەسەد پێیوابوو دۆخی لوبنان بووەتە بارگرانیەکی کەڵەکەبووی زۆر لەسەر سوریا. پەیوەندی لەگەڵ سوریا بووە سەقفێکی ستراتیژی، بەڵام ئایا کۆڵەکەکانی ئەم سەقفە چییە؟ دۆخی ناوەوەی لوبنان ئەو کۆڵەکانە بوو، کە ئەو سەقفەی هەڵگرتبوو. لە نێوان ساڵانی 1990 و 1998 باری ناوخۆیی لوبنان نەیتوانی دەوڵەتی

دامەزراوەیی پێکبێنێت، بەڵکو لەسەر لێواری هەرەسهێنان بوو، بە هەرەسهێنانیشی ئەو سەقفە ستراتیژییە لەگەڵیدا هەرەسی دەهێنا. سەرۆک ئەسەد لە ساڵی 1998دا لەو بڕوایەدا بوو کۆڵەکەکانی ناوخۆیی لوبنان شلوشاو بوو تا ئەندازەیەک ببووە هەڕەشە لەسەر سەقفی ستراتیژی لە لوبنان. لەبەر ئەوە لە ڕێگەی بەرکەوتەی سەرۆکایەتی ئەو ساڵەوە، بینی کە دەرفەتەکە هاتووە بۆ گۆڕان و دووبارە جێگیرکردنی کۆڵەکەکانی سەقفی ستراتیژی لوبنان، بۆیە لەپێشی عیماد لەحود لەسەر بنەمای کارو دەستکەوتەکانی بوو لەناو سوپادا، کە لەو کاتەدا ببووە جێگەی ڕەزامەندی لوبنانییەکان، بۆیە ئەو لە کەسانیتر زیاتر دەرفەتی بوون بە سەرۆکی هەبوو.

*** ئایا سەرۆک لەحود لەپێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 1998 پێشوازی لە سەرۆک ئەسەد کرد؟**

- نەخێر لەو کاتەدا هێشتا فەرماندەی سوپای لوبنان بوو؟

*** ئایا چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکرد؟**

- لەو سەردەمەدا دەوترا کە کۆبوونەوەیەکی نهێنی سەبارەت بەم بابەتە کراوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کاتێک سەرۆک لەحود سەردانی شامی کرد، بەپێی بانگهێشتنامەیەکی فەرمی ئەرکانی سوپا سەردانی کردووە.

هەمیشە کاتێک لە شام بوایا سەرۆک ئەسەد بانگی دەکرد، هەروەک چۆن بۆ نموونە ئەوەتا ئەمڕۆش لەگەڵ عیماد میشال سلێمان دەیکەن. یەکێک لە شتە جێگیرەکانی سوریا ئەوەیە کە لە بابەتە پرۆتۆکۆلییەکاندا خاوەنی چست و چالاکییەکی تایبەتین، ئەمە بابەتێکی ناسراوە سەبارەت بەوان.

*** کاتێک بۆ یەکەمجار چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد لە ساڵی 1993 – 1994 بوو، ئەو کاتەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد؟**

– من ئەوە دەزانم کە ئێمە لە سەردانێکی فەرمی بۆ سوریا هاوڕێی سەرۆک لەحود بووین، لەو سەردانەدا بوو کە چاوی بە سەرۆک ئەسەد کەوت. بەڵام چاوپێکەوتنی گەورە لێپرسراوانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات نەریت و تەقلیدێکی سوریە، بۆیە دیدارو چاوپێکەوتنەکان سەرۆک لەحودو هەموو سەرکردەکانی سوپای گرتەوە، کە سەردانی سوریایان کردبوو.

*** ئەی عیماد عۆن؟**

– بەڵێ ئەویش بە فەرمی سەردانی سوریای کردو لەلایەن دەستەی ئەرکان و سەرۆکەکەیەوە پێشوازی لێکرا.

*** واتا کاتێک کە فەرماندەی سوپا بوو؟**

– بەڵێ ئەو کاتەی کە فەرماندەی سوپا بوو.

*** ئایا لەو کاتەدا سەرۆک ئەسەد چاوی پێکەوت ؟**

– بیرم نایات ئایا ئەو کاتە چاوی پێکەوت یان نا، بەڵام بە سەردانێکی فەڕمی چووین منیشی لەگەڵدا بووم. من لەو کاتەدا سەرۆکی لقی هەواڵگری بیقاع بووم.

*** دەربارەی ئەو هەوڵی تیرۆرکردنەی لە دەیەی هەشتاکان لە بیقاع ڕوبەڕوی بوونەوە چی دەڵێیت؟**

– ئەوە لە ساڵی 1987 بوو، ئەو کاتەی من سەرۆکی لقی هەواڵگری ناوچەی بیقاع بووم.

*** ئایا ڕاستە هەوڵی تیرۆرکرنت لەلایەن کۆمەڵێکی پەیوەندیدار بە "حزبولڵا"وە بوو؟**

– بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیەی کاتی خۆی بڵاوبۆوە، بابەتەکە هیچ پەیوەندی بە حزبولڵاوە نەبوو، بەڵکو کارێکی تۆڵەسەندنەوەی نێوخۆیی بوو. کێشەکە لە ساڵی 1983دا لەگەڵ شێخ سوبحی ئەلتوفەیلی، کە خەڵکی بیقاع بوو دەستیپێکرد. لەو ماوەیەدا عەمید ئیبراهیم شاهین فەرماندەی لیوا بوو منیش ئەفسەرێکی ئاسایش بووم، عیماد ئیبراهیم تەننوس لە بەیروت فەرماندەی سوپا بوو. ئەوێ ڕۆژێ هەروەک لەبیرمە ڕووداوێکی گەورە لە ئەنجامی بۆردومانکردنی بەری باشوری ناوچەی گالیڕی سەمعان لە بەرامبەر سوپای لوبنان ڕوویدا، کە دواتر بووە هۆی لەسەرکارلابردنی عیمان ئیبراهیم تەننوس.

ئەو بۆردومانکردنە، کە بەری باشوری کردە ئامانج وێرانکارییەکی گەورەی دروستکردو قوربانی لێکەوتەوە، ئەوەش لە ئەنجامدا کاردانەوەی لە بیقاع لێکەوتەوە، بەو پێیەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە شیعەکانی باشورو شیعەکانی بیقاع پێکهاتبوون. ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی سەربازگەی "شێخ عەبدوڵڵا"ی سوپای لوبنان لە بەعلەبەک بکەوێتە دەست ئەو چەکدارانەی لەلایەن شێخ سوبحی ئەلتوفەیلی سەرکردایەتی دەکران. بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتیمان لە ئەبلەح و ڕیاق بوو، ئیبراهیم شاهین لەوە ئاگادارکرایەوە، کە ناوچەی بەعلەبەک لە سوپای لوبنان قەدەغەیە. عەمید ئیبراهیم شاهین پرۆگرامی ڕاهێنان و نیشانگرتنی بە زرێپۆش و تانکەکان هەبوو لە گۆڕەپانی (الطيبە)ی نزیک لە سەربازگەی بەعلەبەک. لەوێ جەماعەتی سوبحی ئەلتوفەیلی زانییان، کە سوپای لوبنان دێتە ناوچەکە بۆ مەشق و ڕاهێنان، بۆیە هەواڵیان دایە عەمید ئیبراهیم شاهین کە نەچێت بۆ ڕاهێنان و نیشان شکێنی، پێیان وتبوو "ئەگەر بێیت کێشە ڕوودەدات". عەمید شاهین کەسێکی کەللەڕەق بوو، عەسکەریەکی ئازاو بوێر بوو، بۆیە سوربوو لەسەر ئەوەی بچێت. کاروانە سەربازییەکەی برد بۆ گۆڕەپانی نیشان شکێنی و خۆیشی لەگەڵیان ڕۆیشت. من لەو کاتەدا سەرپەرشتی خولێکی فێرکردنی تاکتیکیم

دەکرد لە بەیروت. ئەوان بۆسەیەکیان لە نزیک دووڕیانی بریتال لە بەعلەبەک دانابوو، کەشوهەوا هەورو باراناوی بوو، لەو بۆسەیەدا (6) سەربازو ئەفسەرێک کوژران و ئیبراهیم شاهین بریندار بوو، چەند فیشەکێک دابووی لەسەر سنگی، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن لە مردن ڕزگاری بوو، ژمارەیەکیش لە چەکدارەکان کوژران. ئەو ڕووداوە ناکۆکی نێوان سوپای لوبنان و جەماعەتی شێخ سوبحی ئەلتوفەیلی قوولتر کرد، بە دوایدا لە چەند هەوڵێکدا وەک تۆڵەسەندنەوە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی بنکەی هێزە ئاسمانییەکان لە ئەبلەح تیرۆرکران، لەوانە سلێمان مەزلوم و میشال زیادەو ئەمیل حەنناو ژمارەیەکی تریش.

لە سەرەتادا ئیبراهیم شاهین، کە کەسێکی شیعە مەزهەب بوو کرایە ئامانج، دوای ئەویش چەند کەسێکی مەسیحی کرانە ئامانج. ئامانجەکە بریتیبوو لە کێشە خستنە ناو سەربازگەکان و پەرتەوازەکردنیان لە ڕووی تائیفییەوە. من ئەو کاتە بەڕێوەبەری هەواڵگری بیقاع بووم و هاوکات لەگەڵ درێژەکێشانی شەپۆلی تیرۆرکردنەکان، بەڵام لەسەر سیاسەتی خۆڕاگری و دانبەخۆداگرتن سوربووین، لە پاش دوایین تیرۆرکردن کە ڕوبەڕوی عەمیدی شەهید (میشال زیادە) بۆوە، سەرکردایەتی سوپا ئاگاداری کردین، کە سەربازە مەسیحییەکان بگوزرێنەوە بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی بەیروت. من لەو ڕۆژەدا ڕاپۆرتێکم

بۆ فەرماندەی سوپا عیماد میشێل عۆن ئامادە کردو تیایدا باسی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو بروسکەیەم کرد، کە ببوە هۆی کۆچکردنی مەدەنیە مەسیحییەکان لەو ناوچەیە، کە ژمارەیان دەیان هەزار کەس بوو. ئەوەی لەو ر}اپۆرتەدا وتوومە، کە هێشتا وێنەیەکم لەلای خۆم پاراستووە، ئەوەیە کە چەکدارەکان ئەگەر لە خۆڕاگری و پشوودرێژیمان بێزار ببن ڕوودەکەنە تیرۆرکردنی ئەفسەرە موسوڵمانەکان. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا کە هێشتا وێنەیەکیم لەلای خۆم پاراستووە نوسیومە، ئەگەر بێتو چەکدارەکان لە خۆڕاگریمان بێزار ببن ڕوودەکەن تیرۆرکردنی ئەفسەرە موسوڵمانەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا پێشبینی خۆمم نوسیوە کە من دەبمە ئامانجی یەکەمیان.

عیماد عۆن لە دوای وەرگرتنی ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراو فەرمانی بە سەرکردایەتی سوپا کرد تاکو ئەفسەرو سەربازە مەسیحییەکان لە ناوچەکەدا بهێڵنەوە. لە دوای (3) مانگ لە نوسینی ئەو ڕاپۆرتە من یەکەمین کەس بووم هەوڵی تیرۆرکرنم درا، ئەوەبوو خوالێخۆشبوو ڕەقیب ئەحمەد ئەلعەربونی و پاسەوانەکەم لە تەنیشتمەوە کوژران و سامی سەید ئەحمەد، کە کەسێکی مەدەنی بوو لەگەڵم ئەویش بریندار بوو، بەڵام من بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا.

مـانـەوەم بـە زیـنـدوویـی ڕێـگـەی بـۆم خۆشکرد تاوەکو ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە بدۆزمەوە، بەڵام لە دواییدا بڕیاری لێبوردن دەرچوو دۆسیەکە داخرا.

*** ئایا مامەڵەت لەگەڵ دۆسیەی عیماد عۆن و مانەوەی لە دەرەوە هەبوو؟**

– نەخێر، هیچ کەسێک ڕاینەسپاردم بە بابەتی عیماد عۆن لە دەرەوە، لە دوای گەڕانەوەشی بۆ لوبنان دەرفەت نەبوو تاکو پەیوەندیمان هەبێت. من لەژێر فەرمانی ئەو وەک فەرماندەی سوپا خزمەتم کردووەو لەو کاتەوە چاک دەمناسێت و کاتێک لە دەرەوە بوو ڕێزی لێناوم و سەرسام بووە بەو شێوازەی کە من ئاسایشی گشتی پێی بەڕێوە دەبەم وەکو دامەزراوەیەکی ڕێکخراوو نوێ و پاک و بێگەرد. جگە لەمە هەندێک لە فەرماندەکانی هاوڕێی خەبات بوون.

*** کاتێک گەڕایەوە بەخێرهاتنت لێکرد؟**

– سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەم ئەو لە بارودۆخێکی تایبەتیدا گـەڕایـەوە بۆ لوبنان، لەبەر ئـەوە نەچووم بۆ بەخێرهێنانەوەو پیرۆزبایی لێکردنی بۆ ئەوەی بە دیویێکی تردا لێک نەدرێتەوە وەک هەوڵدان بۆ خۆلێنزیککردنەوە.

*** ئایا تۆ بەشدار بوویت لە ڕووداوەکانی 7ی ئابی ساڵی 2002 کە تیایدا توندوتیژی بەرامبەر خوێندکاران کرا ، ئایا بەشدار بوویت لە بڕیاری داخستنی کەناڵی (ئێم تیڤی)؟**

- لەپێچ 7ی ئاب لوبنان زنجیرەیەک خۆپیشاندانی خوێندکاریی بەخۆیەوە بینی، خۆپیشاندانیان لە دژی سوریاو دەسەڵاتی لوبنان کرد. بەشێک لەو خۆپیشاندانانە بۆ جاری یەکەم بوو ئاراستەی بەرەو ناوەندە سورییەکان لە لوبنان وەرگرت. هەموو جارێک کە ئەوە ڕوویدەدا "ئێمە دەستمان بە دڵمانەوە دەگرت" لە ترسی ئەوەی نەبادا کەسێک دەستێوەردان لەو خۆپیشاندانانەدا بکات و تەقە بکات و ببێتە هۆی ڕوودانی قەسابخانەیەک. ڕووداوێکی لەو جۆرە دەرئەنجامێکی وای لێدەکەوتەوە، کە کەس ئاستەکەی نەدەزانی. هەموو جارێک کە بانگەشە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک دەکرا ئەنجومەنی ئاسایشی ناوەندی لە وەزارەتی ناوخۆ کۆدەبوونەوە، لەو کاتەدا (میشێل ئەلموڕ) وەزیری ناوخۆ بوو. کۆبوونەوە بە بەشداری نوێنەرانی سوپاو ئاسایشی گشتی و ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی ناوخۆ ئەنجامدەدرا، جگە لە داواکاری گشتی تێهەڵچوونەوە بە مەبەستی ڕاوێژپێکردنی دادوەری و پارێزگاری بەیروت، چونکە زۆربەی خۆپیشاندانەکان لە چوارچێوەی پارێزگادا ڕوویاندەدا، هەندێک جاریش بەرگری شارستانی ئەگەر پێویست بوایا بەشداری کۆبوونەوەکەی دەکرد. هەر جارێک کە خۆپیشاندان ڕوویدەداو پێشبینی بکرایا ڕوبەڕوبوونەوە دەبێت، ئەنجومەنی ئاسایشی ناوەندی کۆدەبۆوهو لە

کۆبوونەوەکەدا ئەرکەکان دابەشدەکرا. هەمیشە سوپا بازنە دوورەکەی وەردەگرت، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش بە جلوبەرگە سەربازییەکەیەوە بازنە نزیکەکەی وەردەگرت، ئاسایش بە جلوبەرگی مەدەنیەوە لە ناو خۆپیشاندەراندا ئامادەییان هەبوو. هێزە ئەمنییەکان لە نێوان خۆپیشاندەراندا ئەنجامدانی ئەرکی هەمیشەییان بریتیبوو لە چاودێریکردن و کەڵکوەرگرتن، بە تایبەتی ئەگەر تێبینی هەبوونی چەک لە دەستی خۆپیشاندەراندا بکرایا، ئەمەش چەند ڕێنماییەکە لە هەموو خۆپیشاندانێکدا هەیە.

*** ئەوە بابەتێکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو لە کاتی بانگەشەکردن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان دەگیرێتەبەر، لەوانەش دیاریکردنی شوێنەکانی ڕێڕۆیشتن و گردبوونەوەی خۆپیشاندەران.**

- کاتێک لەناو سوپادا بووم لەپێشدا کورتەیەکمان هەبوو لەسەر بنەمای ئەزموونێکی دژوار، کە لە کەناری باشوری بەیروت لە ساڵی 1993 ڕوویدا، کاتێک حزبوڵڵا خۆپیشاندانێکی گەورەی ڕێکخست. لەو کاتەدا لە شەقامێکی لاوەکی ئەو ناوچەیە تەقە لە کاروانێکی سوپا کرا، بەڵام تەقەکان بە ئاسماندا کران. خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی (الغبیری) گردببوونەوە و لە دەنگی ئەو تەقانە ترسان، کە لە پشتەوە ڕوویدا بۆیە بە ئاراستەی پردجی فڕۆکەخانە

ڕایانکرد. هێزێک لەسەر پردی فرۆکەخانە هەبوو ئەفسەرێک سەرۆکایەتی دەکرد، ئەوانیش گوێیان لە دەنگی تەقەکان بوو خەڵکەکەیان بینی کە بەرەوڕووی ئەوان ڕایاندەکرد، چونکە پێیانوابوو تەقەکان لەلایەن ئەوانەوە کراوە، بۆیە کاردانەوەیان نیشانداو (14) کەس کوژراون و (70)ی تریش بریندار بوون و لە ئەنجامی هەڵە لێکدانەوەیەکدا قەسابخانەیەک ڕوویدا. هیچ فەرمانێک نەبوو بۆ تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، بەڵام هەڵە لێکدانەوە لەسەر زەوی بوونی هەبوو.

ئێمە دۆسیەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەو ڕووداوە کردەوەو گەیشتینە چەند دەرەنجامێک، یەکێک لە دەرئەنجامەکان ئەوە بوو، کە پێویستە لە هەموو خۆپیشاندانێکدا هێزە ئەمنییەکان هەواڵدەری خۆیان لەناو خۆپیشاندەران هەبێت بۆ ئەوەی چی لەناو خۆپیشاندەراندا دەگوزەرێت بیگەیەنن و تووشی سوپرایز نەبن تاکو نەبێتە هۆی بەریەککەوتن و تەقەکردن. لەناو خۆپیشاندانەکانی کەنار بەیروت هەواڵدەرمان هەبوو، کە لە ڕووداوەکانی ناو خۆپیشاندان ئاگاداریيان دەکردین و پێیان ڕادەگەیاندین کە خۆپیشاندەران لە تەقەکردن دەترسێن، بەڵام ئەو گروپانەی ئاسایش چەکدار نەبوون. ئەو کورتەیە سەبارەت بە ئەزموونی تاڵ هانیداین بۆ ئەوەی بنەمایەکی گشتی لەسەر

هەموو خۆپیشاندانەکان وەربگرین، ئـەوەش لە ڕێگەی بوونی کەسانێکی نەناسراو لە نێوانیاندا بۆ ئـەوەی چی دەگوزەرێت ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە، کـە نـاوەنـدی ئۆپەراسیۆنەکانیش لـە ڕێـگـەی خۆیانەوە وێنەکەیان دەگواستەوە بۆ لێپرسراوانی ئاسایش، کە لەسەر زەوی بوونیان هەبوو. کاتێک خۆپیشاندانی 7ی ئاب لە ناوچەی (المتحف) ڕاگەیەنرا، پێشبینییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نـاوەنـدی ئـەوە بـوو کە بـەشـداربوان نزیکەی (10) هـەزار خۆپیشاندەر دەبـن، کاتێک دەشڵێیت (10) هەزار خۆپیشاندەر ئەوە مانایوایە، کە پێویستە لە نێوان (50) بۆ (100) ئاسایش بە جلوبەرگی مەدەنیەوە لەناو خۆپیشاندەراندا دابنرێن. سەرەتا داواکرا سوپا پشتێنەیەکی ئەمنی لە دوورەوە بسەپێنێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکە، ئەوەش جۆرێک بوو لە کۆت و بەندی دوورمەودا، بە مەرجێک هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بتوانن لە تەنیشت خۆپیشاندانەکەدا پشتێنەیەکی ئەمنی دروست بکەن، بەو پێیە یەکێک لە دەزگا ئەمنییەکان کە ناوی ئەو دەزگایە نابەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە ئاسایشی گشتی نەبوو، منیش لە قسەکانی خۆم بەرپرسیارم وەک تۆمەتبارکردن ئەمە ناڵێم چونکە لەناو خۆپیشاندانەکەدا هەبوون، بەڵکو ئەوە ئەرکی خۆیانە.

*** ئەوان بۆ کاک دەزگا کارییان دەکرد؟**

– یەکێک لە ئەدەبیاتی دەزگا ئەمنییەکان ئەوەیە کە ئێمە ناوی کەس نابەین، بەڵام دەڵێم ئەوان سەر بە دەزگای ئاسایشی گشتی نەبوون، بەڵام ئەمە پێچەوانەی ئەوە نییە کە من بەشدار بووم لەو کۆبوونەوەیەدا کە تیایدا پلانی چارەسەرکردنی خۆپیشاندانەکە دارێژرا. لەو ڕوانگەیەوە کە من ئەندامم لە ئەنجومەنی ئاسایشی ناوەندی و بەو پێیە پلانەکە بە ڕەزامەندی هەمووان دارێژرا بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی ماوەدرێژ لەلایەن سوپاوە بۆ کەمکردنەوەی پشارەکان "سنوردارکردنی بەشداریکردن لە خۆپیشاندان"، هەروەها سەپاندنی پشتێنەیەکی نزیک مەودا لە ئاسایشی ناوخۆو و دانانی کۆمەڵێک لە هەواڵدەران لەلایەن یەکێک لە دەزگاکانەوە بۆ چاودێریکردن و سودوەرگرتن لەوەی لەناو خۆپیشاندانەکەدا دەگوزەرێت. لەبەر ئەوەی ئەو کۆتە دوورمەودایانە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بگاتە ناوەندی کۆبوونەوەی (10) هەزار خۆپیشاندەر تەنها (200) خۆپیشاندەر گەیشتن. ئایا ئێمە چەند هەواڵدەرمان لەناوییاندا هەبوو؟ نزیکەی (100) کەس بوون، واتا نیوەی خۆپیشاندەران. لێدان بە سۆندەو ڕشاندن بە ئاو کارێکی باوە لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکان، بەڵام هیچ سیمایەکی باو نییە بەوەی کەسانێک ببینیت بە جلوبەگی مەدەنیەوە لە کەسانێک بدرێت

کە جلوبەرکی دەدەنییان لەبەردایە. ئەمە دیمەنە ناشیرین و قێزەونەکە بوو. ئەو هەڵخلیسکانەی کە ڕوویدا ئەوەبوو کە هەواڵدەرەکان لە ڕووی ژمارەوە خۆیان یەکسان بینی لە بەرامبەر خۆپیشاندەراندا و بڕیارییاندا بەرەنگارییان ببنەوە لەپێش گەیشتن بە هێزەکانی ئاسایش.

*** کەواتا هیچ بڕیارێک نەبوو بۆ لێدانی خۆپیشاندەران؟**

– لە دواییدا لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن سەرکردایەتی سوپاوە کرایەوە. هیچ بڕیارێک نەبوو بۆ لێدانی خۆپیشاندەرە مەدەنییەکان. ئەوە بڕیارێکی گەمژانە بوو، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بیدات. ئەگەر لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دووبار بکرێتەوە ئەوا بە تەواوەتی دەردەکەوێت کە هیچ فەرمانێک بۆ لێدانی خەڵک لە خۆپیشاندانەکاندا بوونی نەبوو. بەڵام لەو ساتە سیاسییەدا کە ڕووداوەکە ڕوودەدات کەسی نەیار جگە لەم هەڵەیە پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە بۆ ئەوەی لە دژی دەسەڵات بەکاربهێنرێت. ئایا ئەمە گەمە هەمیشەییەکە نییە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن؟ ئەوان وێنەی ئەو کچەیان دانابوو کە لەلایەن هاوڕێکەیەوە پارێزگاری لێدەکرێت و ئاسایشەکان لە دەستی دەسێنن و تێر لێیدەدەن و کردییانە هەڵایەکی گەورە. بەڵام ئەگەر ئەو کچ و کوڕە گەنجە بگەیشتنایا دەستی هێزە نیزامییەکانی ئاسایش، کە بە زرێپۆش و

دارەکانی دەستییان وەستابوون، ئەگەر لەلایەن ئەو هێزە نیزامییانەوە لێیان بدرایا ئەوا نەدەبووە هۆی دروستبوونی کێشە، چونکە ئەوە لە خۆپیشاندانەکاندا ڕوودەدات لەو کاتانەدا کە ڕوبەڕوبوونەوە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایش ڕوودەدات. لە 7ی ئابی ساڵی 2002دا پیلانێک نەبوو، بەڵام بڕیارێکی جددی هەبوو بە وەستاندنی تێکچوونێکی دیاریکراوی بارودۆخەکە لەسەر زەوی. هەموو ڕۆژێک خۆپیشاندانێک ڕوویدەداو بۆی هەبوو هەڵخلیسکێت و سوپرایزێک دروستبکات، کاتێک پیاوێکی ئاسایش و خۆپیشاندەرێک هەبن ئەوا سوپرایز دەبێتە سێیەمیان. هەندێکجار دەڵێین پشت بە خوا سوپرایزێکی تراژیدی ڕوونادات و دۆخەکە بە ئاشتی تێدەپەڕێت.

*** ئەی دەربارەی بڕیاری داخستنی کەناڵی (Mtv) چی؟**

– ئەم بڕیارە لەسەر ئاستی حکومی بوو نەک لەسەر ئاستێکی ئەمنی. جومگەکانی دەوڵەت بە کۆی گشتی کێشەیان لەگەڵ ئەم کەناڵ یان ئەو کەناڵ هەیە. زۆرێک لە لێپرسراوانی دەوڵەت لەگەڵ کەناڵەکان و ڕۆژنامەکاندا لەیەکتری تێنەدەگەیشتن. هەریەکە لە (NEW Tv) یان (LBC) یان (Mtv) زۆر کات بە هەموو ئاراستەکاندا کێشەیان هەبووو. بە ڕاشکاوی لە لوبنان هەروەک سەرۆک

(سەلیم الحص) وتی: ئازادییەکی زۆرو دیموکراتیەکی کەم هەیە، بەم پێیەش هەندێک جار ڕێگەپێدانێکی بێسنور هەیە. ئەوەی لە لوبنان ڕوودەدات کاتێک کە باسی میدیا دەکەین، بەشێکی زۆری هەیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە نییە.

*** ئەوە لە سەردەمی حکومەتەکەی (حەریری)دا بوو؟**

- بەڵێ لەو کاتەدا بە هەموو ئاستەکاندا هێرشیان دەکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نیمچە کۆدەنگیەک لەناو دەسەڵاتدا دروستبوو بۆ گرتنەبەری ڕێکارێک لە دژی کەناڵەکە. ئەوە حکومەتی دوای ساڵی 2000 بوو، کە لەلایەک سەرۆک لەحودی تیادا بوو لە لایەکیش سەرۆک حەریری. ئەگەر ئەم لایەنە بڵێت ڕەشە لایەنەکەی تر وەڵامی دەدایەوە دەیگوت ڕەنگی سپیە، بە پێچەوانەشەوە، بە تایبەتی جیاوازییە دیارەکان لە بۆتەی یەک دەسەڵاتدا. کێ بەم جیاوازییانە خۆشحاڵ دەبێت؟ ئەوانە پێی پێخۆشحاڵ دەبن کە ناکۆکی لەنێوان هەردوولا دروستدەکەن، واتا کەڵک لەم لایەنە وەردەگرێت بۆ لێدانی لایەکەی ترو بە پێچەوانەوە. ئەمەیە لوبنان: پڕی ناچوونیەکی و کێشە، نەک دەرچەو ئۆپشنەکان، کە دەربازت دەکات. لە ساتێکی دیاریکراودا کەناڵی (Mtv) سنورێکی دیاریکراوی بەزاند، بۆیە بابەتەکە لە ئەنجومەنی وەزیران وروژێنراو زۆرینە لەگەڵ ڕاگرتنی کەناڵەکەدا بوون.

*** ئایا تۆ لەم بابەتەدا هیچ پێشنیارو دەستوەردانت نەبوو؟**

– ئەمە بابەتێکە پێویستی بە دامودەزگاکان نییە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەرکی ئاسایشی گشتی، واتا بەدواداچوونی سیاسی و ئابوری و میدیایی و شتی تردا، لەوانەیە دانیشتن و قسەکردن لە نێوان من و میدیاکارەکان یان لێپرسراوانی کەناڵەکان و ڕۆژنامەکاندا دروست ببێت، بۆیە ڕۆژانە ئێمە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا پەیوەندیمان هەیەو کارلێک دەکەین. لە ڕاستیدا من زیاتر لە جارێک لەگەڵ لێپرسراوانی کەناڵەکەدا کۆبوونەوەم کردووە و ئاخاوتنم لەگەڵیاندا کردووە سەبارەت بەو زیادەڕۆییانەی کە ڕوودەدات. ئەوان بەڵێنیاندا بە هاوسەنگی کاربکەن و دوایی خۆیان لادەدا. ئەگەر ئەوان گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانم بگرتبایا نەدەگەیشتنە ئاستی ڕوبەڕوبوونەوەی سیاسی – دادوەری لەگەڵ حکومەتدا، تا کار گەیشتە داخستنی کەناڵەکە.

*** ئایا تۆ فشارت لەسەر کەناڵی (LBC) هەبوو؟**

– وشەی فشار بە مانای توندی نواندن نەخێر، وەک هەمیشە تۆ لە هەوڵی ئەوەدایت کاریگەریت لەسەرییان هەبێت و پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکەیت، لە کاتە ناسکەکاندا هەوڵدەدەیت بارودۆخەکەیان بۆ ڕوونبکەیتەوە، هەندێکجار زۆربەی کەناڵەکان بە دەنگەوە دێن. ئەرکت

ئەوەیە کە هەمیشە بیرییان بێنیتەوە تا هاوسەنگ بن لە کاتێکدا کە دۆخی وڵاتەکە هەستیارەو بەرگەی هەڵکشان و زێدەڕۆیی سیاسی و تائیفیی ناگرێت، بۆچی؟ چونکە میدیاو ئاسایش دوو ئامرازی پێویستی یەکترین، کاتێک میدیا زیادەڕۆیی دەکات لە هاندان ئەو کاتە باجی ئاسایش بەرزتر دەبێت. تەلەفیزیۆن چەکێکە ئەگەر میدیایەکی بەرپرس نەبێت دەتوانێت تەقە لە هەموو ماڵێک بکات. تەلەفیزیۆن چەکێکی ئەخلاقی – سیاسی – تائیفی – زانستی و هەتاد...یە، کاتێک بە خراپی بەکاردەهێنرێت زیان دەنێتەوە. سەیر بکە ئاسایش چارەسەری دۆخێک دەکات لە کاتێکدا ڕاگەیاندن بەنزین بەسەر ئاگرەکەدا دەکات، ئەو کاتە ئەنجامەکەی چی دەبێت؟

لە ڕاستیدا، لەم ڕوانگەیەوە زۆرکات ئێمە کۆمەکی هۆیەکانی ڕاگەیاندنمان کردووە لە نێوانیشیاندا کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە سیاسەتی کەناڵەکانمان بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو، کە بارێکی قورس نەخەنە سەرشانمان لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە جۆراوجۆرەکاندا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مەرامە مەیدانییەکانەوە هەیە.

*** ئایا لە لێکۆڵینەوەی تیرۆرکردنی (ئیلی حبیقە)دا هیچ سەرەداوێکتان بۆ دەرکەوت؟**

– به ڕاستی بڵێم، دۆسیەکە نەخرایە بەردەستی ئێمە. لێکۆڵینەوەکە لە دەستی سوپاو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا قەتیس ببوو. لە کاتی شیکردنەوەدا دەتوانیت چەند گریمانەیەک دابنێیت، بەڵام من قسە لە بارەی گریمانەکانەوە ناکەم.

*** تۆ بەوە تۆمەتباریت کە بۆ بەرژەوەندی سیاسی دەسەڵاتی دادوەریت بەرمەجە کردووە، عەزووم کەوتبووە ژێر کاریگەریت؟**

–وەزیر عەدنان عەزووم ئێستا دەژی، هەموو دادوەرەکانی لوبنان زیندوون و لێرەن. ئێستا من لە دەسەڵاتدا نیم، بەڵام تەنانەت لەو دۆسیانەدا کە لەپێش ساڵی 2000 کرانەوە دەتوانیت پرسیار لە سەرۆک عەزووم یان هەر دادوەرێک بکەیت: جەمیل ئەلسەید ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لە گەمەی دەسەڵاتی دادوەری وەرنەداوە. چۆن دەتوانم ئەوە لەگەڵ دادوەریدا بکەم کاتێک ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەم لەلایەن منەوە دەستێوەردان بکات. بە شێوەیەکی دامەزراوەیی قسە دەکەم و دەڵێم: ئەگەر من ڕێگە لە کەسێک بگرم لە ڕێگەی منەوە دەستێوەردان بکات ئەی چۆن من دەستێوەردان لە دامودەزگای غەیری خۆم دەکەم؟ مامەڵەکردن لەگەڵ عەدنان عەزووم وەک داواکاری گشتی بۆ تێهەڵچوونەوە ئەوەیە کە ئەو لایەنە یاساییەی ئاگای لێمانە داواکاری

گشتی بۆ تێهەڵچوونەوەیە. داواکاری گشتی تێهەڵچوونەوە ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ناوەندی دەبێت، کە لە ڕووی یاساییەوە سەرۆکمانە، بەم پێیەش ئەم پەیوەندییە لەسەر ئاستی کەسیی و پیشەیی زۆر بە توندی بوونی هەیە. عەدنان عەزووم مامەڵەی لەگەڵ هەواڵگری سوپاو ئاسایشی ناوخۆو ئاسایشی گشتیدا، بەڵام ناکرێت بوترێت کە ئەو بۆ بەرژەوەندی ئێمە کاریکردووە. ئاشکرایە کە عەزووم کەسێکی کەللەڕەق و دەمارگیرە، بەڵام ئەو مەرجەعی یاسایی دامودەزگا ئەمنییەکان بوو. پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەودا تاوان نییە، چونکە عەدنان عەزووم لە ڕووی پلەبەندییەوە لە ئێمە باڵاترە، بۆیە دەکرێت لە بابەتێک لە بابەتەکاندا پرسی پێ بکرێت.

ئەمە سەبارەت بە سیاسەت و کۆسیستمی دامودەزگامان، بەڵام لە بواری ئاسایشی مەیدانی و ڕووداوەکاندا، هەروەک دەزانیت ئاسایش دوکانێک نییە بە ئارەزووی خۆت بیکەیتەوە، ئاسایش پێش هەر شتێک پارێزبەندییە، هەمیشە ئەم پارێزبەندییە لەو دەقە یاسایی و ستراکچەرە ئەمنی و سیاسییەوە وەردەگیرێت کە لێوەی سەرچاوە دەگرێت. پرسیارە ئاسانەکە ئەمەیە: ئایا دەکرێت ئامادە بێت بۆ ئەوەی بەبێ پارێزبەندی دەروازەیەکی ئاسایشیی بکاتەوە؟ کاتێک دەستلەکار دەکێشیتەوە ئەوە مانایوایە

تۆ پارێزبەندی پیشەکەت لەدەست دەدەیت و پارێزبەندی دەقەکان و ستراکچەری کارە ئاسایشیەکەت لەدەست دەچێت. ئێستا "کۆسیستمی دامودەزگاکان" وشەیەکی گەمژانەیە، کە نەیارێک یان لێپرسراوێک بە پاساوی کەمتەرخەمییەکەی و ونکردنی ئەنجامدەر بەکاری دەهێنن، یان بۆ ترساندنی ئەوانەی پێشتر لە دەزگای ئەمنیدا کارییان کردووە بە مەبەستی بێدەنگکردنیان بەکاری دەهێنن. کۆسیستمی دامودەزگاکان درۆیەکە خۆیان دایانهێناوەو باوەڕییان پێکردووە. بەلای منەوە هەروەک وتم، کارەکەم لە دەزگای ئاسایش جێی شەرەف و شانازییە بۆ من. وشەی کۆسیستمی دامودەزگاکان ناتوانێت بێدەنگم بکات یان بمترسێنێ. ئایا ئەگەر ئەمڕۆ دەربچم و هەندێک قسە بکەم ئەوە دەبێتە تۆمەت بۆ نموونە؟ ئەگەر تۆ لە ڕۆژنامە چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵدا بکەیت، ئایا ئەمە دەبێتە تۆمەت و دەوترێت کە (یەکێک)ی سەر بە کۆسیستمی دازگاکان قسە دەکات. من هاوڵاتیەکی لوبنانیم و ئەزموونم لەگەڵ ئەم سیستمەدا هەیەو بیرەوەریم لەگەڵ ڕووداوەکان و بیرەوەریشم لەگەڵ نهێنییەکانیش هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێم بریتییە لە بیرەوەری ئەو ڕووداوانەی کە مافم هەیە قسەیان لەسەر بکەم، بەڵام بیرەوەری نهێنییەکان قەدەغەیەو بە (200) قوفڵ دەرگایان لەسەر داخراوە چونکە من دەزانم

جیاوازی بکەم لە نێوان ئـەوەی ڕووداوەو ئەوەشی کە نهێنییە. ئەو ڕووداوەی باسی لێوە دەکەم و ڕۆژنامەکان بە شێوازێکی دیاریکراو بڵاوییان کردەوەو منیش بەو شێوازە دەیگێڕمەوە کە لێی ئاگادارم و دەشزانم کە ئـەوە ڕێگە ڕاستەقینەکەیەو پێویستە چیرۆکەکەی بگاتە گەلی لوبنان. من بەهۆی شارەزاییم لە بـواری ئاسایشدا ڕێککەوتنی تائیف بە شـێوازی خـۆم دەخوێنمەوە. پیاوی ئاسایش ئەوەی لێ قەدەغە نییە کە ئەگەر لە پیشەکەی دەربچێت ئاساییە دەرئەنجامی دەربــارەی وڵاتـەکـەی و پیاوانی وڵاتەکەی هەبێت، بێئەوەی ئەم دەرئەنجامانە کاریگەری هەبێت لەسەر نهێنی کەسیی و لایەنی ئەخلاقی یان هەر جۆرە نهێنیەکی تر، کە لە ڕووی ئەدەبیەوە بەرپرسیار دەبێت لە بەرامبەریدا ئەگەر سنوری ئەرکە پیشەییەکانی ببەزێنێت. من یەکێکم لە پرۆفیشناڵەکانی بواری ئاسایش تا ئەو ئەندازەیەی من بە شێوەیەکی ڕوون و گشتگیر جیاوازی دەکـەم لە نێوان ئـەوەی نهێنیەو پێویستدەکات بپارێزرێت و نەوترێت لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەو پێویستە باسبکرێت و دەرببڕدرێت، چونکە زانیارییەکان هی من نین، بەڵکو زانیاری گشتیەو دەمەوێت بگاتە خەڵک، نەک تەنها بۆ ئەوانەی ئێستا، بەڵکو بۆ ئایندەش ئەگەر دەرفەت هەبێت. من مافم هەیە تاکو گشتاندن بە کورتەو زانیارییەکان بکەم

لە ڕێگەی ئەزموونێکی گشتیەوە، کە لە دەوڵەتدا پرۆتیستۆم کردووە و مافم هەیە قسەیان لە بارەوە بکەم، بەڵام لەسەر کورتەو زانیارییەکان نەک لەسەر نهێنییەکان.

*** هەوڵی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئیتالیا لە بەیروت هەرایەکی نایەوەو زۆرێک گومانیان لە ڕاستی ئەو هەوڵە هەبوو ، ئەمە جگە لەو کارلێکانەی پەیوەستن بە ڕاگیراوەکانی (مجدل عنجر)، ئایا ئەمانە هەمووی پێکهاتەیەک بوو بۆ لەباربردنی دۆخی سیاسی دەسەڵات لەو سەردەمەدا؟**

- لە لوبنان هەموو شتێک بە تیۆری پیلانگێڕیدا تێدەپەڕێت. ئێمە لە سایەی بارودۆخی لەدەستدانی متمانە لە نێوان هەمان دەوڵەت و نێوان دەوڵەت و ڕوانگەی دەرەوەی دەژین. هەمووان گومان لە هەمووان دەکەن و ڕاستیەکە تێکەڵاو بە درۆ بووەو خەڵک تێدا دەچن. بابەتی باڵیۆزخانەی ئیتالیا لە لوبنانەوە دەستی پێنەکرد، بەڵکو لە ئیتالیا دەستیپێکرد. لە هاوینی ساڵی 2004دا شاندێکی پلەبەرزی ئاسایشیی ئیتالی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی هاتنە لوبنان و هەندێک زانیارییان پێبوو دەربارەی هەوڵدانێکی پێشبینیکراو بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئیتالیا لە بەیروت بە بەکارهێنانی بڕی (300) کیلۆگرام ماددەی تەقینەوە. ئەو شاندە وێنەی یەکێک لە گومانلێکراوەکانی پێبوو بە ناوی (ئەحمەد سەلیم میقاتی)، کە بە کامێرای پاسەوانەکانی

لە نزیک دەروازەی چوونەناوەوەی باڵیۆزخانەکە گیراوە. ئیتالییەکان دڵنیا نەبوون کە ئایا ئەوە وێنەی (میقاتی)یە یان نا، بۆیە داوای یارمەتییان لە دەسەڵاتدارانی لوبنان کرد بۆ ناسینەوەی. لە دوای ڕووداوەکانی (ئەلزنیە)، کە لە ساڵی 2000 لە باکور ڕوویدا، میقاتی کەسێکی داواکراو بوو لەلایەن دەزگاکانی لوبنانەوە، کاتێک ئەو ناوچەیە شەڕو پێکدادانی لە نێوان سوپای لوبنان و گروپێکی دیینی ئوسوڵی چەکدارەوە بەخۆوە بینی و بووە هۆی کوژرانی (14) کەس لە سوپاو چەکدارەکان، هەندێکیشیان دەستگیر کران. میقاتی بەرەو کەمپی (عین الحلوە)ی نزیک صیدا هەڵات و پێنەدەچوو لە دەرەوەی ئەو کەمپە بێت. دۆسییەکەی ڕەوانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کرا بۆ هەماهەنگی کرد لەگەڵ ئاسایشی ئیتالی، کە ئاشکرایان کرد گوایا سەرچاوەیەکی گرنگیان هەیەو دەتوانرێت میقاتی بەرەو ناوچەیەکی نزیک لە بەیروت بهێنرێت. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو سەرچاوە ئیتالیە پلانێکیان دارشت و توانرا لە ماوەی (48) سەعات لە پاش گەیشتنی شاندە ئیتالیەکە دەستگیر بکرێت.

لەو ماوەیەدا ئاڵۆزییە سیاسییەکانی وڵات لەوپەڕیدا بوو، شەڕی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی دەرگای واڵا کرابوو، ئاسایش و دەستکەوتەکانی لە خانەی

سەرۆک کۆماردا پۆلێن دەکراو هەر دەستکەوتێکی تری لەم جۆرە بە بالانسێک لە بەرژەوەندی درێژکردنەوە دەدرایە قەڵەم. گیانلەدەستدانی جێی پەژارەی ئیسماعیل ئەلخەتیب لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵی لە دیدی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ببووە ئەو پزیسکە سیاسییەی کە لێیەوە هەڵمەتی گومانلێکردن لە هەوڵدان بۆ تەقینەوەی بارودۆخەکە بە شێوەیەکی جددی لێدەکرا تا گەیشتە تانەلێدان لە کارو کردەوەکانی هێزەکانی ئاسایش و بنەماکانی لێکۆڵینەوە و شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و هیتریش.. تا ئەوەی بابەتەکە فۆرمێکی تائیفیی گرتەخۆی و زنجیرەیەک نارەزایەتی میدیاکانی لێکەوتەوەو هەندێکیان بۆ ڕوودانی خۆپیشاندان و داخستنی ڕێگاوبانەکانی ئەو شارۆچکەیە تەشەنەی کرد. گرنگ ئەوەبوو کە شاندە ئیتالیەکە لە دوای ئەو دەستگیرکردن و ڕاگرتنانەوە بە سوپاسگوزارییەوە لوبنانی جێهێشت و پێیانوابوو هەوڵی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەکە پوچەڵکراوەتەوە، پاشان بەیاننامەیەکی فەڕمی لە وەزارەتی بەرگری ئیتالیاوە دەرچوو باسی ئەو هەوڵدانەی کردووە و سوپاسی دەسەڵاتدارانی لوبنان و سوریای کردووە لە بەرامبەر هاوکارییەکانیان.

*** نهێنی هێزی تۆ چیە؟**

– له لوبنان هیچ لایەنێکی بەهێزی هەمیشەیی و هیچ لایەنێکی لاوازی هەمیشەیی نییە، هەلومەرج و بارودۆخەکە هێزو لاوازی دیاریدەکان، هەندێک هەن هەلومەرج خزمەتیان دەکات و لە بەرژەوەندیاندایە. مانای چیە کە دەبێت کارمەندێکی بەهێز بیت؟ ئایا ئەگەر بتگوازنەوە شۆڕشێک بەرپا دەکەیت یان ڕاپەڕینێک بەرپا دەکەیت ئەگەر فەرمانێک دەربچێت بە دڵی تۆ نەبێت؟ لەوانەیە هۆکاری هێزی من ئەوە بێت کە من ئامادەم بۆ زیان پێکەوتن لە کاتی پێویستدا. من حەز بە زیان ناکە، بەڵام بۆی ئامادەم. زۆربەی ئەوانەی لەگەڵیاندا مامەڵەم کردووە حەز بە زیانلێکەوتن ناکەن و بۆشی ئامادە نین. من تا کۆتایی لەگەڵیدا دەڕۆم و ئەوانی تریش لە نیوەی ڕێگاکە دەگەڕێنەوە. ئەم بارودۆخە ئەو بڕوایەی دروستکردووە، کە من کەسێکی بەهێزم. درۆیە ئەگەر بڵێم من حەز بە زیانلێکەوتن دەکەم، بەڵام ئامادەم لە کاتی پێویستدا پێشوازی لێبکەم. ئەوەی ئێستا لە دۆخی مندا ڕوویداوە بە زیان دادەنرێت. من بڕوام هەبوو کە ڕێگەکە دەمگەیەنێتە ئەم شوێنە، بۆیە خۆم ئامادە کرد بۆ دەرچوونم لە پۆستەکەم لە ڕێگەی بەیاننامەیەک و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی و ئینجا نوسینی نامەی دەستلەکارکێشانەوەم. من کەسێکی واقیعبینم و بە ئەنجامەکان ڕازیم.

*** ئـایـا لـە کـاتـی بیستنی هـەواڵـی تـیـرۆرکـردنـی سـەرۆک حـەریـری هەستت بـە نزیکبوونەوەی وادەی دەستلەکارکێشانەوەت کرد؟**

– لەو کاتانەدا هیچت لە خەیاڵدا نییە جگە لەوەی کە کارەساتێک لە وڵاتدا ڕوویـداوە، بـەڵام هەستی کەسییم ئەوەبوو، کە منیش بریندار بووم، نەک لە کارەکەم، بەڵکو لە ورەو مۆراڵمدا.

*** کەی گەیشتیتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە دەستلەکار بکێشیتەوە، بە تایبەتی لە دوای دەنانی عەمیدی پێشووتری ئاسایشی گشتی (حەسەن ئەلسەبع) بە وەزیری ناوخۆ؟**

– دەرکەوتنی میدیاییم لەپێش دانانی ئەو بوو، ئاماژەشم بۆ ئەوە کردووە، دانانی ئەو بە وەزیری ناوخۆ هیچ پەیوەندی بە دەستلەکارکێشانەوەی منەوە نەبوو، کاروبارەکان بەو ئاراستەیەدا بوو تەنانەت لە سایەی حکومەتی سەرۆک عومەر کەڕامی.

*** لەو دەرکەوتنەدا توڕەو هەڵچوو دیاربویت؟**

– بەڵێ، چونکە بە دڵشکاوییەوە قسەم دەکرد. هەمووان دەستیان بە خوێنی ڕەفیق حەریری و پاشەکشەکردنی سوریا شـتـەوەو ئـەو تـاوانـانـەیـان بیرچوو، کـە لـە دژی وڵات ئەنجامیانداوە لەناو وەزارەتەکان و دامودەزگاکان و سندوقەکانی دەنگدان و گەندەڵییەکان، کەوتنە هەڵڕشتنی

تۆمەتەکان بەسەر دەزگـای ئاسایشدا. من بەشێکم لەم سیستمەو ڕازیـم بـەوەی کە ڕاستییەکان بڵاوبکەنەوە و ناوەکان دەستنیشان بکەن و تۆمەتەکان ئاراستە بکەن نەک وەکئەوەی بە شێوەیەکی گشتی هەمووان تۆمەتبار بکەن بۆ ئەوەی بکەرو ئەنجامدەران ون بکەن و گومان بخەنە سەر هەمووان بەبێ جیاوازی. ئەگەر بیانگوتبا بە ناوهێنان تۆمەتەکان ئاراستەی کەسانێکی دیاریکراوی ناو سیستمی ئەمنی دەکرێت، ئـەو کاتە ناڕەزاییم دەرنـەدەبـڕی، بەڵام کاتێک ئەنجامدەران ندەکەن و بەرپرسیارێتی گەندەڵی و هەرەسهێنانەکە دەخەنە ئەستۆی دەزگـای ئاسایش، بەمە ڕازی نیم، بەرەنگارییان دەبمەوە با هەموو دۆسییەکان ئاشکرا بکەن. لە ماوەی (37) ساڵی تەمەنی سەربازی و خزمەتم لە ئاسایشدا هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆم نییە، لەبەر ئەوە پێموتن: ئێوە خوێنی حەریری بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی تاوان و گوناهەکانتان بشارنەوە.

*** بۆچی چوویت بۆ کوێت بۆ تۆمارکردنی سکاڵایەک لە بەرامبەر هەندێک لە تۆمەتەکان، بەڵام سکاڵاکەت لە لوبنان تۆمار نەکرد، ئایا متمانە نەبوونت بە دەسەڵاتی دادوەری لوبنان شتێکی نامۆ نییە؟**

– مەسەلەکە بێ متمانەیی نەبوو بە دادوەری لوبنان، چونکە من هێشتا بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش بووم.

ڕۆژنامەی (السیاسە)ی کویتی لە دوای چەند ڕۆژێک بەسەر تیرۆرکردنی سەرۆک حەریری وتارێکی بڵاوکردەوە، کە ناوی منی تێدا هاتبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەفسەرە سورییەکان لە چوراچێوەی چیرۆکێکی جیاواز درۆ، کە ئێمەیان بە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکە تۆمەتبار کرد. لە پاڵ ئەو هەستە جەماوەرییەی پەیوەست بە ڕووداوی تیرۆرکردنەکە هەبوو لەگەڵ بەخشینەوەی چەندین تۆمەتی سیاسی و هەڵایەکی میدیاییدا، هەواڵەکەی ڕۆژنامەی (السیاسە)ی کویتی تا ئاستێکی زۆر منی شکاند، بۆیە لەبەردەم دوو بژاردەدا بووم: یان داوایەک لە لوبنان پێشکەش بکەم و ئەو کات بڵێن من پێگەو دەسەڵاتی خۆم لەلای دەسەڵاتی دادوەری لوبنان بۆ بەرژەوەندی خۆم بەکاردەهێنم، یان ئەوەتا بڕۆم بۆ دەرماڵەکەی ئەحمەد ئەلجارەڵڵا و ڕۆژنامەکەی بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەرکراو لە دۆخێکی باشتردا بێت لە من لەبەردەمی دادگای وڵاتەکەی، بۆیە بژاردەی چوونم بۆ کوێت پێباشتر بوو، پارێزەرێکی گەورەم بە ناوی بەڕێز (عەبدولحەمید ئەلسەڕاف) کردە برێکاری خۆم و ئەویش بە برێکاریکرنم ڕازیبوو. تاکو ئێستا (6) سکاڵامان لە دژی ئەلجارەڵڵاو ڕۆژنامەکەی لە دادگاکانی کوێت هەیەو بەدواداچوونیان تێدا کراوە، خۆشم تا کۆتایی ئەگەر تەنها ڕۆژێکی تەمەنم مابێت کاری

لەسەر دەکەم. دەمەوێت ئەحمەد ئەلجارەڵڵا لەوە تێبگات، کە دەستدرێژیکردنە سەر ناوبانگ و شکۆی خەڵک بەبێ سزای یاسایی بۆی دەرناچێت هەرچەندێک کات دوورو درێژ بێت، تەنانەت ئەگەر دادگاش بێتاوانی بسەلمێنێت لە تۆمەتی ناوزڕاندن و لێدان لە کەسێتی خەڵک لە هەندێک لەو سکاڵایانەی کە لە دادگای کوێت لە دژی ئەلجارەڵڵا بەرزمان کردۆتەوە، بەڵام من تاکو کۆتایی بەدوایەوە دەبم، ئەگەر دادگای کوێتی بە بێتاوان نیشانی بدات، من کار لەسەر ڕێگە یاساییەکان دەکەم بۆ دادگاییکردنی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری بەریتانیاوە. ناوەستم لە شوێنکەوتنی چونکە ئەو بووە هۆکاری بەرکەوتنی زیانێکی مۆراڵی و ماددی لە من، لە کاتێکدا هەست بە قەبارەی ئەو زیانانە ناکات، کە دروستی کردووە. داواکارم لە جارەڵڵا لە بەرامبەر ئەو زیانلێدانەدا بە ئاشکرا داوای لێبوردن بکات.

*** دەوترێت تۆ چەند سکاڵایەکی ترت لە لوبنان تۆمار کردووە؟**

- کاتێک تۆمەتی سیاسییەکان لە دژی دامودەزگا ئەمنییەکان بەهۆی ڕووداوی تیرۆرکردنەکە زیادیکرد، هیچ یەکێک لەوان بەناو ناوی بەرپرسێکی ئاسایشی نەبرد، بەڵکو هەموویان دەزگاکانی ئاسایشیان تۆمەتبار کرد بەبێ ناوهێنانی کەس. ئەو کاتەی من یەکێک بووم لە

سەرۆكانی یەكێك لەو دەزگایانە بۆیە خۆم بە پەیوەست دەزانی لە بەرامبەر ئەو تۆمەتبارکرنانە، لە جیاتی ئەوەی سەرم بخەمە ناو لم لەبەر ئەوەی ناوییان نەهێناوم، دەستپێشخەریم كرد بە كۆكردنەوەی هەموو لێدوانەكانیان و نوسراوێكم بە هاوپێچەكانیەوە نارد بۆ داواكاری گشتی تێهەڵچوونەوەو داوام كرد بانگیان بكرێت و گوێ لە وتەكانیان لگیرێت منیش ئامادەیی خۆم بۆ وەڵامدانەوە نیشاندا لەگەڵ پاراستنی مافی بەدواداچوونی یاسایی. هەمان كاریشم لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی دیموكراتی و ئەمینداره گشتیەكەی (ئەلیاس عەتاڵڵا)دا كرد، لە ڕێگەی بەرزكردنەوەی سكاڵا لە دژییان لەبەر ئەوەی ناوی منیان هێنا لە ڕووداوی تیرۆركردنی ڕۆژنامەنوس (سەمیر قەسیر) دا. ئەلیاس عەتاڵڵا بەو تۆمەتباركردنە دەستدرێژی كردە سەرم و تا كۆتایی هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی باجی كردەوەكەی لە دادگا بدات. ئەم كەسە دەتوانێت تۆمەتی سیاسی گشتی ببەخشێتەوە، بەڵام مافی ئەوەی نییە تۆمەتێكی ڕاستەوخۆ ئاراستەی هیچ كەسێك بكات.

*** هەستت بە چی كرد لەبەردەم خێزانەكەت كاتێك وێنەی خۆت بینی كە لە خۆپیشاندانێك ملیۆنیدا بەرزكراوەتەوە و تۆمەتی لەسەر نوسراوەو داوای دەستلەكاركێشانەوەت دەكرێت؟ ئایا هەستت كرد كە لە وڵاتەكەتدا كەسێكی بێزراویت؟**

– کاتێک وێنەکان دانـران زانیمان کە چەند کەسێک، هەندێکیان سەر بە (ڕەوتی المستقبل) بوون ئەم کارەیان کـردووە. دیمەنی وێنەکان بۆ خۆی بریندارکەر بوو. من بە شەخسی بە دەستدرێژیم دایە قەڵەم، بەڵام لە کەشێکی ئاوا سـۆزداری وشکدا لە وڵات چەند شتێک لەو بابەتە ڕوودەدات. وێنەکان سنوردار بوون، بەڵام ڕاگەیاندن زیاتر زەقی کردەوە.

*** ئایا لەو کاتەدا هەستت بە ترس کرد؟**

– بۆچی بترسم؟ کاتێک لە ساڵی 1968 چوومە ناو سوپا پێموابوو مەترسی بەشێکە لە ژیانم. حەز ناکەم لەناو مەترسی بژیم، بـەڵام سروشتی هەندێک بەرپرسیارێتی دەتخاتە پێشی پێشـەوەو هەندێکجاریش چەند دوژمنێکت بۆ پەیدا دەبن، کە نایانناسی و خراپەت بۆیان نەبووە.

*** ئایا لە دوای تیرۆرکردنی هەوڵت دا پەیوەندی بە خێزانی (حەریری)وە بکەیت؟**

– من لە دوای ماتەم بە ئەرکی پرسە هەستام و وەک هەمووان لەو قۆناغەدا منیش سەردانی (قرێتم)م کرد.

*** ئایا گوێبیستی قسەیەکی ناخۆش بوویت؟**

– نەخێر، جارێکی تریش دەیڵێمەوە هیچ هەستکرنێک بە ئازاری ویژدان لە ناخمدا نییە، بەڵام وەکو لێپرسراوێتی ئاسایش هەستێکم هەبوو بە تێکشکانی مۆراڵیی، وتم

بۆچی نەڕۆم؟ بە دڵنیاییەوە لە بواری ئاسایشدا لە دوای ڕووداوێکی لەمجۆرە وا هەستدەکەیت لاوازیت تەنانەت ئەگەر پاراستنی گیانی ئەو کەسەی کراوەتە ئامانج ڕاستەوخۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی تۆش نەبێت.

*** ئایا هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی لێپرسراوانی سوریایان لەپێش 14ی شوبات ڕاسپاردووە بۆ گرنگیپێدان بە پاراستنی حەریری؟**

– نەخێر، لە دوای ڕوودانی تاوانەکە من ئەم بابەتانەم لە ڕاگەیاندنەکان خوێندەوە.

*** ئایا یەکسەر لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە سەرکردەی دامودەزگاکانی ئاسایش تاوتوێی پرسی دەستلەکارکێشانەوەی تۆیان کرد؟**

– نەخێر هیچ کۆبوونەوەیەکی لەم جۆرە نەکرا.

*** ئایا بەڕێوەبەری هەواڵگری سوپا عەمید (ڕیمۆن عازار) ڕاینەگەیاند کە دەیەوێت دەستلەکار بکێشێتەوە؟**

– لە قۆناغی داهاتوودا و لە پاش ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەی کە تیایدا وتم: ئەگەر بابەتەکە سیاسیە ئەوا ئێمە لەگەڵ سیاسەتدا ئۆغر دەکەین، ئێوە هەڵبژاردنەکان ببەنەوە ئێمە ئۆغر دەکەین، بەڵام ئەگەر بابەتەکە تاوانە ئەوا ئێمە دەڕۆین بۆ دادگاییکردن، بەڵام لەژێر بارو فشاری تاوانەکەدا دەستلەکار ناکێشینەوە.

*** کەواتە بۆچی دەستت لەکارکێشایەوە؟**

–کاتێک حکومەتی سەرۆک نەجیب میقاتی دەستبەکاربوو شتێکی ڕوون بوو کە ئەو حکومەتە پابەندی بەرنامەیەکە لە پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامە وەزارییەکەیدا زانـراوە، لە نێوانیشیدا لەسەرکار لابردنی سەرۆکی دەزگا ئەمنییەکان. من پێموابوو ڕۆحـی حکومەت بریتییە لە ڕۆحـی دوای هەڵبژاردن و هیچ ڕۆحێک پێشئەوە بوونی نییە. لەبەر ئەوە لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەمدا وتوومە کە من پێموایە حکومەتی نوێ دروستبووە وەکئەوەی ئۆپۆزسیۆن لە پێش ئەنجامدانی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێنابێت، لەبەر ئەوەیە کە دەستلەکار دەکێشمەوە. بژاردەیەکی تر ئەوەبوو کە چـاوەڕوان بم تاوەکو دادەنرێمەوە، ئەمەش سزایەک بوو پێشتر ڕەتم کردەوە.

*** بەڵام تۆ چوویت بۆ لای سەرۆکی حکومەتی نوێ؟**

– سـەرۆکـی حکـومـەت بـەهـۆی ئـەو دۆستایەتیەی چـەنـدیـن سـاڵـە لـە نـێـوانـمـانـدا هـەیـە، داوای لـێـکـردم پێشنیاری دەرچەیەک بکەم، وتیشی حکومەت ئامادەیە کاری لەسەر بکات. پێمووت: "دەرچەیەک هەیە، ئەگەر بوونمان لیژنەی لێکۆڵینەوە بێزار بکات من پێموایە لە کـاتـی بـوونـی لـیـژنـەکـەدا دووردەکـەویـنـەوەو لـە دوای تەواوبوونی کارەکانی دەگەڕێینەوە بە مەرجێک کەس

نەبێت تۆمەتبارکردنی بسەلمێنێت. سەرۆک داوای فۆڕمێکی لێکردم منیش ئەوەم بۆ پێشنیار کرد کە باسم کرد. سەرۆک میقاتی وتی: "ئێمە پێوەی پابەند دەبین، لە هەمانکاتداو بەهۆی ئەوەی ئاگاداری ڕووداوەکان بووم، پێشبینیم کرد کە ئەوان ناتوانن لە ئەنجومەنی وەزیران بەرگەی ئەم فۆڕمە بگرن. ڕۆژی دوایی سەرۆک میقاتی لەگەڵ سەرۆک لەحود سەردانی (ڕۆما)یان کرد. وەزیری دەرەوە نارەزایی لە بەرامبەر ئەو فۆڕمە نیشاندا، کە لەلایەن من و سەرۆکی حکومەتەوە دارێژرا، سەرۆک میقاتی نەیگوتبوو خۆی پەیوەندی بە منەوە کردووەو داوای لێکردووم ئەو فۆڕمە ئامادە بکەم، بەڵام سەرۆک میقاتی لە دوای نارەزاییەکەی وەزیری ناوخۆ تەنها وتی: "ئێمەش پێداگری لەسەر ڕیزبەندی دەکەین". ئەگەر میقاتی نەیتوانیوە ئەوە بکات بەهۆی ئەگەری سەردانێک کە بووە هۆی ڕوودانی، ئایا دەتوانێت بەرگەی ئەو بەرنامەیەی ئەنجومەنی وەزیران بگرێت. مرۆڤ ڕێگە لە سوکایەتی پێکردنی لە نزیکەوە دەگرێت و چاوەڕێ ناکات تا لە بەرامبەری بکرێت. من پێموابوو بابەتە کۆتایی پێهاتووەو نامەی دەستلەکارکێشانەوەم داناو تیایدا وتوومە: "کاتێک خودی سەرۆکی حکومەت بە سوپاسەوە دەستپێشخەری کرد بۆ بانگهێشتکردنم و داوای ئەو فۆڕمەی لێکردم"، ئەو

کات بە شکۆو کەرامەتی خۆمەوە ڕۆیشتم و بۆی ئامادە بووم، لە کاتێکدا لیژنەی لێکۆڵینەوە لەوێ بوو.

*** هەستێکی تاڵە ئەگەر تەمەنت (55) ساڵ بێت و خانەنشین بکرێیت، وانییە؟**

– ماوەی 37 ساڵ بەبێ دابڕان کارم کرد، پێشموایە بابەتەکە پەیوەندی بەو تەمەنەوە نییە کە تیایدا خانەنشین دەکرێین. ماوەی 37 ساڵ کارکردن، کە 27 ساڵیان لە بواری ئاسایش کارم کردووە و هەموو ڕۆژێکم لە ئاسایش یەکسانە بە سێ ڕۆژی ئاسایی، ئەمە مانای وایە من 100 ساڵ کارم کردووە، ئێستا پێویستم بە پشوودانە.

*** ئایا هەست بە تاڵی ناکەیت؟**

– بەهۆی جێهێشتنی پیشەکەمەوە هەست بە هیچ تاڵیەک ناکەم، بەڵکو بەهۆی ئەو باروۆخەی هاوکاتی ئەم پرسە بوو هەست بە تاڵی دەکەم، پرسێک کە لەسەر تاقیکردنەوەی هێزی سیاسی دروستبووە نەک لەسەر ڕاستی. من هەموو شتێکم قبووڵە کە لۆژیکی تیادا بێت، لە کۆتاییدا ئێمە دەچینەوە سەر سیاسەتێکی دیاریکراو. لوبنان بەناو گۆڕانکاری ڕیشەییدا گوزەر دەکات، منیش ووتم سەرۆکانی پێگە هەستیارەکان لە لوبنان، وەک هەر وڵاتێکی تری جیهان لەگەڵ سیاسەتدا دێن و بە گۆڕینی ئەو سیاسەتە ئەوانیش دەگۆڕدرێن.

*** ڕۆڵی خۆی فراوانکردو بوویتە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و بەشدارێک لە دەسەڵاتدا، ئەمەش ببووە هۆکاری بێزاریی سەرۆک کۆمارو سەرۆک حکومەتەکان؟**

– من بۆشاییم پڕکردەوە چونکە ئەمە پێویست بوو، وەک هەمیشەش لەناو دەسەڵات بۆشایی زۆر بوونی هەیەو دەسەڵاتەکانی ئاسایشی گشتی بواری سیاسەت و ئابوری و ئاسایش و بوارەکانی تریشی دەگرتەخۆ.

*** قسەیەک لەناو خەڵک هەیە دەڵێت تۆ هەمیشە کۆمەڵێک وەزیرت دەجووڵاند لە دژی سەرۆک حەریری، هەروەها وتراوە هەندێکیان ڕاپۆرتییان دەنوسی، چۆن بەرێوەبەرێکی ئاسایشی گشتی دەتوانێت ئەم کارە بکات؟**

– وڵاتەکە بچوکەو هەموو خەڵکی یەکتر دەناسن. کاتێک بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش نیوەی وەزیرەکان دەناسێت ئەگەر هەمووشیان نەبێت، ئەمە بابەتێکی ئاساییە، بەڵام ئاسایی نییە ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش ئەندامانی حکومەت نەناسێت. ئەگەر کابینەی حکومەت کۆتایی پێبێت و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و ئەوانەدا نەبێت کە نەیناسیون، ئەمەشیان شتێکی ئاسایی نییە. ئەگەر تۆ کاری من لە هەواڵگری و پاشان لە دەزگای ئاسایش وەربگریت، دەبینی شتێکی ئاساییە کە زۆرێک لە وەزیرەکان و پەرلەمانتارەکان و کەسانی ناو

ئۆپۆزسیۆن و گەورە فەرمانبەران بناسم. پەیوەندییەکان شێوازی جیاوازییان هەیە: هاوڕێیەتی و دۆستایەتی قووڵ و هاوڕێیەتی ئاسایی و ڕاگوزەریش هەیە، کەسانێک هەن هەستیارییان لە بەرامبەرت هەیە. لە ڕاستیدا هەندێکجار چەند وەزیرێکی نزیک نەک لە تۆ وەک بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، بەڵکو نزیک لە سیاسەتی گشتی دەسەڵات و سەرۆک کۆمار دەبینیت. بەڵام سەبارەت بە نوسینی ڕاپۆرتەکان لەلایەن هەندێک لە وەزیرەکانەوە دەربارەی ڕێڕەوی دانیشتنەکان، ئەوە هەرگیز پێویست نییە. لوبنان وڵاتێکی کراوەیە، گفتوگۆکانی ئەنجومەنی وەزیران ڕۆژی دووەم لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە بە ناکۆکی و جیاوازییەکانیشەوە. کە دەوترێت هەندێک وەزیری هەواڵدەر هەن، ئەمە جۆرێکە لە جنێودان. ئێمە دۆستایەتیمان هەیە لە چەندین پێگەو ئاستی جیاواز، کە وابەستەیە بە ئاراستە سیاسییە لێکنزیکەکان، کە کارلێکمان لەگەڵیان هەبووە نەک وەک سیاسەتێکی کەسیی.

من لەو قۆناغەدا بەوە تۆمەتبار کرام کە هاوپەیمانی (حەریری)م و لە چەند قۆناغی تریشدا بە دوژمنی ئەو تۆمەتبار کراوم، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بابەتەکە پەیوەندیدارە بە جۆری دۆسیەکەو سروشت و تەوقیتەکەی. ئاشتەوایی لەگەڵ حەریری مەزاجی نەبوو هەروەک

دژایەتیکردنیشی مەزاجی نەبوو. تێڕوانینی تۆ بۆ چاکترین شێواز لە چارەسەرکردنی دۆسیەکە لەوانەیە پاڵت بنێت بۆ گەیشتن بە کەسەکە یان جیابوونەوە لێی.

*** ئایا تۆ دەستت هەبوو لە پێکهێنانی حکومەتەکانی لوبنان؟**

– بەپێی ئەوەی لە وشەی (دەستوەردان) مەبەستی تۆیە، هەندێکجار داوایان لە من و کەسانی تریش کردووە بەپێی تایبەتمەندێتی دیاریکراو پێشنیاری چەند ناوێک بکەین. زۆرجار من لەو کەسانە بوو، کە ڕایان لە هەندێک وردەکاریی دیاریکراودا وەردەگیرا، ئەمەش ناوەرۆکی کاری ئاسایشی گشتی بوو، بابەتەکە پەیوەندی بە (جەمیل ئەلسەید)وە نەبوو. سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی پێش من ڕەشنووسی پێکهاتە حکومییەکان یان دامەزراندنە ئیدارییەکانیان پێبووە و لە نێوان سەرۆکەکاندا گێڕاوییانە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکان. ئەمەیە سروشتی کاری ئاسایشی گشتی، منیش بەم واتایە دەستێوەردانم دەکرد. بۆ نموونە لە دوایین حکومەتی سەرۆک عومەر کەرامی پرسیارم کرد دەربارەی ناوی کەسایەتیەکی پاک و بوێر بۆ ئەوەی کێشەکانی وەزارەتی کارەبا وەربگرێت و لێکۆڵینەوە لە بەفیڕۆدان و گەندەڵی لەو وەزارەتەدا بکات، بۆیە پێشنیاری چەند ناوێکم کرد لە نێوانیاندا ناوی

مۆریس سەنحاوی هەبوو، ئەویش ڕازیبوو یەکێک بوو لە سەرکەوتوترین وەزیرەکان، کە لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەوەندەی دەستکەوت بەدیهێنا، کە کەسانیتر بە چەندساڵێک نەیانتوانی ئەوە بکەن.

*** ئەگەر بیرەوەرییەکان بگەڕێنینەوە ئایا پێتوایە دەرچوونی حەریری لە دەسەڵات یەکسەر لە دوای هەڵبژاردنی ئەمیل لەحود لە ساڵی 1998 هەڵەیەک بوو کە لەحود و ستافەکەی کردییان؟ ئایا باشتر نەبوو توانای حەریری لە دەسەڵاتدا بەکاربهێنرێت؟**

- پێموانیە ئەم تێڕوانینە لەم بابەتەدا بەرچاو گیرابێت. لە ڕاستیدا هاتنی ئەمیل لەحود بۆ سەرۆکایەتی لە ساڵی 1998دا پێچەوانەی خواستی زۆرینەی چینی سیاسی لوبنان بوو، دەتوانم بڵێم پێچەوانەی خواستی 90%ی ئەو چینە بوو لە نێوانیشیاندا سەرۆک حەریری و وەزیر وەلید جەنبوڵات و کەسانیتریش. سەرۆک حەریری لەناو گۆڕەپانەکەدا خاوەنی پێکەو سەنگی زیاترو گرنگتر بوو، جگە لەوەی کە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هاوبەشی هەر سەرۆکێکی پێشبینیکراو بوو. سەرۆک لەحود پێی باشبوو ماوەی سەرۆکایەتیەکەی لەگەڵ هاوبەشێکی جیاواز لە سەرۆک حەریری دەستپێبکات، بەڵام سوریا بە سەرکردایەتی حافز ئەسەد لەو سەردەمەدا لەگەڵ جۆرێک لە بەردەوامبوون

بوو هاوڕێ لەگەڵ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و ئیداری لە جیاتی گۆڕینێکی تەواو، کە بۆی هەبوو وڵات بەرەو ئایندەیەکی نادیار ببات، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارگرانیە ئابورییە زۆرەی، کە حەریری بە کەسێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی دادەنرا. سەرۆک لەحود پێشوازی لەو خواستەی سوریا کرد بە هێشتنەوەی سەرۆک حەریری، کاتێکیش هەردوو سەرۆک چوونە ناو بازنەی ئەوەی من بە "هاوسەرگیری بەزۆر" ناوی دەنێم ئیتر چوونە ناو وردەکارییەکان، شەیتانیش لە وردەکارییەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات. زۆرینەی پەرلەمانی لەو کاتەدا ناوی سەرۆک (حەریری)یان بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی حکومەت دەستنیشان کرد، بەڵام سەرۆک حەریری ناڕازی بوو لەوەی هەندێک لە پەرلەمانتاران ناوییان خستۆتە پاڵی ناوی سەرۆکی کۆمارو ئەو هەنگاوەی بە نادەستوری دایە قەڵەم، پاشان کەناڵی (mbc) لێدوانێکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا سەرۆک لەحود بە پێشێلکردنی دەستور تۆمەتبار دەکات، بە تایبەتی کە ئەو لەژێر ناونیشانی دەوڵەتی یاساو بەدامەزراوەییکردن پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرتووە.

*** ئایا حەریری لەو ڕۆژەدا لەلایەن هیچ لێپرسراوێکی سوریەوە ئامۆژگاری کرا لە بە جێهێشتنی دەسەڵات و چاوەڕوان بکات تاکو بەشێک لە باڵانسی سەرۆک لەحود دادەچۆڕێت؟**

- گوێم لە ئامۆژگارییەکی لەمجۆرە نەبوو، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە سەرۆک حەریری ئامادە بوو بەشداری لە دەسەڵاتدا بکات، بەڵام نەک بەپێی ئەو مەرجانەی کە بۆ سەرۆک لەحود گونجاوە.

*** کەواتە ئایا تورە دەبیت کاتێک بیخوێنیتەوە کە تۆ پیاوی سوریایت لە لوبنان؟**

- من پیاوی سوریام لە لوبنان و پیاوی لوبنانم لە سوریا لە ڕێگەی باوەڕبوونی قوڵ و تەواوەتیم بە پەیوەندییەکانی لوبنان – سوریا. ئەمە ڕاستیەکی مێژوویی و جوگرافییە. نەنگییە هەڕەشە لە خودی ئەو پەیوەندییانە بکرێت. کێشەکان لە پراکتیزەکردنی ئەم پەیوەندییانەدا بەرجەستە دەبێت. من وابەستەم بە بنەمای پەیوەندی و پێموایە پێویستە دەستی بۆ نەبرێت ئەگەر فشارەکان بۆ سەر ئەو پراکتیزەکردنە هەر چۆنێک بێت. بە بۆچوونی من زۆرێک لەوانەی پراکتیزەی ئەو پەیوەندییانەیان کردووە بە ناوی هاوپەیمانێتی لوبنانی – سوری، ئایا لێپرسراوانی لوبنان بوون یان سوریا، کە مامەڵەیان لەگەڵ دۆسییەی لوبنان کردووە، ئەوانە هەڵەی هاوبەشییان ئەنجامداوە.

*** ئایا بە نهێنی سەردانی سوریات کردووە، بۆچوونی باو ئەوەیە کە تۆ کۆبوونەوەی هەفتانە یان مانگانەت کردووە؟**

- لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنم بۆ ئەم پەیوەندییانە نابینم

سەردان مایەی شەرمەزاری یان ناڕەحەتی بێت، بەڵکو پێی شەرەفمەندم ئەگەر کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەوریم لەگەڵ سەرۆک بەشار ئەسەد کردبێت. بەڵام ڕاستیەکەی لەمە جیاوازە. سەرۆک لەحود دوو جار بۆ سوریا شاندی کردووم، جاری سێیەم لەو کاتەدا بوو کە دیدارێکم لەگەڵ سەرۆک ئەسەد بۆ دیاریکرا لە دوای دەستم لەکارکێشایەوەو بوومە کەسێکی مەدەنی. بەڵام لەناو لوبنان من و لێپرسراوانی تریش دیدارو کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەری سوریا لە لوبنان هەبوو لە سەردەمی لیوا غازی کەنعان یان عەمید رؤستەم غەزالە، ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانە دەچوونە خانەی سروشتی هەماهەنگی و ئەو ئەرکانەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئەنجامدەدران. دیدارو کۆبوونەوەکان تەنها لە ئاستی لێپرسراوانی ئاسایش نەبوو، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی لە بواری سیاسیدا کارییان دەکرد دیدارییان لەگەڵ نوێنەرانی سوریادا هەبوو.

*** تۆ سەرسامیت بە بیرۆکەی دیکتاتۆی دادپەروەر، ئەمە ڕاستە؟**

– دەمەوێت پرسیارێک بکەم: کێ فەڕەنسای نوێی دروستکر؟ ناپلیۆن یاسای مەدەنی فەڕەنسای داناو دامودەزگا زانکۆیی و دادوەری و ڕێکخراوەییەکانی دروستکرد. کێبوو ئەڵمانیای نوێی دروستکردو لە دوای

شەڕە ناوخۆییەکانی یەکیخست؟ پسمارک بوو. کێبوو لە دوای 40 ساڵ شەڕی ناوخۆ ئیسپانیای یەکخست؟ فرانکۆ بوو. لە لوبنان دیکتاتۆریەتی تائیفەکان هەیە، لەناو هەموو تائیفیەیەکدا دیکتاتۆرێک حوکمی تائیفەکەی دەکات و ڕازی نابێت دوانەی دەسەڵاتی تیادا هەبێت. لەناو تائیفەکەی دیکتاتۆرەو لە بەرامبەر تائیفەو لایەنەکانی تردا دیموکراتیە. ئەگەر لە وڵاتێکدا بیت کە دوو بژاردەی لەبەردەمە: یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری حوکمت بکات کە لە 6 دیکتاتۆریەتی تائیفەکان پێکهاتووە، یان یەک دیکتاتۆریەت حوکمت بکات کە دەوڵەتە، ئایا کامەیان باشترە؟ من بۆ خۆم دیکتاتۆریەتی دەوڵەتی دادپەروەرم لە دیکتاتۆریەتی تائیفەو لایەنەکان لەناو دەوڵەتدا بەلاوە باشترە تا ئەو کاتەی سیستمی تائیفی دەگۆڕێت و دەوڵەتی یاساو دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراتی دادەمەزرێت.

*** ئایا پەیوەندییەکی تایبەتیت لەگەڵ "حزبوڵلا"دا هەیە؟**

– ئێمە پەیوەندی متمانەمان هەیە لەسەر بنەمای پارێزگاریکردن لە موقاوەمەت، کە یەکێکە لە ناونیشانەکانی ئەو سیاسەتە گشتیەی کە دەوڵەتی بە ئاشکرا لە بواری سیاسەت و ئاسایشدا بونیاتی ناوە، ئەمە سەرەڕای بڕوابوونی شەخسیم بەم بابەتە. بە باشی پراکتیزەکردن متمانە دروستدەکات، ئەمە لە بەرامبەر حزبوڵلادا پەیڕەو

کراوە. ئێمە بە هاوبەشی چەندین دۆسییەی ئاڵۆزمان لە باشورو دەرەوەی باشوری لوبنان چارەسەر کردووە، ئەمەش کەشێکی گونجاوی بۆ یەکترناسینی قوڵ و دروستکردنی متمانە هێنایە کایەوە.

*** جۆری ئەو دۆسییانە چین کە مامەڵەتان تیادا کردووە؟**

– یەکێک لە دۆسییەکان بریتیبوو لە دانوستانکردن دەربارەی کشانەوەی ئیسرائیل لە ساڵی 2000، بەڵام ئەگەر قوربانیدانی موقاوەمەت نەبوایا ئەمە ڕووی نەدەدا، هەروەها دۆسییەی گۆڕینەوەی دیلەکان زیاتر لە بۆنەیەک باسکرا، من بە ڕێکەوت لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەرپەرشتی ئەم دوو دۆسیەیە دانرام سەرەڕای هەماهەنگی کردن لە نێوان دەوڵەت و موقاوەمەت و هێزەکانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی.

*** لە دوای 1559 بابەتی داماڵاندنی موقاوەمەت لە چەکەکانی بە گەرمی باسی لێدەکرێت؟ ئایا دانانی چەکی موقاوەمەت شەرمهێن نییە ئەگەر ئیسرائیل لە کێڵگەکانی شەبعا؟**

– لەو بڕوایەدام زۆرێک کەس ئەم بابەتە بە شێوەیەکی هەڵە لێکدەدەنەوە، هەمووان چەند پرسیارێک سەبارەت بە چەکی موقاوەمەت و چارەنوسی و شتی تر. پێموایە پرسیارە ڕاستەکە پێویستە دەربارەی پرسی موقاوەمەت بکرێت

پێشئەوەی دەربارەی چەکی موقاوەمەت بکرێت. پرسیارە ڕاستەکە ئەمەیە: ئایا لوبنان پێویستی بە درێژەپێدانی موقاوەمەت هەیە؟ لەبەر ڕۆشنایی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە ئەرێنی یان بە نەرێنی، ئینجا دەکرێت چارەنوسی ئەو چەکانە دیاری بکرێت. کەواتە با گفتوگۆکە نیشتمانی بێت سەبارەت بەوەی: ئایا ئێمە پێویستمان بە موقاوەمەت هەیە، نەک بکرێتە گفتوگۆیەکی تەکنیکی بە پشتبەستن بە هەستیارییەکانی ناوخۆ یان فشارە دەرەکییەکان. بۆ ئەوەی وەڵامی ڕاست و دروست دەربارەی کەڵکی موقاوەمەت بزانین، ئەگەر ئیسرائیل لە کێڵگەکانی شەبعا بکشێتەوە یان نەکشێتەوە. پێویستە بارودۆخە هەرێمیەکەی دەوروبەرمان بخوێنینەوە و پرسیار بکەین: ئایا ئاشتی ڕەواو سەرتاسەری لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێت؟ ئایا دەستپێشخەری ئاشتی لە ئاسۆ دیارە؟ ئایا چارەسەرێک بۆ پرسی پەنابەرە فەلەستینییەکان لە لوبنان بوونی هەیە؟ ئایا ئیسرائیل بە گەڕانەوەیان ڕازی دەبێت؟ ئایا دەوڵەتی فەلەستینی لەسەر خاکی داگیرکراو؟ ئایا دەکرێت هاوسەنگیەکی سەربازی لە نێوان سوپای ئێمەو سوپای ئیسرائیلدا دروست بێت، ئایا ئەمە گونجاوە، هەرچەندە ئەمە ئەستەمە؟ کێ دەتوانێت بەرپەرچی ئیسرائیل بداتەوە ئەگەر هەر ساتێک بیەوێت پەلامار بدات؟ ئایا گەرەنتیە نێودەوڵەتییەکان ڕێگەی

پێدەدەن؟ ئایا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی ڕێگەی پێنادات؟ ئایا بەردەوامی هەلوونی موقاوەمەت لە باشور هاوسەنگیەکی دژ بە ئیسرائیل دروستدەکات، کە پاڵی پێنێت سەد جار بیر بکاتەوە لەپێش دەستپێشخەری بۆ ئەنجامدانی هەر دەستدرێژییەک لە کاتی لەدەستدانی هاوسەنگی لە نێوان سوپاکاندا؟ ئەگەر چەکی دەستی موقاوەمەت دابماڵرێت کام چەک لە لوبنان دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئیسرائیل بەرگری پێبکرێت لە کاتی لەدەستچوونی ئاشتی؟ پێموایە تەنها لە چوارچێوەی ئەم پرسیارانەدا، نەک لە چوارچێوەی هەستیاری و فشارەکان، پێویستە جەخت لە بەرژەوەندی و بەرگری و چەکی لوبنان بکرێتەوە.

*** چۆن کارت کرد لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی (سوپای سور)ی ژاپۆنی؟**

– ژاپۆن داوای لە لوبنان کرد کێشەی (سوپای سور) چارەسەر بکات، کە لە ڕووی پراکتیکیەوە ئەرکی لە هەموو جیهاندا کۆتایی پێهات و تەنها چوار ئەندامی چالاکی لە لوبنان مابوو، لە کاتێکدا ژاپۆن دەیویست لە ڕووی سیاسییەوە ئەو لاپەڕەیە دابخات. دۆسیەکە بە ڕەسمی بۆلای من نێردرا. تۆکیۆ داوای ڕادەستکردنی ئەو چوار ئەندامەی کرد، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک بۆ گۆڕینەوەی تاوانباران لە نێوان هەردوو وڵاتدا نەبوو، ژاپۆنییەکانیش هیچ

دۆسیەیەکی دادوەرییان پێکنەهێنابوو. دانوستانەکە سیاسی و ئەمنی بوو. لە دوای زنجیرەیەک دانوستان ڕێککەوتن کرا لەسەر ئەوەی بەشداری لە موقاوەمەتدا بکات لە لوبنان دەمێنێتەوە و مافی پەنابەریی سیاسی وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی بەشداری لە موقاوەمەتدا نەکردووە ڕەوانەی وڵاتی سێیەم دەکرێت جگە لە ژاپۆن، بە مەرجێک ئامادە بێت پێشوازی لێبکات. مەرجەکانی پەنابەرێتی تەنها بەسەر یەکێکیاندا جێبەجێ دەبوو، کە لە باری تەندروستی و عەقڵی تێکچوبوو ناوی (ئۆکامۆتۆ) بوو، بەڵام ئەو سیانەی تر نێردران بۆ ئوردون، کە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر وەرگرتنیان. ئێستا ئۆکامۆتۆ پەنابەری سیاسیەو وەک هەر هاوڵاتیەک لە لوبنان دەژی و هەفتانەو مانگانە کەسانێک لە ژاپۆنەوە بۆ سەردانکردنی دێن بۆ لوبنان، بەڵام بارودۆخی ڕێگەی پێنادات هیچ چالاکییەکی جەستەیی یان فکری بکات و پێویستی بە پەرستارێکی هەمیشەیی هەیە خزمەتی بکات.

*** چی دەخوێنیتەوە؟ ئایا دەربارەی کەسە مەزنەکان دەخوێنیتەوە؟**

- نامەوێت بڵێم مێژووی کەسە مەزنەکان دەخوێنمەوە، چونکە ئەمە دەبێتە وەڵامێکی ڕۆتینی. لە بواری ئاساییشدا، زۆرترین شت بیکەیت خوێندنەوەیە، کە ڕێژەی 70%ی کارەکە پێکدەهێنێت. ئەگەر تۆ 14 کاتژمێر لە

ڕۆژێکدا کاربکەیت، 10 کاتژمێریان بۆ خوێندنەوەیە. لەسەر ناوەوەو دەرەوەی لوبنان لە ئابورییەوە تاکو سیاسەت دەخوێنینەوە. من هەر لە منداڵیمەوە حەزم لە خوێندنەوەیە، لە هەموو تەمەنمدا بەلای جۆرێکی دیاریکراو لە خوێندنەوە پەلکێش بووم. پێش ساڵێک بە شێوەیەکی پچڕپچڕ دەستمکرد بە خوێندنەوەی تەورات، دوایئەوەی لە خوێندنەوەی (ئینجیل)ی پوتروس، لۆقا، مەتتا، یوحەنناو نامەکانی پۆڵس تەواو بووم. گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە لێکچوونێک لەگەڵ قورئان هەیە. ڕۆژانە پێشئەوەی بخەوم سەعاتێک سەرقاڵی بەدواداچوونم سەبارەت بەم بابەتە. زیاترو زیاتر بۆم دەردەکەوێت کە خاڵی لێچوونی زۆرو نزیک هەیە، بە جۆرێک تۆ کاتێک لە دەوروبەرت دەڕوانیتە شەڕەکان و ململانێ تائیفی و مەزهەبییەکان، کە بە ناوی دینەوە بە قووڵی و بە نەزانی ڕوودەدات، بۆت دەردەکەوێت تا چەند کۆمەڵگەکەمان لە ژیان و ڕێڕەویدا دینی وەک شێوە وەرگرتووە نەک وەک ناوەرۆک، من دەڵێم ئەگەر هەموو مرۆڤێک ڕێگە بە خۆی بدات گرنگی بە دینی تر بدات جگە لە دینی خۆی، بۆی دەردەکەوێت کە هەمان دینی، بەوەش دەمارگیری لە دونیادا نامێنێت.

*** باشترین شاعیر بەلاتەوە کێیە؟**

– لە منداڵیمەوە، حەزم لە شیعری (موتەنەبی)یە، چونکە لە ئاستێکی باڵادایە. ئەم شاعیرە کاریگەرییەکی مەزنی هەبووە و بە پوختەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. هەر کاتێک کارەکانی دەخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێت کە وەسفکردنی چەندین کەسایەتی لە سەردەمی خۆیدا، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکدا دەگونجێت کە من دەیانبینم. موتەنەبی فۆرمێکی نوێبۆوەیەو لەو نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە هەڵە نەبووە.

*** ئایا لە ئاسایشی گشتی هیچ ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ژنە هونەرمەندەکان بوونی هەیە؟**

– بەڵێ، بەشێک بۆ ژنە هونەرمەندەکان لە ئاسایشی گشتی هەیە، بەڵام ئێمە لە چەند بابەتێکی ئیداری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، بە تایبەتی عەرەب و بیانییەکان.

*** ئەگەر عاشقی گۆرانیبێژێک بیت، ئایا ڕاپۆرتێک دەربارەی ئەم پەیوەندییە دێتە ئاسایشی گشتی؟**

– لە ئاسایش ئەگەر نەشتەوێت چاک و خراپ دەبینی. من ئەوە بە نەنگی نازانم کە سیاسیەک عاشقی گۆرانیبێژێک ببێت. من بە شەخسی دەربارەی ئەو عاشقبوونە ئامۆژگاری گۆرانیبێژەکە ناکەم.

# گفتوگۆ لەگەڵ
# (جۆنی عەبدە)

**جۆنی عەبدە کێیە؟**

جۆنی عەبدە لە بەرواری 15/9/1961 لە قوتابخانەی جەنگیی لە بەشی چەکی ئەندازە بە پلەی مولازم دەرچووە. لە ساڵی 1940 لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە پەیمانگای قەشە یوسف لە عێنتورە تەواو کردووە. بەشداری چەند خولێکی سەربازی کردووە لە فەڕەنساو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. لە ساڵی 1965 گوازراوەتەوە بۆ هۆبەی دووەم بۆ سەرپەرشتیکردنی لقی کاروباری هێزی سەربازی تایبەت. لە کۆتایی ساڵی 1968دا گوازراوەتەوە بۆ نوسینگەی فەرماندەی سوپا عیماد ئەمیل بوستانی. بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری لەجێی جۆل بوستانی پێ سپێردراوەو بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتی ئیلیاس سەرکیس ڕۆڵی باڵاو دیاری بینیوە و لە سەردەمی سەرۆک ئەمین ئەلجومەییل وەک باڵیۆزی لوبنان لە سویسرا پاشان لە فەڕەنسا کاریکردووە.

لە سەردەمی هەردوو سەرۆک ئیلیاس ئەلهراوی و ئەمیل لەحود، جۆنی عەبدە گۆڕا بۆ ترسێکی هەمیشەیی بۆ دەزگاکانی ئاسایشی لوبنان، کە هەڵمەتێکیان لە دژی بەڕێوە دەبردو شوێنپێی جموجوولەکانیان هەڵگرت لە کاتی سەردانکردنی لوبنان، ئەو جۆرە کارو کردەوانەش

سنورییان تێپەڕاند. ئێستا جۆنی عەبدە لەگەڵ خانەوادەکەی لە پاریس دەژی.

*** ئیلیاس سەرکیس بە سەرۆک کۆماری لوبنان هەڵبژێردرا، کێبوون ئەوانەی بیر لە پشت پێبەستنیان کرایەوە؟ ئەو ناوە شەهابییانە کێ بوون کە ئامادەکران؟ کێبوون ئەوانەی هەڵاوێردکران و نەهێنرانە پێشەوە؟**

- هەڵبژاردنی سەرۆک سەرکیس لەپێش 6 مانگ لە کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆک سلێمان فرەنجیە بوو، دوایئەوەی کە دەستور بۆ یەک جار هەموار کرا. ئەنجومەنی نوێنەران واژۆکردنی یاداشتێکی بەخۆوە بینی، کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی فرەنجیەی دەکرد، بەڵام ئەو بە تەواوەتی ئەم داوایەی ڕەتکردەوە. بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، حافز ئەسەد سەرۆکی سوریا وتی: سەرۆک فرەنجیە بابەتی دەستلەکارکێشانەوەی خستۆتە بەرباس ئەگەر دەستلەکارکێشانەوەی ئەو قەیرانی لوبنان چارەسەر دەکات. لە پێناو خۆپاراستن لە ڕوودانی بۆشاییەک و وەستاندنی بەرەنگاربوونەوە سەرۆک سەرکیس لەپێش کۆتاییهاتنی ویلایەتی فرەنجیە هەڵبژێردرا.

*** ئایا سەرکیس لەپێش هەڵبژاردنی سەردانی سوریای کرد؟**

- من هیچ زانیاریەکم لە بارەی سەردانێکی لەم جۆرە

نییە. لەپێش هەڵبژاردنی پەیوەندییەکانی سەرۆک سەرکیس لەگەڵ سورییەکاندا لە ڕێگەی عەمید (سامی ئەلخەتیب)و (کەریم بەقراودۆنی)وە بوو، کە لەو سەردەمەدا پەیوەندی باشی لەگەڵ دیمەشق هەبوو. لە میانی پەیوەندییەکان سورییەکان وتیان ئەوان ئیلیاس سەرکیس بە باشی ناناسن. هەڵبژاردنەکە لەژێر پارێزگاری سوپای ڕزگاریخوازی فەلەستین ئەنجامدرا، کە لـەڕووی پراکتیکیەوە سەر بە سوریا بـوو، بەڵکو لەژێر گوشاری بۆمب و چەکەکاندا بوو، چونکە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە دژی گەیشتنی سەرکیس بوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی سەرەڕای ئـەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ سەلاح خەڵەف (ئەبو ئەیاد) هەبوو. سەرکیس پلانە بەناوبانگەکەی خۆی هەبوو، کە سەردانەکانی یۆ سعودیەو میسرو سوریا دەگرتەخۆ، کە بە پێویستی دەزانی پشت بە هێزێکی دەرەکی ببەسترێت بەهۆی پەرتەوازەبوونی سوپا لەو سەردەمەدا.

بە دڵنیاییەوە کودەتا لەناو سوپادا ڕوویدا یان ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کودەتا هەبوو. لێرەدا هەوڵدانێکی دیارو بەرچاو لەلایەن (عەزیز ئەلئەحدەب) درا لە سەردەمی سەرۆک فرەنجیەدا. هەروەها چەند کودەتایەکی ئامادەکراو بوونی هەبوو وەک کودەتای هێزی ئاسمانی بە سەرۆکایەتی جۆرج غەریب، جگە لەمەش سەرکردایەتی سوپاش بە

ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری بیری لە کودەتایەک دەکردەوە. سەرۆک سەرکیس لەبەر ڕۆشنایی پلانەکەی خۆیدا حەزی دەکرد پەنا بۆ شەهابییەکان بەرێت بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەی. شەهابییەکان پاشکۆیەتی نییە، چونکە شەهابی هەن ئەمە نازانن. بیرم دێت کە سەرۆکی کۆچکردوو فوئاد شەهاب جارێک پرسیاری لێمکرد: شەهابییەت چییە؟ منیش وەڵامم دایەوە، کە دەکرێت بە دوو دێڕ یان بە چەند موجەللەدێک وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. وتی دەمەوێت لێت بپرسم: بەڕێوەبەرێکی گشتی لە (بيت الشدياق) هەیە پەیوەستە بە سەرۆک کەمیل شەمعون، بەڵام کاتژمێر 7ی بەیانی دێت بۆ کارەکەی نەک 8ی بەیانی، کاتژمێرێکیش لە دوای تەواوبوونی کارەکەی نوسینگەکەی جێدەهێڵێت و کەسێکی دەستپاکەو خزمەتی خەڵکی دەکات، ئایا ئەم کەسە کێیە؟ منیش پێمووت: ئەوە شەهابیە. لە وەڵامدا وتی: باشە، وا تێگەیشتم تۆش وەکو ئەوانیتر لە شەهابییەت تێگەیشتویت. وتم: بۆ نموونە ڕیمۆن ئەددە هەیە، قسەکەی پێ بڕیم و وتی: "بەڵێ ئەویش شەهابیە بێئەوەی بزانێت". مەبەستی ئەوە بوو بڵێت ڕیمۆن ئەددە لەو توخمەیە. بە دڵنیاییەوە ئیلیاس سەرکیس دڵی دەسوتا، دیویست پەنا بۆ سەرۆک ڕەشید کەڕامی ببات و بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت ڕایبسپێرێت،

بەڵام بارودۆخەکە ڕێگەی بەمە نەدەداو ئەم بابەتە بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتەکەی هەر لە دڵیدا گرێ بوو. سەرۆک سەرکیس ڕەشید کەڕامی خۆشدەویست و بە تایپی یەکەم و پیاوی دەوڵەتی دەزانی، پێیوابوو ئەوان دەتوانن وڵات دەرباز بکەن. ئەو پۆلێنی خۆی بۆ سەرۆک وەزیرەکان هەبوو، دەیزانی کە کەڕامی وەک پیاوی دەوڵەت بەبێ ترس پشکنین و دەرچوون بە هەڵوێستێکی توند یان ناکۆکیەکی ئاشکرا دەچێتە ناو دەسەڵاتەوە. هەندێک کێشە لە نێوان کەڕامی و سەرۆک کۆمار ڕوویاندەدا، بەڵام ئاشکرا نەدەکرا چونکە ئەو قەبارەی ئەو زیانانەی دەزانی، کە ئەو ناکۆکییانە بە دەوڵەتی دەگەیاند، بە تایبەتی لە ڕووی هەڵکشانی ناکۆکییە تائیفییەکانەوە. کەڕامی لە پیاوە بێدەنگەکانی دەوڵەت بوو، کە کاردانەوەی هەڵوێستەکانیان لەلای ڕای گشتی دەزانی. چەندین هۆکار بوونە هۆی ڕێگرتن لە هاتنی کەڕامی، لەوانە نارەزایەتی توندی سەرکردەکانی ئەوەی لەو سەردەمەدا پێی دەوترا ناوچەی خۆرهەڵات. کەڕامی بەناحەق تۆمەتبار کرا بەوەی کە دژی دابەزاندنی سوپا بووە لە شەڕی دوو ساڵهدا. لێرەدا پێویستە وەک خزمەتێک بۆ مێژوو ئەم بابەتە ڕاست بکەینەوە: سەرۆک کەڕامی داوای ڕاوپۆتێکی لە سەرکردایەتی سوپا کرد سەبارەت بەوەی کە بۆی هەیە ڕووبدات لە کاتی پەنابردن

بۆ سوپا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش یان دەستێوەردان لە دۆخەکە. سەرکردایەتی لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕاشکاوانە ئاماژەی کرد بۆ مەترسی دابەشبوونی سوپا، بۆیە کەڕامی لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێستی خۆی گەلاڵە کردو ڕازی نەبوو ڕاپۆرتەکە ئاشکرا بکات ئەگینا ورە زیاتر دادەبەزی.

ئیلیاس سەرکیش بە نوێنەرایەتی تائیفەکەی خۆی نەگەیشتە سەرۆکایەتی، ئەو لەم جۆرانە نەبوو. پێکهاتەی ئەو لەسەر بیرۆکەی دەوڵەت و دامودەزگاکان و پێکەوەژیان و هاوسەنگی دروست ببوو. کێشەکە ئەوەبوو کە هیچ پشتیوانیەکی مەسیحی گەورەی نەبوو تاکو بە پێچەوانەی شەپۆلەکە بڕوات. پێیوابوو هاوسەنگی پێویستەو دەبێت ئەم لایەن یان ئەو لایەن شکست نەهێنێت. ئەو بە گرنگیەوە چاوەڕوانی کۆتایی کێشەی نێوان میسر – سوریای دەکرد، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر خاکی ئێمە وێنا دەکرا. دەستی کرد بە جموجووڵ و لەپیش لوتکە گەورەکە لە قاهیرە لوتکەیەکی بچوک لە ڕیاز ئەنجامدراو هێزی بەرپەرچدانەوەی عەرەبی لە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی پێکهێنرا. لە پێناو پاراستنی ڕاستگۆیی مێژوویی من دەڵێم چەندین لایەن نارازی بوون لەسەر قەبارەی هێزەکانی سوریا لەناو هێزی بەرپەرچدانەوە کە عەرەبەکان سوربوون

لەسەر دانانی لەژێر فەرمانی سەرۆک کۆمار. هەندێکیان هەوڵیاندا بە تایبەتی ناوی سەرۆک سەرکیس بۆ ئەو کارە جێگیر بکەن، بەڵام ڕەتیکردەوەو وتی: "پێویستە لەژێر فەرمانیسەرۆک کۆمار بێت بەبێ ناوهێنان (لەونەیە من شتێکم بەسەردا بێت)". لە ڕاستیدا ئەو داوای هێزێکی کرد، کە کە (30) هەزار سەربازی دەوڵەتە عەرەبییەکان پێکدێت. کاتێک دامەزراندنەکان دەستی پێکرد سەرۆک سەرکیس بڕیاریدا بەقرادۆنی بکرێتە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی گشتی، بەڵام لەلایەن شێخ بیار ئەلجومەییل (سەرۆکی حزبی کەتاییب)وە ناڕەزایی لە دژی پەیدا بوو بە پاساوی ئەوەی کە بەقرادۆنی مارۆنی نییە. لە ڕاستیدا شێخ بیا هەمیشە بیانوویەکی هەبوو کە خۆی لە کەریم بپارێزێت. چاوی لەسەر فاروق ئەبی لەمع بوو بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش لە دوای دوو ساڵ بچوککردنەوەی تەمەنی وەکئەوەی لەبیرمە، چونکە ئەو لە دەرەوەی ڕاژە بوو. ئەوەبوو داوایەک بەرزکرایەوەو دادگا بڕیارێکی دەرکرد بۆ ڕاستکردنەوەی تەمەنەکەی، پێموایە دوو شاهیدی بچووککردنەوەی تەمەنی بریتی بوون لە وەزیر (میشال ئەلموڕ) و (شێخ بەهیج تەقیەدین).

سەرکیس دەستیکرد بە ئامادەکاری پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی. ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبوو ماوەی

چەند ساڵێک بوو دەیناسیم، بە تایبەتی لە کاتی کۆچکردنی سەرۆک فوئاد شەهاب، کە ئەو کات بەرپرسی ڕێکخستنی بەخاکسپاردنی بووم. سەرکیس بیری لە دانانی دکتۆر ئەلیم ئەلحوس دەکردەوە بە وەزیری ئابوری، پاشان بیرۆکەکە گۆڕا بۆ سەرۆکایەتی حکومەت. لە ڕاستیدا ئەو سەرۆک (ئەلحوس)ی خۆشدەویست و ڕێزی زۆری لێدەگرت دوایئەوەی لە ڕێگەی لیژنەی چاودێری بانکەکانەوە پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستبوو. ئەلحوس حکومەتەکەی پێکهێناو کارەکان دەستیان پێکرد.

پێویستبوو فەرماندەیەک بۆ سوپا دابنرێت، سەرکردەکانی بەیروتی خۆرهەڵات گۆڕینی عیماد (حەننا سەعید) یان ڕەتدەکردەوە، ئەمە لەپێش بوونی چڕی هێزەکانی بەرپەرچدانەوە بوو لە خۆرهەڵات. لە دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی فەرماندەی سوپا تەقینەوەیەک لەماڵی فوئاد پوتروس ڕوویدا، کە وەزیری دەرەوە و بەرگری بوو، هەندێک هەڕەشە کرا بە ئەنجامدانی کارێکی نەخوازراو ئەگەر حەننا سەعید بگۆڕدرێت. سەرکیس حەزی بە ڕوبەڕوبوونەوە نەدەکرد، بەڵام پەیوەستبوو بە گۆڕینی فەرماندەی سوپا لەگەڵ گۆڕینی ناوەکاندا. ئەوان لە بنەڕەتدا بیرییان لە دانانی حەبیب فارس دەکردەوە، بەڵام لە دانیشتنی یەکلاکردنەوەی بڕیارەکەدا

فیکتۆر خوری دانرا. لە سەرەتای ساڵی 1977وە من کرام بە بەڕێوەبەری هەواڵگری.

*** کاتێک تۆ پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگریت وەرگرت دۆخی سوپا چۆن بوو؟**

– دۆخی ناو سوپا دژوار بوو، شەڕ ئەفسەرو سەربازانی سوپای پارچە پارچە کردبوو. زۆرێک گوازرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، هەندێکیشیان لەگەڵ میلیشیا دەسەڵاتدارەکاندا خۆیان گونجاند. کارەکانی ڕفاندن و خراپی ڕێگاوبانەکان یارمەتیدەر بوو لەو جیاکردنەوەیەدا. سەرکردایەتی سوپا لە ئەلیەرزە لە دەرەوەی ئەم کێشەیەدا نەبوو. ئامادەبووەکان جگە لە یەک ئەفسەر سەر بە تائیفیەیەکی دیاریکراو بوون، سەربازەکان پارێزگارییان لە بارەگاکان دەکردو هەندێکیان شانبەشانی میلیشیاکان شەڕییان دەکرد. بڕاردەی ئیلیاس سەرکیس ڕوون و ڕاشکاوانە بوو: یەکێتی وڵات و یەکێتی سوپا. بارودۆخەکە خراپ بوو، ترس و دڵەڕاوکێ هەبوو. دەستم کرد بە کارکردن لەسەر خوێندنەوەی کەسێتی سەربازەکان و ئەفسەرەکان و قسەم لەگەڵدا کردن، پاشان دەستمانکرد بە خێوەتگەکان بۆ پێکەوەهەڵکردن، سەرەڕای ئەوەی زۆرینە لایەنگیری بیرۆکەی دوو سوپایان دەکرد، بەڵام ئەوانەی یەک سوپایان دەویست پێداگرییان دەکرد سوپا یەک ڕەنگ

بێت. له بەڕێوەبەرایەتی دەستمکرد بە پرسیارکردن له سەرباز یان ئەفسەر بۆ ئەوەی ناوی هاوڕێیەکیم له پێ بڵێت که سەر به تائیفەیەکی تر بێت و متمانەی پێبکات، هێزەکەم لەسەر ئەم بناغەیە دروستکرد، داوام له هەر یەکێکیان کرد پەیمان بدات بە پارێزگاریکردن له هاوڕێکەی کاتێک دێت. کاتێک سەرۆکی ئەرکان عەمید مونیر تربیه هات، که ئەفسەرێکی پاک و باش و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو، خۆم به شەخسی دابەزیم بۆ هۆبەی تەلەفۆن و هەڕەشەم کردو بەڵێنم دا بۆ ئەوەی هەواڵگری بە مسۆگەری بدرێتە ئەو ئەفسەرەو فەرمانەکەش جێبەجێ کرا. کاتێک که هێزێکی به شکۆ له بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری دروستکرا، سەربازییەکان بە حساباتی خۆیاندا چوونەوەو هەستیانکرد کە دروستکردنەوەو بەدەستهێنانەوەی سوپا کارێکی جدییە. سەربازگەکانی پێکەوەهەڵکردن لەو سەردەمەدا یاریدەدەرێکیان وەرگرت بە ناوی (نەبیهـ فەرەحات)، پاسەوانیەکی توندمان بەسەر سەربازگەکاندا سەپاند بۆ ڕێگرتن له ڕوودانی هەر ڕووداوێک کە ئامانجی لێدانی یەکێتی ناو سوپا بێت. لە ڕاستیدا ناوی فیکتۆر خوری وەک فەرماندەی سوپا زۆر یارمەتیداین، چونکە ئەو پیاوێک بوو هیچ پەیوەندی بە تائیفیەتەوە نەبوو، زۆربەی کاتەکانی له بەیروتی خۆرئاوا بەسەر دەبردو دۆستایەتی و هاوڕێیەتی

فراوانی لەوێ هەبوو. بەم مانایە لە هێڵی سەرۆک سەرکیس نزیک بوو. گەورەترین بەڵگە لەسەر دۆخی ئاسایش لە ساڵی 1977دا ناولێنانی "شەڕی دوو ساڵە" بوو، بەو پێیەی کە کۆتایی پێهات.

*** ئایا سەرکیس هەوڵیدا کەمال جونبولات لە حکومەتی یەکەمیدا بەشداری پێبکات؟**

– نەخێر لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە هەوڵی نەداوە بیار ئەلجومییل بێنێتە پێشەوە. سەرکیس پێیوابوو بەشدار پێکردنی یەکێکیان وا پێویستدەکات لە ڕووی پراکتیکەوە ئەوەی تریش بەپێی تیۆری هاوسەنگی و نوێنەرایەتیکردنی کردارییی بنەماڵە لوبنانیە جیاوازەکان بەشداری پێ بکرێت. حکومەتی یەکەم نیوە سیاسی بوو، سەرکیس لە کەمال جونبولات تێدەگەیشت، کە کەسێکی زۆر گرنگ و زۆریش عاقڵمەند بوو. هەروەها لە مەبەستی جونبولات تێدەگەیشت، کە وەک پیاوی فکرو ڕۆشنبیری بۆی قورس بوو تەواو ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو سیستمە تائیفیەدا بکات، کە لە وڵاتدا هەیەو سنورێکی بۆ هیواو خواستەکانی دیاریکردووە بەهۆی وابەستەیی تائیفییەوە. هەموان لەبیریانە کە جونبولات گاڵتەی بە پەرلەمانتارەکان دەهات و بە نەخوێندنەوە تۆمەتباری دەکردن و دەیگوت یەکێک لەوان تەنها یەک کتێبی نەخوێندۆتەوە. من گوێم لە فوئاد

شەهاب بوو لە بارەی کەمال جونبولات قسەی دەکردو وتی: ئەو پیاوێکی بوێرەو من لێی تێدەگەم، بەڵام پێی دەڵێن ئەو لە دۆخی لوبنان نەگەیشتووە، چونکە بیرو عەقڵی ئەو لە دۆخی لوبنانی گەورەترە، واتە ئەو لە سیستمی ناو لوبنان گەورەترە، بۆیە ناتوانێت وەک ئەو بێت، لێرەشەوە هێرشبردن و تانەلێدان دەستی پێکرد. کاتێک کەمال جونبولات لە مانگی ئاداری ساڵی 1977دا تیرۆر کرا، من تازە دامەزرابووم و هێشتا پۆستەکەم وەرنەگرتبوو هیچ شتێکم نەبوو زیاتر لەوەی وەلید حونبولات دەیگوت. لە ڕاستیدا تیرۆرکردنی جونبولات ڕووداوێکی بەئێش بوو بۆ هەموو لوبنان، چونکە ئەو سەرکردەیەکی لوبنانی بوو تەنانەت نەیارەکانیشی ڕێزییان لێدەگرت. من پێموایە ژیان و مردنیشی بوو بە گرێیەک بۆ زۆرێک لە خەڵکی لوبنان، تیرۆرکردنی ناخۆش و کاریگەر بوو، ئەوەی بەدوای تیرۆرکردنیشیدا هات زۆر بەئێش بوو.

*** ئێوە کەی بوو لە ساڵی 1982 کە زانیتان ئیسرائیل ئامادەباشی دەکات بۆ هێرشکردنە سەر لوبنان؟**

- کردەوەیەکی سەربازی فراوان لە باشوری لوبنان پێش چەند ساڵێک بوو قسەی لە بارەوە دەکرا، هەندێک لەم هەواڵانە دزەپێکراوی ئیسرائیل بوو بۆ ئەوە نائارامی و گرژی لە لوبنان دروست بکات، یان بۆ بەرزکردنەوەی

مۆراڵی ئەو لایەنانە بوو، کە پێیانوابوو کارێکی لەوجۆرە بۆی هەیە ببێتە هۆی دەرکردنی فەلەستینییەکان لە خاکی لوبنان و لە دەسەڵاتی دەوڵەتی لوبنان دەربچێت و هێزەکانی سوریاش لە لوبنان دەربچن. لە دوای ئەوەی ژەنراڵ ئارێل شارۆن بوو بە وەزیری بەرگری ئیسرائیل بەدوای یەکدا چەند ئاماژەیەک سەبارەت بە بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنی و مامەڵەی توندی لە چارەسەرکردندا دەرکەوتن. شارۆن وا دەبینرا، کە جیاواز لە کەسانیتر زۆرترین شارەزایی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ عەرەبەکان و لەو بڕوایەدایە کە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز تاکە شێوازی گونجاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. پاشان دەرکەوت کە شارۆن پلانێکی هەیە نەک بۆ دەرکردنی هەندێک لە هێزەکان لە لوبنان، بەڵکو بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەکان لەناو ئیسرائیل و لوبنان و پەلکێشکردنی هەمووان بۆ ناو پلانەکەی.

بەرە بەرە چەند زانیاریمان پێدەگەیشت دەربارەی ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنی پەلامارەکەی ئیسرائیل و دەوترا لەوانەیە بگاتە بەیروت. ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی چەند سەرچاوەیەکی لوبنانیەوە دەستمان کەوت. پێموایە خودی دەوڵەتە خۆرئاواییەکانیش زانیارییان لە رێگەی لوبنانەوە دەستدەکەوت. ئەو زانیارییانە هێندە گرنگ بوو تا ئەو ئەندازەیەی کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لێیان باوەڕپێکردنیان

مومکین نەبوو. زانیارییەکان باسی پەلامارێکی بەربڵاوییان دەکرد سەرەڕای هەبوونی خواستێک لەلای ئیسرائیل بۆ خۆپاراستن لە بەریەککەوتن لەگەڵ هێزەکانی سوریا. ئێمە پێمان وانەبوو دوژمنکارییەکی بەربڵاوی لەم جۆرە بکرێتە سەر لوبنان بەبێ بەریەککەوتن لەگەڵ هێزەکانی سوریادا. پرسیارمان دەکرد سەبارەت بە گرنگی سەرکێشیەکی لەمجۆرە، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا – سۆڤێتی و ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە.

کاتێک فوئاد پوتروس وەزیری دەرەوەی لوبنان کۆشکی جێهێشت سەرۆک سەرکیس پرسیاری لێکردم: ئایا باوەڕ بە ڕاستی تەنها 10%ی زانیارییەکان دەکەیت؟ منیش پێمووت: "نەخێر من باوەڕ دەکەم 90%ی زانیارییەکان ڕاستن"، بەڵام لەبەردەم وەزیر پوتروس وتم 10%ی ڕاستە، لەو بڕوایەشدا بووم کە ئیسرائیلییەکان پێشتر ئەو پرسانەیان دیراسە کردووە، کە پوتروس لەپێش ئێمە وروژاندی. سەرۆک سەرکیس ڕایسپاردم سەرۆک وەزیران بەڕێز (شەفیق ئەلوەزان) و برا سورییەکان لە هەموو ئەم زانیارییانە ئاگادار بکەمەوە. زانیارییەکانم نارد بۆ سەرۆک ئەلوەزان و لێپرسراوی سەربازی سوریا لە لوبنان (عەقید محەمەد غانم) و لە گەیشتنی زانیارییەکان

دڵنیا بوومەوە. بەڵام برا سورییەکان بڕوایان نەکردو پێدەچوو بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ زانیارییەکاندا کردووە لەبەر ئەوەی کە لە ڕێگەی هەواڵگری لوبنانەوە پێیان گەیشت، کە متمانەیەکی تەواو لە نێوانماندا نەبوو، لەوانەشە پێیان وابووە ئەو زانیارییانە دروستکراوە ئەوەش بەهۆی نەبوونی متمانەوە بوو. ئەمە چەند هەفتەیەک بەر لە پەلاماردانەکە بوو. لەو کاتەدا چەند لێدوانێک لە کەسایەتیە لوبنانییەکانی نزیک لە سوریا دەرچوو، پێیانوابوو ئەم زانیارییانە هەوڵێکە بۆ هەراسانکردن و ترساندن و ئامانج لێیان دروستکردنی فشارە لەسەر موقاوەمەت تا ناچار بێت بۆ ئاسانکردنی کاری بڵاوبوونەوەی سوپای لوبنان لە باشور. لە ڕاستیدا چارەسەر بۆ خۆپاراستن لە هێرش و پەلاماردان بریتیبوو لە کشانەوەی چەکدارە فەلەستینییەکان لە باشورو بڵاوبوونەوەی سوپای لوبنان تێیدا. ئێمە چەندینجار هەوڵماندا، بەڵام ئەبو عەممار لە پلانیدا نەبوو دەستبەرداری باشوری لوبنان بێت و بکشێتەوە، بۆیە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین سەرتاپای ئەو بابەتەی ڕەتکردەوە.

لە لەندەن تەقە کرا لە باڵیۆزی ئیسرائیل (شلۆمۆ ئەرگۆف) و بەدوایدا پەلامارەکانی ئیسرائیل لە 6ی حوزەیران دەستی پێکرد. زۆرێک پێیانوابوو پرۆسەکە سنوردارە،

بەڵام ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی ئێمەدا بوو ئاماژەیان بۆ پێچەوانەکەی دەکرد. هەندێکیان پشتیان بە لێدوانەکانی لێپرسراوانی ئیسرائیل دەبەست کاتێک ڕایاندەگەیاند کە پرۆسەکە سنوردارە. لە ڕاستیدا لێپرسراوە ئیسرائیلییەکان ئاگایان لەوە نەبوو، کە ئەو پرۆسەیە قەبارەی هێندە گەورە دەبێت، بەڵکو شارۆن سیناریۆکەی دەزانی کە تا چەندێک درێژە دەکێشێت.

*** ئەگەر دەوڵەت هەڵاوێرد بکەین، لە لوبنان کێ وادەو قەبارەی هێرشەکەی ئیسرائیلی دەزانی؟**

- بەشیر ئەلجومەییل.

*** ئایا شارۆن لەپێش هێرشکردنەکە هات بۆ لوبنان و چۆن هات؟**

- شارۆن چەندینجار هات بۆ لوبنان و پرۆسەیەکی کێومالی لە چیای (المتن) و هەندێک ناوچەی تر ئەنجامدا. ئەو لەگەڵ دەزگایەکی سەربازیدا هات لە ڕێگەی فڕۆکەی هیلیکۆپتەرەوە، لە کاتێکدا ئەوانیتر لە ڕێگەی دەریاوە دەهاتن. یەکسەر لە دوای هێرشەکە زانیاریمان پێدەگەیشت لە بارەی قەبارەی ئەو هێزانەی دەجولێنران. ئیسرائیلییەکان پاساوییان بۆ قەبارەی هێزەکان هێنایەوە و دەیانگون ئەوان دەیانەوێت بگەنە (صور) یان (الزهرانی) و ناوییان لێنا (پرۆسەی لیتانی2-)، ئامانجیان

لەو پەلاماردانە دوورخستنەوەی mووشەک و تۆپەکانی فەلەستین بوو.

*** ئایا لە کاتی دەستپێکردنی هێرشەکەدا وتوێژتان لەگەڵ سوریا دەستپێکرد؟**

– بەڵێ وتوێژمان لەگەڵ سوریاو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و چەند لایەنێکی دیکە کرد. لەپێش دەستپێکردنی هێرشەکەدا گفتوگۆو وتوێژ لەگەڵ سوریادا لەسەر هەموو ئاستەکان هەبوو. من هەوڵمدا عەقید محەمەد غانم لەگەڵ بەشیر ئەلجومییل لە پەیوەندیدا بێت تاکو دڵنیا بێت کە زانیارییەکانم دەربارەی هێرشەکە پشتی بە زانیاری بێبنەما نەبەستووە.

دەستمان بە جموجووڵ کرد لانیکەم بۆ سنوردارکردنی ئەو زیانانە. داوامان لە ئەبو عەممار کرد نێردراوێک بنێرێت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەشیر ئەلجومەییل، ئەوەبوو (هانی الحسن)یان ناردو لە ماڵەکەی من کۆبوونەوە کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەشیر بە (الحسن)ی وت: "براکەم هانی تەنها یەک چارەسەر هەیە بۆ وەستاندنی ئەم هێرشە، ئەوەیە کە من و ئەبو عەممارو سەرۆک سەرکیس بەیاننامەیەک دەربکەین و ڕاییگەیەنین کە ئێمە لە دژی هێرشەکەین و من دڵنیات دەکەمەوە کە ئەگەر لەگەڵتان بم هێرشەکە دەوەستێت، چونکە ئەو پاساوەی ئیسرائیلییەکان

بۆ ئەو هێرشەی دەهێننەوە من و تۆین، تۆیت لەبەر ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت ڕێکخراوەکەتان بڕوات چونکە دەڵێن ئەوان بۆ یارمەتیدانی ئێمە هاتوون. من ناتترسێنم، ئێمە نیگەرانین لە دروستبوونی دەوڵەتێکی فەلەستینی لەسەر خاکەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانم دەنگم بخەمە پاڵ دەنگتان پێویستە لەسەرتان لە لوبنان دەستبەرداری چەک بن، ئەگەر ڕازین با بەیاننامەکە دەربکەین پێچ ئەوەی بەرەو بەیروت پێشڕەوی بکەن. ئەم پێشنیارە لەوانەیە لە دوای 48 کاتژمێری تر نەتوانم بیخەمە ڕوو". بەشیر ئەوەشی بە (الحسن) وتک: "دەگەنە بەیروت منیش ئەو کارەساتانە دەزانم کە لە بەرامبەر ئێمەو ئێوەش لێی دەکەوێتەوە، باوەڕ بە ڕۆژنامەکان مەکە، چونکە ئەوان دەگەنە بەیروت". هانی بە ئاشکرا زۆر گرنگی بەم زانیارییانە دەدا و وتی: "داوای لێبوردن دەکەم کە نانی نیوەڕۆم نەخوارد، چونکە ئەوەی گوێبیستی بووم لێم دەخوازێت هەر ئێستا بڕۆم و بە وەڵامێکەوە بگەڕێمەوە"، بەڵام ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

لە دوای گەیشتنی ئیسرائیلییەکان بۆ بەیروت پەیوەندی بەستن لەگەڵ فەلەستینییەکاندا دەستی پێکردەوە، بەڵام لە سەرەتادا پەیوەندییان بە کەسەوە نەکرد. کاتێک بانگهێشت کراین بۆ ئەنجومەنی وەزیران من پێشنیارم کرد بارودۆخەکە باس بکرێت و لە (صور) کارێک بکەین، هەرچەندە

هێزەکانی ئیسرائیل هێشتا لەوێ بوون. داوام کرد هەموو ئەو هێزانەی هەن بچنە پاڵ سوپا تاکو بتوانین قسە بکەین و ڕێکخراوەک ڕایبگەیەنێت کە لە سایەی ڕادەستکردنی شارەکە بە سوپای لوبنان ئەو هیچ ڕۆڵێکی سەربازی نییە. من پێشنیاری ئەو سیناریۆیەم کرد بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وتوێژ بکەین. ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکە نەدرا سەرەڕای ئەوەی کە نوێنەری شاری (صور) وەزیر عەلی ئەلخەلیل ڕزگارکردنی شارەکەی بەلاوە گرنگ بوو. من لەو کاتەدا وتم: "مەخابن، ئەگەر لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بن ئەمڕۆ باسی صور دەکەین و سبەینێش باسی صیدا دەکەین".

بزووتنەوەی نیشتمانی ئەمەی ڕەتکردوەو چونکە لەوانەیە پێیوابووبێت پرۆسەکە سنوردارە. کاتێک ئیسرائیلییەکان گەمارۆی بەیروتیان دا ئەبو عەممارو ئەبو ئەیاد و هانی ئەلحەسەن و ئەبو وەلید چەند پێشنیارێکیان پێشکەشکرد وەکئەوەی سوپا لە نێوان ئیسرائیلییەکان و هێزە فەلەستینییەکان بڵاوبکرێتەوە. لەم کاتەدا کارەساتەکان دەستیان پێکرد و بەیروت کەوتە ژێر ڕەحمەتی تۆپخانەی ئیسرائیلەوە. لەبیرم دێت چۆن سەرۆک سەرکیس وەکو زیندانی وابوو. کەسم نەبینیبوو تا ئەو ئەندازەیە ئازار بچێژێت، هەروەها کەسم وەک ئەو نەبینی تاکو ئەو

ئەندازەیە خاوەنی ویژدانێکی نیشتمانی بێت. لە بەعەبداوە بە حەسرەتەوە دەیڕوانیە ئەو فڕۆکە ئیسرائیلییانەی هێرشیان دەکردە سەر بەیروت. ئەوەی بە ڕاستی سەرکیس بناسێت دەزانێت چەندێک هەستی عەرەبایەتی پاک و بێگەرد بووە، بەڵکو دەشزانێت تا چەند دژی ئیسرائیل و کارەکانی بوو. لەپێش پەلاماردانەکە ئومێدی دەخواست بڕوا بەخۆی بێنێت کە ئەو زانیارییانە هەڵەن، بابەتەکە لەلای ئەو گەیشتە ئەو ئاستەی هیوای دەخواست کارەساتەکە دوابخرێت لە کاتێکدا کە ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەستەم بوو. دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بوون و سەرۆک سەرکیس هەمیشە لەگەڵ فیلیپ حەبیب لە پەیوەندیدا بوو. چەندین جار توڕەییەکەی دەگەیشتە ئاستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حەبیب و پێیدەوت: "ئێوە چۆن دەڵێن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدان و لە بۆردومانکردنی بەیروت بڕینی ئاوەکەی بێدەنگ دەبن؟". من پێموایە مەینەتییەکانی لەو ماوەیەدا ئاستی نەخۆشیەکەی زیاتر کرد.

*** کێبوو لەو ڕۆژگارە دژوارانەدا وەک پیاوی دەوڵەت ئاستی ئەمجۆرە ڕووداوانەدا دەرکەوت؟**

– لەو بڕوایەدام بەپێی ئەو وزەو توانایانەی کە دەوڵەتی لوبنانی هەیبوو، هەردوو سەرۆک سەرکیس و ئەلوەزان بەوپەڕی بوێرییەوە ڕووبەڕوی دۆخەکە بوونەوە. لە

سەرکردە سیاسییە دیارەکانی تریش دەبێت باسی وەزیر فوئاد پوتروس و سەرۆک صائب سەلام بکەین. پرۆسەیەکی لەمجۆرە و بەو گەورەییە نەبووە هۆی بەرزکردنەوەی هیچ داواکارییەک بۆ دەستلەکارکێشانەوەی ئەلوەزان، بەڵام تیرۆرکردنی سێ لە سەرکردەکانی موقاوەمەت لە ساڵی 1973دا بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی حکومەت و داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەی فەرماندەی سوپا. لەم سەروبەندەدا گروپی شاندکراوەکان بە ئاراستەی دیمەشق بەردەوام بوون، من و وەزیر فوئاد پوتروس و چەند کەسێکی تریش ڕۆیشتین.

لە کاتی گەمارۆدانی بەیروت لە سعودیە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب کراو منیش بە یاوەری وەزیر پوتروس ڕۆیشتم، یەکێک لە گرنگترین بەندەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەمە بوو: "چەکدارانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ کوێ دەچن؟".

*** ئایا کەس دژی دەرچوونی موقاوەمەت وەستایەوە؟**

– نەخێر، لەو قۆناغەدا پێویست بوو ڕەزامەند بین لەسەر دەرچوونی موقاوەمەت بەرەو باکور یان بیقاع. سەرکیس ڕازی نەبوو وتی: "من ناتوانم بەیروت لە هیچ بستە خاکێکی تری لوبنان بە چاکتر بزانم". لەوێ لەسەر هیچ شتێک ڕێکنەکەوتین، بۆیە پوتروس لە بارێکی دڵەڕاوکێدا

بوو. لێرەدا پێویستە دانی پێدا بنێین زانیاریمان هەبوو کە هێرشەکە دەگاتە بەیروت، بەڵام ئێمە پێشبینیمان نەدەکرد هیچ پەیوەندییەک لە نێوان سوپای ئیسرایل و ناوچەی خۆرهەڵاتدا دروست ببێت لە ڕێگەی (عالیە)و (بەعەبدا)وە. سوپای لوبنان هێزێکی لە ناوچەکەدا هەبوو لەژێر فەرمانی میشێل عۆن و شارۆن بە شەخسی هاتبووە ناو سرییەکانی دەرک لە بەعەبدا. ئەو ئەفسەرە لوبنانییەی لەوێ بەرپرس بوو ناوی (ڕەفیق ئەلحەسەن) بوو پەیوەندی بە یەکێک لە یاریدەدەرەکانمەوە کرد، خۆشم لەوێ بووم پێیوتم: "بەڕێز وەزیری بەرگری لێرەیە". ئەفسەرەکە وەڵامی دایەوە: جۆزف سەکاف، وەزیری بەرگری لوبنان لەلای تۆ چی دەکات؟

ئەلحەسەن لە وەڵامدا وتی: "وەزیر ئاریێل شارۆن لێرەیە، نەک وەزیر سەکاف!". سەرکیس لەوپەڕی هەڵچوونیدا بوو، چونکە ئیسرائیلییەکان لە کۆشک و وەزارەتی بەرگری نزیک بوونەوەو جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ دروستبوو. بیرۆکەی جێهێشتنی کۆشکم بۆ سەرۆک سەرکیس پێشنیار کرد، بەڵام ڕازی نەبوو، هەرچەندە خۆشم دژی ئەوە بووم.

*** ئایا ئیسرائیلییەکان هەوڵیاندا پەیوەندی بە سەرکیس بکەن؟**

- نەخێر، بەڵام ترس هەبوو لەوەی کە بەرپرسێکی

ئیسرائیلی بێت بۆ کۆشک و داوای چاوپێکەوتنی سەرکیس بکات. ئەگەرەکانمان تاوتوێ کردو ڕێکەوتین لەسەر سیناریۆیەک کە سەرکیس پێشوازیکردن لە هەر کەسێک ڕەت بکاتەوە. سەرۆک کۆمار پەیوەندی بە باڵیۆزی ئەمەریکی (ڕۆبەت دیلۆن)وە کردو پێیووت کە ڕازی نییە هیچ لێپرسراوێکی ئیسرائیلی بێتەلای و فەرمانی بە پاسەوانەکانی کرد بەرگری بکەن و تەقە بکەن. من چوومە وەزارەتی بەرگری و بینیم سەربازەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری دۆسییەکانیان بۆ سوتاندن ئامادە کردووە بەپێی ڕێسا کارپێکراوەکان لە کاتێکدا کە پەلامارەکە دەستپێدەکات. دەموچاوەکانم بینی زەرد هەڵگەڕابوون و ترس هەبوو لەوەی ئیسرائیلییەکان بێنە ناو بارەگای وەزارەتی بەرگرییەوە. لە ڕاستیدا ئەوانەی دەوڵەت و سوپا بە شێوەیەک منیان دەبینی کە زۆر زۆر دەزانم و لەوانەیە پێیان وابووبێت من توانای هەموو شتێکم هەیە. بەرپرسیارێتیەکە لەسەر شانم گەورە بوو، بۆیە دەبوایا دەربکەوتبایا کە ئایا منیش وەک ئەوان دەترسێم یان هەڵوێستێکی ترم هەیە. بە شێوەیەکی کتوپڕ داوام لە سەربازەکان کرد دۆسییەکان بگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆیان و وتم: "ئەوان نایەن بۆ ئێرە". لەبەردەم ئەفسەرەکاندا چەند پەیوەندییەکم بە ئەمەریکییەکانەوە کرد. لە ڕاستیدا هیچ گەرەنتیەکم پێنەبوو، بەڵام لەسەر

پێویست بوو مۆراڵیان بەرز بکەمەوە. سەرەتا بەدوورم بینی بێنە ناو هیچ دامەزراوەیەکی فەرمییەوە، چونکە ئەو ئامانجەی ڕایانگەیاندبوو بریتی بوو لە هێرشکردنە سەر موقاوەمەتی فەلەستینی. هاتنەناوەوەی کۆشکەکانی بەعیبدا نیگەرانی کردم، بەڵام دواتر زانیم کە ئەوان بە زەبری هێزی سەربازی نایەنە ناوەوە، بەڵکو شارۆن لەگەڵ پاسەوانەکانی هاتنە ناوەوە. بێئەوەی لەبیرمان بچێت کە ئامانجی ڕانەگەیەنراوییان بریتی بوو لە تێکشکاندنی سوپای لوبنانی. لە (صیدا) فڕۆکەکان بە شەو بە شێوەیەکی بەردەوام هێرشیان بۆ سەر سەربازگەکانی سوپا ئەنجامدەدا. پێدەچێت دەیانزانی کە دەبێت دوایی پاشەکشێ نەکەن لە بەرژەوەندی سوپا، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی میلیشیا هاوپەیمانەکانیان، کە دەکرا بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە. لەبەر ئەوە خەمی ئێمە ئەوە بوو کە سوپا بە سەلامەتی بمێنێتەوە. زۆرێک کەس سوپایان بە بەرگری نەکردن تۆمەتبار دەکرد، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سوپا بەرگری کردو کرایە ئامانج، بەڵام لە چوارچێوەیەکی شیاوو ئەو فەرمان و ڕێنومایانەدا کە دەردەکران. ئەگەر پەلاماردانەکە سوپای لوبنانی تێکبشکاندایا هیچ شتێک نەدەمایەوە و وڵات پەرتەوازە دەبوو.

یەکسەر لە دوای ڕوودانی پەلامارەکە، دەوڵەت

دەستەیەکی دەربازکردنی نیشتمانی پێکهێنا. بیرۆکەی یەکەم ئەوەبوو کە حکومەت هەڵبوەشێتەوەو دەستەی دەربازکردنی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەلوەزان پێکبهێنرێت، بەڵام دیدو بۆچوونی ئەلوەزان و پوتروس لەجێی خۆیدا بوو کارەکە لەسەر حکومەت وەستابوو، دەستەی دەربازکردنی نیشتمانی هاوتەرا لەگەڵ حکومەتدا پێکهێنرا. بەیروت گەمارۆدراو دانوستانەکان دەستیان پێکردو بووە لایەنێکی گرنگی دۆخەکە. من چەند جارێک ڕۆیشتمە بەیروتی خۆرئاوا بۆ بینینی ئەبو عەممار. ئیسرائیل داوای دەکرد موقاوەمەت لە پایتەخت بچێتە دەرەوەو سەرۆک (ئەلوەزان) ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی داواکە بگەیەنێتە عەرەفات. ڕاسپاردنەکە بەلای ئەلوەزانەوە قورس بوو، بۆیە لە گەیاندنی داواکەدا دوودڵ بوو، لە کۆتاییدا لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرکیس و حەبیب پێشنیاری ناوی منی کردو پەیوەندی کرا بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە، چەند نێوەنکارێکیش هەبوون لە نێوانیاندا دۆستێکی هاوبەش و ئەفسەرێکی سەر بە هەواڵگری هەبوون. هاوسەرەکەم شێت دەبوو کاتێک دەیبیست کە من لەگەڵ ئەبو عەممار کۆبوومەتەوە، چونکە ئەو لە کاتێکدا هەواڵەکانی بیستبوو کە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنم هەبوو. بەبێ دەمانچە دەچوومە ناوچەی (المتحف)و ئۆتومبیلە جێبەکانی سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین دەهاتن

و منیان دەبرد بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە. نەمدەزانی ئایا دەگەڕێمەوە یان نا، بەڵام ئەرکی من ئەوە بوو بڕۆم. کاتێک گەیشتم یاسر عەرەفات پرسیاری لێکردم و وتی: "ئایا ئەمە داوایەکی لوبنانیە؟". وەڵامم دایەوە وتم: "نەخێر ئەمە داوایەکی ئیسرائیلیە دراوەتە ئەمەریکییەکان و ئەوانیش گەیاندویانەتە ئێمە". عەرەفات وتی: "ئەی بۆچوونی سەرۆک سەرکیس لەم بابەتەدا چیە؟"، وەڵامم دایەوەو وتم: "سەرۆک سەرکیس لەگەڵ ئەو ڕایەدایە کە تۆ کاری لەسەر دەکەیت".

لێرەدا هەڵوێستی ئەبولوەلید گەورە کراو پێیوتم: "ئەگەر تۆ لەجێی ئێمە بیت چیت دەکرد؟"، وەڵامم دایەوەو وتم: "من ناتوانم هیچ بڵێم"، وتی: "کاتێک گەیشتنە صور خەڵک داوای لێکردین بەرگری بکەین، ئێستاش کە گەیشتوونەتە بەیروت ئێمە جێی دەهێڵین، بەڵام جێی ناهێڵین". وەڵامم دایەوە: "تۆ پیاوێکی سەربازیت و بەگوێرەی بڕوابوونی خۆت هەڵسوکەوت دەکەیت". ئەبو عەممار تەدەخولی کردو وتی: "با بیرێک لە بابەتەکە بکەینەوە". وەڵامەکەم گواستەوە بۆ سەرکیس و فیلیپ حەبیب. بۆ جاری دووەم ڕۆیشتم، بەڵام بیرم نییە بۆ کوێ، چونکە دیدارو چاوپێکەوتنەکان جارێک لە (صبرا) و جارێک لە فەکەهانی و بۆ هەمیشە لەژێر زەویدا دەبەسترا، لەبەر ئەوەی عەرەفات چاودێری دەکرا. هەندێکجار ئامادەنەبوونی ئەبولوەلید هەستێکی لەلا دروست

دەکردم، کە وتوێژەکان سستی و خاوەخاوی پێوە دیار بوو. لە دوای دیداری سێیەم بە داخەوە لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندنەوە کە هەموو شتێکیان دەگواستەوە هەستم دەکرد من بەرپرسیارم لە بۆردومانکردنی بەیروت، چونکە من هەرچەندێک وەڵامێکی جێی نارەزامەندیم لە سەرکردایەتی فەلەستینیەوە بگواستبایەوە بۆردومانکردنی بەیروت زیاتری دەکرد. بە (فیلیپ حەبیب)م وت:"دوای ئەمڕۆ من هەڵوێستی عەرەفاتت پێناڵێم، چونکە هەموو وەڵامێک وێرانکاری و مەینەتی زیاتر دروستدەکات". هەر لە سەرەتاوە حەبیب درکی بە زیرەکی ئەبو عەممار کردو داوای لە سەرکردایەتیە ئیسلامییەکان کرد دەستپێشخەری بکەن بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێک. بۆیە دەرفەتێک بۆ عەرەفات هەڵکەوت تاکو بڵێت کە لەسەر داوای لوبنانییەکان دەردەچێت نەک وەک بەدەنگەوەچوونی مەرجەکانی ئیسرائیلییەکان. ئەمە سەبارەت بە لایەنی فەلەستینی، بەڵام سەبارەت بە لایەنی سوری ئەوە خودی ئەمەریکییەکان سەرپەرشتیان دەکرد.

لە کۆتاییدا ئەبو عەممار ڕەزمەندبوونی خۆیانی بە دەرچوون پێ ڕاگەیاندین، پاشان حەبیب پێشنیاری پاراستنی لەلایەن چەند کەشتیەکی ئەمەریکییەوە بۆ کرد، بەڵام ڕازی نەبوو. دەستکرا بە وردەکارییەکانی دەرچوون بە واتای سیاسی، ئەبو عەممار سور بوو لەسەر دەرچوون

بە چەکەوە. ئیسرائیلییەکان بینای کۆمپانیای کارەبایان داگیرکرد، کە دەیڕوانیە سەر بەندەری بەیروت.

**– ئایا ڕاستە شارۆن لە کاتی دەرچوونی ئەبو عەممار زۆر لێوەی نزیک بووە؟**

– بەڵێ ئەو بە شەخسی چاودێری دەرچوونی ئەبو عەمماری کردووە. پارێزگاریکردن لەوانەی کە دەرچوون بە شێوەیەکی ڕانەگەیەنراو لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بوو، ئەگەر بزانین کە ئەبو عەممار زیاتر متمانەی بەوان بوو نەک بە فەرەنسییەکان. لە دیداری کۆتاییم لەگەڵ عەرەفات پێمووت: "من 3 نامەم بۆ تۆ پێیە، یەکێکیان لە (سەرکیس)وەیە تیایدا دەڵێت کە نیگەرانە لەوەی ڕوویدا، نامەی دووەم هی (فیلیپ خەبیب)ە تیایدا دەڵێت کە ئامادەیە مسۆگەری زیاترتان بۆ وەربگرێت، نامەی سێیەم هی سەرۆکی هەڵبژێردراو (بەشیر ئەلجومەییل)ە کە دەڵێت فەلەستینییەکانی لوبنان لەژێر قەڵەمڕەوو پارێزگاری مندان". ئەبو عەممار وەڵامی دایەوە: "ئایا بۆچی ئەلیاس سەرکیس پێشتر بەداخەوە نەبوو؟". وەڵامم دایەوەو وتم: "ئایا تۆ بوارت بۆ کەس هێشتەوە، ئێمە چەندین جار بانگمان کردیت بۆ کۆشک، بەڵام ڕەتت کردەوە". ئەبو عەممار لە قسەکانی بەردەوام بوو وتی: "سەبارەت بە نامەکەی فیلیپ خەبیب من هیچ زەمانەتەیکم ناوێت، سەبارەت بەوەی بەشیر ئەلجومەییل (بە پێکەنینەوە) وتی: ئەمە پڕۆژەی 18 ساڵە". پێم سەیر بوو

بۆیە پرسیارم لێکرد دەربارەی مەبەستی لەم قسەیە، وەڵامی دایەوە: "بەشیر 6 ساڵ، پاشان جۆنی عەبدە 6 ساڵ، ئێستاش بەشیر دەگەڕێتەوە". بە دڵنیاییەوە ئەمە لە ڕوانگەی هەبوونی پلانێکەوە بوو کە پێشتر ئامادە کراوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە.

**– سەرۆک ئەلهراوی ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری زوحلە لە کاتی ئەو پێکدادانانەدا کە لە سەرەتای هەشتاکاندا بەخۆیەوە بینی، ئایا دەربارەی ئەو ڕووداوە چیت لەبیرە؟**

– هەماهەنگی لە نێوان ئێمەو سورییەکان هەبوو، لەلایەنی لوبنانی من سەرپەرشتیم دەکرد بۆ ڕازیکردنی ئەشیر ئەلجومەییل بۆ ئەوەی چەکدارەکانی لەوێ بکشێنێتەوە. هیچ لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو کە هێزەکانی سەرکەوتن لە (زوحلە)ی بیقاع تۆمار بکەن. بەشیر ڕازی نەبوو چەکەکان تەسلیم بکات. چارەسەرەکە ئەوەبوو ئێمە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکەدا چەکەکانمان تەسلیم کرد. سەرۆک ئەلهراوی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕزگارکردنی زوحلە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک ئەسەدو بەشیر ئەلجومەییل و هەموو لایەنەکاندا کرد. ئەوێ ڕۆژێ بەوە تۆمەتبار کراین کە ئێمە دەمانزانی چی لە زوحلە ڕوودەدات، چونکە پێکهاتەی حکومەتی لوبنان (3) وەزیری ئەو شارەی تیادا بوو ئەوانیش (جۆزف سەکاف، ئیلیاس ئەلهراوی، جۆزیف ئەبو خاتر) بوون.

**– کەی پەیوەندیت لەگەڵ سەرۆک ئەلهراوی دەستپێکرد؟**

– بە کرداریی لەپێش دانانی بە وەزیر لە حکومەتی ئەفیق ئەلوەزان دەستی پێکرد. هەندێکجار سەرۆک سەرکیس لەپێش پێکهێنانی حکومەت ڕایدەسپاردم بۆ ئەنجامدانی چەند پەیوەندییەک لەگەڵ چەند لایەن و کەسایەتیەک، ئەلهراوی ئەندام بوو لە کۆمەڵەی پەرلەمانتارە مارۆنیە سەربەخۆکان. سەرۆک کەمیل شەمعون داوای دەکرد پەرلەمانتار پوتروس حەرب، کە وەزیری پەروەردە بوو نوێنەرایەتی بکات لەو کۆمەڵەیەدا. لەو کاتەدا جۆرێک لە ناڕازیبوونی کەتائیبەکان هەبوو لەسەر پوتروس حەرب. پێویست بوو یەکێک لە پەرلەمانتارە مارۆنییە سەربەخۆکان بە شێوەیەکی دەوری بەرپرسیارێتی ئەو وەزارەتە وەربگرێت. گەمەی دروستکردنی حکومەتەکان فێری کردین خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کارێک بکەیت، کە خەڵک نەتوانێت لێی ناڕازی بێت نەک ئەوەی لێتی داوا دەکەن، کە بە شێوەیەکی گشتی داواکارییەکانیان دژیەکە.

**– کەی بوو زانیت کە ئەلهراوی سەرۆکێک لە جێی ڕینیە معەوەز هەڵدەبژێرێت؟**

– لە ئەنجامی تیرۆرکردنی سەرۆک معەوەز، من لە بنەڕەتدا دەمزانی کە خواستی سوریا یەکەم لەسەر معەوەز بوو ئینجا لەسەر ئەلهراوی. کەسانێک دەڵێن جان عوبێد

ژمارە دوو بوو، ئیلیاس ئەلهراویش ژمارە سێ بوو. لەبەر یەکێک لە هۆکارەکان بوو، لەوانەیە بەهۆی ترسی جان عوبێد بووبێت. سەرۆک ئەلهراوی لە دژی ڕینیە معەوەز پاڵێوراو باسی ئەم بابەتەمان کرد. بیرۆکەی ئەو ئەوەبوو کە ئەگەر بپاڵێورێت ئەمە مانای وایە ناچێتە ژێر فشاری هێزە دەرەکییەکانەوە ئەمەش بۆ خۆی گرنگە.

**– پەیوەندیت لەگەڵ ڕینیە معەوەز چۆن بوو؟**

– زۆر باش بوو، بەڵام من لە دوای هەڵبژاردنیەوە کۆبوونەوەم لەگەڵی نەکرد.

**– ئەو پاڵپشتە لوبنانیە کێ بوو کە معەوەزی گەیاندە دەسەڵات؟**

– ناتوانین بڵێین پاڵپشت، بەڵام ئەو پیاوەی ڕۆڵی گێڕا لە زەمینەخۆشکردن بۆ کۆبوونەوە لەسەر معەوەز ڕەفیق حەریری بوو. کاتێک پەرلەمانتارەکان لە دوای تائیف چوون بۆ پاریس بۆی هەبوو معەوەز هەڵنەبژێردرێت. چەند پەرلەمانتارێک لە نێوانیاندا پەرلەمانتارانی ڕەوتی حزبی کەتائیب بە سەرۆکایەتی جۆرج سەعادە، دوودڵی و ڕازی نەبوونی خۆیان سەبارەت بە چوون بۆ لوبنان دەربڕی. دەبوایا مانۆڕێک بکرێت، کە بریتیبوو لە ڕازیکردنی جۆرج سەعادە بەوەی کە چانسی هاوسەنگی هەبوو بۆ بردنەوە وەک پیاوی ژمارە (3) لە دوای کێبڕکێی نێوان معەوەز و ئەلهراوی.

**– ئەو ڕۆڵە چی بوو کە دەکرا حەریری لە سەردەمی (معەوەز)دا بیگێڕێت؟**

– هەمان ئەو ڕۆڵەی کە ئێستا دەیگێڕێت، واتا کاتێک بێت کە ئەو دەچێتە سەرۆکایەتی حکومەت. حەریری بۆ لوبنان زۆر پێویست بوو.

**– ئایا دەکرێت حەریری بە هۆکاری گەیشتنی ئەلهراوی بە دەسەڵات دابنرێت؟**

– هەمان ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە کە لە گەیشتنی (معەوەز) دا گێڕای.

**– ئایا حەریری لە کاتی ڕێککەوتنی تائیف لەگەڵ گەیشتنی معەوەز بوو بە دەسەڵات؟**

– ئەو لەگەڵ ئەو بڕیارەدا بوو، کە درا سەبارەت بە گەیشتنی معەوەز.

**– ئەی پەیوەندیت لەگەڵ ڕەفیق حەریری چۆن بوو؟**

– پەیوەندیمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1983 لە ئەنجامی دیدارێکی نێوانمان لە کۆشک کاتێک لەلای سەرۆک ئەمین ئەلجومەییل بووین. من لە سویسراوە بانگ کرام کاتێک لەوێ باڵیۆز بووم، دەستکرابوو بە ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەکانی جنێڤ و لۆزان. چاومان بە یەکتری کەوت و پەیوەندییەکان دەستیان پێکرد. لەیادمە کە لە گەشتی دووەم بۆ لوبنان لە ماڵی ئیلیاس ئەلهراوی میوان بووین

و شەوەکەمان لەلای ئەو بەسەربرد. ئەلهراوی بەلایەوە سەیر بوو کە کەسێک لە ئاستی توانا داراییەکانی حەریری لەسەر زەوی دابنیشێت و داوای ساندویچ بکات، بۆیە ئەو خۆبەکەم زانینەی بەلاوە جوان بوو.

دۆستایەتیەک لە نێوان من و حەریری دروستبوو پاشان پتەوتر بوو. ئێمە گفتوگۆمان دەکردو گوێی لە من دەگرت و منیش لە هەموو بابەتەکانی گوێم لێی دەگرت. بارودۆخەکان تا دوای دامەزراندنیشم بە باڵیۆز لە پاریس بەردەوام بوو، بۆیە لەلایەن منەوە پاڵپشتی تەواوی لێدەکرا سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە لوبنان ڕوویاندەدا. بە دڵنیاییەوە من وەکو فەرمانبەرێک مافی ئەوەم نییە بڵێم لە هەندێک بابەت ناڕازیم، بەڵام من تەنها فەرمانبەرێک نیم، من باڵیۆزێک بووم لە دەرەوە ڕاژەو سێ بەشم سیاسییە پێشئەوەی فەرمانبەرێک بم. وەک باڵیۆزی لوبنان لە پاریس دەستنیشانیان کردم، چونکە فەرمانبەر بووم نەک سیاسی و هاتم بۆ شەڕێکی دوورو درێژ، لە کاتێکدا لوبنانییەکانی فەڕەنسا تەواو پشتیوانی (میشال عۆن)یان دەکردو ئێمەش بە قورسی باجی ئەوەمان دا. هەندێک لە لوبنانییەکان باڵیۆزخانەکەیان داگیر کردو هاتنە ناو ماڵەکەم و کەلوپەلەکانیان شێواندو هەڕەشەیان لە ئەندامانی خێزانەکەم کرد، بەڵام لە کۆتاییدا من و یاریدەدەرەکەم توانیمان وابکەین پاریس لانیکەم لە

دژی دەسەڵاتی لوبنان نەوەستێت، بەڵکو پشتیوانی لێبکات. لە دوای ساڵێک لە دەستبەکاربوونم فەڕەنسا پێشوازییەکی ڕەسمی گەرمی لە سەرۆکی لوبنان کرد، لە کاتێکدا عەرەبەکان پێیان سەیر بوو بەو گەرمییە پێشوازی لێدەکرێت.

**– کەسانێک هەن دەڵێن لە ڕابردوودا پەیوەندی ئەلهراوی و حەریری لەگەڵ تۆدا سودی پێگەیاندوون ئەوەش بە حوکمی شارەزاییت، بەڵام دواتر گۆڕاوە بۆ بارگرانییەک بۆیان، ئایا ئەم قسەیە تا چەند ڕاستەو ئێستا سروشتی پەیوەنییەکانت لەگەڵیان چۆنە؟**

– ناتوانم نکۆڵی بکەم کە پەیوەندییەکە گۆڕاوە، بەڵام بەو ئاستە خراپە نییە کە خەڵک پێیوایە. دۆستایەتی و پەیوەندی شەخسی نێوانمان هێشتا ماوە. من لە ڕابردوودا لە بازنەی بڕیارە سەرەکییەکان بووم، بەڵام ئەمڕۆ لەو پێگەیەدا نیم، پێدەچێت ئەمە بە خواستی خۆم بووە، بەڵام بابەتی بارگرانی ئەمە پرسیارێکە دەبێت ئاراستەی ئەوان بکرێت، بە تایبەتی کە من هەستێکی وەهام نییە.

**– ئێستا تەمەنت (53) ساڵە، ئایا هەست بە بێزاری دەکەیت لە قەبارەی ڕۆڵی ئێستات دوایئەوەی لە ڕابردوودا سەرەداوەکانت لەدەستدا بوو؟**

– هیچ هەستێکی لەم شێوەیەم نییە، بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆم و هاوڕێکانم لەوانەیە هەست بکەم

که من شتێکم بەدەستهێناوە کەم نییە. بەڵام ئەگەر لە بەراوردکاری بەردەوام بێت لە نێوان ئەوەی هەبووەو ئەوەی ئێیستا هەیە، ئەوا پێویستە لەسەری دانی پێدا بنێت، کە هەموو سەرکەوتنێک دابەزینیش بەدوایدا دێت و هەموو دابەزینێکیش سەرکەوتن بەدوایدا دێت ئەمەش سروشتی شتەکانە. پێویستە هۆشیاری تەواو هەبێت بۆ بەتوانایی و سودی ڕۆڵ بینین و چوارچێوەو وادەی کارەکان. بیرم نایات جارێک سیاسەتم کردبێت، بەڵکو من لەگەڵ کاری نیشتمانی مامەڵەم کردووە. ئەوەی حساباتی سیاسی ئایندەیی هەبێت پشتیوانی لە بەشیر ئەلجومەییل ناکات. ئەگەر مرۆڤ لێکدانەوەی هەبێت لە پێناو ڕۆڵێک یان ڕابەرایەتیکردن لەناو لایەنەکەی خۆیدا، هەرگیز پشتگیری لە ڕێککەوتنی تائیف نەدەکرد. من هەمیشە بە گوێرەی بڕوابوونی نیشتمانی خۆم هەڵسوکەوتم کردووە. کەسانێک هەن دەڵێن من کار بۆ گەیشتن بە سەرۆکایەتی کۆمار دەکەم، بەڵام ئەگەر بە ڕاستی نیازیشم وابێت، ئەوا لە وادەی یاسایی خۆیدا دەستم لەکار دەکێشایەوە.

**– ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی ئێستات بە دەسەڵات باس بکەین، ئایا بۆ نموونە دەڵێیت من لە بەرەی ڕەخنەگرانم لە بەرامبەر ئەوەی ڕوودەدات؟**

– هەموو تێبینیەک سەبارەت بە بارودۆخەکە لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی هەیە. پەیوەندی من بە دەسەڵاتی

ئێستاوە لەوانەیە لایەنی بڕیاردان بێت کە من وەک خۆت مامەڵە لەگەڵ تۆدا بکەم، وەک فەرمانبەرێک کە مافی ئەوەی نییە دەربارەی سیاسەت قسە بکات. تێگەیشتنی من بۆ پیشە بەم شێوەیە نییە. سەرەتا من یەکێک نیم لە ستافی وەزارەتی دەرەوە، بەڵکو لە دەرەوەی ستافەکەم. منییان لە دەرەوەی ستافەکەوە هێنا لەسەر ئەو بناغەیەی کە من مامەڵە لەگەڵ سیاسەتدا دەکەم. هیچ کەسێک ناتوانێت داوام لێبکات لە تێگەیشتن لە سیاسەت بوەستم تەنانەت ئەگەر هەڵەش بم.

**– ئایا لەپێش دانانی کەسێک لەجێی تۆ لە پاریس ڕایان وەرگرتیت؟**

– نەخێر، بڕیاردرا بمگەڕێننەوە بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندی لە وەزارەتی دەرەوە لە بەیروت و گەڕامەوە. کەسانێک هەبوون پێیانوابوو من ناگەڕێمەوە، بەڵام لەوەدا هەڵە بوون. لە ڕووی یاساییەوە من هیچ نارەزایەتیەکم نییە. بنەماکە وەها دەخوازێت، کە هیچ باڵیۆزێک زیاتر لە (10) ساڵ لە دەرەوە بەردەوام نابێت، منیش زیاتر لەو کاتەم بەڕێکرد.

**– چیرۆکی ئەو پارانە چییە ، کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئەمین ئەلجومەییل بۆ سوپا دەنێردرا ، سەرچاوەکەی کێ بوو؟**

– ڕاستە، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئەمین ئەلجومەییل پارە بۆ عیماد میشال عۆن دەنێردراو سەرچاوەکەی ڕەفیق حەریری بوو (مانگانە نیو ملیۆن دۆلار) بوو. ئامانج لەمە بریتیبوو لە پەرتەوازەکردنی سوپا بەهۆی خراپی باری دارایی و پەیوەندیکردنی هەندێک لە پێکهاتەی سوپا بە میلیشیاکانەوە. بە ویژدانەوە دەیڵێم کە (عۆن) لە شوێنی خۆیدا خەرجی دەکردو هیچ قرشێکی بەفیڕۆ نەدا، چونکە ئاگامان لە هەموو وردەکارییەکانی بوو. کاتێک عۆن کرایە سەرۆکی حکومەت و وڵات لە ڕووی سیاسییەوە دابەشبوو، ئەو یارمەتییانەش وەستێنرا.

**– ئایا دەسەڵات حەریری گۆڕی؟**

– دەسەڵات سەبارەت بە ڕەفیق حەریری گۆڕا، نەک دەسەڵات ئەو بگۆڕێت.

**– مەبەستت ئەو (حەریری)یە کە لەساڵی 1993 بینیوتە هەمان ئەو کەسە بوو کە لە ساڵی 1983 ناسیت؟**

– هەرگیز نەخێر وا نییە.

**– کەواتە دەسەڵات ئەوی گۆڕی؟**

– پێدەچێت بە ئاراستە باشەکەدا لە ڕووی پێگەیشتنی سیاسی و شتی تر.

**– خاڵی بەهێزی حەریری چی بوو؟**

– بە بۆچوونی تایبەتی خۆم، لەوانەیە خەڵکی بۆچوونێکی

تریيان هەبێت و تۆمەتیش ئاراستە بکەم، کە ئەگەر مرۆڤ شتێکی نەوێت بەهێز دەبێت. حەریری هیچ ئامانجێکی کەسیی یان دارایی لە لوبنان نەبوو.

**– ئەی ئامانجی سیاسی هەبوو، دەیویست ببێتە سەرۆکێکی سەرکەوتووی حکومەت؟**

– ڕێگەم بدە ڕاپبگەیەنم کە باسکردنی سەرۆکی هەمیشەیی حکومەت زێدەڕۆییە. نابێت بوترێت کە کەسێک ناکرێت جێگرەوەی هەبێت. مەترسیدارترین شتێک کە دەکرێت دەربارەی ڕەفیق حەریری بوترێت ئەوەیە کە جێگرەوەی نییە. حەریری تێڕوانینی خۆی بۆ دەسەڵات هەبوو، بەڵام گۆڕا، بەلای ئەوەوە دەسەڵات گۆڕا. ئەو پێیوابوو دەسەڵات شتێکە، بەڵام ڕاستیەکەی شتێکی تر بوو. بۆی دەرکەوت کە دەتوانێت لە ماوەی دوو مانگدا کۆشکێک دروستبکات، لە کاتێکدا کەسانی تر بۆ دروستکردنی کۆشک پێویستیان بەساڵێک بوو. لە لوبنان چەند بابەتێکی قورس هەن ناکرێت بەدی بهێنرێت، لانیکەم ناتوانرێت لە وادەی دیارکراوی خۆیدا بەدی بهێنرێت. بڕواش ناکەم حەریری هیچ خواستێکی دارایی هەبووبێت. ئەو قوربانی دا بۆ چەسپاندنی دەسەڵات لە لوبنان و پارچە پارچە نەبوونی سوپاو یارمەتیدانی خوێندکاران و دەزگاو ڕێکخراوە خێرخوازی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە سەرووی

داهاتی هەر پیشەیەکەوە بوو. بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هەبوونی ناوی حەریری پارەیەکی زۆر بۆ لوبنان خرایەگەڕ.

**– خاڵی لاوازیی حەریری چی بوو؟**

– پێدەچێت خاڵی لاوازی حەریری گەشبینیە هەمیشەییەکەی بووە. ئەو بەخشندەییەی هەیبوو لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ خەڵک هەیبوو، لەوانەیە پەیوەندی بە گەشبینیەکەیەوە هەبووە. من کێشەم لەگەڵ هەردووکیان هەیە (ئەلهراوی و حەریری)، ئەویش کێشەی داننانە بەو ئاقارەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتریدا پێی گەیشت، بە تایبەتی لەلایەنی منەوە، چونکە کاتێک لەگەڵ ئیلیاس ئەلهراوی دادەنیشم ناتوانم پێشبینی خۆم بکەم کە ئاخاوتن لەگەڵ ئیلیاس ئەلهراوی سەرۆکدا دەکەم، بەڵکو پێموایە ئاخاوتن لەگەڵ ئیلیاس ئەلهراوی هاوڕێ دەکەم. هۆکارەکەی ئاسانە، ئەوەیە کە سیاسییەکان خاوەنی ڕێزو ستایشن لەناو ئەو خەڵکانەی کە نایاننناسن، لەچاو ئەوانەدا کە لەپێشدا ناسیویانن. با بڵێین پڕوپاگەندەکان نیوەی ڕاستەو نیوەشی هەڵەیە بەو مانایەی ئێمە هەرسێکمان وتوێژمان لەسەر هەموو شتێک دەکرد، بەڵام ئەمە لە ئێستادا بوونی نییە وەک لەپێشدا هەبوو. ئەم ولقیعە پاڵمان دەنێت بەرەو ئەو دەرئەنجامەی کە یەکێکیان بۆی هەبوو بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوتی بکردایا ئەگەر من لە هاوشانی بوومایا. ئەم دەرئەنجامەش بە دڵنیاییەوە ڕاست و ڕاستەقینە نییە.

# گفتوگۆ لەگەڵ
# (غابی لەحود)

غابی لەحود لە تشرینی دووەمی ساڵی 1931 لەدایکبووە. سەرەتا لە پەیمانگای (الفریر) لە دێرولقەمەر خوێندوویەتی، پاشان چووەتە پەیمانگای (فریر الجمیزە). لە ساڵی 1949 پەیوەندی بە قوتابخانەی جەنگیەوە کردووە و لە ساڵی 1952دا لێی دەرچووە. لە ساڵی 1954 لە فەڕەنسا بەشداری خولێکی سەربازی کردووەو لەو ماوەیەدا گەشەی کردووە، ئەمەش لێپرسراوانی هانداوە تا ڕایسپێرن بۆ فێربوونی ماددەی (بالیستیک). لە ساڵی 1959 گوازراوەتەوە بۆ (نوسینگەی دووەم)، کە لە سەردەمی ئەنتۆن سەعد هەبوو، پاشان لە ساڵی 1964دا سەرۆکایەتی ئەو نوسینگەیەی گرتە دەست. لە ماوەی کارکرنیدا، کە لە دوای بوون بە سەرۆکی سلێمان فرەنجیە کۆتایی پێهات، نوسینگەی دووەم بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان و ڕاوەدوونانی فیداییە فەلەستینییەکان تۆمەتبار کرا. ئەو ماوەیە واژۆکردنی (ڕێککەوتننامەی قاهیرە)ی بەخۆوە بینی لە نێوان دەسەڵاتی لوبنان و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین.

لە سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی فرەنجیە غابی لەحود لە پۆستەکەی دوورخرایەوەو لە سوپا دەرکراو ڕوویکردە ئیسپانیاو لەوێ لە 7ی نیسانی ساڵی 1973 ئەو حوکمانەی زیندانیکردنی بۆ خوێنرایەوە، کە درا بەسەر خۆی و

هاوڕێکانیدا. لە ساڵی 1974دا لەبەردەم دادگای سەربازیدا ئامادە بوو، پاشان بە بەڵگەی نیشتەجێبوون ئازاد کراو بێتاوانی ڕاگەیەنراو گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا. لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک ئیلیاس سەرکیس بە پلەی عەمید گەڕێنرایەوە بۆ خزمەت و لە سەرەتای دەسەڵاتی سەرۆک ئەمین ئەلجومەییل ئەستێرەی گەشایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ ئیسپانیاو ئێستا لەوێ نیشتەجێیە. هاوسەرگیری کردووەو (4) کوڕی هەیە.

**– لە ساڵی 1964دا شارل حلو بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا ، کێ پشتیوانی کرد؟**

– سەرۆک فوئاد شەهاب بوو (شارل حلو)ی دەستنیشان کرد. شازادە عەبدولعەزیز شەهاب-یش هەوڵیدەدا بەو پۆستە بگات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەندامی هەمان بنەماڵە بوو، بۆیە بە بۆچوونی من ئەوە خاڵێکی یارمەتیدەری نەبوو. لە دوای هەڵبژاردنی فوئاد شەهاب بە سەرۆک کۆمار لە ساڵی 1958دا دەستنیشانکردنی لیوا عادل شەهاب وەک فەرماندەی سوپا لەجێی ئەو شتێکی ئاسایی بوو، چونکە لەناو ئەفسەرە مارۆنییەکاندا ئەو کۆنترو پلە باڵاتر بوو، جگە لە جەمیل لەحود، کە تەمەنی ڕێگەی پێنەدەدا تا ئەو بەرپرسیارێتییەی پێبدرێت، نا بەڵکو شتێکی ئاسایی نەبوو، کە عادل شەهاب لە پۆستێک بێبەری بکرێت کە شایەنی بوو.

پێموایە فوئاد شەهاب هەستی کردبوو کە هاتنی کەسێک لە هەمان بنەماڵە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار پێویستە بە بەرپرسیار بکرێت تەنانەت ئەگەر هەموو مەرجە پێویستەکانیشی تێدا بێت. لەوانەیە ترسی فوئاد شەهاب لەوەی کە لە داهاتوودا لەبەردەم خەڵک و مێژوودا بەرپرسیارێتی هەر هەڵەیەک هەڵبگرێت کە عەبدولعەزیز شەهاب بیکات، چونکە جیاوازی نێوان ئەو دوو پیاوە لە دیدی خەڵکیدا زۆر قورس دەبێت. هەروەها ناوی (فوئاد عەمون)یش باسی لێوە دەکرا، بەڵام بژاردەی سەرۆک شەهاب کەوتە سەر شارل حلو.

**– ئایا وەک شەهابیەکی ڕاستەقینە تەماشای شارل حلو دەکرا؟**

– قوتابخانەی دەستوری پێوەر بوو لە هەڵسەنگاندنی تێڕوانینی سیاسیدا، چونکە لە بنەڕەتدا شەهابیەت لەسەر دیدگاو بۆچوونەکانی شێخ بشارە ئەلخوری وەستابوو، بە چاوپۆشین لەو کارانەی کە هاوکاتبوو لەگەڵ سەردەمی بشارە ئەلخوری. وابەستەیی شارل حلو بۆ ئەو قوتابخانەیەو وابەستەیی فکری بۆ میشال شیحا ئەو بۆچوونەی لەلا دروستکرد، کە دەتوانێت بە بنەما نیشتمانیە گشتییەکانەوە پابەندی بکات و داکۆکی لە لۆژیکی دەوڵەت و گرتنەبەری سیاسەتێک بکات، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و دادپەروەری و بەهێزکردنی دامودەزگاکان دروستبووە،

جگە لـەوەی کە شـارل حلو خاوەنی توانایەکی فکری و ڕۆشنبیری تایبەتی بوو.

**– دەوترا شەهابییەکان سەرۆکێکی لاوازییان هێناوە بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕێگەیەوە حوکم بکەن، ئایا ئەمە ڕاستە؟**

– هەموو ئەم وێستگانە بوونەتە موڵکی مێژوو. ئەرکی ئێمە ئەوەیە بە ئەمانەتی تەواوەوە قسەیان لەسەر بکەین. ئەگەر تۆ لە ڕێگەی پرسیارەکەتەوە هەوڵدەدیت ئاماژە بکەیت بە بوونی پلانێکی لەو جۆرە، من ئەمە بە تۆمەتێکی بێبنەما دەزانم. ئەوەی لەم بابەتەدا دەیڵێم دەرئەنجامی پێکەوەژیانمە لەگەڵ هەردووکیان و پەیوەندییەکی بەهێز لـە نێوانماندا هـەبـوو. شـارل حلو وەک ئـەوەی خۆی دەیویست حوکمی دەکـردو ئـەوەش بۆی گونجاو بوو. ساتی دەرچوونی لە کۆشکی سەرۆکایەتی، وا دادەنرا کە فوئاد شەهاب هەر لەپێشدا بووەتە سەرۆک و ئێستا بڕیار پێویستە لە دەستی سەرۆکی نوێدا بێت. لەمەش زیاتر، من دەڵێم شەهاب سەرۆک شەهاب پێیوابوو ئاساییە کە حلو بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لەجێی ئێلیاس سەرکیس دابمەزرێنێت و ئـەو تیمە بێنێت کە خۆی دەستنیشانیان دەکات بۆ ئەو پێگەو پۆستانەی کە پەیوەندییان بە سەرۆکایەتیەوە هەیە. بەڵام شارل حلو خۆی ویستی سەرکیس بمێنێتەوە.

**– پێتوایە کە شەهاب داوای لە حلو نەکردووە تا سەرکیس لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە؟**

– بەڵێ، بەبێ دوودڵی. دەستپێشخەرییەکە لە خودی (حلو)وە بوو، وتی کە تەسلیمی ئەو ڕەخنانە نابێت، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی شەهاب ئاراستەی کراوە، بۆیە دەیەوێت بابەتەکان وەکخۆی بەردەوام بێت جگە لە بوونی هەندێک زێدەڕۆیی کەم نەبێت. هەروەها وتیشی کە دەیەوێت هۆبەی دووەم بەردەوام بێت لەسەر کاری خۆی و بە هەمان شێواز، ئەگەریش بیەوێت سەرۆکی ئەو هۆبەیە بگۆڕێت، کە عەقید (ئەنتۆن سەعد)ە ئەمە مانای هەموارکردنی ئەرکەکانی ناگەیەنێت.

**– ئایا ئەنتۆن سەعد کاریکرد بۆ گەیاندنی حلو بە سەرۆکایەتی؟**

– پێویستی بە کارێکی لەمجۆرە نەدەکرد. فوئاد شەهاب نوێبوونەوەی ڕەتکردەوە، کاتێک وشەی نهێنی، واتا ناوی (شارل حلو)ی بۆ هەردوو سەرۆک صبری حەمادە و ڕەشید کەڕامی و ڕینیە معەوەز درکاند ئەنجومەنی نوێنەران پشتگیری لەم بژاردەیە کردو حلو هەڵبژێردرا، بۆیە هیچ پێویستی بە هیچ جۆرە دەستێوەردانێک نەدەکرد. ئەنتۆن سەعد ماوەیەک بوو دەستی کردبوو بە ئامادەکردنم بۆ شوێنگرتنەوەی و هۆشداری دەدا سەبارەت بە واقیعبینی

و پابەندێتی من لەبەردەم لێپرسراواندا، کاتێکیش خواستی حلو بۆ بەردەوامبوونی کاری (هۆبەی دووەم) وەکخۆی بەدەرکەوت، سەعد پێشنیاری کردم بۆ ئەو پۆستەو (حلو) ڕەزامەندی نیشانداو پیرۆزبایی لێکردم.

**– ئەی لە سەرکردایەتی سوپا؟**

– لیوا عادل شەهاب بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی تەمەنی یاسایی گەیشتە خانەنشین بوون. هیچ بارودۆخێکی هەڵاوێرد نەبوو کە بەزاندنی بنەماو درێژکردنەوەی بسەپێنێت، شتێکی ئاساییش بوو کە فوئاد شەهاب قسە لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی عادل شەهاب نەکات. لە ڕوانگەی پێوەرەکانی ئەقدەمیەتەوە عەمید (ئەمیل بوستانی) بە فەرماندەی سوپا دامەزرێنراو هیچ کەسێک تەدەخوالی نەکرد بۆ پشتیوانیکردنی عەمید عەبدولقادر شەهاب، کە کۆنترین عەمیدی مارۆنی بوو، کە ڕاستەوخۆ لە پەیکەری ئەقدەمییەتدا لەدوای ئەوەوە بوو.

**– ئایا وەک هۆبەی دووەمی دەستتان لە دامەزراندنی بوستانی هەبوو؟**

– دەکرا قسەی تێدا بکەین ئەگەر پێمان وابوایا دامەزراندنی زیان بە دامەزراوەکە دەگەیەنێت. هیچ تێبینیەک نەبوو لەسەر تواناو شارەزاییەکانی و لە هێڵی گشتی شەهابیەت دوور نەبوو، ناوە ناوە سەردانی عەقید (سەعد)ی

دەکرد لەماڵی خۆی. تێبینییەکان لەسەر بوستانی دواتر بەدەرکەوت کاتێک زێدەڕۆیی کرد لە گرنگیپێدان بە ڕواڵەت و خەونی سەرۆکایەتی کۆمارو تێپەڕاندنی ڕیزبەندی لە هەندێک هەڵسوکەوتیدا.

**– لە سەردەمی شارل حلو کێ بڕیاردەری سەرۆکایەتی بوو؟**

– لەناو بازنە نزیکەکەدت "ئیلیاس سەرکیس و غابی لەحود"، تەنانەت کاتێک سەرکیس کرایە حاکمی بانکی ناوەندی، حلو بانگهێشتی دەکردو بەشداری گفتوگۆکانی پێدەکرد. من بە حوکمی پێگەکەم پەیوەندییەکانم لەگەڵیدا بە شێوەیەکی دەوری ڕێکوپێک بوو. لە کاتێکی داهاتوودا (حلو) شێخ میشال ئەلخوری بەشداری پێدەکرد. ئەوەی لێی دڵنیام حلو هیوای دەخواست میشال ئەلخوری لە سەرۆکایەتیدا شوێنی بگرێتەوە.

**– کێ لەسەر ئاستی دەرەوە پشتیوانی گەیشتنی (حلو)ی دەکرد، میسرو ڤاتیکان و فەڕەنسا؟**

– ئەمە بەدوور نازانم، بەڵکو هیچ زانیاریەکم نییە تەئکید بکاتەوە یان ڕەتی بکاتەوە. بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە هیچ نارەزایەتیەک لەلایەن هیچ کەسێکەوە لەسەر کەسێتی حلو نەبوو، لەسەر ئاستی ناوخۆش لە دوای ئاشکرابوونی "وشەی نهێنی" پێگەی بەهێز بوو.

**– له ساڵی 1965دا هەڵبژاردنێکی لاوەکی له جوبێل کرا، که تیایدا هەریەکه له عەمید ڕیمۆن ئەددە و نیهاد شەعید ڕووبەڕووی هاوسەری پەرلەمانتاری کۆچکردوو ئەنتۆن سەعید بوونەوە، هەڵوێستی شارل حلو چی بوو؟**

– به دڵنیاییەوە شارل حلو مەیلێکی هەبوو بۆ پشتیوانیکردن له هەڵبژاردنی ئەددە، به پێچەوانەی ئەوەی سەبارەت به خۆی باسی دەکرد به هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ بنەماڵەی ئەددە به شێوەیەکی گشتی و ڕیمۆن ئەددە به شێوەیەکی تایبەتی. ئەوەی دواتر ڕوویدا یارمەتیدەره بۆ شیکردنەوەی دۆخەکە. به دڵنیاییەوە حلو زۆر قەرزاری چاکەی سەرۆک شەهاب بوو، که گەیاندیه پۆستی سەرۆکایەتی. شەهاب داوای له حلو کرد دەسەڵات بگرێته دەست، واته به تەولوەتی سەرۆکایەتی پراکتیزه بکات. بەڵام مرۆڤ هەر مرۆڤەو پشکی شەهاب لەناو دەوڵەت و سوپاو پەرلەماندا فراوان بوو. لەم جۆره حاڵەتانەدا کەسی شوێنگرەوه هەست به دەرچوون لەژێر سێبەری کەسی پێشخۆی دەکات بۆ ئەوه دەربارەی نەوترێت که به تەنها دەنگدانەوەیەکەو بەس. پێموایه حلو هیوای دەخواست سەرکردە مارۆنیه ناشەهابییەکان دەربکەونەوە، چونکه پێیوابوو ئەمه یارمەتی دەدات بۆ دەرچوون لەژێر سێبەری شەهاب یان ئازادی جووڵەی پێ دەبەخشێت له

سایەی ئەم هاوسەنگیە تازەیە، لەوانەشە هەمان حساباتی کردبێت کاتێک باسکرا کە گرێی دەرچوون لەژێر سێبەری شەهاب پاڵی پێوەناوە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ دروستبوونی (هاوپەیمانێتی سێقۆڵی).

**– بەڵام "هۆبەی دووهم" لە دژی ڕیمۆن ئەددە تەدەخولی کرد؟**

– بەڵی، چونکە حلو ڕاشکاوانە دەربارەی ویستنی بۆ یارمەتیدانی ئەددە قسەی لەگەڵمان نەکرد، بەڵکو لەپشت ئێمەوە ڕێنماییەکانی دایە ئاسایشی گشتی. ئێمە لەلای خۆمانەوە هیچ بڕیارێکمان نەبوو بۆ کارکردن لەسەر ڕووخاندنی ئەددە بە هەمان ئەو گوژمەی کە پێشتر لە بەرامبەر کەمیل شەمعون کردمان، بەشێک لە هاوسۆزی یان لایەنگیری بۆ نیهاد سەعید هەبوو بەهۆی ئەو دۆستایەتیەی، کە لەگەڵ هاوسەری کۆچکردویدا هەمانبوو، ئەوەش بەهۆی ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەوە، کە ئەددە لە دژی "شەهابیەت" و "هۆبەی دووەم" گرتیەبەر لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی لە حکومەتی چوارقۆڵی سەردەمی فوئاد شەهاب لە ئەنجامی ڕووداوی فیلیپ خێر. ئێمە وەک هۆبەی دووەم بۆ بەرژەوەندی نیهاد سەعید کارمان کرد، بەڵام ئاسایشی گشتی بۆ بەرژەوەندی ڕیمۆن ئەددە کاری دەکردو ئەوان سەرکەوتن. فوئاد شەهاب لە شارل حلو

توڕە ببوو، چونکە درۆی لەگەڵدا کرد، ئەو هەستەی لەلا دروستکردبوو، کە نایەوێت ئەددە سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەگەریش ئەو هەڵوێستەی بۆ باس بکردایا شەهاب دەستخۆشی لێدەکرد.

**– کاردانەوەی فوئاد شەهاب لە بەرامبەر سەرکەوتنی ڕیمۆن ئەددە چی بوو؟**

– کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ نەبوو. پێموتی کە شەهاب لە ساڵی 1964 لایەنگری شکستهێنانی (کەمیل شەمعون) نەبوو، بەڵام زۆر لە شارل حلو توڕە بوو، چونکە وەکو باسمکرد ڕاستی هەڵوێستەکەی لێ شاردەوە.

**– پەیوەندی شەهاب لەگەڵ ریمۆن ئەددە چۆن بوو؟**

– لە سەرەتادا باش بوو. ئەوێ ڕۆژێ بە ئەنتۆن سەعدی وت: "ڕیمۆن ئەددە پیاوێکی بێنرخە". بەهۆی ئەم تێڕوانینەوە بەشداری لە حکومەتی چوارقۆڵیدا پێکرد، کە لەلایەن مارۆنییەکانەوە هەریەکە لە ئەددە و بیار ئەلجومەییل، سەرەڕای ئەوەی ئەددە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا لە دژی فوئاد شەهاب خۆی پاڵاوت. بەڵام ئەم پەیوەندیە زۆری نەخایاند، چونکە لە دوای ڕووداوی فیلیپ خێر ئەددە دەستی لەکارکێشایەوە و هەڵمەتێکی توندی لە دژی شەهاب بەرپا کرد.

**– ئایا ئەو بابەتە جۆرێک لە ڕق و کینەی لەلای شەهاب دروستکرد؟**

– بەڵێ پێدەچێت بووبێتە هۆکاری ئەوە، چونکە شەهاب پێیوابوو کە ئەددە لەسەر ڕێگەکەی بەردەوام و دوور ڕۆیشت لە بەرامبەر سوپاو هۆبەی دووەم بەهۆو بەبێ هۆ. چیرۆکی فیلیپ خێر شایەنی ئەوە نییە بگەیەنرێتە ئەو ئاستە، پێشدەچێت هەڵکشانی ئەستێرەی بیار ئەلجومەییل خواستی ئەددە-ی زیاتر کردبێت بۆ دژایەتیکردنی فوئاد شەهاب و شەهابییەت.

**– چیرۆکی فیلیپ خێر چیە؟**

– فوئاد شەهاب لەو کەشوهەوایەدا هەڵبژێردرا کە شۆڕشی ساڵی 1958 بەرپای کرد. لە دوای گەیشتنی بە دەسەڵات لایەنگرانی شەمعون کەشێکیان دروستکرد بەوەی، کە مەسیحییەکان هەموو شتێکیان لەدەستداو دەسەڵاتی کرداریی کەوتۆتە دەست عەبدولحەمید غالب (باڵیۆزی میسر لە بەریروت) و دەستنیشانکردنی شەهاب دەسەڵات و قەڵەمڕەوی موسوڵمانەکان لە وڵاتدا بەهێز دەکاتەوە. ئەوێ ڕۆژێ فیلیپ خێر لە نوسینگەی خۆی پیاوێکی لە لایەنگرانی خۆی بینی، کە شیعرێکی میللی نوسیبوو تیایدا فوئاد شەهابی داشۆریبوو هێرشی کردبووە سەر پیاوەتی و ئازایەتی لە بەرامبەر پیاوەتی و ئازایەتی شەمعون. خێر

گوێی لەو شیعرە گرت و پێی دڵخۆش ببوو ئەو کەسەشی پاداشت کردبوو، کە نوسیویەتی، پاشان پێیووت: "بۆم بنوسەرەوە حەز دەکەم نیشانی سەرۆک شەمعونی بدەم و پێی کەبفخۆش دەبێت". من لە هۆبەی دووەم بووم و لەلای من هیچ وێنەیەک لە سەرووی وێنەی فوئاد شەهاب نەبوو. ئەو شیعرەیان هێناو نیشانیاندام. فیلیپ خێر لێپرسراو بوو لەو ڕەوتە نیشتمانیەی، کە ئەددە سەرۆکایەتی دەکردو کەسێکی حزبی و سپۆنسەری دارایی و بە تەمەن بوو. ناردم بەدوای فیلیپ خێر و ئامانج لێی نەشیاوی بەکارهێنانی چەند قسەو دەستەواژەیەکی نەشیاو بوو لە کاتی قسەکردن لەسەر سەرۆک کۆمار. من بڕوام وابوو کە تەنها تێبینی ڕاکێشان مەبەستی دیاریکراو دەپێکێت. فیلیپ خێر هات بۆ نوسینگەکەم لەناو بینای سەرکردایەتی سوپا لە نزیک (المتحف). لەبارەی قسەکانەوە پرسیارم لێکردو پێمووت کە شەهاب سەرۆکی وڵاتەو سیمبوڵەو نابێت بەو شێوازە بشکێنرێت. ئەو بە تەوسەوە تەماشای دەکردم، بە دیاریکراوی بیرم نایەت چی ووت، بەڵام تورەی کردم. دەنگم بەرز کردەوەو ئەویش خراپتر لێی دەڕوانیم و گاڵتەی پێدەهات لە کاتێکدا من لەو هەڵچوونەدا بووم، بۆیە زللەیەکم لێدا. یەکسەر بیرم لە چارەسەر دەکردەوە، بەڵام ئەو سەربازانەی کە لە دەرەوەی نوسینگە چاوەڕوان بوون

بەهۆی بیستنی هاوار هاوار خێرا هاتنە ژوورەوە و گرتیان کەوتنە لێدانی، منیش خێرا ویستم بیانوەستێنم، بەڵام یەکێکیان بۆکسێکی دا لە لوتی و خوێنی لێهات و ڕژایە سەر کراسەکەی. هەواڵەکە گەیشتە ڕیمۆن ئەددە و نارەزایی لە دژی ڕاگرتنی دەربڕی و داوای ئازادکردنی کرد. ئێمە وتمان باشە، بەڵام هەندێک کاتمان پێویست بوو بۆ ئەوەی بابەتی پیسبوونی کراسەکەی چارەسەر بکەین. بیرم دەکردەوە چۆن و لە کوێ کراسێکی بۆ بهێنین بە قەبارەی خۆی بێت، چونکە لاشەی گەورە بوو. بیرم بۆ زاواکەم (فوئاد لەحود) چوو، بۆیە پەیوەندیم بە (ڕۆز)ی خوشکمەوە کردو پێمووت شۆفێرەکەم دەنێرم و یەکێک لە کراسەکانی فوئادی پێبدە. ئالێرەدا وا ڕێکەوت کە ئەو کراسەی ناردی تازە لە ئوتو گەڕێنرابۆوە و ناوی خاوەنەکەی (فوئاد لەحود)ی لەسەر نوسرابوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کێشەمان لەگەڵ پەرلەمانتار فوئاد لەحود بۆ دروست ببێت، کە وتبووی: "هۆبەی دووەم پیلانگێڕی لە دژم دەکەن و کراسیان هەیە ناوی منی لەسەرە بۆ ئەوەی تێوەم بگلێنن".

کاردانەوەی ڕیمۆن ئەددە توند بوو، داوای سەری ئەو ئەفسەرەی دەکرد، کە لەو ڕووداوە بەرپرسیار بوو. نەیدەزانی کە کێشەکە من دروستم کردووە، پێشدەچێت پێی وابووبێت کێشەکە لەگەڵ ئەنتۆن سەعدە. ئاساییە

کە ئەنتۆن سەعد ناوی منی نەهێنا. بە دڵنیاییەوە ئەنتۆن سەعد پێیووتم: "یە دوای فیلیپ خێر بنێرەو بیکەرە پەند". پێی نەووتم لێی بدەن گونجاویش نەبوو لێی بدەم، ئەوە هەڵچوونی گەنجانەیە. بەڵام ئەنجامەکە لە ڕووی سەلماندنی هەیبەتی دەسەڵات و حوکم زۆر بە بەرهەم بوو، چونکە ترس کەوتە ناو دڵی ئەوانەی کە سوکایەتییان پێ دەکرد. ئەدەه دەستی لەکارکێشایەوەو شەرێکی دوورو درێژ لەگەڵ شەهاب دەستی پێکرد. ئەو شەڕی لە دژی شەهابییەت هەڵبژاردو سواری شەپۆلی ناڕازییەکان لە دژی شەهابییەت بوو. ئەو پەرلەمانتارێکی دیار بوو، پێموایە وایدەزانی ئەو شەڕە لەساڵی 1964دا سەرۆکایەتی بۆ مسۆگەر دەکات، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەی بنەماکە بوو. لە ناوەندی نارەزایەتی شەقام و ڕای گشتی سەردەمی شەهاب تەواو نەبوو، هەروەک ئەددە پێشبینی دەکرد، بەڵکو داوای بەردەوامبوونی لەسەر ڕێبازەکەی دەکرا. بە دڵنیاییەوە کەمیل شەمعون ڕکابەری گەورەو یەکەمی فوئاد شەهاب بوو، لە کاتێکدا ڕیمۆن ئەددە ڕابەرایەتی هەڵمەتی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە شەهابیەتی دەکردو سەرکەوتوو بوو لە یاریکردن لە وەتەری سوپاو هۆبەی دووەم و دامودەزگاکان و ڕۆژنامەی (النهار)ی کردە بنکەی ئەو شەڕە.

**– ئایا تۆ دیدارت لەگەڵ ڕیمۆن ئەددە کرد؟**

– لەم بوارەدا ڕووداوێکی خۆش هەیە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک حلو ڕوویداوە. ڕۆژنامەی (النهار) هەڵمەتێکی توندی لە دژی دەسەڵاتی شارل حلو و هۆبەی دووەم دەستپێکرد، بەڵام پەیوەندییەکانم لەگەڵ غەسان توینی خاوەنی (النهار) نەپچڕابوو. من ڕێزم لە زیرەکی و تواناکانی دەگرت و گفتوگۆمان دەکرد تەنانەت کاتێک هەریەکەمان نەماندەتوانی ئەوەیتر قەناعەت پێبکەین. ڕۆژێکیان ئەددە چوو بۆ نوسینگەی توینی لە ڕۆژنامەی (النهار) بینی من کۆبوونەوەم لەگەڵی هەیە. لێرە سوپرایزەکە دەستی پێکردو دەموچاوی گرژ بوو، ڕوویکردە غەسان و وتی: "تەنانەت لە (النهار)یش غابی لەحودی لێیە، چی دەوێت؟". بە تەوس و گلەییەکی زۆرەوە سەیری توینی دەکرد. تەینی پێیووت: "ئێمە پەیوەندیمان پێکەوە هەیە، قسەو باس دەکەین و پاشان هەر یەکێکمان بە گوێرەی بڕوابوونی خۆی ڕەفتار دەکات، منیش وام پێباشە باشترە گوێی لێ بگریت".

تەوەری سەرەکی گفتوگۆکە سەبارەت بە کۆمەڵەی ئیسلامی بوو، کە سەرۆک صائب سەلام بانگەشەی بۆ دەکرد وەک دژایەتی لە بەرامبەر پەنابردنی شارل حلو بۆ دکتۆر عەبدوڵڵا ئەلیافی بۆ ئەوەی حکومەت پێکبێنێت. ئێمە لەو کاتەدا نەمانتوانی ستایشی عەسمان ئەلدەنا بکەین

بۆ ئامادەبوونی، چونکە ئەو ئامادەبوونەی ئاماژەیەک بوو بۆ ئەنجامێکی زانراو سەبارەت بە پابەندبوونی ئەلدەنا بە هێڵی (شەهابی)یەوە. ئەوانەی کۆبوونەوەیان کرد هەڵوێستێکیان وەرگرت باکگراوندەکەی ئەوە بوو کە پێویستە سەرۆک کۆمار نوێنەرایەتی تائیفەی سوننە بکات لە ڕێگەی سەرکردە بەهێزەکانیەوە، واتا ڕەشید کەرامی یان صائب سەلام. بیار ئەلجومەییل لە ڕێگەی نوسراوێکی کراوەوە وەڵامی هەڵوێستی (صائب سەلام)ی دایەوە، کە تیایدا پشتیوانی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار دەکات و بە سنوردارکردنی ڕازی نابێت، هەروەک کۆمەڵەی ئیسلامی داوای دەکات و دەگەیشتە ئاستی داواکردن بۆ جیابوونەوە ئەگەر بێتو پێکەوەژیان مومکین نەبێت. لە دوای دەرچوونی نوسراوەکەی ئەلجومەییل چووم بۆ لای غەسان توینی بۆ ئەوەی ڕای خۆمی پێ بڵێم، کە بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی خاڵە لاوازەکان پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت، چونکە دروستبوونی یەکڕیزی مەسیحی لە بەرامبەر یەکڕیزی ئیسلامی بابەتێکی مەترسیدارە، بۆیە پێویستبوو بارودۆخەکە ساردو هێور بکرێتەوە.

ئەم بابەتەم لەبەردەم (ئەددە)دا باسکردو پێدەچوو باوەڕی کردووە، بەڵام سەری سوڕمابوو، چونکە ئەگەر لەگەڵ بیار ئەلجومەییل بێت بەرەکە بەهێز دەبێت و ڕۆڵی

سەرکردایەتی بۆ بیار ئەلجومەییل دەبێت، بەڵام ئەگەر لە دژی بوەستێت ئەوا لە ناوەند دوور دەبێت. ئەددە پرسیاری لێکردم: "ئەگەر لەجێی من بیت چی دەکەیت؟"، بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوەو لە دۆخەکەی تێگەیشتم وتم: "من هەموو ڕۆژێک سوپاسی خودا دەکەم بۆیە لە شوێنی تۆ نیم. من لە سیاسەت هەڵاتم و چوومە ناو سوپا، بەڵام هەر شوێنم کەوت دەتەوێت بەو ئاسانیە بمخەیتە شوێنی خۆت؟".

**– ئایا ئێوە لە دژی دانانی ئەددە بوون بە وەزیر لە حکومەتی شارل حلو؟**

– نەخێر پێمانوابوو ئەو بارودۆخەی لە دوای ساڵی 1967 دروستبوو دەیخواست بنکەی حکومەت فراوانتر بکرێت، بە تایبەتی دوایئەوەی کێشەو گرفتەکان لە پێناو کۆنترۆڵکردنی کارو چالاکییەکانی موقاوەمەی فەلەستینی دەستی پێکرد، کە بە شێوەیەکی بـەردەوام و پێ بە پێ گەورە دەبوو.

لەپێش شەڕی حوزەیرانی 1967 ئێمە سەرپەرشتی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنیمان دەکرد بە پاساوی ئەوەی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەو شێواندنی سوپا نیزامییەکان، ڕێنماییش لەلایەن سەرکردایەتی یەکگرتووی عەرەبی هەبوو موقاوەمەی فەلەستینی پابەند دەکرد بە هەماهەنگی و خۆپاراستن لە بوونە هۆکاری هەر جۆرە

شڵەژاندن و کێشەیەک، بەڵام لە دوای شەڕی ساڵی 67 هاوکێشەکە سەرلەبەر ئاوەژوو بۆوە.

**– ئایا شارل حلو ئەددە–ی خۆشدەویست؟**

– ئامادە بوو مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام نەک تا ئاستی گەیشتنی ئەددە بۆ سەرۆکایەتی. حلو دەیویست میشال خوری ببێت. لەسەر ئاستی قوتابخانە سیاسییەکانیش، ئەو کەسێکی دەستوریی بوو تەواو پێخۆشحاڵ نەبوو بە بژاردەکانی ڕەوتی نیشتمانی و خودی ئەددە.

**– سەرەتای دەسەڵاتی شارل حلو لە نێوان (1964 – 1970) بابەتی موقاوەمەی فەلەستینی دەستی پێکردو خۆی بەرجەستە کرد. چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەم بابەتەدا کرد؟**

– لە سەرەتادا چەند زانیارییەک دەهات و ئاشکرایان کرد، کە گەنجە فەلەستینییەکان دەستیان کردووە بە خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هێرشی چەکداری لە دژی ئیسرائیل لە ڕێگەی ئەردەن و لوبنانەوە. زانیارییەکان ڕوون نەبوون، پاشان هەندێک ئۆپەراسیۆن لە جۆری تەقاندنەوەی کەشتیەک لە دووری 500 مەتر لە سنورەکانی نێوان لوبنان – ئیسرائیل ڕوویاندا، ئیسرائیل وەڵامی ئەو پەلامارانەی دەدایەوەو زیانی بە لایەنی لوبنانی دەگەیاند لەسەر سنوور. ئێمە لە "هۆبەی دووەم" بڕوایەکی چەسپاومان هەبوو، کە ئیسرائیل بەردەوام هەوڵدەدات و هەر کاتێک بارودۆخەکەی

بۆ لەبار ببێت هەوڵدەدات سەقامگیری ئەزمونی لوبنانی بخاتە پشێوی و مەترسییەوە، چونکە دروستبوونی دیموکراسی عەرەبی پێداگیری دەکات لەسەر پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان و پێکهاتەکان لەسەر سنورەکان، ئەمەش جۆرێک لە نەنگی و کەمتەرخەمی دروستدەکات لەو لۆژیکەدا کە لەسەری دروستبووە. نەبوونی زانیاری ورد ترسی ئێمەی زیاتر کرد لەوەی کە ئیسرائیل بازنەی ئەو گروپە فەلەستینییانەی بەزاندبێت و هێرش و پەلامارە چەکدارییەکان کاری دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆی بێت وەک پاساوێک بەکاری بێنێت بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی دوژمنکارییەک کە پێشتر پلانی بۆ داڕێژراوە. شەقامی لوبنان لە دوای هەموو وەڵامدانەوەیەکی ئیسرائیل دابەش دەبوو لە نێوان لایەنگرانی موقاوەمەی فەلەستینی (موسوڵمانەکان بە گشتی) و لایەنگرانی وەڵامدانەوەکانی ئیسرائیل (مەسیحییەکان لە بەرامبەردا).

کاتێک ناوی ئەبو عەممار (یاسر عەرەفات) دەنگی دەدایەوە، نەماندەزانی ئەو کێیەو لەوەش دەترساین جموجووڵەکانی بکەوێتە خزمەتی هەڵکشانی دۆخەکە بەرەو تێکچوون، بۆیە هەوڵماندەدا وردبینی و لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی بکەین. ئەوێ ڕۆژێ هەندێک زانیاریمان پێگەیشت کە گروپێک چەکی هاوەنیان پێبووە خۆیان ئامادە

دەکەن بۆ ئەنجامدانی پۆپەراسیۆن لە ڕێگەی سنورەکانی لوبنانەوە بۆ بۆرومانکردنی فڕۆکەخانەی (اللد) لەویشەوە یەکسەر بۆناو خاکی لوبنان پاشەکشە دەکەن. گرنگە بڵێین ئەگەر ئەو گروپە هێرشەکەیان ئەنجام بدایا بۆی هەبوو قەبارەی وەڵامدانەوەی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل بۆ تێکدانی ڕەوشی ناوخۆی لوبنان ڕووبدات. سوپا ڕێنمایی و فەرمانی پێویستی دەرکردو توانی ئەو گروپە کۆنترۆڵ بکات، کە وەک بیرم دێت ژمارەیان نزیکەی (12) کەس بوو. نەقیب فەرید ئەبو مەرعی بەرپرسیارێتی لێکۆڵینەوەکانی بەشی پەنابەرانی پێسپێردرا. داوام لە ئەبو مەرعی کرد هەوڵبدات سود لە لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لە بەشداربووان وەربگرێت بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری زۆر وردتر دەربارەی ڕێکخراوە فیدائیەکەیان. پێی ڕاگەیاندم کە یەکێک لە بەشداربووان پێیوتووە سەرۆکی گروپەکەیان بە بەردەوامی ڕاوێژی بە یەکێک لە ئەندامە بەشداربووەکان دەکرد. داوام لێکرد ئەو ئەندامەم بۆ بنێرێت و هێنایان بۆ لام. پێمووت: «ئێمە گومانمان لە نیشتمانپەروەریت نییە بەڵگەش ئەوەیە کە ئێوە ژیانی خۆتان دەخەنە مەترسییەوە بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە بۆی هەیە ژیانتان تێدا بچێت، بەڵام ئایا لەوە ناترسێن کەسانێک هەبن بتانجووڵێنێت بێئەوەی ئاگادار بن و لەژێر پەردەی کاری

فیداکاری عەرەبیدا خزمەت بە ئیسرائیل بکات؟ پاشان کێ بۆتان دەسەلمێنێت کە خودی ئەبو عەممار کەسێک نییە پەیوەندی گوماناوی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت یان کەسانێک هەبن هانی بدەن لە چوارچێوەی پلانێکی لەم شێوەیە؟ ئایا پێتان وانییە ئەو زیانەی کە لە دوای هێرشەکانتان بەر لایەنی عەرەبی دەکەوێت لەو زیانانە زیاترە کە لە ئیسرئیلی دەدەن؟ ئەمە بێجگە لەوەی کی سەرکردایەتی عەرەبیی یەکگرتوو پێداگری کردووە، کە هەر کارێکی لەمجۆرە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەی خۆجێیی بەرەکەدا (لە سوپای وڵاتی پەیوەندیدار) دەبێت و پێویستە ئەو بزانێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی ڕووداوەکە بۆ هێزەکانی سوپرایز نەبێت و هیچ شتێک لەم بابەتانە ڕوونەدات". لێرەدا سوپرایزەکە ڕوویدا، چونکە دەستگیکراوەکە وتی: "من ئەبو عەممارم". هەندێک کاتم پێویست بوو بۆ ئەوە فکرو هۆشم ڕێکبخەمەوە. داوای لێبوردنم لێکرد بۆ گومانبردنم لە نیشتمانپەروەری ئەو، بەڵام لە هەڵەی پێشبینی کردنم دڵنیا بووم، چونکە بە شەخسی بە خۆیم ووت، داوای لێکرد بۆم باس بکات چۆن وەڵامی ئەو لێکەوتەیە دەکات، کە بۆم خستەڕوو. ئەبو عەممار ڕایگەیاند، دەزانێت کە ئەو زیانانەی بەر ئیسرائیل دەکەوێت هێندە گەورە نییە، بەڵام پێیوابوو ئەوەی ڕوودەدات مەشقی چەکدارەکانە، بۆیە لە سەرەتاوە ناتوانێت هێرش بکاتە

سەر بارەگای سەرکردایەتی سەربازی ئیسرائیل تاوەکو زیانێکی هێندە گەورەی پێ بگەیەنێت، کە لەو زیانانە زیاتر بێت کە بە دەوڵەتی عەرەبی خانەخوێی بگەیەنێت (واتا لوبنان). وتیشی: "ستایشی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە دەکەم، کە دەرئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکان لە ئەستۆ دەگرن و خەباتی گەلی فەلەستین لە هەڵکشاندا دەبێت". ئەو گروپە لە ناوەندێکی سەر بە "هۆبەی دووەم" لە نزیک نەخۆشخانەی سەربازی دەستبەسەر کرابوون، پاشان بابەتەکەمان چارەسەر کردو دەستبەسەرکراوەکانمان ئازاد کرد، ئیتر لەو کاتەوە وەک ڕاستیەکی بەرجەستە مامەڵەمان لەگەڵ موقاوەمەی فەلەستینی دەکردو پلانمان دادەنا بۆ شتێک کە ئایندە بۆی هەڵگرتبووین لە بابەتی ئەو کێشەو گرفتانەی کە بێگومان بەڕێوەن.

**– تۆمەتێک هەیە ئاراستەی "هۆبەی دووەم" کراوە ئەویش تۆمەتی بەکارهێنانی توندوتیژییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوانی خێوەتگا فەلەستینییەکان، دەشوترێت کەسێک لە بنەماڵەی (کعوش) لەژێر ئەشکەنجەدا مردووە؟**

– تۆ پرسیارم لێدەکەیت دەربارەی چەند ڕووداوێک، کە ماوەی (30) ساڵ یان زیاترە ڕوویانداوە و هیچ دۆسیەیەکم لەبەردەستدا نییە تاکو بگەڕێمەوە سەرییان. وردەکارییەکانی ڕووداوی (کعوش)م لەبیر نییە، بەڵام

بە دڵنیایی لەژێر ئەشکەنجەدان نەمردووە. لەناو هەموو خێوەتگەیەکدا دوو ئەندامی سەر بە هۆبەی دووەممان هەبوو بە جلوبەرگی سەربازی یان جلوبەرگی مەدەنییەوە، بوونیشیان لەوێ بە نهێنی نەبوو. بەڵێ ڕاگرتن و دەستگیرکردن ڕوویدا، هەندێکجار ڕووداوەکان دەبوونە پاساوی توندوتیژی "هۆبەی دووەم". لەبیرم نایەت کە زێدەڕۆیی ڕوویدابێت، بەڵام جۆرێک لەو تۆمەتانە دەدرانە پاڵمان. لە دوای ساڵی 1967 وێنای بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕا. هەموو فەلەستینیەک خۆی بە ئەبو عەممار دەزانی. کاتێک دەستمان بە هەماهەنگی کرد موقاوەمەی فەلەستینی داوای دەکرد ڕێگە بە ژمارەیەک لە ئەندامەکانی پێبدرێت بەرەنگاری هێرشەکانی ئیسرائیل ببنەوە، کە دەکرایە سەر خێوەتگاکانیان، لە کاتێکدا سوپای لوبنان نەیدەتوانی وەڵامیان بداتەوە. لێرەدا دۆخی گەلی فەلەستین گۆڕاو بارودۆخی خێوەتگەکانیش دەستی بە گۆڕان کرد.

**- دەوترا "هۆبەی دووەم" لە سەرەتادا کارئاسانی بۆ هاتنەناوەوەی گروپە فەلەستینییە چەکدارەکان بۆ لوبنان کردووە، بۆ ئەوەی جۆرێک لە هاسەنگی لە دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانێتی سێقۆڵی لە هەڵبژاردنەکاندا دروست ببێت؟**

- خوا پەنامان بدات. ئەمە تۆمەتێکی هەڵبەستراوە کێ بۆمی هەڵبەستووە یان دروستکراوی کەسێکە زێدەڕۆیی

کــردووه لــه تــوانــای هــۆبــەی دووەم، یــان بــە جۆرێک ڕوویداوەو هۆبەی دووەم نەیتوانیوە ڕێگەی لێبگرێت. ئەگەر ڕوویــداوە کەواتە پێویستە لە شیکردنەوەیەک بگەڕێین، کە لە بەرژەوەندی بابەتەکەدا بێت. ئەمە کۆمەڵێک قسەی ڕیزکراوی ساویلکانەیەو هیچی تر. چونکە ئەوە ناچێتە عەقڵەوە کە کارەکە لە ویست و قەڵەمڕەوی دەربچێت.

**- خۆپیشاندانی 23ی نیسانی ساڵی 1969 ڕوویداو چەند بەریەککەوتنێک لەگەڵ سوپاو هێزە ئەمنییەکانی لوبنان ڕوویانداو بوویتە هۆی کوژران و بریندابوونی خەڵک و قەیرانی حوکم سەریهەڵداو هەڵوێستەکانی شارل حلو و سەرۆکی حکومەت (ڕەشید کەڕامی) پێچەوانەی یەکتری بوون؟**

- پێموایە لێرەدا گرنگیەکە لە وردەکارییە ئاسایشییەکاندا نییە. دۆخێکی نائارام هەبوو لە تەقینەوەدا بوو، کاتێک بابەتێکمان چارەسەر دەکرد یەکێکی تر سەریهەڵدەدا. لە ڕاستیدا ئێمە لەبەردەم قەیرانێکدا بووین، کە هیچ کەسێک چارەسەرێکی بۆی نەبوو، نە شارل حلو نە ڕەشید کەڕامی. هاوسۆزی لەگەڵ موقاوەمەی فەلەستین هەبوو، حزبەکان و هێزە لایەنگرەکانی عەبدولناسر پشتیوانی موقاوەمەیان دەکــرد. حزبە چەپگەراکانیش لایەنگیری موقاوەمەیان دەکرد، بۆیە دۆخەکە لەبارو گونجاو بوو بۆ لەرزاندنی

هەیبەتی ڕژێم بە ئومێدی گۆڕینی. بانگەواز بۆ دەستپێکردنی ئازادی کاری فیدایی بڵاوکرایەوە، دەوڵەت نەیدەویست ڕێگە لە فەلەستینییەکان بگیرێت لە ڕووی پراکتیزەکردنی مافەکانیان لە کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی خاکەکەیان، بەڵام نەیتوانی بیکات هەرچەندە دەیخواست. دەوڵەت نەیدەتوانی ڕەزامەندی نیشانبدات لەسەر ڕێگەدان بە ئازادی کاری فیدایی و دەرگای بۆ بخاتە سەرپشت، چونکە ئەوە مانای ڕووخاندنی ڕێککەوتنی ئاگربەست بوو، کە تاکە پارێزگاری نێودەوڵەتی ئێمە بوو لە بەرامبەر ئیسرائیل، کە لە ساڵی 1967دا سوپا عەرەبییەکانی تێکشکاندو لە توانایدایە سەقامگیری و دۆخی لوبنان بشێوێنێت. من لەبەردەم کێشەیەکدا بووم پێویست بوو بچم بۆلای کەما جونبوڵات (خوا لێی خۆش بێت)، ئەویش ئامۆژگاری کردم بە چارەسەرکردن و دان بەخۆداگرتن. دواتر ڕووداوەکانی 23ی نیسانی 1969 ڕوویـداو سیماکانی قەیرانەکە بەدەرکەوتن.

**– ئەی چۆن لێی دەرچوون؟**

– لێرە ئامۆژگارییەکەی فوئاد شەهاب گەیشت، ئەویش بریتی بوو لە پەناگرتن بە عەبدولناسر بۆ هەوڵدان لە پێناو گەیشتن بە چارەسەرێک. شەهاب پێیوابوو کە عەبدولناسر هەستیاری بارودۆخی لوبنان دەزانێت چیەو لە لۆژیکی

دەوڵــەت و مەترسییەکانی تـێدەگـات و لـە هەمانکاتدا دەسەڵاتێکی مەعنەوی لەلای موقاوەمەی فەلەستینی و ئەو ڕەوتە لوبنانییە هەیە، کە پشتیوانی لێدەکات.

**– ئایا "ڕێککەوتننامەی قاهیرە" لەو ڕوانگەیەوە لەدایک بوو؟**

– پلانڕێژی نەکرا بۆ شتێک بە ناوی "ڕێککەوتننامەی قاهیرە". لیژنەیەک ڕەوانـە کرا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی زەمینەخۆشکردن لە قاهیرە. رەشید کەڕامی کە دیدارەکانم لەگەڵی بەردەوام بوو دەیووت: من ئامادەم بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، بەڵام بە گوێرەی فۆرمێک کە لەسەر پێک بێین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ موقاوەمەی فەلەستینی. ئەو فۆرمێکی دەویست کە ڕێگە بە هێزە ناکۆکهکان نەدات لەسەر ئاستی فەلەستینی و عەرەبی لافلێدانی پێوە بکرێت.

دۆخەکە زۆر تێکچوو یەکەکانی سوپای ڕزگاریخوازی فەلەستین لە ڕێگەی سوریاوە هاتنە نـاو خاکی لوبنان و لـەگـەڵ سـوپـای لوبنان بـەشـەڕ هاتن و کێشـەکان بە خێرایی ڕوویاندەدا. شاندێک پێکهێنرا بۆ وتوێژکردن بە سەرۆکایەتی رەشید کەڕامی و ئەندامێتی فەرماندەی سوپا (عیماد بوستانی) و ئەمینداری گشتی وەزارەتـی دەرەوە نەجیب سدقە و (سامی ئەلخەتیب) کە سـەر بە هۆبەی دووەم بوو. لە ڕاستیدا لە بنەڕەتدا بژاردەکە ئەوەبوو کە

زەعیمی یەکەم (شمیت) سەرۆکی ئەرکانی سوپا ئەندامی سەربازی شاندەکە بێت، بەڵام کاتێک ناوی برا زۆر دوودڵ بوو. شاندەکە بەبێ کەڕامی ڕۆیشتن بە مەبەستی ئەنجامدانی وتوێژی ئامادەکاریی. بە کردار ئەمیل بوستانی و سدقە ڕۆژانە باس و خواسی دانوستانەکانیان دەنارد بۆ کۆشک. لە کۆتاییدا دەرکەوت، کە بابەتەکان پێگەیشتوون و ئیتر باس لە ڕۆیشتنی کەڕامی دەکرا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە. بەڵام بوستانی کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی وتوێژەکانەوە سیفەتی سەرۆکی شاندەکەی بە خۆی بەخشی، کە لە بنەڕەتدا ئەوە سیفەتی کەڕامی بوو، بە پێچەوانەی ئەوەی لێی داوا کرابوو ڕێککەوتنەکەی ئیمزا کرد، لەوانەیە ویستبێتی ئەمە بۆ خواستی بوون بە سەرۆک لە ئایندەدا بکات.

هیچ کەسێک لە لێپرسراوانی لوبنان وەک دەستکەوتێکی گەورە سەیری ڕێککەوتنی قاهیرە-یان نەکرد، نە سەرۆک حلو، نە سەرۆک کەڕامی. هەمووان پێیانوابوو ڕێککەوتنەکە چەکێکە لە دەستی ئیسرائیل لەو ڕوانگەیەوە کە لوبنان بە شێوەیەکی فەرمی ئاسانکاری بۆ بابەتی کاری فیدائی دەکات. کەوتنە مقۆمقۆو پرسیارییان دەکرد: بۆچی چووین بۆ قاهیرە؟

مەسەلەیەک هەیە شایەنی ئەوەیە باس بکرێت، کە سەرۆک حلو بۆی گێڕاینەوە. لە دوای گەڕانەوەی بوستانی

لە قاهیرە، سەرۆک حلو پێشوازی لێکردو گلەیی ئاراستە کرد لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی نواندوویەتی، کاتێک لە گلەییەکەی تەواو بوو هەوڵیدا ئەو بابەتە تێپەڕێنێ و بە بوستانی ووت: "باشە من ئەوەم لەبیر کرد کە ڕوویدا، با لە ئێستاوە دەستبەکار بکەین". بوستانی لە وەڵامدا وتی: "بەڵام من لەبیرم نەکردووە". حلو بە ئێمەی ڕاگەیاند: "لەو کاتەدا نەمدەزانی کامەمان سەرۆکین".

**– ئایا هەندێک لە گەورە ئەفسەران لەو ڕێککەوتنە ناڕازی بوون؟**

– نەخێر، لەو ڕۆژگارەی ئێمەدا سەرکردایەتی سەرکردایەتی بوو، سوپاش سوپا بوو.

**– ئایا هیچ دابەشبوونێک لەناو سوپادا دەرکەوت؟**

– نەخێر بە دڵنیاییەوە بارودۆخی گشتی فشاری هێنابوو، بەڵام سوپا یەکگرتوو بوو، لە کاتێکدا کە سەرکردایەتی سیاسی پەشۆکاو بوو.

**– بۆچی بوستانی خانەنشین کرا؟**

– ئەو بوو خۆی گەیاندە ئەو بارودۆخە. لە سەرەتاوە شارل حلو بەرژەوەندی هەبوو لە بەهێزکردنی هەڵوێستی بوستانی لە چوارچێوەی خواستی بۆ دەرچوون لەژێر سێبەری فوئاد شەهاب. من ڕۆڵم بینی لە هێشتنەوەی وێنەی شەهاب وەکو پەناگە بۆ هەموو ئەو ئەفسەرانەی هەبوون.

لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ بوستانی کرد کاتێک ڕۆژێکیان بۆی باسکردم کە دەیەوێت (شمیت) لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا دوور بخاتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی هەستی کردووە، کە شمیت ڕابەرایەتی هێڵی شەهابییەت دەکات لەناو سوپا. بە (بوستانی)م ووت: "چارەسەر ئەوە نییە، کە شیمت دوور بخەیتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ بڕۆیت بۆ سەرچاوەکە، واتە بۆلای خودی شەهاب. هەر ئەمەش ڕوویدا، بەڵکو لە ئامۆژگاری کردندا لەوەش زیاتر ڕۆیشت، ئەوەبوو دواتر داوای لە سەرۆک شەهاب کرد، کە وادەیەکی بۆ دیاری بکات بۆ سەردانێکی هەفتانە تاوەکو بە شێوەیەکی دەوری کۆی باسەکانی لەناو دامەزراوەکە بۆ باسبکات و فەرمانی لێوەربگرێت، ئەوەشی بۆ هاتەدی. بە درێژایی ماوەی ساڵانی سەرۆکایەتی کردنی سوپا لەلایەن بوستانیەوە جۆرێک لە پێکەوەگونجان لەناو دامەزراوەکەدا لەسەر هەموو ئاستەکاندا دروستبوو. ئەو شێوازەی کە بوستانی لە قاهیرە پەیڕەوی لە پاڵ خواستی بۆ چنینەوەی بەرهەمەکەی لەسەر ئاستی عەرەبی بۆ گرتنەدەستی سەرۆکایەتی کۆمار بوو، کە کەلێنێکی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شارل حلو دروستکرد. من لەلای خۆمەوە پێموابوو کە پێویستە سوپا لە دەسەڵاتی سیاسیەوە دوور بێت. ئەو بارودۆخەی کە شەهابی سەپاند جیاوازو تایبەتی

بوو. ئەگەر ڕێگەت دا بە دووبارەبوونەوەی ڕابردوو، ئەوە دەبێتە بنەماو ئیتر هەموو فەرماندەیەکی سوپا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی کۆمارو هەڵسوکەوتەکانی لە سەرکردایەتیدا دەچێتە قاڵبی ئەو خواستانەوە.

**- ئایا ئێوە لە "هۆبەی دووەم" پێشبینی هەڵگیرسانی شەڕی ساڵی 1967تا دەکرد؟**

- لە دوای شەڕ خودی سەرۆک جەمال عەبدولناسر وتی: هەواڵگری لوبنان پێیان ڕاگەیاندووە، کە ئیسرائیل ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی بەربلاو دەکات. بەڵام هەر لە ئاستی ئەو زانیارییانەدا نەوەستا، چونکە لە ڕێگەی سەرچاوەیەکی هەواڵگری ترەوە تەئکیدی لەسەر نەکرایەوە. ئێمە هەوڵ بۆ بینینی ڕۆڵێک ناکەین، کە لە قەبارەو توانای خۆمان گەورەتر بێت، بەڵام بە کردار ئەمە ڕوویدا. نەقیب عەباس حەمدان لێپرسراوی هەواڵگری دەرەکی بوو، هەروەها ئەفسەری پەیوەندیکردن بوو لەگەڵ چاودێرانی لیژنەی ئاگربەست. ئەو زمانی عیبری دەزانی و پەناشی بۆ ئەو وەرگێڕانە دەبرد، کە زمانی عیبرییان دەزانی. ئێمە توانای دارایی و تۆڕێکی فراوانمان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان نەبوو، بەڵام لە ڕێگەی چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان و خوێندنەوەی

زانیارییە هاتوەکان بۆمان ئەو کارەمان دەکرد، لە نێوانیاندا کۆی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی، کە لەگەڵ مولحەقە سەربازییە بیانییەکاندا ئەنجام دەدران. گەیشتینە کورتەیەک ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو، کە ئیسرائیل خۆی بۆ کارێکی سەربازی بەربڵاو لە دژی لایەنی عەرەبی ئامادە دەکات. لە رێگەی سەرکردایەتی یەکگرتووی عەرەبییەوە کە لەو سەردەمەدا هەبوو، ئەم زانیارییانەمان بە سەرکردایەتی میسری گەیاند، بەڵام بە هەند وەرنەگیرا. وردەکارییەکانی پلانی ئیسرائیلمان لەبەردەست نهبوو، بەڵام ئێمە لە خوێندنەوەی ئاراستەکان و ڕێڕەوی دۆخەکەدا لەسەر حەق بووین.

دۆخەکە زۆر ناڕەحەت بوو، زانیاری وردمان لەبەردەست نەبوو سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژی یەکەمی شەڕی 1967. دانیشتین بیرمان کردەوەو دەستمانکرد بە پرسیارکردنی سەرەتایی: ئایا دەکرێت بونیادی سەربازی ئیسرائیل لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بڕووخێت؟ بۆچی ئیسرائیل شەڕ دەکات ئەگەر نەتوانێت ئەنجامی بدات؟ سەرەڕای ئەمەش ئایا دەوڵەتە زلهێزەکان ڕێگە دەدەن ئیسرائیل هەرەس بێنێت؟ پێموایە بارودۆخەکە لە ڕۆژی دووەمی شەڕ بەو شێوەیە بەردەوام بوو، هەوڵماندا زانیاری دەربارەی بارودۆخەکە بەو شێوە

ئاساییانە کۆبکینەوە، کە دامودەزگاکان پشتی پێدەبەستن، لەوانەش پرسیارکردن دەربارەی ئەو زانیارییانەی، کە لەلای مولحەقە سەربازییەکانی دەوڵەتانی زلهێز هەیە. هەستمان کرد کە هەر هەڵە پێشبینی کردنێک بۆی هەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کارەسات، چونکە بۆردومانکردن یان پێشڕەوی کردن بۆ داگیرکردنی پێگەیەک واتا ڕاگەیاندنی شەڕ. توانا سەربازییەکانمان سنوردار بوو، ئەگەر زانیارییەکانی لایەنە عەرەبییەکان ناڕاست بێت، ئەوا ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەرمان و لەوانەیە بگاتە بەیروت. سەرۆکی ئەرکان زەعیمی یەکەم (یوسف شمیت) باسی ناوەرۆکی پێشبینییەکانی بۆ کردین و ڕۆڵی بالای بینی لە ئەنجامنەدانی هەر کاردانەوەیەکی بەپەلە لە چاوەڕوانی ڕونبوونەوەی دۆخەکە. بۆیە ڕێڕەوی شەڕەکە دوانەکەوت لە پێدانی ڕوونکردنەوە و ئەنجامەکەشی نیمچە زەمینلەرزەیەک بوو.

**- هەستتان بە چی کرد کاتێک بۆتان دەرکەوت، کە ئیسرائیل سیناو جۆلان و بەرەی خۆرئاوای داگیر کردووە؟**

- سەرەتا شڵەژانێکی زۆر ڕوویدا، بەدوایدا تورەبوون لە بەرامبەر سەرکردایەتی عەرەبی دروستبوو، کە بەپێی زانیاری درۆ سەرکردایەتی شەڕەکەیان کرد، دواتر خەڵک تورە بوون لەو هێزانەی، کە بەو شێوەیە ئیسرائیلیان پڕچەک کرد. لە کۆتاییشدا گەیشتینە ڕووخان و بیرکردنەوە

لە دەرئەنجامەکان. سەبارەت بە دەرئەنجامەکان، ناکرێت لە خولی دووەمـی سەردەمی شـارل حلو تێبگەین بەبێ هەڵوەستە کردن لە ئاستی وێستگەی ساڵی 1967 بە تەواوەتی وەکئەوەی ناکرێت لە گەڕی ئایندەی سەرۆک ئیلیاس سەرکیس تێبگەین بەبێ لاکردنەوە لە دەرئەنجامەکانی سەردانی سەرۆک ئەنوەر سادات بۆ قودس.

گرەوکردن لەسەر سوپا عەرەبییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل شکستی هێناو هەر لۆژیکێکی عەرەبی فەرمی لە بەرامبەر لۆژیکی موقاوەمەی فەلەستینیدا لاواز بوو. لەپێش ساڵی 1967 یاسر عـەرەفـات خەونی بە چاوپێکەوتنی عەبدولناسر دەبینی و نەیدەتوانی، کاتێک دەیتوانی کە چاوی بە (سامی شەرەف) بەڕێوەبەری نوسینگەکەی بکەوتایە. دوایی عەبدولناسر لە دەرکەوتنەکانی لەناو جەماوەردا دەیەویست یاسر عەرەفات لە هاوشانی خۆی دابنێت. پەیوەندییەکان لەگەڵ موقاوەمەی فەلەستینی بووە سەرچاوەی پێگەی جەماوەری یان دڵنیایی و پارێزگاریکردن لە ڕژێمەکان. عەبدولناسر دەستی لەکارکێشایەوەو خۆپیشاندان شارەکانی لوبنانی گرتەوە، بۆیە لە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی پاشگەز بۆوە. ئەوێ ڕۆژێ هەستمان دەکرد، کە لەبەردەم قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزداین. بێهیوابوون لە ڕژێمەکان و سوپا عەرەبییەکان گرەوەکەی خستە سەر موقاوەمەت، کە لە

دوو گۆڕەپاندا قەتیس بوو. ئەردەن و لوبنان، ئەوەبوو لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی 1970 لە ئەردەن، موقاوەمەت گواسترایەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی لوبنان.

**– لە ساڵی 1968دا ئیسرائیل هێرشی کردە سەر فڕۆکەخانەی بەیروت، ئایا پێشبینیتان دەکرد ئەمە ڕووبدات؟**

– بە دڵنیاییەوە پێشبینیمان دەکرد، چونکە فڕۆکەیەکی نەفەهەڵگری ئیسرائیلی لە یۆنان هێرشێکی فیدائی کرایە سەری و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیل فۆکسیان خستە سەر ڕووداوەکەو ڕایانگەیاند، کە فیدائییەکان لە لوبنانەوە هاتوون. نەقیب عەباس حەمدان سەرنجی بۆ خەتەرناکی دۆخەکە ڕاکێشام.

**– ئایا ڕێکخراوە فەلەستینییەکان سەرکەوتوو بوون لە بەزاندنی پەرژینی سوپا، لە کاتێکدا تۆ سەرۆکی "هۆبەی دووەم" بوویت؟**

– پێموایە ئەمە ڕوونەداوە. هۆکارەکەشی بریتیە لە هەستکردنی سەربازەکان و ئەفسەرەکان بەوەی کە فەرماندەیی پابەندە بە ڕێبازێکی نیشتمانیەوە، کە مەیلی بۆ هێزێک یان تیمێکی ناوخۆیی نییە بەبێ ئەوەیتر. هەماهەنگیمان لەگەڵ فەلەستینییەکاندا هەبوو لەگەڵیان کۆدەبووینەوە، بەڵام بۆ جارێکیش ڕێگەمان بە هیچ تیمێک نەدا بەو شێوازە قسەمان لەگەڵدا بکات، کە لەناو سوپادا خاوەنی کارتێکە.

**- تۆ سەرۆکی "هۆبەی دووەم" بوویت و سۆڤێتییەکان هەوڵیاندا بۆ ڕفاندنی فڕۆکەیەکی (میراج)ی لوبنانی، چیرۆکی ئەمە چییە؟**

- ڕۆژێکیان ئەفسەر مەحمودج مەتەر هات، کە فڕۆکەوانی فڕۆکەی (میراج) بوو لە هێزی ئاسمانی لوبنان. پێی ڕاگەیاندم کە دیپلۆماتکارەکانی باڵیۆزخانەی سۆڤێت پەیوەندییان پێوە کردووەو هەوڵیانداوە ڕازی بکەن بە ڕفاندنی فڕۆکەیەکی لەو جۆرە. بە دڵنیاییەوە ئەمە بابەتێکی مەترسیدارە، مەترسیەکەشی بە پلەی یەکەم لەوەدایە، کە خودی یەکێتی سۆڤێت پشتیوانی دەرەکی ئەو ستافە سیاسیە بوو، کە لە ناوخۆدا پشتیوانی لە سیاسەتی پیادەکراو دەکرد، ئێستاش ئەو دەستپێشخەری دەکات و وامان لێدەکات دۆستایەتی لەدەست بدەین، بەوەش ڕیزی ئەو ستافە بەبێ گەڕانەوە تێکدەدات. ئەفسەرانی "هۆبەی دووەم"م بۆ کۆبوونەوەیەکی شیکاری بانگ کردو چەند پرسیارێکمان وروژاندو سەرەتا دەربارەی جدییەتی ئەو هەوڵدانە گفتوگۆمان کرد. لە جیهانی هەواڵگریدا دەکرێت شێوازی هەڵخەڵەتاندن بە هەزارو یەک هۆکار پرۆتستۆ بکرێت بۆ تێوەگلاندنی دەزگاکانی تر. بۆ جاری یەکەم لە نێوانماندا کەسانێک هەبوو، کە بەدوورییان دەزانی یەکێتی سۆڤێت ئەو کارە بکات. لە کۆبوونەوەکەدا دیدو بۆچوونی زۆر خرانە ڕوو. سۆڤێتەکان لە دوای

شکستی 1967وە سوپا عەرەبییەکانیان پرچەک دەکرد، بە تایبەتی سوپای میسرو سوریا. دووبارە پرچەککردن پشتی بە هێزی ئاسمانی دەبەست، بە تایبەتی کە فڕۆکەکانی (میراج) ی فەڕەنسی لەو شەڕەدا زیانی گەورەیان بە فڕۆکەکانی جۆری (میگ)ی سۆڤیەتی گەیاند. پێشتریش سوریا زیاتر لە جارێک داوای کردبوو فڕۆکەوانەکانی مەشق لەسەر ئەو فڕۆکانەو چۆنێتی کارپێکردنیان بکەن. بەڵام سەرکردایەتی سەربازی لوبنان لە دژی ئەمە بوو، چونکە پێچەوانەی ئەو مەرجانە بوو، کە بەهۆیانەوە فڕۆکەی (میراج)مان لە فەڕەنسا بەدەستهێنا. لە ئەنجامی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە دەرکەوت، کە بابەتەکە جدییەو هەوڵدانی سۆڤیێت بەڵگەی شیاوی خۆی هەیە، بۆیە من بەو بابەتە زۆر بێتاقەت بووم.

درکمان پێدەکرد، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی زلهێزدا دەکەین ئەویش یەکێتی سۆڤیێتە، جگە لەوەی کە دەوڵەتێکی دۆستی عەرەبە، بۆیە بەدوورمان دەزانی ببێتە هۆکاری دروستبوونی قەیرانێکی ئاشکرای بەو جۆرە. لێرەدا ڕبەڕوی گرفتێک بووینەوە: ئەگەر بچووینایا بۆلای باڵیۆزی سۆڤیێت و بۆمان باس بکردایا کە چی ڕوودەدات، ئەوا نەک هەر نکۆڵی لێنەدەکرد، بەڵکو ئێمەی تۆمەتبار دەکرد بە هەڵبەستنی تۆمەتێک لە دژی یەکێتی سۆڤیێت بۆ خزمەتی خۆرئاوا یان ئەمەریکییەکان، ئێمەش هیچ

بەڵگەیەکی تەواومان نەبوو لەسەر تێوەگلانی سۆڤێت لەو بابەتەدا. بۆیە ڕوون بوو، کە بەدەستهێنانی بەڵگە بابەتێکی جەوهەرییە. پلانە سۆڤێتیەکە ئەوەبوو، کە مەحمود مەتەر بە فڕۆکەکە بچێتە ئاسمان بە بیانووی دەرچوونی بە ئەرکێکی مەشقکاری ڕۆتینی، پاشان پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی لەسەر زەوی بپچڕێنێت بە پاساوی تێکچوونی ئامێری ڕادیـۆی فڕۆکەکە، پاشان لە چـاوەڕوانـی ڕونبوونەوەو گەیشتنی فەرمانی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی لوبنانیدا ماوەیەکی دیاریکراوی بە ئاسماندا بڕیوەو دواتـر چەند فڕۆکەیەکی سۆڤێتی لە بنکەیەکی دیاریکراوەوە هەڵدەستن بۆ هاوڕێیەتی کردنی لە گەشتێکدا، کە لە فڕۆکەخانەی باکۆ لە ئازەربایجان کۆتایی پێدێت. لە بەرامبەر ئەمەدا سۆڤێتییەکان زەماناتی زۆرییان پێشکەشی مەتەر کردبوو بەوەی کە هیچ زیانێکی پێناگات و وەکو پاڵەوانێکی عەرەب مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێت، لە کاتێکدا کە سەردانی لوبنان دەکاتەوەو کاتی پێویست وەردەگرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆخی یاسایی لە لوبنان. بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەڵگە بڕیارماندا داوا لە مەحمود مەتەر بکەین بەردەوام بێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیپلۆماتکارە سۆڤێتییەکان لە چاوەڕوانی ئەوەدا، کە بەڵگەیەکی باشمان دەست بکەوێت دەربارەی پلانەکەو دواتر بیبەین بۆ باڵیۆزی

سۆڤێت لە لوبنان (سێرڤار عەزیمۆڤ). بەنیاز نەبووین بچینە دوژمنایەتی لەگەڵ دەزگایەک بە قەبارەی (کەی جی بی)، بەڵام چەند هەنگاوێکمان بۆ دانرابوو، پێویست بوو لەسەری بڕۆین ئەگەر بە ناچاریش بێت.

**– پلانەکەتان چی بوو؟**

– داوامان لە مەحمود مەتەر کرد لەسەر پەیوەندییەکانی بـەردەوام بێت و پێداگری بکات لـەسـەر دڵنیابوونی لە چارەنوسی خانەوادەکەی لە بەیروت، هەروەها بڵێت کە دەیەوێت چەکێکی بانک بۆ هاوسەرەکەی جێبهێڵێت تاوەکو پێویستییە مادییەکانی دابین بکات تاکو وادەی یەکتر بینینەوەیان. مەبەست لـەم پلانە ڕوونـە: بەدەستهێنانی چەکێکی بانک بۆ ئەوەی بدرێتە دەست باڵیۆزی سۆڤێتی. کاتێک پلانەکە پێکهات ئامێرێکی بچوکمان دایـە (مەتەر). پلانەکەش بەم شێوەیە بوو: مەتەر بڕوات بۆ چاوپێکەوتنی دیپلۆماتکارە سۆڤێتییەکان لەو شوێنەی کە بڕیار بوو لێی کۆببنەوە، کە شوقەیەک بوو لە نزیک سەربازگەی (الحلو) نزیکی باڵیۆزخانەی سۆڤێتی. پاشان نەقیب عەباس حەمدان لەگەڵ دوو کەس لە پۆلیسی سوپا بچنە سەربانی بیناکە دوایـئـەوەی مەتەر دەچێتە ناو کۆبوونەوەکە، لە کاتێکدا رائید سامی ئەلخەتیب لـە سـەربـازگـەی (الـحـلـو) لەگەڵ گروپێکی ئامادەکراو چاوەڕوانی دەکات بۆ بەشداریکردن.

عەباس حەمدان دەیتوانی گوێ لە قسەکانی مەتەر بگرێت. رێککەوتبووین لەسەر رستەیەکی دیاریکراو کە مەتەر لەوێ بیڵێت لە دوای وەرگرتنی هێڵی گەشتەکەی بۆ هەڵاتن لە فرۆکەخانەی لوبنان بەرەو باکۆ، لە دوای وەرگرتنی ئەو چەکە بانکیەی کە بەڵێنیان پێی دابوو. پلانەکەم وا دارشتبوو، کە هیچ جۆرە بەرەنگارییەک روونەدات ببێتە هۆی دروستبوونی لاوازی لە پلانەکەماندا و ببێتە هۆی ئـەوەی نهێنییەکان ئاشکرا ببن. یەکسەر دوایئەوەی مەتەر ئەو رستەیەی ووت، کە چەکەکەی پێدراوە پلانەکە بەو شێوەیە بوو کە حەمدان لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دابەزێت دوایئەوەی سامی ئەلخەتیب بە ئەنجامدانی رۆڵی خۆی ئاگادار دەکرێت و لەگەڵ گروپەکەیدا بەرەو ئەو شوێنە دەجووڵێت. حەمدان لە دەرگای شوقەکە دەدات و یەکێک لە دیپلۆماتکارەکان هەڵدەسایێت بۆ کردنەوەی دەرگاکە، لەو کاتەدا مەتەر کۆنترۆڵی دیپلۆماتکارەکەی تر دەکات بۆ ئەوەی نەهێڵێت چەک بەکاربێنێت، (حەمدان)یش ئەو دیپلۆماتکارەی تر دەگرێت، کە دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە.

**– ئەی پێویستیتان بە گروپەکەی سامی ئەلخەتیب چی بوو؟**

– لەوانەیە هەموومان فیلمە سیخورییەکانمان زیاد لە پێویست بینیبێت، حسابی ئەوەمان کردبوو کە لەوانەیە دیپلۆماتکارەکان لەسەر شێوازی جێمس بۆند راهێنرابن

و بتوانن دەربازییان بێت و چیرۆکەکە سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە.

**– ئەی بۆچی پلانەکە بەو شێوەیە جێبەجێ نەکرا؟**

– هەموو ئەوانە ڕوویاندا، کە پلانمان بۆ کێشابوو تاکو ڕوونەدات، ئەویش تەقەکردن بوو، عەباس حەمدان گوللە بەر سکی کەوت و هەردوو دیپلۆماتکارەکەش بە سوکی بریندار بوون. بەم شێوەیە بەهۆی هەرایەکی گەورەوە پرۆسەکە گۆڕا بۆ کارەسات. مولحەقی ڕۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی سۆڤیێتی بە پەلە بەیاننامەیەکی سەبارەت بە ڕووداوەکە دەرکردو تیایدا هەروەک چاوەڕوان دەکرا ئێمەی تۆمەتبار کرد بەوەی کە بۆ خزمەتی ئەمەریکییەکان ئەو پرۆسەیەمان ئەنجامداوە، بۆیە یەکسەر چی بەڵگەنامەو زانیاریمان لەبەدەست بوو دامانە ڕۆژنامەی (الانوار) بۆ ئەوەی لانیکەم تۆمەتی هەڵبەستراو لە خۆمان دوور بخەینەوە، پاشان بێدەنگیمان هەڵبژارد لە بابەتی ڕوودانی تەقەکردن، بەڵام زیانەکە ڕوویداو بەردەوامیش بوو.

**– چۆن هەوڵتان دا زیانەکان کۆنترۆڵ بکەن؟**

– کۆنترۆڵکردنی زیانەکان ئەستەم بوو، بەڵکو هەوڵماندا بە گوێرەی توانا لە ڕێگەی (کەمال جونبوڵات)وە سنورداری بکەین لە ڕاستیدا جونبوڵات زۆر بێتاقەت و نیگەران بوو. وتی یەکێتی سۆڤیێت وڵاتێکە دۆستی عەرەبەو ناکرێت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. پێیوابوو ئەگەر نهێنییەکانی

فڕۆکەی (میراج) خزمەت بە عەرەب دەکات بۆچی لێیان نەگەڕێین سودی لێ وەربگرن. باسی کرد، کە باڵیۆزی سۆڤێت پێی ڕاگەیاندووە، کە هیچ چەکێک لە دەستی دیپلۆماتکارەکاندا نەبووە. من پێموت: "ئەمە هیچ شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چی دەبوو ئەگەر چەکیان پێ نەبووە، ئەی چی دەبوو ئەگەر بەبێ ئاگاداری باڵیۆز چەکیان پێبوایا؟ لە شیکردنەوەدا نەرم بووین، بەڵام بڕوانە نەکردو لە ئاستی ڕووداوەکانی پرۆسەکەدا هەڵوەستەی نەکرد، بەڵکو لە چوارچێوە سیاسیە گەورەکەیەوە لێی دەڕوانی".

**– هۆبەی دووەم تۆمەتبار کرا بە رۆڵ بینینی لە هەرەسهێنانی (ئینترا)؟**

– ئەم تۆمەتە بێبنەمایە. قەیرانی "ئینترا" بابەتێکی دارایی ڕووتەو پەیوەندی بە فراوانبوون و پێشینەو هەڵە داراییەکانەوە هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی پسپۆڕو تایبەتمەندەکان چارەسەر کرا، "هۆبەی دووەم" هیچ پەیوەندییەکی بەو دۆسیەوە نەبوو. ئیلیاس سەرکیس ڕۆڵی لە چارەسەرکرنیدا بینی، سەرەڕای ڕۆڵی شێخ میشال ئەلخوری و چەند شارەزایەتی تر، کە لە کۆشک کۆبوونەوە و جڵەوکردنی خاڵە لاوازەکان لەسەر ئاستی کەرتی بانکیی یەکێک بوو لە کارە گرنگەکانیان.

**– دەوترێت ئێوە لە (یوسف بیدس) ترساوم، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئەو فەلەستینی بوو؟**

– ئێمە هیچ ڕۆڵێکمان نەبوو.

**– ئایا لە کۆبوونەوەکانی (هۆبەی دووەم) باسی ئەوە نەکرا، کە بیدس کەسێکی مەترسیدارە؟**

– پێدەچێت ناوی هاتبێت و لەوانەشە وترابێت کە بەرژەوەندی دەوڵەت ئەوەیە سەرچاوەکانی ئەم سامانە یان شتێک لەو بابەتە بزانیت، بەڵام بێئەوەی بابەتەکە سنوری ئاسایی زانین ببڕێت، واتا پلانێکی پێشوەختەی (هۆبەی دووەم) هەرگیز شتێکی وەها بوونی نەبوو.

**– ئایا ئەوەتان سەپاند بەسەر (ئینترا)دا کە بڕێک پارە بداتە چەند لایەنێکی دیاریکراو؟**

– نەخێر هەرگیز ڕووینەداوە.

**– ئایا پێتوایە کە دروستبوونی (هاوپەیمانێتی سێقۆڵی) لە نێوان کەمیل شەمعون و بیار ئەلجومەییل و ڕیمۆن ئەدە لە ساڵی 1968دا هۆکار بووە بۆ پاڵنانی وڵات بەرەو شەڕ؟**

– بێگومان، بەڵام من بە تەنها بەرپرسیارێتیەکە ناخەمە ئەستۆی (هاوپەیمانێتی سێقۆڵی). لەو بڕوایەدان هەموو پەلکێشکردنێکی تائیفی کە لە سەردەمی سەرۆک حلو یان لە دوایئەوە ڕوویداوە هۆکار بووە بۆ بردنی وڵات بەرەو بەرەنگاربوونەوە و ڕوبەڕوبوونەوەی تائیفی. من لەم ڕووەوە ئەو کۆبوونەوە ئیسلامیەی کە وەک ناڕەزایی لە بەرامبەر ڕاسپاردنی عەبدوڵڵا ئەلیافی بۆ پێکهێنانی

حکومەت لەلایەن ئیدارەکەی سەرۆک صائب سەلام دەخەمە ئەم خانەیەوە، پێشموایە "هاوپەیمانێتی سێقۆڵی" ناونیشانێکی گەورەیە لە ناونیشانەکانی هەڵخلیسکان بەرەو بارودۆخێکی نائارام و بارگاوی. ئەم دۆخەش لەگەڵ بابەتی موقاوەمەی فەلەستینی بەریەککەوت و کێرڤی پەلکێشکاری زیاتر هەڵکشا.

بە دڵنیاییەوە عەبدوڵڵا ئەلیافی خاوەنی مێژوویەکی سیاسی و ڕۆشنبیرییەکی باڵا بوو، سەرۆک حلو پێخۆشحاڵ بوو بە زمانی فەڕەنسی باسی بابەت و مەسەلە سیاسییەکانی لەگەڵدا تاوتوێ بکات. گرنگ ئەوەیە کە لایەنەکان دەستیان بە گردبوونەوە کردو توانای دەوڵەت بۆ جووڵان کز ببوو، یەکێک لە ترسەکانی شەهابییەت ئەوەبوو، کە دۆخەکە بەو جۆرە نەهێڵرێتەوە تا بگاتە ئەم ئاستە. بە ڕوونی ئێمە لەگەڵ مانەوەی رەشید کەڕامی بووین لە سەرۆکایەتی حکومەت، چونکە سەرەڕای کاریگەری گەورەی لەسەر ئاستی ئیسلامی و عەرەبی، ئەو پڕاوپڕی وشەکە پیاوی دەوڵەت بوو، بۆیە باردودۆخێکی ئاوا هەستیاریش پێویستە بە لێهاتوویی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی، کە لە داهاتوودا لێوەی سەرهەڵدەدات.

**- ئایا هەوڵتاندا تا نەهێڵن "هاوپەیمانێتی سێقۆڵی" دروست ببێت؟**

- شتێکی ئاساییە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبووین.
شتێکی سەیر نەبوو کە کەمیل شەمعون بەدوای هەر جۆرە شێوازێکدا بگەڕێت تاوەکو بتوانێت ڕووبەری ئۆپۆزسیۆنێتی شەهابیەت فراوان بکات. ڕیمۆن ئەددە حسابێکی لەگەڵ شەهابیەت هەبوو دەیەویست پاکتاوی بکات. ڕاستە شەمعون لە چەندین شوێن ئامادەیی سیاسی هەبوو، هەروەها (ئەددە) بەهۆی ڕۆڵی لەناو پەرلەماندا گەشەی کردبوو، بەڵام کاتێک بیار ئەلجومەییل چووە پاڵ هاوپەیمانێتیەکە قورساییەکی نائاسایی پێبەخشی، چونکە بەبێ بیار ئەلجومەییل هاوپەیمانێتیەکە نەیدەتوانی ڕاێبگەیەنێت کە نوێنەراتلا زۆرینەی مەسیحییەکان دەکات و ناشتوانێت سەرکەوتنێکی گەورە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەدی بێنێت. لەبەر ئەمە بابەتی بیار ئەلجومەییل کاریگەری هەبوو، باسی ئەو مەترسییانەشم کرد، کە لێی دەکەوتەوە. هەندێک پێیانوابوو، کە گرێی دەرچوون لەژێر سایەی فوئاد شەهاب لەم خاڵەدا بەسەر هەڵوێستی سەرۆک حلو زاڵبوو. هەڵوێستی هەندێک لە سەرکردە ئیسلامییەکان نەرێنی بوو لە بەرامبەر شەخسی حلو بەهۆی لایەنگریکردنی کاری فیداکاریی بە شێوەیەکی گشتی، ئەمەش پاڵی بە شارل حلو نا، کە جۆرێک لە هاوسۆزی بنوێنێت لە هەمبەر دروستبوونی "هاوپەیمانێتی سێقۆڵی"، کاتێکیش هاوپەیمانێتیەکە سەرکەوت، کاریگەری

زۆری لەسەر هەڵوێستی حلو دروستکرد، بە تایبەتی کە پەلکێشکاری لە بنەڕەتدا سەبارەت بە بەشداریکردن و دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار پەیدا بوو.

**- فوئاد شەهاب چۆن پێشوازی لە دروستبوونی "هاوپەیمانێتی سێقۆڵی" کرد؟**

- شەهاب ئەو بابەتەی بە گۆڕانکارییەکی نەرێنی و بێزارکەر دەدایە قەڵەم، چونکە لەوە دەترسا کە ئەوە کارو کاردانەوە بێت و ببێتە سەرەتای هەڕەشەکردن لە هاوکێشە لوبنانیەکە، کە بە درێژایی دەسەڵاتی خۆی هەوڵیداوە تا لەسەر بنەمای هاوسەنگی و دادوەری ڕایبگرێت.

**- ڕێنماییەکانی "هۆبەی دووەم" لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1968 چی بوو بۆ بەگژداچوونەوەی " هاوپەیمانێتی سێقۆڵی"؟**

- ئێمە نەماندەویست سەرکردەکانی " هاوپەیمانێتی سێقۆڵی " بڕوخێنین، بەڵام دەمانەویست سنورێک بۆ سەرکەوتنەکانیان دابنێین. پێمان وابوو دەکرێت ئەمە ئاستی ڕق و ململانێ کەمبکاتەوە. بە دڵنیاییەوە هاوپەیمانێتی سێقۆڵی لە دژی ڕێبازو شەهابییەت ئاراستە کرابوو، دەوڵەتیش بەرژەوەندی لە کۆنترۆڵکردنی سەرکەوتنیدا هەبوو. لەو بڕوایەدا بووین هاوپەیمانێتیەکە سەرکەوتن بەدی بێنێت، بەڵام نەک تا ئەو ڕادەیەی کە پێی گەیشت. وروژاندنی

هەستە تائیفییەکان بەرەو شەپۆلێکی بەهێز هەنگاوی نا، بۆ نموونە لە ناوچەی کسرەوان هاوپەیمانێتیەکمان لە نێوان هێزە بنەماڵەییە کلاسیکییەکاندا دروستکرد، کە لەو ناوچەیە لە ململانێدا بوون، بەڵام ئەو هاوپەیمانێتیە لە نێوان بنەماڵەکانی ئەلخازن، ئەلبون، زوین و نەفاع لەبەردەم شەپۆلی هاوپەیمانێتیەکەدا خۆی ڕانەگرت، کە توانی لە کسرەوان هەر چوار کورسیەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

**– کەواتە پلان و لێکدانەوەکانتان تووشی شکستێکی گەورە بوو؟**

– بەڵێ ڕاستە.

**– فوئاد شەهاب چی دەربارەی ئەو شکستە ووت، کە لە دەرماڵی خۆی لە کسرەوان ڕوویدا؟**

– زۆر ئازاری چەشت و پێی ناخۆش بوو، دەرئەنجامەکانی برینداری کردو دەیپرسی ئایا ڕەوشی وڵات بەرەو کوێ دەچێت. نیگەرانیەکەی زیاتری کردو دواتر ڕوونبۆوە، کە تا چ ئاستێک ئەو نیگەرانیەی شەهاب لەجێی خۆیدا بوو.

**– تۆ بە درێژایی دەسەڵاتی شارل حلو وەک سەرۆکی "هۆبەی دووەم" کارت کردووە، کەسایەتی ئەوت چۆن بینیوە؟**

– شارل حلو پیاوێکی زاناو عاقڵمەندو هاوسەنگ بوو، خاوەنی ڕۆشنبیریەکی فراوان و هەستێکی مرۆڤایەتی

بەهێزو خواستێکی ڕوون بوو بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەت و بەهێزکردنی، خاوەنی بڕوایەکی دامەزراو بوو بۆ دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروڕا. ئەوە ڕاست نییە کە دەوترێت فوئاد شەهاب وەکو سەرۆکێکی لاواز هەڵیبژاردووە. بە هەرحاڵ سەرۆکایەتی پیاوێکی لاوازی گەرەک نییە، بەڵکو پیاوێکی عاقڵەمەندو باوەڕداری بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەوێت، کە لە خەمیدا بێت و شەونحونی بۆ بکات. شەهاب متمانەی پێی هەبوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو کەسێکی چاکەو ئەو کاروانەی بونیادنانی دەوڵەت تەواو دەکات، کە لە سەردەمی دەسەڵاتەکەی خریدا دەستی پێکرد. هەرگیز ئەوە ڕاست نییە، کە دەوترێت دامودەزگاکان لە دەرەوەی خواستی ئەوە یان لە دژی کارییان کردووە. ئەو ئاگای لە هەموو شتێک بوو لەپێش ڕووانیان یان کاتێک کە ڕوویاندەدا. ئێمە هیچ زانیارییەکمان لێ نەدەشاردەوەو هەوڵمان نەدەدا شەرمەزاری بکەین یان جموجووڵەکانی سنوردار بکەین. لێرە گرێی مانەوە لەژێر سێبەری شەهاب سەریهەڵدا، بەڵام بەرپرسی یەکەم لە گەشەکردنی ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خەڵکدا سەبارەت بە هەبوونی ئەم گرێیە، خودی سەرۆک (حلو) بوو.

# گفتوگۆ لەگەڵ
# عەمید (مەحمود مەتەر)
# فەرماندەی هێزی ئاسمانی لوبنان

**– لە کوێ لەدایک بوویت و لە کوێ خوێندووتە؟**

– من لە 6ی ئەیلولی ساڵی 1938 لە بەیروت لەدایک بووم. باوکم (محەمە رەزا مەتەر) لە سەردەم ئینتیدابی بەریتانی لە ئاسایشی گشتی کاریکردووە و سەرۆکی پێشوو (ئەمیل ئەددە) وەک یاوەری خۆی دەستنیشانی کردووە تا کاری لەگەڵ بکات، لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک (بشارە ئەلخوری)دا بەهۆی دڵسۆزی بۆ سەرۆک ئەمیل ئەددە دوورخراوەتەوە. بەهۆی سروشتی کاری باوکم لە چەندین قوتابخانەی جیاوازدا خوێندوومە. سەرەتا لە قوتابخانەی (الاباء الكبوشيين) دەستم پێکرد، پاشان لە زوحلە خوێندوومەو گەڕێنراومەتەوە بۆ بەیروت.

لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە قەتابخانەی (العاملیە) لە ساڵی 1960 وەکو خوێندکاری ئەفسەری پیادە چوومە قوتابخانەی جەنگیی. لە کاتی خوێندنم لە قوتابخانەی جەنگیی کاتێک ساڵی دووەمم بوو داوای دوو فڕۆکەوانی خۆبەخشیان کرد بۆ هێزی ئاسمانی. من لەگەڵ چەند کەسێکی تر، کە ژمارەیان (13) خوێندکاری ئەفسەری فڕۆکەوانی بوو پێشکەشم کردو خراینە خولێکی مەشق و ڕاهێنان لە فڕۆکەخانەی (ریاق). پاشان (5) کەس ڕەوانەی بەریتانیا کران. لە کاتێکدا هاوڕێکانم لە مەشق و

ڕاهێنانەکانا سەرکەوتوو نەبوون گەڕێنرانەوە بۆ لوبنان، بەڵام من لە خولەکەدا بەردەوام بووم، بۆیە لە گروپی (13) کەسەکە من تاکە فڕۆکەوانی جەنگی بووم مامەوە، ئەوانی تریش وەک فڕۆکەوانانی هیلیکۆپتەر لە هێزی ئاسمانی دانران، هەندێکیشیان وەک تەکنیککار لە هێزی ئاسمانیدا کارییان کرد.

لە بنەڕەتدا خێزانەکەمان خەڵکی (مرج الزهور)ی باشوری لوبنانە، بەڵام لەبەر چەند کێشەیەکی تۆڵەسەندنەوەی نێوان بنەماڵەکان ڕوویانکردۆتە بەعلەبەک. باوکم ڕوویکردۆتە بەیروت و چووەتە ناو کاری ئاسایشی گشتی و بووینە دانیشتووی پایتەخت.

**– بۆچی سوپات هەڵبژارد، ئایا خەونێکی دیاریکراوت هەبوو؟**

– من گەنجێک بوو خەونم بە گۆڕانکارییەوە دەبینی. پێموابوو دیموکراسی سیستمێکە پێویستی بە گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری هەیەو قۆناغی دەسەڵاتی سەربازی بۆ دەوڵەتانی دواکەوتوو، کە سەربەخۆیی وەردەگرن پێویستە. بڕوام وابوو کە دامەزراوەی سەربازی دەتوانێت کۆڵەکەکانی سەربەخۆیی قایم بکات و نیشتمانێکی یەکگرتوو بێنێتە دی و گوێزانەوە بەرەو دیموکراتی بەندە بە هەبوونی

ئەو مەرجانەی. لە ڕاستیدا من خەونم بەوەوە دەبینی، کە گروپێک لە ئەفسەران پێکبهێنم هەستی نیشتمانیان هەبێت و بەشداری لە پرۆسیسێکی ڕزگارکردنی نیشتمانیدا بکەن تاکو لوبنانییەکان ڕەگی قوولّ لە نیشتمانەکەیاندا دابکوتن، لە جیاتی جێگیرکردنی ئەم ڕەگ و ڕیشانە لەلای مەرجەعیەتە تائیفی مەزهەبییەکان. ئێمە بیرکردنەوەی تائیفیمان قبولّ نەکرد، لەوانەشە ئەگەر کار بۆ ئەو ڕزگاربوونە بکرایا ولاّتەکەمان بەو شێوەیە وێران نەکردایا، کاتێک ڕێگەماندا فاکتەرەکانی دەرەوەی ولاّت کاریگەرییان لەسەر دوارۆژی هەبێت.

**– لە دوای خوێندنت لە بەریتانیا چی ڕوویدا، لە کاتی گەڕانەوەتدا دۆخی هێزی ئاسمانی لوبنان چۆن بوو؟**

– لەوێ لەسەر خوێندن و ڕاهێنان بەردەوام بووم، پاشان وەک فڕۆکەوانێکی جەنگیی گەڕامەوە و لە بنکەی (ریاق)ی ئاسمانی وەک فڕۆکەوانی فڕۆکەی "فامبێر – Vampire" دامەزرێنرام.

ئەمڕۆ کە بیر لە دۆخی پێشووی هێزی ئاسمانی دەکەمەوە هەست بە تالّی و دژواری ئەو ڕۆژگارە دەکەم. کاتێک لە سالّی 1964دا گەڕامەوە بوومە هاوەڵی فڕۆکەوانێکی لە خۆم کۆنتر، ئەویش مولازمی یەکی فڕۆکەوان (نەبیھ نەعیم) بوو، کە دواتر لە کاتی

کارکردنی وەک فڕۆکەوانی مەدەنی کوژرا. ئەو لەسەر سنوری لوبنان ویستی من بناسێت. لە فڕۆکەخانەی (ریاق) لە نزیک سنورەکانی لوبنان – سوریا بەڕێکەوتین تا گەیشتینە باشورو چووینە سنوری ئاسمانی ئیسرائیلەوەو چەند نمایشێکی پاڵەوانانەمان لە ئاسمانی فڕۆخانەی (المطلة)ی نزیک لە سنورەکانی نێوان لوبنان و فەلەستینی داگیرکراو ئەنجامداو ڕوبەڕوی هیچ ڕێگرییەکی ئیسرائیلی نەبووینەوە، لە کاتێکا ئەوەی ئەنجامماندا بۆ فڕۆکەوانە لوبنانییەکان کارێکی نیمچە ڕۆتینی بوو. لە دوای شەڕی 1967 فەرماندەیی سوپای لوبنان چەند ڕێنماییەکی دەرکرد پابەندی دەکردین، کە لە دووری (5) میل لە ئاسمانی ئیسرائیل خۆمان بەدوور بگرین، بە مەبەستی خۆپاراستن لە هەر کاردانەوەیەکی دوژمنکارانەی ئیسرائیل.

**– لە شەڕی 1967دا هێزی ئاسمانی ئیسرائیل شەڕەکەی لە بەرژەوەندی خۆیدا یەکلایی کردەوە، هەستتان بە چی کرد، چی ڕوویدا؟**

– تووشی سەرسوڕمان بووین و هەندێکمان بە کردەوە بە پەرۆش بووین بۆ وەڵامدانەوەی دوژمن (ئیسرائیل). ئێمە لە هێزی ئاسمانی چاوەڕوانی گەیشتنی فڕۆکەی (میراج) ی فەرەنسی بووین لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گەورەدا،

که لە کاتی گرتنەدەستی سەرکردایەتی سوپا لەلایەن عیماد (ئەمیل بوستانی) بە هاوکاری لەگەڵ سەرکردایەتی یەکگرتووی عەرەبی دەستی پێکرا. پلانەکە ئەوەبوو کە کەڵک لە تواناو شارەزایی فڕۆکەوانە لوبنانییەکان وەربگیرێت. ئەو پرۆژەیەش، کە پشتی بە پشتیوانی دارایی عەرەبی دەبەست لە سێ بەش پێکدەهات. ئەوە پرۆژەیەکی بەرگری ئاسمانی تەواو بوو، کە فڕۆکە بەرگریکارەکانی دەگرتەخۆ شانبەشانی تۆڕی مووشەک و چەکە دژ بە فڕۆکەکانی دوژمن لەگەڵ ئەو ڕادارانەی، کە سەرزەمین و دەریای لوبنان و بەشێک لە جیهانی عەرەبی دەگرتەوە. لەبەر ئەم هۆیە ئیسرائیل ڕاداری (الباروک)ی کردە ئامانج. لە ڕاستیدا ئێمە هەستمان بە تێکشکان و بێهیوایی کرد. لە ساڵی 1968دا فڕۆکەی جۆری (میراج EL3) مان وەرگرت، کە جۆرێک بوو بۆ لوبنان دروستکرابوون جیاواز بوون لە (میراج)ی فەڕەنسی، کە توانای هەڵگرتنی چەکی ناوەکیان هەیە. من لە ڕووی تیۆرییەوە خولێکم لە فەڕەنسا بینی، بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە لە لوبنان خولەکەم بینی.

**– ئایا لە ماوەی حزمەت کردنت لە هێزی ئاسمانی تووشی ڕووداوی مەترسیدار بوویت؟**

– لە 4ی ئەیلولی ساڵی 1967 کاتێک بە فڕۆکەیەکی

جۆری (هۆنتەر) فڕیم لە چوارچێوەی مەشقێکی ئاسمانی بە سەرکردایەتی مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان (ئەمین ئەلمیقداد). ئێمە لە ئەنجامدانی ئەرکی مەشقکردن بووین لەسەر ڕێگرتن لە فڕۆکەکانی دوژمن، لە دوای کۆتاییهاتنی مەشق و لە کاتی گەڕانەوەماندا لە بنکەی (القليعات) وە بۆ بنکەی (ریاق) تووشی چینێک هەوری چڕو دۆخێکی قورسی بینین بووین، کە بە داخەوە بووە هۆی شەهیدبوونی مولازمی یەکی فڕۆکەوان (ئەمین ئەلمیقداد) لە ئەنجامی خۆکێشانی فڕۆکەکەی بە چیایەک لە ناوچەی (سير الضنية). دەبوو منیش تووشی هەمان چارەنوس ببم ئەگەر مانۆڕێکم ئەنجام نەدایا، کە بووە هۆی ڕزگارکردنی ژیانی خۆم پاراستنی فڕۆکەکەم لە کاتی گونجاوی خۆیدا.

**– لەپێشدا باسی چیرۆکی ڕفاندنی فڕۆکەی (میراج)ت نەکرد، کە تۆ پاڵەوانەکەی بوویت؟**

– نەخێر، ئەوە بابەتێکی ئاڵۆزە. مەسەلەیەکی هەواڵگریەو سەرەداوی سیاسی خۆی هەبوو. پاشان من تازە لە سوپا خانەنشین کراوم، بۆیە گونجاو نەبوو لە کاتی کارکردنم لەناو سوپادا وردەکارییەکانی ئاشکرا بکەم، سەرەڕای ئەوەی، کە هەندێکجار پێویستە کاتی تەواو تێپەڕێت بۆ ووتنی ڕاستی تەواوو قەتیس کردنی زیانەکانی.

**– چیرۆکەکە چۆن دەستی پێکرد؟**

– من لە ژووری پشودانی فڕۆکەوانان لە فڕۆکەخانەی (القلیعلات) دانیشتبووم، کاتێک لەلایەن سەرۆکی پێشووم لە خزمەت ڕائید (حەسەن بـەدەوی)وە پەیوەندیم پێوە کرا. ئەو بە گلەییەوە وتی: "تۆ لە کوێیت، بیرت دەکەین، هەموو ئەم کاتە زۆرە نە پرسیارێکمان لێدەکەیت و نە پەیوەندی دەکەیت، پێویستە بتبینم بابەتەکە پێویست و گرنگە، کە دەگەڕێیتەوە بۆ بەیروت؟". وەڵامم دایەوە "سبەی دەگەڕێمەوە"، وتی "کەواتە من چاوەڕێتم".

ئەم قسانە لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی 1969 بوو. پرسیارم لە خۆم دەکرد دەبێ هۆی چی بێت لە دوای ئەو ماوە زۆر بەدەوی پەیوەنیم پێوە دەکات. بە خەیاڵمدا نەدەهات ئەو پەیوەندیە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکێک بێت کە دەمانخاتە سەر هێڵی دروستکردنی پەیوەندی بە دەزگایەکی گەورەی وەک (کەی جی بی).

ماڵی بـەدەوی لە ناوچەی (الـحدث)ی بەیروت بوو، سەرم لێداو پێشوازی لێکردم و لە ئامێزی گرتم. ئێستاکە هەندێک لەو گفتوگۆیانەم بیر دێتەوە، کە لە نێوانماندا کرا. بەدەوی لە خاڵێکی دیاریکراو دەگەڕا تاوەکو لێوەی دەست پێبکات. جگەرەیەکی چروتی پێشکەش کردم و وتم ناکێشم و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە جگەرەی ئاسایی دەکێشم و عادەتم نییە چروت بکێشم. وتی: "خۆت لەسەر

چروت ڕابێنە لە جگەرە باشترە". پێمووت: "توانامان ڕێگەم پێنادات چروت بکێشم". لە وەڵامدا وتی: "ئینشاڵڵا توانای داراییت ڕێگەت پێدەدات. کارێکم بۆ تۆ هەیە تا کورِی کورِت دەوڵەمەندت دەکات". لێم پرسی ئەم کارە چیە، کە بەو شێوەیە دەوڵەمەنم دەکات؟. وتی: "یەک سەعات کارە، کە بەهۆیەوە 3 ملیۆن دۆلارت دەستدەکەوێت". وتم: "ئەمە چ پرۆسەیەکە؟". وتی: "پێش ئەوە پێویستە پێم بڵێیت ڕازیت یان نا؟". جاری یەکەم وامزانی گاڵتەم لەگەڵدا دەکات و دەستمکرد بە بیرکردنەوەو پێم سەیر بوو. ئایا ئەو کارە چیە کە لە یەک سەعاتدا (3) ملیۆن دۆلارت چنگ دەخات. ئەمە برِێکی زۆرە، بە تایبەتی ئەگەر بیرم بێت گفتوگۆکانمان لە ساڵی 1969دا بوو. پرسیارم لێکرد: "مەسەلە چیە؟". وتی: "ئەمە بابەتێکی نهێنییە لە نێوان خۆم و خۆت". ئەگەر ڕازی نابیت با بابەتەکە دابخەین و باسی نەکەینەوە، ئەگەریش ڕازیت با بەردەوام بین". سەرنجی ڕاکێشام و حەماسەت دایگرتم و داوای چروتێکم لێکردو دامگیرساند.

بەدەوی هەڵوێستی ڕەهای منی لە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل دەزانی و ویستی لەم گۆشەیەوە دەست پێبکات. وتی: "ئیسرائیلییەکان لە ساڵی 1967دا بەهۆی کاریگەری چەکی ئاسمانیان بەسەر هەموو عەرەبەکاندا سەرکەوتن،

فڕۆکەکانی (میراج)ی ئیسرائیل پێشڕەوییان بەسەر هێزی ئاسمانی عەرەبیدا سەلماند. ئێمە دەزانین کە تۆ کەسێکی عەرەبی نیشتمانپەروەریت وڵاتەکەت و قەزیەکەت خۆشدەوێت، دەشزانین کە شکۆت ڕێگەت پێنادات ڕازی بیت چەکی یەهودی چەکی عەرەبی تێکبشکێنێت، هەموو ئەوەی سۆڤێت داوای دەکات بریتییە لە بەدەستهێنانی فڕۆکەیەکی (میراج)ی لوبنانی و ئامادەن (3) ملیۆن دۆلار بدەنە هەر کەسێک ئەو فڕۆکەیان بۆ بەرێت. من لە ناو کۆمەڵێک ئەفسەدا تۆم هەڵبژارد تاوەکو بەم کارە هەڵسیت و خۆت و منداڵەکانت و نەوەکانت بە خۆشی بژین".

بیری جۆراوجۆر بە مێشکمدا دەهات و دەچوو، بیرم لە وێنایەکی خێرا دەکردەوە. هەندێکجار وا پێویستە فڕۆکەوان خێرا بڕیارەکانی خۆی بدات. یەک شت کە بە خەیاڵمدا هات ئەوە بوو، کە بەدەوی پێشنیاری کارێکم بۆ دەکات مانای شکاندنی ئەو سوێندە سەربازییەیە کە خواردوومە، واتا سوێند بۆ وەفاداری بەرامبەر نیشتمان. پاشان من باوەڕم نەدەکرد بەوەی کە سۆڤێتەکان دەیانەوێت عەرەب لە ئیسرائیل ڕزگار بکەن، چونکە هەڵوێستیان لە ئەنجامی چەند هاوکێشەیەکی سیاسی و بازرگانییەوە هەڵدەقوڵێت، بە تایبەتی کە عەرەبەکان بۆ کڕینی چەک ڕوویان تێکردوون دوایئەوەی بێهیوا بوون لە بەدەستهێنانی

له ئەمەریکا. سۆڤێتییەکان لەپێش ئەمەریکییەکانەوە دانیان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناوە، بیریشم کردەوە کە چیرۆکەکە گەورەو مەترسیدارەو ئەگەر من بە نەخێر وەڵام بدەمەوە وەڵامەکەم مەترسیەکی ڕاستەوخۆ بۆسەر ژیانم دروستدەکات، چونکە لەناوبردنم ڕێی تێدەچێت بۆ ئەوەی پلانەکە بە نهێنی بمێنێتەوەو لە ڕێگەی ئەفسەرێکی ترەوە جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوە بڕیارمدا بە ئەرێنی وەڵامی بدەمەوە لە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی دیدارەکەم لەگەڵ بەدەوی بۆ ئەوەی بزانم چیم پێدەکرێت.

**– ئەمە مانای وایە، کە بەدەوی لەلایەن سۆڤێتەکانەوە ڕاسپێردراوە بۆ دۆزینەوەی ئەفسەرێک کە سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵاتن بە فڕۆکەکە بکات؟**

– بەڵێ منیش یەکەم ئەفسەر نەبووم پێشنیاری ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەم بۆ بکرێت. پێش ئەوە بەدەوی ئەو بابەتەی بۆ ئەفسەرێکی تر پێشنیار کردبوو ناوی موقەدەمی فڕۆکەوان (نەزیهـ حەمادە) بوو، کە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی من و فەرماندەی بنکەی ئاسمانی (القلیعات) بوو. من ئەوەم نەدەزانی، کاتێکیش زانیم تووشی شۆک بووم، چونکە من موقەدەم (حەمادە)م خۆشدەویست و دۆستایەتی خێزانی لە نێوانماندا هەبوو. پێشبینی قەبارەی

ئەو نارەحەتیە بکەم، کاتێک لە دواییدا پێویستبوو وەک بەشێک لە ئەرکی خۆم ئاشکرای بکەم زیان بە کەسێک بگەیەنم، کە بە هاوڕێی خۆم زانیوە.

**– چۆن موقەدەم (حەمادە)ت ناسی؟**

– دەکرا من هیچ پەیوەندیەکم بەو پرۆسەیەوە نەبێت. بەدەوی وایدەزانی کە موقەدەم حەمادە کارەکە جێبەجێ دەکات. چاوەکان کەوتنە سەر من دوایئەوەی موقەدەم حەمادە بە بەدەوی ڕاگەیاند، کە ناتوانێت فڕۆکەکە بڕفێنێت، چونکە ناتوانێت بە تەنها بە ئاسماندا لێیخوڕێت. لە فەڕەنسا حەمادە نەیتوانی بە تەنها (سۆلۆ) بە فڕۆکەکە بکات و بفڕێت، کاتێکیش لە لوبنان درێژەی بە مەشق و ڕاهێنانەکان دا هیچ لە بابەتەکە نەگۆڕا. نەیتوانی پرۆسەی ڕفاندنی فڕۆکەکە ئەنجامبدات، بەڵام ڕۆڵێکی پێدرا لە ڕێگەی پێدانی هەموو زانیاری و بەڵگەنامەو کتێبە تەکنیکییەکانی تایبەت بە فڕۆکەی (میراج) بە سۆڤێتەکان، کە بریتی بوون لە کتێبەکانی (3،2،1) ناسراو بە (TOM). لە بەرامبەر ئەو کارەدا حەمادە پارەی وەرگرتبوو، کاتێکیش نەیتوانی بە تەنها فڕۆکەکە بڕفێنێت بە بەدەوی وتبوو (مەحمود مەتەر) دەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات.

**– حەمادە هیچ شتێکی بە تۆ نەوت؟**

– نەخێر، چەند هەفتەیەک تێپەڕی و هیچ وشەیەکی نەوت. کاتێک لە ڕێگەی (بەدەوی)وە زانی کە من چوومەتە ناو پرۆسەکەو لە قۆناغی پلاندانانین بۆ جێبەجێ کردن، کۆبوونەوەی نێوان من و حەسەن بەدەوی لە ماڵی خۆیدا قۆستەوەو بە ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەکەماندا تووشی بۆ من وەک سوپرایز بوو. حەسەن بەدەوی لەوە دڵنیای کردم کە موقەدەم حەمادە ئاگای لە پرۆسەکەیەو هیچ پێویست بە ترس و شڵەژان ناکات.

**– با بگەڕێینەوە سەر کۆبوونەوەت لەگەڵ بەدەوی، چۆن کۆتایی پێهات و دوایئەوە چیت کرد؟**

– پێمووت من ڕازیم، داوای لێکردم لە دوای دوو ڕۆژی تر سەردانی بکەم، چونکە دەیەوێت چەند پەیوەندییەک ئەنجام بدات. زۆر بە شڵەژاوی لە ماڵەکەی دەرچووم. پێویست بوو لەسەرم زۆر بە وریایی و خێرایی بجووڵێم. باسەکە پەیوەندی بە هێزی ئاسمانی و ئەو ڕێنماییانەوە هەبوو، کە ئەفسەر پابەند دەکات تا لێپرسراوانی ڕاستەوخۆی ئاگادار بکات. کاتێک دەمویست هەر ئەفسەرێکی فڕۆکەوان لەو بابەتە ئاگادار بکەم هەستم بە ترسان دەکرد. بڕیارمدا پەردەکە لابدەم و ئاگاداری بەرزترید دەسەڵاتی سەربازی بکەم، چونکە بابەتەکە زۆر

گەورەیەو ئێمە لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت مامەڵە دەکەین نەک لەگەڵ دەوڵەتێکی لاوازدا.

ڕوومکردە ماڵی کەسوکارەکەم و لەوێ پەیوەندیم بە فەرماندەی سوپا عیماد (ئەمیل بوستانی)وە کردو وەڵامیان دامەوە کە بە ئەرکێک سەردانی فەڕەنسای کردووە و زەعیمی یەکەم سەرۆکی ئەرکانی سوپا (یوسف شمیت) لە شوێنی دانیشتووە، بەڵام ئەویش لە هاوینەهەواری عالیە بوو. پەیوەندیم کرد بە ماڵەکەی و پێیان ڕاگەیاندم کە لە دەرەوەیەو پێدەچێت دوابکەوێت. پرسیارم کرد دەربارەی باڵاترین ئەفسەر، کە دەکرێت قسەی لەگەڵدا بکەم وتیان عەقید (فەوزی ئەلخەتیب) جێگری ئەرکانی ئۆپەراسیۆنەکانە. کاتژمێر (10)ی شەوی تێپەڕاند، داوام لە بەشی سەرکردایەتی سوپا کردو داوام کرد پەیوەندیەکەم بگەیەنن بە ماڵی ئەلخەتیب و وتیان هاوسەرەکەی دەڵێت نوستووە. پێداگریم کرد تا قسەی لەگەڵدا بکەم و بابەتەکەی بۆ باسبکەم. پێمووت بابەتێکی گرنگم هەیە پێویستە هەر ئێستا بە عەقیدی ڕابگەیەنم و ناتوانم تاکو بەیانی چاوەڕوان بم. لە خەو هەڵیساندو تەلەفۆنەکەی پێداو بە بێزارییەکەوە وتی: "چیتە ئەفسەر؟". منیش وەڵامم دایەوە پێمووت کە بابەتێکی زۆر گرنگم هەیەو پێویستە

پێی ڕابگەیەنم، داوای لێکردم بچم بۆ ماڵەکەی لە (بئر حسن)، کە ماڵی ئەفسەرانی لێیە. بە جلوبەرگی خەوەوە پێشوازی لێکردم و دیار بوو بابەتەکەی پێناخۆش بوو. هەر کە باسی بابەتەکەم بۆ کرد، کە چی لەگەڵم کراوە یەکسەر جگەرەیەکی داگیرساندو دوکەڵەکەی بەبا دەداو بە وریاییەوە پێیووتم "بەردەوامبە، بەردەوامبە". دواجار پێیووتم: "سبەی مەڕۆ بۆ کارەکەت لە قلیعات، بەیانی کەسێک دەنێرم بەدواتدا بتهێنێ بۆ سەرکردایەتی سوپا". کاتژمێر (7)ی بەیانی بوو ئۆتومبیلێکی مەدەنی هات و لە ماڵی کەسوکارەمەوە لە بەیروت بردمی بۆ سەرکردایەتی سوپاو چووین بۆ نوسینگەی عەقید فەوزی ئەلخەتیب، پاشان چووم بۆ نوسینگەی زەعیمی یەکەم (شمیت)، کە بانگی سەرۆکی هۆبەی دووەم موقەدەم (غابی لەحود)و موقەدەم (نەبیل قرێتم) فەرماندەی پۆلیسی سوپاو موقەدەم (سەلاح بەهلەوان) یاریدەدەری هۆبەی ئاسمانی کرد. سەرۆکی ئەرکان داوای لێکردم هەر شتێک دەیزانم بیڵێم، منیش وامکرد. دوایی ڕوویکردە موقەدەم نەبیل قرێتم و وتی: "نەبیل بڕۆ حەسەن بەدەوی بهێنەو زۆری لێبکە تا قسە بکات" قرێتم وەلامی دایەوەو وتی: "گەورەم ئەگەر بیهێنین نکۆڵی لێدەکات و دەڵێت مەحمود مەتەر هەوڵدەدات

خۆی بکاتە پاڵەوان و ئەو کاتە هیچ بەڵگەیەکمان لە دژی نابێت، سەرەتا پێویستە بەڵگەو سەلماندنمان هەبێت". موقەدەم لەحود قسەی کردو پێداگری کرد لەسەر پێویستی بەردەستبوونی بەڵگە لە دژی بەدەوی و داواشی کرد "هۆبەی دووەم" بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات بۆ دۆزینەوەی بەڵگەو دۆکیۆمێنت بۆ تۆمەتبارکردنی بەدەوی. زەعیمی یەکەم (شمیت) و ئامادەبوان ڕەزامەندییان نیشاندا لەسەر ڕاکەی موقەدەم لەحودو شمیت پێیووت: "مولازمی یەک مەحمود مەتەر لەگەڵ خۆت ببەو بزانە چیت پێدەکرێت".

**– لێرە بابەتەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی موقەدەم غابی لەحودو "هۆبەی دووەم"؟**

– بەڵێ، موقەدەم لەحود نەقیب (ئەدگار مەعلوف) ی بۆ نوسینگەکەی خۆی بانگ کرد، کە سەرۆکی لقی ئاسایشی سەربازی بوو (لە دواییدا لە حکومەتی میشال عۆن بوو بە وەزیر)، هەروەها نەقیب عەباس حەمدان سەرۆکی لقی ستراتیژی لە هۆبەی دووەم ڕاسپێردراو بۆ بەگژداچوونەوەی سیخوڕی بانگ کرا. دووبارە لەحود گوێی لە چیرۆکەکە گرت و چەند پرسیارێکی لێکردم، پاشان داوای لە حەمدان و مەعلوف کرد لەگەڵ من بەدوای بابەتەکەدا بچین. دواتر چووین بۆ نوسینگەی

نەقیب مەعلوف و پێکەوە گفتوگۆمان لەگەڵ نەقیب عەباس حەمدان کرد. لە کۆتاییدا ئامێرێکی ڕادێرییان پێدام، کە قەبارەی لە پاکەتی جگەرە بچوکتر بوو، دەمتوانی لەناو گیرفانم هەلیبگرم لە ڕێگەی کونکردنی گیرفانەکە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەواییەوە پرۆسەی تۆمارکردنەکە ئاسانتر بێت. پێموترا ئەمە ئامێرێکی سەرەتاییەو دواتر ئامێرێکی زۆر پێشکەوتووم پێدەدەن.

**– کەی بۆ جاری دووەم (بەدەوی)ت بینی؟**

– لە دوای دوو ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆی بینیم، ئیتر لێرەوە گەمەکە بە جدی دەستی پێکرد. بەدەوی دەیویست لە جدیبوونم دڵنیا بێت پێش ئەوەی بمخاتە ناو هێڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو کارمەندە سۆڤێتییانەی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە ڕاسپێردرابوون. پێویست بوو من ڕازی بکەم، کە متمانەپێکراوم و پێداگری دەکەم، کە ئامادەم تا کۆتایی لەگەڵی بەردەوام بم.

بەدەوی فۆکسی لەسەر دوو بوار دانابوو: یەکەم بۆ ئەوەی هەستی من بجوڵێنێت، کە هەستانم بە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە وەکو پاڵەوان لەبەرچاوی لوبنانییەکان و عەرەبەکانی دژ بە ئیسرائیل دەردەکەوم، دووەمیش وای نیشاندەدام، کە لەدوای ئەنجامدانی کارەکە بە باشی مامەڵەم لەگەڵدا دەکرێت و لە ژیانێکی ماددی زۆر باشدا

دەژیم. من لەلای خۆمەوە بەو شێوەیە قسەم دەکرد، کە کارەکە سەرکەوتوانە ئەنجام دەدرێت، بەڵام دوایئەوە هەندێک پرسیارو ڕوونکردنەوەم هەیە: لە کوێ دەژیم و چۆن دەژیم و چارەنوسی خێزانەکەم چی دەبێت و زەمانەت چییە. هەمیشە ئەنجامەکانم دەگواستەوە بۆ عەباس حەمدان و ئیدگار مەعلوف لەو شوقەیەدا، کە پێکهاتبووین کۆبوونەوەی تێدا بکەین و لە قۆناغی داهاتوودا تاوتوێی بابەتەکە بکەین. بۆ نموونە بە (بەدەوی)یان ڕاگەیاندبوو، کە من لە یەکێتی سۆڤێت دەژیم. پێیووتم: "تۆ ڤێلایەکت لەسەر دەریای ڕەش دەبێت لە ناوچەیەکی هاوشێوەی کەشوهەوای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست". لە قسەکانیدا پێداگری دەکرد، کە سۆڤێتەکان هەرگیز ئەوانە پشتگوێ ناخەن، کە ئەم جۆرە کارانەیان بۆ دەکەن. لە وەڵامدا پێمووت: "پێموانییە لە دوای لوبنان لە یەکێتی سۆڤێت بژیم، بەڵکو بەلامەوە باشترە لە سویسرا بژیم و پێش خۆم خانەوادەکەم بگەیەنرێنە ئەوێ". بە دڵنیاییەوە پێشتر ئەم پرسیارەم لێکرد: فڕۆکەکە بەرەو کوێ بڕفێنین؟ لە دواییدا بۆم دەرکەوت، کە پلانێکی تەواو لەلایەن هێزی ئاسمانی سۆڤێتیەوە داڕێژرابوو بۆ ڕفاندنی فڕۆکەکە بەرەو باکۆ، پاشئەوەی لە سایەی ئەو زانیارییانەی لە موقەدەم (نەزیە حەمادە) دەستیان کەوتبوو، بۆیان

دەرکەوت کە سوتەمەنی فڕۆکەی میراج بەشی گەیشتنی وڵاتی ئازەربایجانی دەکات.

**– ئەم پێداگرییەی یەکێتی سۆڤێت لەسەر ڕفاندنی فڕۆکەی میراج بۆچی؟**

– لێرەدا بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستم کەوتوون وەڵام دەدەمـەوە. لەپێش شـەڕی 1967 فڕۆکەوانێکی عێراقی بە ناوی (مونیر رۆفە) فڕۆکەیەکی (مێگ- 12) ی عێراقی بـەرەو ئیسرائیل ڕفـاند. لـە کۆتاییدا ئەو ڕووداوە بووە گورزێک لە هەواڵگری عێراق و سۆڤێت درا، چونکە فڕۆکەی (مێگ) ئەو چەکە بوو، کە دەیاندایە هاوپەیمانەکانیان و دۆستەکانیان، جگە لەوەی سەرچاوەی هێزی شەڕکەر بوو لە پەیمانی وارشۆ. وەڵامدانەوەی ئەو گورزە بە گشتی لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەیەک بە هەمان ئاست دەبێت بۆ بەرگریکردن لە شکۆی چەکەکەو شکۆی ئەو دەوڵەتەی کە بەرهەمی هێناوە. کاتێک شەڕی 1967 لە نێوان عەرەب – ئیسرائیل بەرپا بوو، فڕۆکەی مێگ تووشی شکستێکی گەورە بوو لەلایەن فڕۆکەکانی (میراج)ی ئیسرائیلیەوە. بەمشێوەیە خواستەکە کەوتە سەر فڕۆکەی (میراج)و لوبنان وەک گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکە دەستنیشان کرا، ئامانجەکەش بریتی بوو لەو ئامێرە ئەلیکترۆنییانەی لەناو فڕۆکە فەڕەنسیەکەدا هەبوو. لەو

سەردەمەدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە، کە (مۆساد) پلانی ڕفاندنی فڕۆکە (میگ)ە عێراقیەکەی داڕشتووە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغداو بڕی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، ئەوەش هەمان ئەو بڕە پارەیەیە، کە دەزگای (کەی جی بی) بۆ ڕفاندنی (میراج) تەرخانی کردبوو.

لە دواییدا کاتێک دیپلۆماتکاری سۆڤێتی (ڤلادیمێر ڤاسیلیێڤ)م بینی، کە رائیدێکی فڕۆکەوانی سۆڤێتیە بە پلەی مولحەقی بازگانی نێردرابوو بۆ باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤێت لە بەیروت، بەڵام کێشەیەک سەبارەت بە بڕی پارەکە ڕوویدا، چونکە حەسەن بەدەوی باسی (3) ملیۆن دۆلاری بۆ من کرد، لە کاتێکدا تەنها یەک ملیۆن دۆلار بوو. ڤلادیمێر پێیووتم "کێ باسی 3 ملیۆن دۆلاری بۆ کردوویت؟"، وتم: "حەسەن"، وتی: "حەسەن بە هەڵەدا چووە"، ئەوەبوو حەسەن هەڵیدایەو دانی بە هەڵەکەیدا نا لە دیاریکردنی بڕی پارەکەدا. لێرەدا هەڵچوون خۆم بە توڕەیی نیشانداو ویستم ماڵی بەدەوی جێبهێڵم و ڕەخنەم لەو شێوازە هەڵسوکەوتکردنە گرت و وتم من هەرگیز بەو بڕە کەمتر ڕازی نابم، کە بەڵێنم پێدراوە. بە ڤلادیمێرم وت: "یان ئەوەتا ڕێز لە بەڵێنی خۆتان دەگرن یان لە پڕۆسەکە دەچمە دەرەوە". هەڕەشەی ڕۆیشتنم دەکرد، بەڵام ئەو

هەوڵیدەدا هێورم بکاتەوەو پاساوی هێنایەوەو وتی کە ئەو بڕە پارەیە لەلایەن (کەی جی بی)وە بە گوێری بودجەی خۆی دەیاریکراوە. لە کۆتاییدا داوای لێکردم ماوەی دوو ڕۆژی پێبدەم تاکو پەیوەندی بە سەرکردایەتی مۆسکۆ دەکات. لە دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوەی بۆ کۆبوونەوە و دووبارە باسی گرفتی دارایی کردەوەو پێشنیاری بڕی دوو ملیۆن دۆلاری بۆم کردو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هەوڵێکی زۆری داوە تاکو سەرکردایەتی بەو بڕە پارەیە ڕازی کردووە و بەڵێنیان داوە کە یارمەتیم بدەن بۆ وەبەرهێنانی پارەکە. هەندێک خۆم گیر کردو وتم: من بەو بڕە ڕازی دەبم چونکە لە بنەڕەتدا کارێکی نیشتمانی ئەنجام دەدەم. لەو قۆناغەدا دەستمکرد بە شاردنەوەی ئامێرەکە لەناو گیرفانم و (عەباس حەمدان)و لە هەموو وردەکارییەکان ئاگادار دەکرد.

**– کەی بوو یەکەمجار چاوت بە سۆڤێتییەکان کەوت؟**

– لە دیداری سێیەمم لەگەڵ حەسەن بەدەوی لە ماڵەکەی خۆیدا. کێشەیەک لەسەر پارەکە دروستبوو، بەڵام لە دیداری دووەممان چارەسەر کرا، کە تیایدا ڤلادیمێر بەڵێنی مسۆگەریی پێدام. ئەو پێیوتم: "ئەگەر حەز دەکەیت بەردەوام بیت لە فڕۆکەوانی، ئێمە بەڵێنت پێدەدەین، کە لەسەر

پیشەکەت و خولیاکەت بەردەوام بیت بە درێژایی ژیانت، هەروەها ئامادەین یارمەتیت بدەیت پارەکەت بخەیتە کارەوە بۆ ئەوەی بە خۆشی و شکۆوە بژیت، تۆ دەبیتە پاڵەوانێک لە پاڵەوانەکانی یەکێتی سۆڤێت، بۆیە دەستبەرداری خۆت و خانەوادەکەت نابین، تەنانەت ئەگەر کەسوکارەکەشت لە لوبنان بمێننەوە ئێمە دەتوانین پارێزگارییان لێبکەین و ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین خراپەیان لەگەڵدا بکات".

**- لە کاتی دیدارەکاندا هەستت بە چی دەکرد؟**

- سەرەتا کەمێک هەستم بە ترسان دەکرد، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە ئامێری ڕیکۆردکردنەکە لەناو گیرفانم بوو. ئەوسا تەمەنم (30) ساڵ بوو، جەستەم کەمێک لاواز بوو، بەڵام حەسەن بەدەوی کەسێکی کەتە بوو. دەترسام دەستی بۆ تەوقەکردن بێنێت و ئامێری تۆمارکردنەکە ئاشکرا ببێت. بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئەگەر پێی بزانێت یەکسەر دەمخنکێنێت. سەیر لەوەدا بوو، کە بەدەوی تەواو متمانەی پێم بوو، سۆڤێتەکانیش پشتیان بەو متمانەیە بەستبوو. ئامێرەکە سەرچاوەی نیگەرانیم بوو، بەڵام بەسود بوو، چونکە نەقیب عەباس حەمدان ئۆتومبیلێکی مەدەنی دەناردو لە نزیک ئەو شوێنە دەوەستاو دەیتوانی گوێبیستی هەموو قسەکانمان بێت و تۆمارییان بکات.

**– دەستتان بە تۆمارکردنی دیدارو کۆبوونەوەکان کرد، دوای ئەوە چی ڕوویدا؟**

– دەستمانکرد بە پرۆسەی گەڕان بەدوای دۆکیۆمینتێک. بە ڕێککەوتنم لەگەڵ هەردوو نەقیب حەمدان ئیدگار مەعلوف، داوای بڕێک پارەم لە ڤلادیمێرو حەسەن کردو نزیکەی (2000) دۆلارییان پێدام بۆ کڕینی کەلوپەل و ئامادەکردنی پاسپۆرت. بە ڤلادیمێرم وت: چی بەسەر کەسوکارەکەم دێت ئەگەر خەڵکی بۆیان ئاشکرا ببێت کە من لە ڕووداوی فڕۆکەدا نەمردوم و لە یەکێتی سۆڤێت دەژیم؟ زیانێکی مەعنەوی گەورەیان پێدەکەوێت، لەبەر ئەوە داوای پاداشتێکی دارایی دەکەم بۆ قەرەبووکردنەوەیان لە ڕووی داراییەوە، بۆیە داوام وایە لەپیش ڕۆیشتن 10%ی ئەو پارەیەم پێبدەن بۆ ئەوەی کەسوکارم سودی لێوەربگرن کاتێک من ئاشکرا دەبم. بە گوێرەی پلانەکە بڕیار بوو لە دوای فڕینم داوای هاوکاری بکەم و ئینجا بزر ببم و وا بڕوا بکەن، کە فڕۆکەکەم کەوتۆتە ناو دەریاوە. لەم کاتەدا خەریکی ئامادەکردنی پاسپۆرت بووم و ڤیزای ئەڵمانیای خۆرهەلاتیان بۆ دابین کردم بەو ئومێدەی لەوێ لەگەڵ خێزانەکەم یەکبگرینەوە، پاشان خۆمان ئامادە بکەین تا بچین بۆ سویسرا.

لێرەوە چووینە قۆناغێکی ترو دووەم دیپلۆماتکاری سۆڤێتی (ئەلیکساندەر خۆمیاکۆڤ) هاتە گەمەکەوە. داوای بەدەستهێنانی هێڵی گەشتە ئاسمانیەکەم و وردەکارییەکانی کردو پلانێکیان بە زمانی ڕوسی هێناو بۆ زمانی فەڕەنسیش وەرگێڕدرابوو. پلانەکەم وەرگرت و دیراسەم کردو بۆم دەرکەوت، کە پێویستە هەندێک کات بەسەر ئاسمانی تورکیادا بڕۆم. لەم کاتەدا ئاشکرا بوو، کە چەند بنکەیەکی ئەمەریکی لە تورکیا هەبوون. لە کۆبوونەوەی داهاتووماندا بە سۆڤێتەکانم وت، کە تێپەڕینم بە تورکیا مەترسیدارە، چی ڕوودەدات ئەگەر ڕادار ئاشکرام بکات و ئەمەریکییەکان شوێنی فڕۆکەکەم بکەون؟ لە جیاتی ئەوە پێشنیارم بۆ کردن، کە لە ڕێگەی دەرچەیەک لە نێوان عێراق و ئێران تێپەڕم، کە لە دەرەوەی سیستمی چاودێرییە، واتە تێپەڕبوون بەسەر ئاسمانی کوردستانی عێراق لە ناوچەیەکدا، کە ئێرانییەکان بەکارییان دەهێنا بۆ بەردانەوەی کۆمەک و هاوکارییەکان لە ئاسمانەوە بۆ کوردەکان. داوای وادەیەکیان کردو گەڕانەوە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بە ڕێککەوتن لەسەر هەمووارکردنی پلانەکە. هەستم پێکرد، کە بیرۆکەی هەمووارکردنەکە متمانەی ئەوانی بە من زیاتر کرد.

**- لە کوێ بڕیار بوو دەست پێبکەن؟**

– ئەو فڕۆكانەی میراج، كە لە (القلیعات) بوون و هەندێكجار لە بەیروت بوون. ئێمە لە نێوان ئەو دوو شوێنەدا بە شەو مەشق و ڕاهێنانمان دەكردو دەهاتین و دەچووین، بەڵام گەشتی ڕفاندنەكە بڕیاردرا لە ڕۆژدا بێت. پێكهاتین لەسەر ئەوەی لە بەیروتەوە دەست پێبكەین ئەگەر بوونم لەوێ یان لە (القلیعات) ڕێكبكەوێت لەگەڵ وادەی دیاریكراو بۆ مەشق و ڕاهێنانەكانم. وادەی دیاریكراو 1ی تشرینی یەكەم بوو.

لە دوای چاوپێكەوتنم لەگەڵ ئەلكساندەر خۆمیاكۆڤ، سكرتێری یەكەمی باڵیۆزخانەی سۆڤێتی لە بەیروت، چاوپیكەوتنم لەگەڵ عەباس حەمدان كرد لە شوقەكەداو گوێمان لە تۆماركراوەكان گرت. دەربارەی ئەو پیاوە تازەیە پرسیاری لێكردم، كە بڕیارە لە باڵیۆزخانەی سۆڤێت بێت و لێی پرسیم، كە ئەگەر وێنەی ببینم دەیناسمەوە. لە وەڵامدا وتم: بەڵێ دەیناسمەوە. حەمدان شۆڤێرەكەی نارد بۆ بارەگای "هۆبەی دووەم" و ئەو كتێبەی هێنا، كە زانیاری دەربارەی باڵیۆزخانەكان و دیپلۆماتكارەكان تێدایە، بەڵام هیچ سەرەداوێكمان دەربارەی خۆمیاكۆڤ دەستنەكەوت. حەمدان وتی: "كۆبوونەوەی داهاتووت لەگەڵیاندا كەیە؟" وتم: "سبەی". وتی: "كەسێك دەنێرم بە نهێنی وێنەی هەموو ئەوانە بگرێت، كە دێنە ئەو

شوێنەی بەدەوی لێیە". چووم بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، دۆخەکە متمانەپێکردن و وردەکاری سەبارەت بە پارەو سامانی تێدا بەدیکرا. لە ڕاستیدا چاوەڕوانی وادەی جێبەجێکردنمان دەکرد. لە دوای کۆبوونەوەکە ڕۆیشتم بۆ شوقەکەو دوایی سەدان وێنەی ئەوانەم هێنا، کە لە کاتی هاتوچوونیان لەو گەڕەکە وێنەیان گیرابوو. نەمدەزانی چۆنچۆنی خۆمیاکۆڤ لە وێنەگرەکان دەربازی ببوو، هیچ ئەسەرێکیمان نەبینی.

**– ئەو کاتە نەزیەھ حەمادە لە کوێ بوو؟**

– ئەوێ ڕۆژێ لە ماڵی بەدەوی بووم لە چاوەڕوانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆڤێتییەکان، لەو کاتەدا حەمادە هاتە ژوورەوە. تووشی شۆک بوو، چونکە ئەو موقەدەم و فەرماندەی بنکەی (القلیعات)ی ئاسمانی و لێپرسراوم بوو. بە (بەدەوی)م وت: "بوونی حەمادە لێرە مانای چیە؟". نەزیەھ بە پێکەنینەوە لێم نزیکبۆوەو وتی: "چیتە مەحمود، من تۆم پێ نیشاندان". نەزیەھ دەستیکرد بە قسەکردن و بەهۆی بوونی ئەو لە کۆبوونەوەکەدا هەستم بە دووڵی و دڵەڕاوکێ دەکرد.

چوومەوە بۆ شوقەکەو چاوم بە عەباس حەمدان و ئیدگار مەعلوف کەوت و باسی هاتنی حەمادەم

بۆ کردن، چونکە بۆم دەرکەوت کە ماوەیەکی زۆرە دەستی لەگەڵ سۆڤیێتەکاندا تێکەڵ کردووە. لێرەدا پێویست بوو لەسەر سەرکردایەتی بابەتی حەمادە چارەسەر بکات، کە لەو ماوەیەدا لەژێر چاودێریدا بوو. دەبوو بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی هەستنەکات کە ئاشکرا بووە. لە هەڵوێستێکی ژیرانەدا پلەی بۆ فەرماندەی بتکەی (ریاق)ی ئاسمانی بەرزکرایەوە بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بکرێتەوە. لە بنکەی ئاسمانی ریاق فڕۆکەی (میراج)ی لێنەبوو، بەڵکو تەنها فڕۆکەی (هۆنتەر) و (ڤامبیر)ی لێبوو. لەلای بەدەوی بە ئامادەبوونی حەمادە لەگەڵ سۆڤیێتەکان کۆبووینەوە. کاتژمێر 5ی بەیانی ڕۆژی دواتر لە بەیروت کەسێک لە دەرگای ماڵی کەسوکارمی دا، کە دەیزانی من بەیانی زوو دەڕۆم بۆ (القليعات). وامزانی گۆڕانکارییەک ڕوویداوە، بەڵام دەرکەوت کە ئەو کەسە هاتووە دەربارەی پشکی خۆی پرسیار دەکات. وتی: "مەحمود من قەرزدارم و حاڵم خراپە و پارەم نییە". تۆ دەبیتە ملیۆنێرو دەبێت بیرت نەچێت کە من ناوی تۆم پێ وتوون، من حەسەن هاوڕێی تۆین چۆن دەڕۆیت و قورشێک نادەیت بە ئێمە". ووتم: "بەڵام تێگەیشتم کە تۆش پارەت لێ وەرگرتوون"،

وتی: "چیم وەرگرتووە، تەنها چەند هەزار دۆلارێک. تۆ دەوڵەمەند دەبیت و پێویستە من حەسەن لەبیر بکەیت". وتم: "چیتان دەوێت؟"، لە وەڵامدا وتی: "سەد هەزار دۆلار بۆ هەریەکەمان داوا دەکەین". وتم: "من لە خزمەتتاندام". پرسیاری لێکردم کە چۆن پارەکە بەدەست دەهێنێت، پێمووت: "سبەینێ وەرە کاسێکم لەلا بخۆرەوە و باسی وردەکارییەکان دەکەین".

**- با بگەڕێینەوە بۆ پلانەکە.**

- پلانەکە بەم شێوەیە بوو: من بە فڕۆکەکە بفڕم و کاتێک بەسەر دەریادا دەڕۆم هۆشداری فریاکەوتن لێدەدەم و ئامێری ڕادیۆکە دادەخەم و بە بەرزاییەکی نزم دەفڕم بۆ ئەوەی ڕادار ئاشکرام نەکات. شتێکی ئاساییە کە سەرکردایەتی نیگەران بێت بۆ لەدەستدانی پەیوەندیکردن، لە کاتێکدا سەرقاڵ دەبن بە هەوڵدانی بۆ ئەوەی پەیوەندیم پێوە بکەن، لەو کاتەدا سنوری ئاسمانی دەبەزێنم و ڕێگەی خۆم دەگرمەبەر، تاکو دەکەمە باکۆ.

**- وادەی جێبەجێکردن نزیکبۆوەو ئێوە داوێکتان بۆ سۆڤێتەکان دانابوو، چی ڕوویدا؟**

- بڕیاردرا دوایین کۆبوونەوەی پێش جێبەجێ کردنی پلانەکە بکرێت، کە تیایدا هێڵی گەشتەکەم و چەکێک

وەردەگـرم بـەو بـڕە پـارەیـەی کە بۆ کەسوکارم داوام کردبوو. ئەمجارە بڕیاردرا کۆبوونەوەکە لەناو شوقەی (ڤاسیلیڤ) بکرێت، کە لە نهۆمی حەوتەمی بینایەکی نزیک لە باڵیۆزخانەی سۆڤیێتی بوو لە ناوچەی (کورنیش المزرعە)، کە دیپلۆماتکاران و کارمەندانی باڵیۆزخانەی سۆڤیێتی لەوێ نیشتەجێ بوون. بڕیار درابوو ئەو کۆبوونەوەیە پێش دوو ڕۆژ لە جێبەجێ کردنی پلانەکە بکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا پلانەکەمان ئەوە بوو، کە هەڵکوتانە سەر شوێنەکە لە کاتی کۆبوونەوەکەدا بێت و یەکسەر دوایئەوەی قسەیەک دەکەم، کە عەباس حەمدان لێی تێدەگەیشت کاتێک چەکەکەو پلانی هەڵاتنەکە وەردەگرم، دەبوو بەپێی پلانەکە حەمدان لەسەربانی بیناکە بێت. هۆبەی دووەم سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی پاسەوانی بیناکەو ڕازیکردنی بە هاوکاریکردن، هەروەک سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی ئەو شوقەیەی لە شوقەی ژمارە (19) بەرزتر بوو، کە کۆبوونەوەکەی تیادا کرا. هەروەها بەپێی پلانەکە رائید سامی ئەلخەتیب سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هاوبەش لە هۆبەی دووەم لەگەڵ گروپێکدا ئامادە کرابوون بۆ گەیشتن بەو شوێنە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵکوتانە سەری و دەبوو لەوێ لەگەڵ حەمدان یەکبگرنەوەو پلانەکە جێبەجێ بکرێت.

حەمدان پلانەکەی پێڕاگەیاندم و لەگەڵ رائید سامی ئەلخەتیب و نەقیب مەعلوف کۆبووینەوە بۆ تاوتوێکردنی. باش بەبیرم نایات، بەڵام پێموایە چوونە ژوورەوە یەکسەر لە دوای وتنی دەستەواژەی (باشە ok) دەستی پێکرد. وەکو عادەتی خۆم بە جلوبەرگی مەدەنیەوە دەچووم بۆ دیدارو کۆبوونەوەکان، بەڵام شتێک لە ناخم هەبوو پێی دەوتم ئەمجارەیان بە جلوبەرگی سەربازییەوە بڕۆم، بۆ ئەوەی بە گوللەی هاوڕێکانم نەپێکرێم ئەگەر بەرهەڵستیەک ڕوویدات. خۆمیاکۆڤ و ڤاسیلیێڤ سەرییان سوڕما کاتێک منیان بە جلوبەرگی سەربازییەوە بینی. خۆمیاکۆڤ لێی پرسیم: "بۆچی بە جلوبەرکی سەربازییەوە هاتوویت هەرچەندە پێشتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین، کە بە جلوبەرگی مەدەنیەوە بێیت". وەڵامم دایەوە: "من هەر ئێستا لە کارەکەمەوە هاتووم و نەمویست دوابکەوم و کاتی ئێوە بەفیرۆ بدەم بەهۆی گۆڕینی جلوبەرگەکانمەوە، پاشان من دوای دوو ڕۆژی تر دەڕۆم. وتی: "باشە".

لە ڕاستیدا نیگەران بووم، چونکە کاتێک گەیشتم یەکێک لە دیپلۆماتکارەکان ئامێرێکی ڕادیۆی خستە سەر گۆرانیەک و دەنگەدەنگی دروستکرد وەکئەوەی مەبەستی دروستکردنی ژاوەژاو بێت لە بەرامبەر هەر پرۆسەیەکی تۆمارکردن یان پەخشکردن. ئامێرەکەم لە گیرفانم بوو،

دەمانچەیەکی بچوکیشم لە جۆری (3.5 ملم) هێنابوو، کە لە سوپادا وەرمگرتبوو لەناو گیرفانی دواوەم دامنابوو. دۆخەکە دژواری و شپرزەیی پێوە دیار بوو. بیرم کردەوە دەبێت چی ڕووبــدات ئەگەر یەکێکیان نزیک بێتەوەو هەوڵبدات بمپشکنێت.

**– ئایا ئەوان دەمانچەیان پێبوو؟**

– نەخێر.

**– ئەی دواتر چی بوو؟**

– خۆمیاکۆڤ وتی: "پیرۆزباییت لێدەکەم، سەرکردایەتی سۆڤێتی ئەم بابەتەی بەلاوە گرنگەو ئەو چەکەش بە بڕی (200000) دۆلار بە ناوی باوکت (محەمەد ڕەزا مەتەر) وە بە ناوی بانکی نارودنی لە مۆسکۆ ڕاکێشراوە، پێت وانەبێت ئەمە کۆتایی ڕێگەیە، ئەمە تەنها سەرەتایەو لە ئاستی داخوازییەکانی تۆدا دەبین. لەو کاتەدا وتم (ok)، ئەم دەستەواژەیە خاڵی دەستپێکی پرسەی هاتنەژوورەوە بوو، کە لە کاتژمێر نزیکەی 7ی ئێوارە بوو.

**– چی ڕوویدا؟**

– لەسەر قادرمەکان گوێم لە دەنگی هاتنی خەڵک بوو، لە دەرگایاندا. خۆمیاکۆڤ بە گومان و نیگەرانیەکەوە سەیری ڤاسیلیڤی کردو بە ڕوسی وتی: "هەستە بزانە کێیە لـە دەرگـا دەدات". ڤاسیلیڤ دەرگــای کـردەوەو

هاورییان بەسەریدا کرد. من دەستم لەسەر دەمانچەکەم دانـا وەک خـۆئـامـادەکـردن، خـۆمـیاکـۆڤ ڕۆیـشـت بۆ یارمەتیدانی هاوڕێکەی، بەڵام گوللەیەک دەرچـوو، لەو کاتەدا کاغەزێکی دەرهێناو قووتی دا. لە ڕاستیدا عەباس حەمدان قاچی لەبەردەم دەرگاکەدا دانابوو بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات ئەفسەرە سۆڤێتیەکە دابیخات، دوایی پاڵی بە دەرگاکەوە ناو لەگەڵ سەربازەکاندا هاتە ژوورەوە، کە بەبێ هۆ لە ژوورێکـی بچوکەوە تەقەیان دەکـرد، هـەردوو دیپلۆماتکارەکە بریندار بوون و (4) گوللەش بەر عەباس حەمدان کەوت و هەندێکی تریش بریندار بوون. دیمەنەکە سەیر بوو. پلانەکە وابوو، کە سەربازە هێرشبەرەکان بێن و من دەستگیر بکەن، بەڵام ئەمەیان نـەکـرد. بـە جلوبەرگی سـەربـازییـەوە دەمانچەکەم لە دەستم بوو، داوام لە یەکێک لە سەربازەکان کرد، کە دەستگیرم بکات چونکە پلانەکە وابوو من وەکو تێوەگلاو دەربکەوم و لەبەرچاوی سۆڤێتییەکاندا دەستگیرم بکەن. لە کۆتاییدا کەسێک بە پلەی یاریدەدەری یەکەم هات و دەستگیری کـردم. عەباس حەمدان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمەریکی و برینەکەی قووڵ بوو، هەردوو دیپلۆماتکارە سۆڤێتیەکەش گوازرانەوە بۆ

نەخۆشخانەیەکی سەربازی. نەقیبێکی پۆلیسی سوپا کە ناوی (عەبدوڵڵا خوری) بوو هات بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان. لەوێ بینیم دەرمان دەدەنە خۆمیاکۆڤ بۆ ئەوەی ئەو کاغەزە فڕێبدات، کە قووتی دابوو، کە لە کۆتاییدا بە چرچ و لۆچی هاتە دەرەوە.

**- ئەو کاغەزە چی تیادا نوسرابوو؟**

- نازانم، بە زمانی ڕوسی نوسرابوو.

**- ئەی حەسەن بەدەوی و نەزیهـ حەمادە چیان بەسەرهات؟**

- کاتژمێر 7ی ئێوارە، واتە لەو کاتەدا کە هێرشکرایە سەر شوقەکە، لە بەشەکەی تری پلانەکەدا دەبوو ئەوان دەستگیر بکرابان. مولازمی یەک نەعیم فەرەح ڕاسپێردرا بۆ دەستگیرکردنی بەدەوی لەناو ماڵەکەی لە (الحدث)و ئەنجامیدا. هەروەها نەقیب ئیدگار مەعلوف ڕاسپێردرا بۆ دەستگیرکردنی حەمادە. حەمادە کەیفخۆش بوو بەوەی کرابوو فەرماندەی بنکەی (ریـاق)ی ئاسمانی، مەعلوف چووبووە یانەی ئەفسەران کاتێک حەمادە لەگەڵ هەندێک ئەفسەری تردا لەوێ بوو. هێنابوویە لایەکەوەو پێوتبوو: "هیچ جووڵەیەک نەکەیت من راسپێردراوم بۆ دەستگیر کردنت".

**– لە قسەکانت تێگەیشتم کە دیپلۆماتکارەکان تەقەیان لە هێزە هێرشبەرەکە نەکردووە؟**

– ئەمە ڕاستە.

**– واتە بەیاننامەی سەرکردایەتی سوپا کە لەو کاتەدا دەرچوو باسی بەرهەڵستی کردووە، ڕاست نەبوو.**

– نەخێر ڕاست نەبوو.

**– ئەو شەوە تۆ بۆ کوێ چوویت؟**

– سەردانی برینداره‌کانم کرد، عەباس حەمدان لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمەریکی بوو، برینەکانی مەترسیدار بوو، سەردانی سۆڤیێتییەکانم کرد لە نەخۆشخانەی سەربازی. ڕۆژی دووەم "هۆبەی دووەم" بە پارێزگاری پاسەوانەکان منیان برد بۆلای ڕائید سامی ئەلخەتیب (سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هاوبەش لەو هۆبەی دووەم)، داوای ڕاپۆرتێکی لێکردم، کە ناوی هەموو ئەفسەران و ئەو کەسانەی تیادا بنوسم، کە یارمەتیدەر بوو لە پرۆسەکەدا، بۆ ئەوەی داوای پاداشتیان بۆ بکرێت. ئەوەبوو ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلم ئامادە کردو ناوی هەموو ئەوانەم تیادا تۆمار کرد، کە هاوکار بوون لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا، بە دڵنیاییشەوە ناوی خۆم لە ڕاپۆرتەکەمدا نەنوسی. پاداشتی هەمووان هات جگە لە من، بە دڵنیاییەوە ئەمە بە هەڵە ڕوویدا، هەرچەندە

موقەدەمی فڕۆکەوان رۆکز لبس، سەرۆکی هۆبەی ئاسمانی لەو کاتەدا بابەتەکەی لەگەڵ سەرۆکی ئەرکان وروژاند، پاشان میدالیام پێبەخشراو پلەم لانیکەم بۆ ئاستی نەقیبی فڕۆکەوان بەرزکرایەوە. لە ماوەی خزمەتی سەربازیمدا هەمیشە پلەی بەرز دەکرایەوە، تەنانەت (3 تا 4) ساڵ پێش هاوڕێکانم کەوتمەوە.

**– ئەو دەمانچە سۆڤێتیەو ئامرازەکانی بەرگرییان لە کوێوە هێنابوو؟**

– ئەمە کارێکی هەواڵگرییە. دەمانچەیەکیان لە جۆری (زاگارۆڤ) هێنابوو، پێموابوو لەلای هۆبە هەبوو، لەگەڵ هێنانی چەند ئامرازێکی تردا. دەمانچەکەو ئامرازەکان و چەکی پارەو دۆلارەکان و جانتاکەیان خستە پاڵ دۆسیەکەو بە بەڵگەکانی تاوان دایانە قەڵەم و دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگا کرد. ڕۆژی دووەمی دوای ڕووداوەکە موقەدەم لەحود داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ بینای ئێستگەی لوبنان بۆ گوێگرتن لە کاسێتی کۆبوونەوەی کۆتایی، کە بەهۆی ئەو مۆزیکەوە، کە لە ئامێری ڕادیۆکەوە دەهات ژاوەژاوی هەبوو. بیرم دێت کە شازادە حارس شەهاب، کە ئەوێ ڕۆژێ سەرۆکی ئاژانسی ڕاگەیاندنی نیشتمانی بوو هاوڕێیەتی کردین بۆ ژووری ئامێرە تازە

بەکارهاتووەکان بۆ شیکردنەوەی دەنگە تۆمارکراوەکان و جیاکردنەوەیان، بەڵام ئاستی سەرکەوتنمان لەو کارەدا کەم بوو.

**– ئەو دۆلارانەت چی لێکرد، کە لە سۆڤیێتەکانت وەرگرت؟**

– ڕادەستی "هۆبەی دووەم"م کرد.

**– ئایا پێتوایە کە پلانی پرۆسەی هێرشکردنەکە بەزێنراوە؟**

– لەو کاتەدا لە کەشوهەوای بەزاندن و دەستێوەردان نەدەژیاین. سەرکردایەتی جۆرێک لە گلەیی و گازەندەییان لە بەرامبەر رائید سامی ئەلخەتیب و نەقیب عەباس حەمدان هەبوو. لە ڕاستیدا کەمتەرخەمیەکە زۆر بوو، چونکە هیچ پاساوێک نەبوو بۆ تەقەکردن لە دوو دیپلۆماتکارە سۆڤیێتیە بێ چەکەکە، سەرەڕای ئەوەش سەرکردایەتی پاداشتی ئەوانیشی کرد بۆ گونجاندنی لەگەڵ دۆخی گشتی باو لەو ماوەیەدا.

دۆسییەکە ڕەوانەی دادگا کراو پاشان شتێکی نائاسایی ڕوویدا، بەجۆرێک کە دەسەڵاتی دادوەری لەسەر داوای سەرۆک کۆمار دۆسیەکەی داخست و کاری چاودێریکردن و شوێنکەوتن ڕاگیرا لە ئەنجامی سەودایەکی نێوان شارل حلو و سێرڤار عەزیمۆڤ، باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیێت لە بەیروت.

**– ئەی تۆ چیت بەسەرهات؟**

– داوایـان لێمکرد نەچم بۆ سـەر کـارەکـەم، چونکە لـە سـەلامەتی ژیانم دەتـرسـان و هەندێک ڕێوشوێنی چاودریری و پاسەوانییان پەیڕەو کردو داوایان لێمکرد خولێکی خوێندنی خێرا لە ئەمەریکا وەربگرم. لە دوای ڕووداوەکـە زنجیرەیەک هەڕەشهم لێکرا.، بە پەیوەندی تەلەفۆنی و جنێودان و هەڕەشەکردن بە کوشتن. بە ڕاستی دۆخێکی ناخۆش و تراژیدیم بەسەر برد. پێموابوو وەک ئەفسەرێک ئەرکی نیشتمانی خۆم بەجێگەیاندووە، بەڵام لە دیدیگای زۆرێک کەس لە عروبیە چەپڕەوەکان من وەک خائین تەماشا دەکـرام. خوایخۆشبوو کەمال جونبوڵات و حزبە چەپەکان و ڕای گشتی لایەنگری عەبدولناسر بوون و هەموویان لە دژی ئیسرائیل بوون، منییان بە بەکرێگیراوی ئەمەریکا دەدایـە قـەڵـەم. بە ڕاستی وام هەست دەکرد کەسێکی بێزراوم، رووم لە هەر جێگەیەک دەکرد بە گومان و نیگەرانی تەماشام دەکرا. کاتێک لە دوای نزیکەی (3) مانگ سەردانی ئەمەریکام کرد چەند دەنگێک بەرز بوونەوەو دەیانگوت: پێمان نەووتن پلانەکە لەلایەن هەواڵگری ئەمەریکاوە داڕێـژراوە و ئامانج لێی لێدانی گورزێک بوو لە یەکێتی سۆڤێت. کاتێک لە ئەمەریکا بوو بیستم کە بەدەوی و جەمادە ئازادکراون، نەمتوانی زیاتر بمێنمەوە، مۆڵەتی سەفەرکردنم بۆ هاوسەرەکەم

وەرگــرت، چونکە لـە دوا ڕۆژەکـانـی دووگیـانـی بـوو، ئینجا گەڕامەوە تا ببینم چی ڕوویـداوە. سەرم سوڕما لـە بـڕیـاری سـەرکـردایـەتـی، کـە ئـەو کێشەیە کۆتایی پێهاتووە لە ئەنجامی ڕێککەوتن لەگەڵ باڵیۆزخانەی ڕوسیا بە داخستنی دۆسیەکە. داوایان لێمکرد بگەڕێمەوە بۆ بنکەی ئاسمانی (القلیعات) و شوێنی نیشتەجێبوونم برایە مون میشال لە تەرابلوس (البحصاص)، کە دوو کەمپی فەلەستینی هەبوو لەسەر ڕێگەی نێوان ماڵەکەم و شوێنی کـارەکـەم. لە دوای گـەڕانـەوەم لە ئەمەریکا، کاتێک لە ناوچەی (الاونیسکو) ئۆتومبیلەکەم لێدەخوڕی هەستم کرد ئۆتومبیلێک دوامکەوتووە و هەوڵدەدات لە ئۆتومبیلەکەم بـدات. لە کاتی هەڵبوونی ئاماژەی سور موقەدەمی خانەنیشنکراو (نەزیهـ حەمادە)م بینی دەستی لێم ڕادەوەشێنێت و جنێو دەدات و هەڕەشەم لێدەکات. لە ئۆتومبیلەکەم هاتمە خـوارەوە بۆ ئـەوەی ڕوبـەڕوی ببمەوە، بەڵام هەڵات.

**– ئەفسەرانی "هـۆبـەی دووەم" هەوڵیاندا بـەدوای بابەتەکەدا بچن و ڕۆیشتبوون بۆ لای کەمال جونبوڵات؟**

– بـەڵـێ، زۆر تـووڕە ببوو چونکە لـە گۆشـەنیگای سیاسی گـەورەوە تەماشای بابەتەکەی کردبوو، واتا عەبدولناسرو سۆڤێت و ململانێی بەردەوام لە ناوچەکەدا.

جونبولاّم گلەیی لە ئەفسەرانی هۆبەی دووەم کردبوو زۆریش بێتاقەت ببوو بەو ڕووداوە، بەهۆی ئەوەشەوە نوێنەرانی ڕەوتی بەرەی خەباتی نیشتمانی سەرپشت کرد لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1970 و دواجار سلێمان فرەنجیە بە جیاوازی یەک دەنگ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەگەر چیرۆکی فڕۆکەی (میراج) نەبوایا بە دڵنیاییەوە ئیلیاس سەرکیس سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا.

**– ئایا سوریا داوای نهێنییەکانی فڕۆکەی (میراج)ی کرد؟**

– ئەوەی دەیزانم ئەوەیە، کە سەرۆک عەبدولناسر لە دوای شەڕی 1967 داوای کردووە، بەڵام سەرکردایەتی لوبنانی بەو پرۆتۆکۆلەوە پابەند بوو، کە لەگەڵ فەڕەنسا (سەرچاوەی چەکەکە) واژۆی کردووە، کە ڕێگرە لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی. میسرییەکان داوای فڕۆکەی (میراج)یان کرد بۆ پشکنینی پاشان پێشنیارییان کرد وەک پەردەپۆشی پرۆسەکە فڕۆکەکانی هەردوولا ئاڵوگۆڕییان پێ بکرێت، بەڵام لوبنان ڕازی نەبوو.

**– پەشیمانیت کە دوو ملیۆن دۆلارەکەت وەرنەگرت؟**

– نەخێر، ئەگەر بێتو ئەمڕۆ ئەو ڕووداوە دووبارە بکرێتە هەمان کار دەکەم. بەڵام ئەگەر لەو ڕۆژگارانەدا کەسێکی پێگەیشتوو بومایاو گەنجێکی خوێن گەرم نەبومایا

لەوانەیە دەرچەیەکم بدۆزیبایا وەکئەوەی بچوومایا بۆ لای باڵیۆزی سۆڤیێتی و ئاگاداری و ئامۆژگاریم بکردایا تا واز لەو هەوڵدانەی بێنێت. پارەیەک ئەگەر بە ڕێگەیەکی شەرەفمەندانە دەستم نەکەوێت بەلامەوە گرنگ نییە.

لە ساڵی 1976دا ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پێشنیاری پارەیەکی زۆریـان بـۆم کـرد لـە بەرامبەر ڕادەستکردنی بنکەی (ریاق)ی ئاسمانی، بەڵام ڕازی نەبووم.

**– کێ ئەو بڕەی بۆ پێشنیار کردیت؟**

– خوالێخۆشبوو خەلیل ئەلوەزیر (ئەبو جیهاد)، کە لەو سەردەمەدا لەناو سوپای لوبنانی عەرەبیدا بوو، هەر ئەوانیش لە پشتیەوە بوون. هەرگیز نامەوێت بڵێم من تەنها کەسێکم کە ڕازی نابێت بەرتیل وەربگرێت. لەو ڕۆژگارەدا سەوداو دەمچەورکردنی زۆر دەخرایە بەردەم کۆمەڵێک لە ئەفسەرە بەشەرەفەکانی لوبنان، بەڵام ئەوەیان قبوڵ نەکردووە، بە تایبەتی ئەو ئەفسەرانەی لە بنکەی (ریاق)ی ئاسمانی بەرپرس بوون.

**– چیرۆکی فڕۆکەی (میراج) کاتێک پیاچوونەوەی تیادا دەکەیت سەرنجڕاکێشە؟**

– بەڵێ، هەوڵی ڕفاندنی فڕۆکەی جەنگیی تەنها لە لوبنان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. ئیسرائیل پلانی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی لە عێراق و یەکێکی تر لە سوریا داڕشت، هەروەها

له سەردەمی عەبدولناسردا چەند فڕۆکەیەک لە ئوردون بۆ میسر ڕفێنران، لە ڤێتنام و کۆریاش ڕفێنران، بەڵام تەنها لە لوبنان سەرکەوتوو نەبووە. هۆکاری سەرکەوتنی ڕفاندنی فڕۆکەکان ئاسانە: سەوداکە چەورەو هیلاکی کەمە، یەک ملیۆن دۆلار دەدرێت لە بەرامبەر یەک کاتژمێر کاردا.

**- ئایا هیچ دەزگایەکی هەواڵگری داوای پێدانی زانیاری لێکردوویت؟**

- لە کاتی خولێکی خوێندنم لە ئەمەریکا ژەنراڵێک، کە فەرماندەی بنکەکە بوو داوای لێمکرد یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکان ببینم، منیش وامکرد. ئەو ڕۆژنامەنوسە ناوی (جۆن بارۆن) بوو، کە چەندین بڵاوکراوەی هەواڵگری هەبوو لە ڕێگەی (CIA)وە دەستی کەوتبوو. چەندین پرسیاری لێکردم، بەڵام من پابەند بووم لە باسکردنی چیرۆکی فەڕمی. هیچ کەسێکی تر داوای لێم نەکردووە و هیچ کەسێک سوپاسی نەکردووم و مێدالیا یان پێزانینم تەنانەت لە دەوڵەتی فەڕەنساش وەرنەگرتووە، کە بەرهەمهێنی فڕۆکەی (میراج)ە. کێ دەزانێت؟ پێدەچێت فەڕەنسا تا ئەمڕۆش بڕوای نەکردووە، کە هەوڵدانەکە ڕاستە یان ئەفسەرێکی لوبنانی پێشنیارێکی بەو جۆرە ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر بزانین کە نوسەرێکی فەڕەنسی بە ناوی (Marvan Duhamel) کتێبێکی بە ناونیشانی "Duel Despions Pout Un Mirage" نوسیوە.

**نوسەر لە چەند دێڕێکدا:**

- نوسەرو ڕۆژنامەنوسێکی لوبنانیە.
- سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الحیاة).
- لە ڕۆژنامەی (النهار) وەک هەواڵساز دەستی بە کارکردن کردووە، پاشان چووەتە بەشی کاروباری عەرەبی و نێودەوڵەتی.
- دواتر چووەتە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی.
- لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لە لەندەن کاریکردووە.
- بووەتە سەرنوسەری گۆڤاری (الوسط).

**چەند کتێبێکی دەرکردووە لەوانە:**

- "مەسعود بارزانی بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە".
- "لەناو چاوی گەردەلول"دا – چیرۆکی ڕەمەزان شلح ڕابەری "جیهادی ئیسلامی" لە فەلەستین.
- "جۆرج حاوی بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە" – دار النهار.

**سەرچاوە:**

کتێبی (ذاکرة الاستخبارات) – غەسان شەربل

چاپخانەی (ریاض الریس) بۆ کتێب و بڵاوکردنەوە، بەیروت – لوبنان چاپی یەکەم: کانوونی دووەمی 2007.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان، ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | 91 |
| 2016 | پێشرەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب. لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | 94 |
| 2016 | ب. لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | 101 |
| 2016 | موصلّح شێخ شیسلامی | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سێگۆشەی گرگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | 104 |
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | 109 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | 110 |
| 2016 | رێباز مستەفا | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | 111 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | 112 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئومێدی خۆرهەتاوی من | 113 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | 114 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | فوئاد مەجید میسری | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | 115 |
| 2016 | نەوزاد جەمال | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | 116 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | 117 |
| 2016 | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | 118 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چوار سندوق | 119 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | گفتوگۆ | 120 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | سەڵتەکان | 121 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | 122 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | 123 |
| 2016 | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | 124 |
| 2016 | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | 125 |
| 2016 | سۆران سێوکانی | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | 126 |
| 2016 | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | 127 |
| 2016 | سۆران عەلی | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | 128 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | 129 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | مارکسیزم چۆن کاردەکات | 130 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئامانجی فەلسەفە | 131 |
| 2016 | عادل عەلی | پرسی ژن | 132 |
| 2016 | د.ئەکرم میهرداد | چەپی نوێ | 133 |
| 2016 | فەرشید شەریفی | نامیلکەی لێبوردەیی | 134 |
| 2016 | ستران عەبدوڵڵا | یاداشتەکانی جەنگ | 135 |
| 2016 | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | 136 |
| 2016 | هاوار محەمەد | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | 137 |
| 2016 | یوسف محەمەد بەرزنجی | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | 138 |
| 2016 | دانا شوانی | فەلسەفە لە ئێستادا | 139 |
| 2016 | د.حەمید عەزیز | تیۆری زانینی زانستیانە | 140 |
| 2016 | دانا شوانی | مارکس و ئازادی | 141 |
| 2016 | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | 142 |
| 2016 | ماجد خەلیل | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | 143 |
| 2016 | سۆران عەلی | هەژموونی نەوت | 144 |
| 2016 | سمکۆ محەمەد | دەوڵەت | 145 |
| 2016 | محەمەد چیا | مێژوی ئابوری جیهان | 146 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | خەڵەف غەفور | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | 147 |
| 2016 | محەمەد فاتح | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | 148 |
| 2016 | د.لوقمان رەئوف | دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | 149 |
| 2017 | وریا غەفوری | تیۆری چوارەمی سیاسەت | 150 |
| 2017 | رامیار مەحمود | هونەری شێوەکاری نوێ | 151 |
| 2017 | حەسەن بارام | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | 152 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | 153 |
| 2017 | ماجید خەلیل | پەیوەندی ئێران و هندستان | 154 |
| 2017 | محەمەد چیا | چین و ئێران | 155 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | 156 |
| 2017 | ئارام مەحمود ئەحمەد | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | 157 |
| 2017 | کۆشان عەلی زەمانی | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | 158 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | 159 |
| 2017 | بەختیار ئەحمەد ساڵح | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | 160 |
| 2017 | شاناز هیرانی | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | 161 |
| 2017 | ئەنوەر حسێن (بازگر) | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | 162 |
| 2017 | ئارام مەحمود | فەلسەفەی هانا ئارێنت | 163 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | نەوت بەرامبەر زەوی | 164 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پوختەی سەرمایەی مارکس | 165 |
| 2017 | رەنجەی نابینا | چوارینەی دیموکراسی | 166 |
| 2017 | عەلی محەمەد صالح | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | 167 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | 168 |
| 2017 | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | 169 |
| 2017 | سۆران سێوکانی | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | 170 |
| 2017 | هاوار محەمەد | مێژووی درۆ | 171 |
| 2017 | ماجید خەلیل | پرسی کورد | 172 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | پۆست کۆمۆنیزم | 173 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |

iDEA

FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە